# یـــــــارسان

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-دینییە

**سەبارەت بە (کاکەیی)**

نوسینی: ئەیوب رۆستەم

﴿چاپی یەکەم﴾

*2006ی عیسایی - 2706ی کوردی*

**له بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان**

**ناوی کتێب: یارسان**

**نووسەر: ئەیوب رۆستەم**

**کۆمپیوتەر: نووسەر**

**نەخشەسازی: کەژاڵ حسین**

سەرپەرشتیاری چاپ: ئازاد عارف حەمەشەریف
چاپ: ئۆفسیێتی قانیع
تیراژ:
چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن:
نرخ:

مافی لە چاپدانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێــڕست


| | |
|---|---|
| پێشکەشە بە | 4 |
| پێشەکی | 7 - 5 |
| سەرەتایەکی مێژوویی | 25 - 8 |
| ڕێورەچەی یارسان لە تێکستو سەچاوە جیاجیاکاندا | 43 -26 |
| بۆچی ڕێورەچەی یارسان تا ئێستاش تەمومژاوییە؟ | 50 – 44 |
| یارسان- کاکەیی – ئەهلی هەق – علی ئیلاهی | 58 – 51 |
| خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ڕێورەچەی یارسان | 78 – 59 |
| پەیوەندی ڕێورەچەی یارسان بە دینە کۆنەکانی (مهیرپەرستی = میترائیزم) و زەردەشتییەوە | 87 - 79 |
| پێنج ڕابەرە دینییە گەورەکەی یارسان | 117 - 88 |
| ئەو بازنانەی سان سەهاك لە گەورە....... | – 118 152 |
| بنەما دینییەکانی ڕێورەچەی یارسان | – 153 166 |
| سروودو پەخشانە پیرۆزەکانی یارسان | - 167 260 |
| شوێنە پیرۆزەکانی شوینکەوتووانی........ | – 261 283 |
| ئایا یارسانەکان نوصەیرین؟ | – 284 289 |
| وێنەکان | – 290 301 |
| سەرچاوەکان | - 302 307 |
| سوپاسو پێزانین | 308 |




www.pertwk.com

# پێشکەشە بە:.....

**هەموو بیرێکی ئازاد**

**هەموو ئەقڵێکی کراوە**

**هەموو خامەیەکی داهێنەر**

# پێشەکـــی...

ئەگەرچی لەوە دڵنیابووم نووسین سەبارەت بە ڕێوڕەچەیەکی دینی وەك (ڕێوڕەچەی یارسان) کە پڕە لە (ڕاز و هێما و نهێنی)، کارێکی زۆر گران و تا ڕادەیەکیش تاقەتپڕوکێنە، هاوکات لەوەش دڵنیابووم ناکرێت ئەوانەی لەم بوارەدا زانیاری و سەرچاوەیان لا کۆبووەتەوە قڕوقپی لێبکەن، چونکە چەندین سەرچاوە و نووسین کە لە لایەن (نووسەران، مێژوونووسان)ی کورد و بیانی و ژمارەیەك لە (گەڕیدە و خۆرهەڵتناسان)ەوە نووسراون لە بەر دەستمدا بوون، کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانە لای من ڕازێکی درێژیان هەیە و سەرەتای ڕازەکەش بۆ ساڵی (1974ز) دەگەڕێتەوە، لەو ساڵەدا لە گەڵ کوڕێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کاکەیی کە دەرچووی کۆلێژی (ماف)بوو، لە ناو شۆڕشی (ئەیلوول)دا بووین بە هاوڕێ و زۆربەی کات پێکەوە بووین، هەرچەندە ئێمە وەك خێزان و بنەماڵەی خۆمان تێکەڵاوییەکی زۆرمان لە گەڵ کاکەییەکانی (هاوار، هاوارە کۆن، دەرەتوێ)ی ناوچەی‌هەورامان هەیە، بەڵام ئەو تێکەڵاوییە هەرگیز نەبووەتە هۆی ئەوەی لە لایەن ئەو بەڕێزانەوە زانیاری دینیم دەستبکەوێت، بەڵام ئەو هاوڕێیەم لە ئەنجامی تێکەڵاوی بەردەوام و نزیکی زۆرمان لە یەکتری و قسەوقسەڵۆکی ڕۆژانەمانەوە، هەندێك زانیاری سەرەتایی کەپاشان بۆمدەرکەوت زۆر ڕواڵەتی بوون بۆی باسدەکردم، لە ساڵەکانی دواییدا کەوتمە هەوڵی کۆکردنەوەی سەرچاوە و تێکست تا وای لێهات زۆربەی ئەو سەرچاوانەی سەبارەت بە (یارسان) نووسیویانە، بە کتێبی (سەرەنجام)یشەوە کە ئێستا دوو وێنەم لایە دەستی خۆم بخەم، ئەو دوو وێنەی (سەرەنجام) کە کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە بەم شێوەیەن:

1 – دەستنووسی (سەرەنجام) لە لایەن (کاکا ڕەدائی)یەوە نووسراوە.

2 – ئەو (سەرەنجام)ەی دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی لە دوو توێی (659) لاپەڕەدا و بە پەراوێز و لێکدانەوەی تێکستەکانەوە لە (چاپخانەی حەیدەری) بە چاپی گەیاندووە. هەرچەندە من پێشتر و بە تایبەتی لەم (11) ساڵەی دواییدا لە ڕێی (سازدانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە، بەستنی کۆڕ و سیمینار، دواتریش لە هەردوو بەرگی کتێبی (هەورامان)دا بەرکوڵێکم سەبارەت بە (ڕێوڕەچەی یارسان)خستووەتەڕوو، بەڵام ئەگەر (سەرەنجام)م دەستنەکەوتایە هەرگیز نەمدەوێرا خۆم لە قەرەی دانانی کتێبی تایبەت بە (یارسان) بدەم، بۆیە پێموایە ئەو یەڕێزانەی بە بێ ئەم سەرچاوەیە سەبارەت بە (یارسان) نووسیویانە، زۆرجار هەر لە پەراوێزی زانیارییەکاندا ماونەتەوە.

ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستدایە بەرهەمی چەندین شەو ڕۆژ خوێندنەوە و بەراوردکردن و تاوتوێکردنی ناو تێکستەکانە، هەوڵمداوە بە پێی توانا زانیارییەکان چڕبکەمەوە، لە گەڵ ئەوەشدا هەندێك ڕاز و گێڕانەوە خۆیان قووتکردووەتەوە چونکە بۆ باسەکان پێویستبوون.

ڕێوڕەچەی یارسان زۆر هەڵدەگرێت قسەی سەبارەت بکرێت و دەربارەی بنووسرێت, چونکە هەڵقولاوی ناو جەرگەی ژیانی کوردەوارییە و بەشێکە لە کولتووری دینیمان, هاوکات سامانێکی ئەدەبی و عیرفانی گەورەمانی تێدا پارێزراوە, ئەو کەسانەش (یارسان) بەشتێکی تر تێدەگەن هەق وایە بۆ تێکستە دینییەکانیان بگەڕێنەوە, بۆیە زۆر بە دڵخۆشییەوە ئەم کتێبە دەخەمە پێشچاوی خوێنەورانی کورد و ئومێدەوارم بە چاوی گەورەیی خۆیانەوە لە کەموکوڕییەکانی بنواڕن, لە بەر ئەوەی هیچ مرۆڤێك ناتوانێت فریشتە بێت, کەواتە دەبێت کەموکوڕیش لە کارەکانیدا هەبن.

**ئەیوب ڕۆستەم**

**شەوی** 25/26 / 2 / 2006

/7/6 **ڕەشەمێ** ( 2705 ) **کوردی**

# سەرەتایەکی مێژوویی

لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا باسی ڕێوڕەچەیەکی دینی کوردی دەکەم, باشتر وایە بە شێوەیەکی خێرا ئاوڕێك لە پێشینەی مێژووی گەلی کورد بدەمەوە, لەوەشەوە دەسپێدەکەم چەند زاراوەیەك هەن زۆجار لە نێوانیاندا تێکەڵاویدەکرێت وەك: (میللەت, نەتەوە, ناسیۆن), سەبارەت بە (میللەت) لە سەرەتاوە بەو پێکهاتە مرۆڤایەتییانە وتراوە کە پەیرەوکاری دینێکی دیاریکراوی تایبەت بوون, لەم بوارەدا وتراوە (میللەتی جوولەکە, میللەتی گاور, میللەتی ئیسلام), ئەو پێکهاتانە ئەگەرچی (زمان, ڕەوشت, دابونەریت)یان جیاوازبووبێت, تەنها لە سەر بنەمای یەکبوونی دینەکەیان پێیانوتراوە (میلەت)[1].

پاشان ژمارەیەك لە زانا و لێکۆڵەرەوانی ئەورووپی چوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە (میللەت) دەبێت بەو خەڵکانە بوترێت (زمان, یان خوێن, یان نەژاد)ێکی سەربەخۆیان هەیە, ئیتر لە بری زاراوەی (میللەت) زاراوەی (ناسیۆن)یان بەکارهێناوە, زاناکانی سەردەمی (ڕێنسانس) زیاتر لەم بوارەدا قووڵبوونەتەوە و ئەوەیان دەرخستووە کە تەنیا (زمان, یان خوێن, یان نەژاد) بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتری بەسنین, بەڵکو پێویستە (داب و نەریت)یش بۆ جیاکردنەوەیان بە هەند وەربگیرێن, هەر لەوەوە زاراوەی (نەتەوە)

هێنراوەتە ئاراوە و ئیتر هەر كۆمەڵە مرۆڤێك لە (خوێن, زمان, ڕەگەز, داب و نەریت)دا تێكەڵاوبووبن پێیانوتراوە (نەتەوە).

لەسەر ڕۆشنایی ئەمەی باسكرا, زۆربەی زانا نەژادناسەكان ئەوەیان سەلماندووە كورد نەتەوەیە چونكە:

**ا - نەژاد و خوێن و داب و نەریتیان یەكە**

**ب - بەیەك زمان قسەدەكەن**

**ج - هەموو خەصڵەتەكانی نەتەوەیان تێدایە**

بۆ ئەوەی بچمە سەر باسكردنی (بنج و بناوانی كورد) پێویستە بڵێم چەندین كەس و لە سەرچاوەی جیاجیادا, ئایا لە چوارچێوەی گشتی باسەكانیاندا بووبێت, یاخود بە شێوەیەكی تایبەتی, باسیان لە (ڕەچەڵەك, زمان, شوێنی نیشتەجێبوون, شێوازی ژیان و گوزەران...هتد)ی كورد كردووە, لە خوارەوە وەك نموونە نەوەك سەرژمێركردنیان ناوی ژمارەیەكیان دەهێنم:

1 - **فەیلەسووف و مێژوونووس و جوگرافیا ناسەكان, لەوانە:** (سترابۆن, هیرۆدۆت) كە دوو فەیلەسووفی یۆنانی بوون, مێژوونووسی ئەرمەنی (مایسای خۆرنسكی), جوگرافیاناسی ئیتالی (ماركۆ پۆلۆ), جوگرافیاناسی فەرەنسی (ریكلۆس), جوگرافیاناسی رووسی (بازیل).

2 - **سەرۆك لەشكر و سیاسە تمەدار و كونسوڵەكانی بێگانە, لەوانە:** (ئێگزنەفۆن)ی سەرۆك لەشكری یۆنانی, (باسیل نیكیتین و ئەلكسەندەر ژابا) كە هەردووكیان كونسولی رووسیا بوون, هەروەها سیاسەتمەداری ئینگلیزی (مستەر ریچ).

3 - **موژدەگار و كەشیشە مەسیحییەكان, لەوانە:** راهیبە دۆمنیكانییەكان و هەردوو كەشیشی ئیتالی بەناوەكانی (گارزۆنی و رافائێل) و كەشیشی فەرەنسی (تۆمابوا).

4 - **گەورە نیگاركێشەكان, لەوانە (ژیرۆم, پۆژین, دیلاكروا),** دەوترێت تابلۆی كچە كافرۆشی كورد بەرهەمی یەكێك لەم هونەرمەندانەیە.

5 - **گەورە شاعیر و نووسەرەكان, لەوانە:** (لامارتین و بۆدلێر).

6 - **بازرگانەكان, لەوانە:** ڤاسیلی گاراگارای كازاخستانی و جان پاتێست تاڤێرنی فەرەنسی.

7 - **ئەفسەران و فەرمانبەرانی حكومەت و سیخوڕەكان, لەوانە:** (مێجەر سۆن, ئێدمۆندز, فرەیزەر, راوڵنسن, فیلكس جۆنز, جریكۆف, خاتووهێنی هارۆڵد هانسن) و دەیانی تریش.

8 - **گەڕاڵ و مێژوونووس و جوگرافیا ناسە عەرەب و فارسەكان, لەوانە:** (تەبەری, ئیبن حوقەل, ئیبن خوردازبە, مەسعوودی, ئەستەخەری, فیردەوسی, یاقووتی حەمەوی, ئیبن خەلدوون, حەمدولای مستەوفی قەزوینی, میسعەر كوڕی موهەلهەلی خەزرەجی, ئەبو عەلی فارسی, ئەبو فیدای ئەیوبی, یەعقووبی[2]) و چەندانی تریش.

9 - **ئەو مێژوونووسە کوردانەی بە عەرەبی نووسیویانە لەوانە:** ئیبن مستەوفی, ئیبن خەلەکان, ئیبن ئەلئەپیر, ئەبو حەنیفەی دینەوەری).

10 - **مێژوونووس و لێکۆڵەرە کوردەکان,** وەك (شەرەفخانی بەدلیسی, سەی عەلی رەیس, محەممەد ئەمین زەکی بەگ, حوسێن حوزنی موکریانی, خەسرەوخانی ئەردەلآنی, مەستوورەی کوردستانی, ئیبراهیم مەلا حوسێنی ئەردەلآنی, مەلا حەسەنی قازی هەورامانی, مەلا عەبدولآی قازی=شەیدا[3], رەفیق حلمی, مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی, بلەج شێرکۆ, سورەیا بەدرخان, دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد, فوئاد حەمەخۆرشید) و چەند کەسێکی تریش.

ئەگەر بێنە سەر تاوتوێکردنی نووسینەکانی ئەمانەی کە ناومانهێنان و ئەو نووسینانەی تریش کە ناوی نووسەرەکانیانمان نەهێناون, بۆماندەردەکەوێت جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەن و ئەنجامێکی پاککراو سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد بە دەستەوە نادەن, بەڵام جۆرە کۆدەنگییەك لە نێوان زۆربەیاندا هەیە بەوەی نەتەوەی کورد بەڕەچەڵەك (ئاری)یە, سەبارەت بە وشەی (ئاری)ش دوو بۆچون بەم شێوەیە هەن:

1 - **ناوی (ئاری)** بە واتای شەریف دێت و لە (ئاوێستا)شدا بە هامان واتاوە هاتووە[4].

2 - **(مەردۆخ) نووسیویەتی:** شتێکی ئاشکرایە وشەی (ئاری) لە هەردوو زمانی (کوردی و فارسی کۆن)دا بە مانای (ئاگر) هاتووە و بۆیە ناوی (ئارییەکان) بە مانای (ئاگرییەکان), یان ئاگرپەرستەکان دێت[5].

نەتەوە و هۆزە گەورەکانی (ئاری) بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

1 - **ئەنردان:** بریتین لە هیندییەکان و دانیشتوانی ناوچەکانی (سەند و پەنجاب= پێنج ئاو) و کەشمیرییەکان.

2 - **لاتین:** بریتین لە (فەرەنسی, ئیسپانی, پورتوگالی, ئیتالی, رۆمانی)یەکان.

3 - **جەرمەن:** بریتین لە (ئەڵمانی, ئینگلیزی, ئەسکەندناڤی)یەکان.

4 - **ئۆسلاو:** بریتین لە رووسەکانی (پۆڵەندا و مەجەر) و صرب و چیکییەکان.

5 - **سەڵت:** بۆمییەکانی ئەورووپای خۆرئاوا.

6 - **هایی:** ئەمانە ئەرمەن و (ئارارات)یشیان پێدەڵێن.

7 - **بلاچ:** لە دانیشتوانی بەلجیکا و بولگاریا پێکدێن.

8 - **چەغزی:** بە شێکن لە رووسەکان و سەقالییەکان و موززەردیشیان پێدەڵێن.

9 - **ئابادیان:** ئاباد یەکەم پەیامبەری ئاسیای ناوەڕاست بووە, لەم کۆمەڵە تەنها چەرکەسەکانی کافکاس ماونەتەوە.

10 - **ئادیان:** رەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر (ئازاد ئابادان).

11 - **ئاجامی:** بریتین له ئارییه‌کانی بنه‌ماڵه‌ی (یاسان جام)، عه‌ره‌به‌کان وشه‌ی (ئاجام)یان کردووه به (عه‌جه‌م)، پێشدادییه‌کان که له (که‌یومه‌رس)ه‌وه ده‌ستپێده‌که‌ن له نه‌وه‌ی (یاسان ئه‌جه‌م)ن.

12 - **مادایان:** نه‌ته‌وه‌کانی (کورد، ئه‌لوا، گێلان، ده‌یله‌م) له‌م به‌ره‌یه‌ن گوایا له نه‌وه‌ی (مادا کوڕی یافت کوڕی نووح)ن.

13 - **پارس:** ئه‌و ئارییانه‌ن له وڵاتی (پارس)ی ئێستا و ده‌ریای عوممان و رووباری (ئه‌هوان)دا جێگیربوون، ئه‌مانیش به هه‌مان شێوه‌ی (مادایان) له نه‌وه‌ی (مادا کوڕی یافت کوڕی نووح)ن.

هه‌ر وه‌ك له سه‌رچاوه مێژووییه‌کاندا باسکراوه، ئارییه‌کان له هه‌زاره‌ی چواره‌می به‌ر له زاییندا له باشووری (رووسیا)وه به‌سه‌ر باکووری کافکاس و ده‌ریای (ره‌ش)دا هاتوونه‌ته خۆرئاوای ئاسیا، هه‌ر که هاتوون بوون به دوو به‌شه‌وه، به‌شێکیان رووپانکردووه‌ته ئه‌وروپا و نه‌ته‌وه‌کانی ئه‌وێیان لێدرووستبووه، به‌شه‌که‌ی تریان هاتوونه‌ته خۆرئاوای نزیك و تا باشووری هیندوستان رۆیشتوون، ئه‌م به‌شه‌یان که به‌ره‌و ئاسیا بوونه‌ته‌وه له (تورکمانستانی) ئه‌مڕۆدا ماوه‌ی هه‌زار ساڵێك ماونه‌ته‌وه، پاشان رووپانکردووه‌ته باشووری ئێران، ماوه‌یه‌کیش له باشووری ئێراندا ماونه‌ته‌وه ئینجا بوون به دووبه‌شه‌وه، به‌شێکیان به‌ره‌و شاخی (هیمالایا) رۆیشتوون و له (هیندوستان و په‌نجاپ)ی ئێستادا گیرساونه‌ته‌وه، به‌شه‌که‌ی تریشیان به ناو (ئێران)دا[6] بڵاوه‌یان لێکردووه، ئه‌م به‌شه‌یان پاش بڵاوبوونه‌وه‌یان زۆربوون و ده‌سه‌ڵاتیان په‌ره‌یسه‌ندووه و ئه‌وانه‌یان له ناوچه ده‌شتایه‌کانی ئێراندا نیشته‌جێبوون به (پارس) ناسراون و ئه‌وانه‌شیان به ره‌وشتی کۆچه‌رایه‌تی رووپانکردوه‌ته چیاکانی زاگرۆس په‌ل په‌لبوونه‌ته‌وه و پاشان نه‌ته‌وه‌کانی: (لۆلۆ، گۆتی، کاسی، میتانی، سۆباری، خاڵدی= کاڵدی، کاردۆش، ماد)یان پێکهێناوه، له‌هه‌ندێك سه‌رچاوه‌ی تریشدا نووسراوه: هه‌رچه‌نده زانیاری ورد سه‌باره‌ت به ره‌گوڕیشه و شوێنی دایکزادی ئارییه‌کان نییه، به‌ڵام چه‌ند به‌ڵگه‌یه‌ك هه‌ن ده‌یسه‌لمێنن پێش بڵاوبوونه‌وه‌یان به جیهاندا له لێواره‌کانی خۆرهه‌ڵاتی ده‌ریای (خه‌زه‌ر) که ئه‌مڕۆ ئاسیای ناوه‌ڕاستی پێده‌وترێت ژیاون، دوو هه‌زار ساڵ پێش زایین له‌وێوه بۆ شوێنه جیاجیاکانی جیهان کۆچیانکردووه، به‌شێکیان چوونه‌ته (هیند) و به‌شێکی تریان له ده‌شته‌کانی ئێراندا بڵاوبوونه‌ته‌وه که گه‌وره‌ترین لکیان (ماد و پارس) بوون، به‌شی سێیه‌میشان به‌ره و باکووری ئه‌وروپا کۆچیانکردووه[7].

**له خواره‌وه له سه‌ر هه‌ریه‌ك له‌م نه‌ته‌وه ئارییانه که‌مێك باسده‌که‌ین:**

1 - **لۆلۆ:** لۆلۆکان له هه‌رێمه‌کانی شاره‌زوور، سلێمانی ئێستا و زه‌هاودا نیشته‌جێبوون، (محه‌مه‌د عه‌لی سوڵتانی) به پیشبه‌ستن به کتێبی (دودمان ئاریایی) ناوی چه‌ند شوێنێکی هێناوه گوایا که‌وتوونه‌ته خۆرهه‌ڵاتی هه‌رێمه‌که‌یانه‌وه، ئه‌و شوێنانه‌ی به (هاشمار، هار هار= خارخار، نارمان=هه‌ورامانی ئێستا) ناوبردووه[8]، له به‌ڵگه‌کانی سه‌رده‌می (ئاشوور ناسر پاڵی دووه‌م)دا ده‌رکه‌وتووه وڵاتی زاموا که مه‌مله‌که‌تی (لۆلۆکان) بووه شارستانییه‌ت و ئاوه‌دانییه‌کی چاکبووه و خه‌ڵکه‌که‌شی ده‌ستی دیار و باڵایان له هونه‌ر و پیشه‌سازیدا هه‌بووه، (پرۆفیسۆر سپایزه‌ر)یش پێیوایه لۆلۆکان باپیره گه‌وره‌کانی (لوڕ)ی ئێستان و پێشینه‌یان بۆ هه‌زاره‌ی سێیه‌می به‌ر له زایین ده‌گه‌ڕته‌وه، سه‌باره‌ت به ده‌ستنیشانکردنی مه‌ڵبه‌ندی ژیان و نیشته‌جێبوونی لۆلۆکان جیاوازی له

سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن, هاوکات سەبارەت بە مەڵبەندی حوکمڕانیان جیاوازی هەن, هەندێك پێیانوایە ئەو مەڵبەندە (گردی یاسین تەپە) و هەندێکیش پێیانوایە (گردی بەکراوا) بووە, بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لە سەر ئەوە یەکدەنگن ئەو مەڵبەندە (گردی خورماڵ) بووە.

2 - **گۆتی:** سەبارەت بەم نەتەوەیە (مامۆستا رەشید یاسمی) نووسیویەتی: گۆتییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتی شارەزوور واتا (هەورامانی ئێستا)دا ژیاون, لە سەرەتاوە لە گەڵ (لۆلۆکان کەتوونەتە ململانێ و ناکۆکییەوە و پاشان هەتاکو شارەزوور هاتوون, بەڵام (شاری کاشاری) پادشای ئەکەد و کوڕەزای (نارام سین) ڕێی زیادەڕەوی بەرامبەریان داخستووە[9].

(پرۆفیسۆر سپایزەر)یش نووسیەیەتی: لە و نزیکییە زۆرەی کە لە نێوان ناوی گۆتییەکان و سۆمەرییەکاندا هەیە, بڕوا وایە لە سەردەمە کۆنەکان و لە ناو ویلایەتەکانی (سۆمەر)دا نەتەوەی (گۆتی) ژیابن, پاشان وردە وردە دەسەڵاتیان پەیداکردووە و ئەو شوێنانەیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە, ئینجا بەرەو وڵاتی (ئەکەد) کشاون[10], ساڵی (2649پ. ن) هەموو وڵاتی (سۆمەر و ئەکەد)یان خستووەتە ژێر دەستییانەوە, پاشان (لۆلۆ)کانیش تێکەڵاویانبوون و دەسەڵاتەکەیان ماوەی (125) ساڵ و (45) رۆژی خایاندووە, بەڵام پاش سەرکەوتنی (پادشای ئوور) بەسەریاندا بۆ چیاکانی زاگرۆس گەڕاونەتەوە. , لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی پێش زایین بۆ هێشبردنە سەر (بابل) هاوکاری (کاسییەکان)یان کردووە.

3 - **کاسی:** ئەم نەتەوەیە سەرەتا لە ناوچەی (قرماسین= کرماشانی ئێستا)دا نیشتەجێبوون و ئەکەدییەکان پێیانوتوون (کاشۆ), لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی (پ. ن) وڵاتی (بابل)یان گرتووە حکومەتی (کاردۆنیاش)یان دامەزراندووە, کاسییەکان نزیکەی (600) ساڵ حوکمڕانییانکردووە, پاش ئەوەی دەسەڵاتەکەیان رووی لە لاوازی ناوە و تێکچووە, بۆ ناوچەی لۆرستان گەڕاونەتەوە, لە گەرمەی لەشکرکێشییەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەروڵاتی ئێران کاسییەکان جەنگی سەختییان لە گەڵدا کردووە.

4 - **خاڵدی = کاڵدی:** لە بەڵگەکانی جەنگ و لەشکرکێشییەکانی (سەرگۆنی دووەم)ی پادشای ئاشووردا هاتووە: سنووری وڵاتی خالدییەکان لە سەردەمێکدا لە باکوورەوە پاڵیداوە بە (ئەلکسەندەر پول و کافکاس)ەوە, لە باشووریشەوە هەتاکو (رەواندوز و سەرچاوەکانی زێی گەورە)درێژبوەتەوە, لە خۆرئاواوە بە (رووباری فوڕات) و لە خۆرهەڵاتیشەوە بە (گۆمی ورمێ) گەیشتووە, بە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتی مادەکان و نیشتەجێبوونی (ئەرمەن) لە خۆرهەڵاتی وڵاتەکەیانەوە (خاڵدی)یەکان تیاچوون و نەماون.

5-**سۆباری:** بۆ یەکەمجار ناوی (سۆباری) بە سەر پارچە بەردێکەوە کە مێژووەکەی بۆ سەدەی سییەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە بینراوە, سۆبارییەکان ماوەیەکی دور و درێژ دژ بە ئاشوورییەکان جەنگاون, لە دوادوای دسەڵاتی ئاشوورییەکاندا ناویاننەماوە و نەتەوەیەکی تر بە ناوی (نایری)یەوە شوێنیانی گرتووەتەوە.

6 - **میدیا = مادەکان:** هەر یەك لە (هۆڤی رۆبنسۆن و هنری پرستید) پێیانوایە مادەکان بە شێکن لە نەتەوەکانی (هیند و ئەورووپی), لە ساڵەکانی (2500پ.ن) لە خۆرهەڵاتی دەریای (قەزوین) ژیاون, زۆربەیان بە کشتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون, لە سەدەی نۆیەمی (پ. ن) بەرە و چیاکانی خۆرئاوای ئێران

کۆچـیانکردووەو لەوێـدا دەسـەڵاتیان پەیـداکردووە و بـەرە بـەرە ناوچـەکانی دەور وبـەریان خسـتووەتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە, لـە سـەدەی حەوتـەمی (پ. ن) هـەموو تیرەکـانی مـاد لـە ژێـر دەسـەڵاتی یـەکێك لـە سـەردارەکانیان بـەناوی (کـەیقوباد= دیـاکۆ= دیـوکس) کـە سـەرۆکی تـیرەی (بـوون) بـووە یـەکیانگرتووە و حکومـەتێکی بـەهێزیان پێکهێنـاوە, چـەندین جـەنگی گـەورەیان دژ بـە ئاشـوورییەکان کـردووە و دواجـار لـە ڕێـی بەستنی هاوپەیمانییەك لە نێوان (هواخشترە= خشتریت= هشتریت) کە سێیەمین پادشای مادەکان بووە و لە گەڵ پادشای بابل توانیویانە بەسەر ئاشوورییەکاندا سەربکەون و پایتەختەکەیان لەگەڵ زەویـدا تەختبکـەن, هەنـدێك لـە خۆرهەڵاتناسـەکان وتوویانـە(میدییـەکان) هـەر کـوردن و زمـانی کـوردی و میـدی هـەر یەکێکـە, (راوڵنسـن) نووسیویەتی: میدیەکان سەرچاوەی نەتەوەی کوردن.

7- **نـایری:** سـەبارەت بـە نایرییـەکان, (مێجەرسـۆن) لـە کتێبەکەیـدا نووسـیویەتی: (تەگـەلات پلاسـەری ئاشـووری) و نـەوەکانی وتوویانـە (نـایری) ئـەو نەتەوەیـە بوون لـە دەوروبـەری سەرچاوەکانی هـەردوو رووبـاری _دیجلە و فوڕات)دا ژیاون, هەرێمەکەیان هەمان ئەمو هەرێمەیە (ئێگزنەفۆن) سـاڵی (401 پ. ن) کۆردوئینـەکانی تێدا بینیوە, هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە نایرییەکان پاشان ناویان گۆڕاوە بۆ (کورد).

8- **کاردخۆی:** سەبارەت بەم نەتەوەیە دوو بۆچوون هەن, یەکەمیان پێیوایە وشەی (کاردخۆی) هەر وشـەی (گـۆتی) کۆنـە و پاشـان گـۆرانی بەسـەردا هـاتووە و بـووە بـە (کـاردخۆی), بۆچـوونی دووەمـیش پێیوایـە ئـەم کاردخۆیانە لە ناوەراستی سەدەی حەوتەمی بەر لە زاییندا هاتوونەتە کوردستان و وردە وردە دەسەڵاتی خۆیـان بەسەر خێڵەکانی دەوروبەریاندا سەپاندووە, پاشان لە گەڵیاندا بوونەتە یەك.

پاش خستنەڕووی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە سـەبارەت بـە نەتـەوە ئارییـەکان, دێمـە سـەر ئـەوەی ئایـا ئـەم نەتەوانە تا چ رادەیەك بنچ و بناوانی کورد پێکدێنن, لەم بوارەدا:

1- (**باسیل نیکیتین**) **نووسیویەتی:** ئەگەرچی بۆ باسـکردن لـە رەگوڕیشـەی گـەلێك پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ چەند پێوەرێك وەك: (ناوەکەی, رەگەزی, زمانی) لـە هـەمان کاتیشـدا نابێـت بـاوەری رەهـا بـەم پێوەرانـە بهێـنین, چونکە زۆرجار تێکەڵوپێکەڵییان تێدا درووستدەبێت, هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە (کەردۆخییەکان) کە (ئێگزنـەفۆن 400 پ. ن) باسـی لێـوە کـردوون, بـاوەڕ وایـە بـاپیرە هـەرە دێرینـەکانی کـورد بـن, بـەڵام زانایـەکی گەورەی وەك (لیهمان) ئەم بۆچوونەی پەسـەندنەکردووە و نووسـیویەتی: کەردۆخییـەکان باپیرە هـەرە کۆنـەکانی (جۆرجییـەکان)ن کـە ئێسـتا لـە _(کافکـاس)دا دەژیـن[11], هـەر لـەم بـوارەدا (محەممـەد ئـەمین زەکـی بـەگ) نووسـیویەتی: (ئێگزنـەفۆن) لـە باسـی گەڕانـەوەی لەشـکرە دەهـەزار کەسـییەکەیدا باسـی لـە نەتـەوەی (کـاردۆك) کردووە و وتوویەتی وڵاتەکەیان هەتاکو (بوهتان) درێژدەبێتەوە[12]..

2- (**خاتوو هێنی هارۆڵد هانسن**) **نووسیویەتی:** کورد نەتەوەیـەکی (هینـدۆ ئەوروپایی)ن و زمانەکەیان کە چەند شێوەزاێکە خزمی زمانی فارسییە, هەروەها نووسـیویەتی: کوردەکـان بـە درێـژایی ژیتنیـان لـەو شـاخانەدا ژیـاون کـە ئێسـتاش لێیـان دەژیـن, هـەر لـە درێـژەی نووسـینەکەیدا هـاتووە (زەینـەفۆن) لـە سـاڵی (400 پ. ن) و

(سترابۆ 64پ. ز–20 ز) باسی ئەو گەلەیان كردووە دەتوانین بە پایپرە گەورەی كوردەكانی ئەمڕۆیان دابنێین[13].

3- **سێر سیدنی سمیث** - لە لێكۆڵینەوەیەكدا بە ناو ونیشانی (مێژووی كۆنی كوردستان) كە بۆ (محەممەد ئەمین زەكی بەگ)ی ناردووە و دەقەكەی لە كتێبی خولاْصەیەكی تاریخی كورد و كوردستاندا بلاْوكراوەتەوە, نووسیویەتی: مێژووی ئەو زانیارییانەی دەرهەق بە كوردستان دەستكەوتوون زۆر تێكەڵ و پێكەڵن, بۆ درووستكردنی بیر و بۆچوونێكی یەكالاْكەرەوە بەسنین, ئەم ناوچەیە پێشتر نەتەوەیەكی تێدا نیشتەجێبووە بە ناوی (شۆباری= سۆباری), ئەم نەتەوە بە زمانێك دواون نە (سامی) بووە و نە (هیندۆ ئەورووپی) بەڵكو لە زمانە كافكاسییەكان بووە[14].

4- **لە ژێر ناو و نیشانی كوردستان** لە سەدەكانی (13–19ز) لە سەرچاوە ئیتالییەكاندا, ژنە نووسەری بەناوبانگی ئیتالی (میریلا گالیتی=mirella galleti) نووسیویەتی: لەو كاتانەدا (زەینەفۆن) بە خۆی و دەهەزار سەربازەكەیەوە شكاوە و بە ناو خاكی كوردستاندا پاشەكشێیكردووە, پاشان ئەو بەسەرهاتەی لە كتێبەكەیدا بە ناوی (ئاناباسیس) بلاْوكراوەتەوە, ناوی كوردی بە (carduchi= كەردۆخی) هێناوە, لەو كتێبەدا باسی لەوەكردووە كوردەكان زۆر بەسەختی پەلاماری لەشكرەكەیان داوە و بە هەموو شێوازێكی جەنگی بەرەنگاریبوونەتەوە و بە تەواوی هەراسانیانكردووە, چەكی دەستیان (تیر و كەوان) بووە و تیرەكانیان ئەوەندە بەهێز و درێژبوون قەڵغانی سەربازەكانی ئەویان سمیوە, لە درێژەی نووسینەكەیدا هاتووە پاش حەوت رۆژ جەنگی بەردەوام و نائارامیەكی زۆر ی ئینجا توانیویانە دەربازبن و هەناسەیەكی ئارام هەڵبكێشن, هەر لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە (سترابۆن) لەو نەخشە جوگرافیەی بلاْویكردووەتەوە, ناوی كوردی بە (kyrtioi) هێناوە[15].

5- **زانای گەورە (مار) وتوویەتی:** كوردەكان گەلێكی رەسەنن, هەر لە دێر زەمانەوە لە كێوەكانی (ئاسیای بچووك) نیشتەجێبوون, زمانەكەیان لە زمانێكی نزیك لە زمانی جۆرجییەكانەوە گۆڕاوە بۆ زمانێكی هیندۆ ئەورووپی نزیك لە زمانی ئێرانی, هەر لەم بوارەدا (گارزۆنی) گەورە موژدەگاری مەسیحی نووسیویەتی: پەیوەندییەكی زۆر پتەو لە نێوان زمانی كوردی و زمانی فارسی نوێدا هەیە[16].

6- (**فلادیمێر مینۆرسكی**) ساڵی (1938ز) لە كۆنگرەی نێودەوڵەتی خۆرهەلاْتناسان كە لە شاری (برۆكسێل) بەستراوە وتوویەتی: كوردەكان بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر (بختانییەكان), مینۆرسكی لە بۆچوونەكانیدا سەبارەت بە كورد بە زمانی كوردی و شێوازی ژیانی كۆمەڵی كوردەواری پشتئەستووربووە[17], ئەو وای بۆچووە زمانی كوردی بە هەموو شێوەزمانەكانییەوە زمانێكی ئێرانییە, بەلاْم كاریگەری زمانی میدی لە سەرە, هەر لێرەدا پێویستە ئەوە بخرێتەروو كە (هیرۆدۆت) سەبارەت بە (بختانییەكان) وتوویەتی: بختانییەكان لە گەڵ (ئەرمەن) ولاْتی سیانزەهەم بوون لە ئیمپراتۆریەتی (ئەخمینی=ach menidea).

7- (**موشیر ئەلدەولە حەسەنی پیر نیا**) **نووسیویەتی:** لە دەوروبەری ساڵەكانی (2400 پ. ز)دا ئارییەكانی هیند و ئێرانی خاوەن یەكێتی زمان بوون[18].

8- (**ئیبن خەلدوون) نووسیویەتی:** کورد و فارس و هەموو هۆزەکانی تری ماد لە بنەڕەتدا بران[19].

7- (**دکتۆر وەلید حەمدی) سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد نووسیویەتی:** کورد نەتەوەیەکی ئارییە، پیش دوو هەزار ساڵ زیاتر لە پێش زایینەوە هاتوونەتە کوردستان، شوێنەوارە گڵێنەکانی سۆمەرییەکان کە مێژوویان بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێنەوە ئاماژەیان بۆ ئەم نەتەوەیە کردووە[20].

**بەلام (بلەج شێرکۆ) لە کتێبەکەیدا بەناو نیشانی (القضیة الکردیة ماضی الکرد و حاضرم) کە لە ساڵی (1986ز) لە بەیرووت بلاوکراوەتەوە وتوویەتی:** (سترابۆن) لە کتێبەکەیدا کوردی بە (gutu =گۆتۆ) ناوبردووە،

زۆربەی مێژوونووسەکانی نەتەوە سەردەستەکان، چ عەرەب، چ فارس چ تورك، لە نووسینەکانیاندا زۆر بێویژدانەو دوور لە راستی لە رەچەڵەك و پێشینەی مێژوویی کورد دواون، بەلاکم کەمێکیشیان بە شێوەیەکی زانستییانە و دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی و گیانی خۆ بەزلزانین هاتوونەتە مەیدان و نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان نرخ و بەهای خۆیان هەن، ئەوانەی کە بەدەمارگیرییەوە رازی پڕوپوچ و بێبنەمایان داوەتە پاڵ کورد، هەوڵیانداوە بنج و بناوانی کورد بە مەبەستی تایبەتی خۆیان لێکبدەنەوە و هەمیشە نەفەسی داگیرکارانەیان بە نووسینەکانیانەوە دیارە، کەسێکی وەك (عەلی کوڕی حوسێنی مەسعوودی) لە کتێبەکەیدا (مروج الذهب)، نەك هەر ئەوەی هەوڵیداوە رەچەڵەکی کورد بشێوێنێت و ئەفسانە بداتە پاڵی، بەڵکو لە نووسینەکانیدا لەم بارەوە سێ جار خۆی بەدرۆخستووەتەوە، لە شوێنێکدا نووسیویەتی: کوردەکان لە نەوەی ئەو دێوانەن لە گەڵ کەنیزەکەکانیحەزرەتی (سولەیمان) لەپەنادا دەستیان تێکەڵکردووە و کرداری سێکسیان کردووە، جارێك وای دەرخستووە کە لە پاشماوەی ئەو کەسانەن دەکرانە قوربانی بۆ مارەکانی سەرشانی زوحاك، لە کتێبی (التنبیه والاشراف)یشدا نووسیویەتی لە نەوەی صەعصەعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعدن و لەوێوە دەچنەوە سەر غەسانییەکان، هەروەها باسی لەوەکردووە گوایا لە نەوەی (ئەسفەندیار و مەنوچەهرن).

ئەگەربێت و کەمێك بەم دەربڕینانەی (مەسعوودی)دا شۆڕببینەوە، دەبینین لێوان لێون لە درۆ و دەلەسە و ئەفسانەی هەڵبەستراو، سەبارەت بەوەی کە وتوویەتی کوردەکان لە نەوەی بەچکە دێوەکانن، شتێکی ئاشکرایە دێو خۆی ئەفسانەیە و تا ئێستا زانست نەیسەلماندووە شتێك بە ناوی (دێو) هەبێت، هەر بەوەش رازینەبووە بمانکات بە بەچکەی دێو، بەڵکو لە هەمانکاتدا بە زۆڵیش لە قەڵەمیداوین.

ئەوەشی کە وتوویەتی لە پاشماوەی قوربانییەکانی مارەکانی سەرشانی (زوحاك)ن، دەبێت ئەوە بخەینەڕوو کەسێکی ژیر نییە لەم جیهانەدا باوەڕی بەوە هەبێت مار لە سەر شانی مرۆڤ سەوزبێن و تەنها بە مۆخی ئادەمیزاد بژین، سەبارەت بە (زوحاك) و داستانی مارەکانی سەرشانیشی قسە و باسی زۆر هەن و لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، بەلام ئەوەندە دەڵێم (زوحاك= ئاستیاك= ئەژدەهاك) یەکێکبووە لە زنجیرەی پادشاکانی (دەوڵەتی ماد) و پێدەچێت هەر بۆ ئەوەی ریشەی پێشینەکانمان بشێوێنن ئەو هەموو داستانە ئەفسانانەی بۆ هەڵبەسترابێت، ئەگەر واشنەبێت و وەك تا ئێستا باسکراوە کەسێکی ستەمکار و زۆرداریش بووبێت، ئەوە یەکێکبووە لە دەرهاوێشە سیاسییەکانی چەندین پادشا و دەوڵەت لە ناو حوکمڕانییە کۆنەکاندا، مێژوو ناوی دەیان پادشای ستەمکار بێبەزەیی باسدەکات لە سەردەمە جیاجیاکاندا، گریمان (زوحاك)یش یەکێك بووبێت

لەوانە, بەڵام رازی مارەکان هەر درۆ و ئەفسانەیە, هەر لێرەشەوە باس لەوە دەکەم چەندین باسوخواس هەن سەبارەت بەوەی (دەوڵەتی ساسانی) کە فارسەکان زۆر شانازی بە شارستانیەتەکەیەوە دەکەن, بیناگوزارەکەی (ئەردەشیری بابکان) کورد بوو بێت, لەم بوارەدا (تەبەری) باسی لەوە کردووە (ئەردەوانی پادشای ئەشکانی) نامەیەکی بۆ (ئەردەشیری بابکان) ناردووە تیایدا نووسیویەتی: ئەی دانیشتووی ناو رەشماڵی کورد, تۆ لە رەوشتی خۆت لاتداوە و دیارە بە دەستی خۆت بۆ مردن دەگەڕێی, دەمەوێ بزانم ئەو ولاتەت چۆن خستووەتە ژێر دەستی خۆتەوە و کێ رێگەی پێداویت[21].

لە بۆچوونی تریشیدا جارێك کوردی بردووەتەوە سەر عەرەب و نووسیویەتی: لە نەوەی (صەعصەعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعد)ن و دەچنەوە سەر غەسانییەکان, ئەمەش بۆ خۆی درۆیەکی هەڵبەستراوە, چونکە غەسانییەکان بە رەچەڵەك سامی و کوردیش بە رەچەڵەك (ئاری)یە, کە باسی ئەوەشی کردووە گوایا کورد بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر (ئەسفەندیار و مەنووچەر)ی فارس, زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان سەلماندووە و دڵنیایاینداوە ئەگەرچی کورد و فارس دوونەتەوەی ئاریین, بەڵام رەچەڵەکی کورد ناچێتەوە سەر فارس, بەلکو دەچێتەوە سەر ئەو گەلە زاگرۆسییانەی کە لەم بابەتەدا نامانهێنان.

هەر لە بواری ئەم بۆچوونە هەڵانە سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد, (ئیبن حوقەل) نووسیویەتی: کوردەکان لە نەوەی (کوردی کوڕی ماردی کوڕی عەمرۆ)ن, هەروەها (تەبەری) و (فەیرۆز ئابادی)ش نووسیویانە:کوردەکان دەچنەوە سەر (کوردی کوری عەمرۆی کوری مۆزیقیا) و لەوێوە دەچنەوە سەر (یەعروبی کوڕی قەحتان[22]) و لەوێشەوە دەچنەوە سەر (سام کوڕی نوح).

هەروەها (فیردەوسی)ش سەبارەت هەمان بابەت لە شعرێکیدا ئەوەی دەرخستووە لە نەوەی قوربانییە بەجێماوەکانی سەر شانی (زوحاك)ن.

# رێورەچەی یارسان لە تێکستو سەرچاوە جیا جیاکاندا

بەر لەوەی بچمە ناوەرۆکی ئەم بابەتەوە پێویستە بڵێم: رێورەچەی یارسان بە جیاوازی ناوچەمان و سەرچاوە مێژووییەکان چەند ناوێکی تری هەن وەك ( کاکەیی, ئەهلی هەق, عەلی ئیلاهی), ئەم ناوانەش هەر یەکە و رەگی خۆیان لە مێژووی رێورەچەکەدا هەیە,من لەم کتێبەدا و لە شوێنی خۆیدا تیشکدەخەمە سەر ئەو رەگانە, بەڵام لە باسەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و لە بری هەموو ناوەکان زیاتر ناوی (یارسان) دەهێنم, چونکە

بڕوامواية ئەم ناوە پڕبە پێستی هەڵسوکەوتی دینی شوێنکەوتوانی ڕێوڕەچەکەویە و خۆشیان بە شێوەیەکی گشتی وایان پێباشە بە (یاری و یارسان) ناوبهێنرێن.

ئەو سەرچاوانە زۆرن سەبارەت بە (یارسان) نووسیویانە, بەش بە حاڵی خۆم پاش هەوڵێکی بەردەوام کە سەرەتای بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش تێیدا بەردەوامم, توانیومە ژمارەیەکی باش لەو سەرچاوانە کۆبکەمەوە, هاوکات دڵنیام لەوەی دەیان سەرچاوەی تریش هەن تا ئێستا دەستم پێیان نەگەیشتووە, بەڵام ئەوانەی کۆمکردوونەتەوە کەمنین و لە ئەنجامی تاوتوێکردنیانەوە توانیومە بە زۆربەی (بنەما, تایبەتمەندی, سرووت, کەسێتی, سروود و پەخشانەکان)ی یارسان ئاشنابم و زانیاری زۆریشم سەبارەت بە (رەگوڕیشە, سەرهەڵدان, بڵاوبوونەوە, گەشەکردن, ڕێکخستەوە)ی ئەم ڕێوڕەچەیە وەرگرتووەو, لە خوارەوە ناوی ژمارەیەك لەو سەرچاوانە کە بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە (یارسان) بەسوودن دەهێنم.

**یەکەم - سەرەنجام = سەرئەنجام - ئەم کتێبە کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە, خۆیان بە (کەلام - کەلامی خەزانە )ش ناویدەهێنن و بریتییە لە شەش بەش, یاخود دەتوانین بڵێن شەش کتێب بەم ناوانە :**

1- **بارگە بارگە:** دانەرانی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام سەڕای (سان سەهاکی بەرزنجی, پیر بنیامین, سەی میر ئەحمەد, سەی مستەفا, سەی ئوبولوەفا, سەی شەهابەددین, سەی حەبیب شا, حاجی باوەیسی, هەروەها هەریەك لەگەورە رابەران و عاریفان و پەیڕەوکارانی سەدەی هەشتەمی کۆچی (ڕێوڕەچەی یارسان)ن, کە زۆربەیان خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و ژمارەیەکیشیان لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوونە هەورامان, بوون بە شوێنکەوتووی ڕێوڕەچەکە هەتا بە پلەی (پیر) گەیشتوون و چوونەتە ناو بازنەی (72) پیرەوە, لەوانە: پیر مکایەڵی دەودانی, پیر نالی مۆردێنی, پیر شەمسی عەلەمدار, پیر روکەنەددین, پیر سمایەلی سیستانی, پیر قابیلی سەمەرقەندی, پیرتایەری ئەسفەهانی, پیر کەماڵی مامۆلانی, پیر راستگۆی قەرەداخی, پیر تەقی شاهۆیی, پیر حەیدەری لوڕستانی, پیر نەڕە بالآمۆیی, پیر ئەحمەدی لوڕستانی, پیر تاجەدیینی فارس, پیر حوسێنی کاشانی, پیر مەحموودی بەغدایی, پیر ئەولعەزیزی بەسرایی, پیر ئیبراهیمی جاف, پیر سلێمانی ئەردەلانی, پیر خالق ئەردەبیلی, پیر مەنسووری شۆشتەری, پیر عیسای شقاقی, پیر حەیدەر کەڵ مەیدانی, پیر مالیکی گۆران, پیر ناسری بەختیاری, پیر عیسای پساکانی, پیر خەلیلی موصڵی, پیر جەعفەری کوردستانی, پیر هەمزەی بیری شایی, پیر حوسێنی ئەسەموڵی, پیر ئەلیاسی مۆریاسی, پیر فەیرۆزی هیندی, پیر ئەیازی مەغریبی, پیر نگا دارتانی, پیر قەمەرسەراو قوماشی, پیر تاماسپی کرمانی, پیر تەیموری هەورامانی, پیر رەحمەتی بەمبەیی, پیر قوبادی دێوانە, پیر کازمی کەنگاوەری, پیر دانیاڵی داڵەهۆیی, پیر سەفەری قەڵاجەیی, پیر مووسای میانەیی, پیر سوورە هیندۆڵەیی, پیر سادقی مازیندەرانی, پیر نەعمەتی تەوەردار, پیر دلاوەری دەرەشیشی, پیر حەیاتی ماچینی, پیر قانوونی شامی, پیر حاتەمی هەمەدانی, پیر محەمەدی شارەزووری, پیر ناری هەورامی, پیر ئیسماعیلی گولانی, پیر نازداری شیرازی, پیر نەریمانی شاهۆیی, پیر تەیاری خۆراسانی, پیر عینوانی کەعبەیی, پیر ئەحمەدی گەنجەیی, پیر ئەحمەد بەرسایی, پیر نادر قەرەپاپاقی, پیر ماملی مایدەشتی, پیرشالیاری هەورامی, پیر مەحموودی لوڕستانی, پیر نەجمەدینی فارسی,

پیر نەقی تووکانی, پیر هاشمی رەژەوی, پیر مێردی هۆردینی, پیر بابا غەیبی هاواری, پیر فەتالی صەحنەیی, پیر عەزیزی هوانە, پیر رۆستەمی سو[23].

2- **دەورەی هەفتەوانە= حەوتەوانە:** ئەم بەشەی سەرەنجام بریتییە لە سروودی دە هەجایی=دە بڕگەیی, لە لایەن ژمارەیەك لە رابەران و پیرانی یارسانەوە لەوانە: (سان سەهاکی بەرزنجی, پیر بنیامین, خەلیفە عەزیزی سلێمانی, خەلیفەمحەممەد, خەلیفە شاشا, خەلیفە شەهابەددین, خەلیفە باپیر, خەلیفە ئەمیر, خەلیفە جەبار, داودی کۆسوار, پیر مووسای دەفتەردار, خاتوو رەمزبار, شا ئیبراهیمی ئیۆوت= مەلەك گەیار, یار زەردەبام= باوا یادگار, سەی میر ئەحمەد, سەی باوەیسی, سەی حەبیب شا, سەی مستەفا, سەی ئەبولوەفا)وە لە سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا هۆنراونەتەوە[24].

3- **گلێم وە کۆڵ -** یەکێکە لە مەتنە مەعریفییەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە لایەن هەریەك لە (سان سەهاکی بەرزنجی, پیر بنیامین, داودی کۆسوار, سەی مبر ئەحمەد, سەی مستەفا, سەی محەممەدی شارەزووری, سەی ئەبولوەفا, سەی شەهابەددین, سەی حەبیب شا, حاجی باوەیسی)یەوە هۆنراوەتەوە[25].

4- **دەورەی چلتەن:** سروودەکانی ئەم بەشەش لە لایەن رابەران و گەورە عاریفانی یارسانی سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە هۆنراونەتەوە لەوانە: (سان سەهاکی بەرزنجی, پیر بنیامین, داودی کۆسوار, پیر مووسای دەفتەردار, رەمزبار, مستەفا دەودانی, یار زەردەبان= باوا یادگار, رۆجیار= شائیبراهیمی ئیۆوت), هەروەها ژمارەیەکی تر لە عاریفانی یارسان کە خەڵکی هەورامان بوون و زیاتر نازناوەکانیان نووسراون وەك: (قانوون, صەیاد, لامی, پێشەنگ, ئەوڕەنگ, خەزاوی, شمشاڵ, سەیقال, عەزازیل, ئیدراك, خونچی, مەستی, غازی, وەردی , نیشان, جەرگا, سەقا, بیا, مەرزی, تەوار, سەراف, سروور, رەزتاب, قەندیل, شەمیل, تۆفیق, حەریر)[26].

5- **دەورەی عابدینی جاف** = عابدینی باشچاوەش – ئەم بەشە بریتییە لە (31) بەند و بێجگە لە بابەتی دینی چەندین باسوخواسی سەبارەت بە کشتیاری و شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو سەردەمە, سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تیرەکان و ناوەکانیان لەوانە: (لوڕ, لەك, لولۆ, جاف, گۆران) بە شیعر قسەوباسکراون, هەروەها باسی گیای پیرۆزی (هوم[27]=hauma) کە لە ناو کوردەواریدا (سووم)ی پێدەوترێت کراوە, هەروەها ناوی شاری (هۆرمزگان[28])ی تێدا هاتووە[29].

6- **وردە سەرەنجام** = کورتەی سەرەنجام:لەم بەشەدا باسی هەندێك بنەما و باو وبرەوی دینی لەوانە: (سەرسپاردن, جەم و جەمخانە, رۆژوو, قوربانیکردن, بەهاوسەربوون, ناونانی منداڵ, باو و برەوی‌خۆشتن, مردووشتن, نزای مردوو شتن...هتد) بە شێوەی شیعر و سروودی دینی کراون[30].

لێرەدا پێویستە بڵێن: هەموو بەشەکانی سەرەنجام بە شێوەزمانی (هەورامی=گۆران) نووسراون, تەنها (دەورەی عابدینی جاف) نەبێت کە بە شێوازی قسەکردنی جافەکانی دەشت و بناری ناوچەی شارە زوور هۆنراوەتەوە, ئەم شێوە قسەکردنەش زۆرجار لە سەرچاوەکاندا بە (هەورامی جافی) ناویهاتووە, خوێندنەوەی سەرەنجام ئەرکی رابەرە دینییەکانی یارسانە و بەو کەسەش دەوترێت (کەلاّمخوێن).

دووەم - ئەو کتێبانەی بە دەورە ناودەهێنرێن, وەك:

1- دەورەی بالوولی مایی= بالوولی ماهی, ئەم کتێبە شیعرەکانی بالوولی مایی و ژمارەیەك لە یارەکانی تێدا نووسراونەتەوە.

2- دەورەی باواسەرهەنگی دەودانی, شیعرەکانی (باوا سەرهەنگی دەودانی) و ژمارەیەك لە یارەکانی تێدا نوسراونەتەوە.

3- دەورەی شاخۆشێن= موبارەك شای لۆڕستانی, شیعرەکانی (شاخۆشینێنی لۆڕستانی) و ژمارەیەك لە یارانی تێدا نووسراونەتەوە.

4- دەورەی باوا ناووسیجاف, شیعرەکانی (باواناووسی جاف) و ژمارەیەك لە یارانی تێدا نووسراونەتەوە.

5- دەورەی باوا جەلیل

6- دەورەی دامیار

7- دەورەی شاوەیقولی قرمزی

8- دەورەی پیر عالی

سێیەم- ئەو کتێبانەی بە ناوی کەلامی نووسەرەکانیانەوە ناودەبرێن وەك:

1 - کەلامی سەی خامۆش

2 - کەلامی پەردیوەری[31]

3 - کەلامی شا تەیمووری بانیارانی

4 - کەلامی زولفەقار= زولفەقاری گۆران[32]

5 - کەلامی جەناب

6 - کەلامی قاصید

7 - کەلامی موجرم[33]

8 - کەلامی خان ئەلماس

9 - کەلامی ئێلبەگی جاف

10 - کەلامی حەیدەری

11 - کەلامی نەورۆز= دەروێش نەورۆزی سۆرانی

11 - کەلامی دەروێش ئاجاق

ئەم کەلامانە هەموویان بە شێوەزمانی (هەورامی, گۆران) نووسراون و شێوازی نووسینی زۆربەشیان شێوەی ئاخاوتنی کۆنی خەڵکی هەورامانە, تەنها (کەلامی دەروێش ئاجاق) نەبێت کە بە زمانی تورکی نووسراوە.

چوارەم - ئەو کتێبانەی لای یارسانەکان بە (دەفتەر) ناودەبرێن وەك:

1 - دەفتەری شندرویٚ

2 - **دەفتەری ساوا**

3 - **دەفتەری دیوانە گەورەی پەردیوەری**

4 - **دەفتەری رموزی یارسان**[34]

5 - **دەفتەری گەواهی غولامان**

**پێنجەم - ئەو کتێبانەی لە لایەن ژمارەیەك لە نووسەران و رۆشنبیرانی یارسانەوە نووسراون وەك:**

1- **سروودی دینی یارسان -** خاوەنی ئەم کتێبە (ماشەڵا سووری) خۆی وەك نووسەر و وەرگێڕی کتێبەکە ناودەبات, ناوبراو سروود و پەخشانە دینییەکانی (یارسان)ی کۆکردووەتەوە و بە پیتی لاتینی و هەروەها ئەلف و بێی عەرەبی لە دوو تویی کتێبەکەیدا نووسراونەتەوە, لێرەدا پێویستە بڵێین: ئەم سروود و پەخشانانە لە دووتوێی کتێبی (دەفتەری رموزی یارستان)یشدا کە پێشتر لە ناو دەفتەرەکانی یارساندا ناومانهێنا, لە لایەن (سەی قاسمی ئەفزەلی شائیبراهیمی)یەوە کۆکراونەتەوە, ناوبراو لە بنەماڵەی سەیدە یارسانەکانی (کرند)ە, لە ناو ئەم دوو تێکستەدا کەمێك جیاوازی بەدیدەکرێن, بەڵام کار لە ناوەرۆکی سروود و پەخشانەکان ناکەن و ماناکانیان ناگۆڕن.

2- **شاهنامەی حەقیقەت -** ئەم کتێبە بریتییە لە (11117) یانزە هەزار و سەدو حەڤدە دێڕە شیعر بە زمانی فارسی, نووسەرەکەی (حاجی نیعمەتوڵای جەیحوون ئاوایی)یە, ناوبراو یەکێکبووە لە ناودارانی گەورەی (یارسان) و بەرێبەرێکی دینی لەقەڵەمدەدرێت, ئەو سروودەی یارسانەکان لە کاتی (تەڵقین)ی مردووەکانیاندا دەیخوێننەوە هینی ئەم زاتەیە و نازناوی شیعریشی (موجرم)ە, بە واتا خاوەنی (کەلامی موجرم)ە[35].

3- **کتێبەکانی (اثار الحق, برهان الحق, معرفة الروح),** نووسەری ئەم کتێبانە (حاجی نوور عەلی ئیلاهی کوڕی حاجی نیعمەتوڵای جەیحوون ئاوایی)یە,ناوبراو بە هەمان شێوەی باوکی رێبەرێکی دیاری یارسان بووە و چەندین پارچە شیعری دینی سەبارەت بە (رێوڕەچەی یارسان) بە شێوەزمانی (هەورامی =گۆران) هۆنیونەتەوە.

شەشەم – ئەو کتێبانەی لە لایەن ژمارەیەك لە (نووسەر, مێژوو نووس)ی کوردەوە نووسراون, وەك:

1- (**اوران یارسان, بزرگان یارسان, مشاهیر اهل حق**), نووسەری ئەم کتێبانە (د. صدیقی بۆرەکەیی)یە, لەم کتێبانەدا زانیاری سەبارەت بە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەکی زۆر لە رێبەران و کەسێتییە دیارەکانی یارسان نووسیوە, پێویستە ئەوەش بڵێین لە هەردوو بەرگی کتێبە بەنرخەکەشیدا بەناوی (مێژووی وێژەی کوردی)ی زۆربەی ئەو زانیاریانەی بەزمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە, زانیارییەکانی ئەم کتێبەش سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئاگابوون لە رێوڕەچەی یارسان.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)ی لەچاپداوە و لە ژێر ناوی (نامەسرانجام – کلام خزانه)–تحقیق وتفسیر –صدیق صفی زاده–بورەکئی) –بڵاویکردووەتەوە و چەندین تێکستی تری یارسانی کۆکردوونەتەوە, ئەمەش وای لێکردووە شارەزایی باشی لەم رێوڕەچەیەدا هەبێت[36], من زۆرم هەوڵدا (سەرەنجام)ەکەی مامۆستا بۆرەکەییم دەستبکەوێت و زۆریش بەڵێنم درایە بۆمی بهێنن بۆ ئەوەی بتوانم لە گەڵ ئەو نوسخە دەستنووسەی (سەرەنجام) کە لامە بەراوردیانبکەم, هەر بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ماوەیەکی زۆر

کارکردنی خۆم لەم کتێبەدا راگرت, تا دواجار لە رێی برای بەڕێزم کاك (حەمیل هەورامی)یەوە بە دەستم گەیشت.

2- **کاکەیی:** کتێبێکە تایبەت بە رێورەچەی یارسان و بەڕێز (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) دایناوە, تێیدا گەلێك باسوخواسی جۆرا وجۆر تایبەت بە شوێنکەوتوانی ئەم رێورەچەیە بلاوکراونەتەوە, هاوکات ژمارەیەك لە سروود و پەخشانەکانیان کە لە هەردوو کتێبی (دەفتەری رمووزی یارستان و سروودی دینی یارسان)دا وەرگیرگتوون نووسراونەتەوە, مامۆستای ناوبراو هەر وەك خۆی نووسیویەتی نەیتوانیوە کتێبی پیرۆزی سەرەنجام دەستبخات, ئەوەش تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لە سەر نووسینەکەی درووستکردووە و نەچووەتە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوەو هەر بۆنموونە هیچ باسێکی لە (بالوولی مایی و هاوەڵەکانی, باوا سەرهەنگی دەودانی و هاوەڵەکانی) کە رێبەری دوو قۆناغی گرنگی رێورەچەی یارسان بوون نەکردووە, لە گەڵ ئەوانەشدا باسمانکردن سەرچاوەیەکی بە سوودە و ماندووبوونێکی زۆری مامۆستای پێوەدیارە.

3- **خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان-بەرگی یەکەم** - نووسەری ئەم کتێبە مامۆستا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ), لە لاپەڕەکانی (201–202 ) و لە ژێر ناو ونیشانی (عەقیدەی عەلی اللهی)دا, ئاوڕێکی سەرپێیی لەم رێورەچەیە داوەتەوە, بە بۆچوونی خۆی کە کاریگەرییەکی توندی دینی پیوەدیارە[37], (عەلی ئیلاهی)یەکانی بە جاهیل و بێئەقڵ و رێورەچەکەشیانی بە چەوت ناوبردووە, من پێموایە ئەگەر ئەم مێژوونووسە گەورەیە کە بە نووسینەکانی گەورەترین خزمەتی بە گەلی کورد کردووە, لەو کاتانەدا کتێب و تێکستە پیرۆزەکانی یارسانی بەردەستبکەوتایە پێدەچێ زیاتر لە تایبەتمەندیو وردەکارییە دینییەکانی تێبگەیشتایە, دڵنیام ئەوکات هەرگیز ئەم بۆچوونەی نەدەبوو.

4- **بندنجین = مندلی فی تاریخ قدیما وحدیثا** - لە ژێر ئەم ناو و نیشانەدا (مامۆستا مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی) سەبارەت بە کاکەییەکان بەگشتی و کاکەییەکانی گەرەکی (قەڵەم حاج)ەوە, لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - لاپەڕە - (305–439) وتارێکی دوور و درێژی بلاوکردووەتەوە, لەم وتارەدا گەلێك بابەتی خستوونەتەڕوو لەوانە:

**ا- دابوشبوونی چینایەتی کاکەییەکان لە رووی بیروباوەڕی دینییەوە.**

**ب- بنەما و ئەرکە دینییەکنیان.**

**ج- فریشتەکانی سان سەهاك.**

**د- پێشینەی مێژوویی زاراوەی کاکەیی و چەند بابەتێکی تر.**

ئەم وتارە بۆ تێگەیشتن لە رێورەچەی یارسان و زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی زۆر بەسوود و جێگیرە.

5- **کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان** - نووسەری ئەم کتێبە مامۆستا (محەممەد رەسووڵ هاوار), لە لاپەڕەکانی (91–94) و لە ژێر ناو ونیشانی (شیعە و علوی و ئەهلی هەق)دا کورتە باسێکی سەبارەت بە یارسانەکان بلاوکردووەتەوە, لە باسەکەیدا بە (ئەهلی هەق) ناویبردوون, ناوبراو لەم نووسینەیدا سوودی لە (فلادیمێر مینۆرسکی) وەرگرتووە.

6- **پەیامی هەورامان- بەرگی یەکەم -** ئەم کتێبە لە لایەن (هادی بەهمەنی)یەوە نووسراوە, لە لاپەڕەکانی (414-434)دا باسوخواسێکی سەبارەت بە (یارسان – کاکەیی – هاواری – ئەهلی هەق – عەلی ئیلاهی) کردووە, لەم باسوخواسەدا سەبارەت بە پلە دینییەکانی یارسان, سەرسپاردن, پێشەوا سەرەکییەکانی یارسان, سەجەرەی بنەماڵەی سوڵتانی ساق= سان سەهاکی بەرزنجی), بازنەکانی (حەوتەن, حەوتەوانە) و خانەدانەکانی تری یارسان, کتێبە پیرۆزەکانی یارسان بە کورتی قسەیان لەسەر کراوە.

7- **هەورامان - بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم -** نووسەری ئەم کتێبە (ئەیوب ڕۆستەم), لە لاپەڕەکانی (100-125)ی بەرگی یەکەمدا باسێکی سەبارەت بە یارسانەکان بە ناو و نیشانی (ڕێوڕەچەی یارسان لە هەوراماندا) بڵاوکردووەتەوە, هەروەها لە بەرگی دووەمیشدا لە لاپەڕەکانی (80-101)دا, باسێکی سەبارەت بە پەیوەندی خەڵکی هەورامان بە گشتی و هەڵگرانی ڕێوڕەچەی یارسان بە تایبەتی بە هەردوو دینی (میترائیزم و زەردەشتی)یەوە بڵاوکردووەتەوە.

7- **گۆڤاری هەورامان -** لە لاپەڕەکانی (85-91)ی ژمارە (1) و لە ژێر ناو و نیشانی (پیر نالی شاعرێکی گومناوی کورد) وتارێکی لە نووسینی (نامیق هەورامی) بڵاوکردووەتەوە, نووسەری ئەم بابەتە سوودی لە چەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە و لە ناو ئەو سەرچاوانەدا ناوی (سەرەنجام)یشی هێناوە[38].

**حەوتەم- ئەو سەرچاوانەی لە لایەن (نووسەر, مێژوونووس, جوگرافیاناس, خۆرهەلاتناس, گەڕیدە و گەشتیار, ئەفسەری سیاسی) فارس و عەرەب و تورك و بیانییەکانەوە نووسراون لەوانە:**

1- **فلادیمێر مینۆرسکی -** سەبارەت بە ڕێوڕەچەی یارسان گەلێك بەرهەمی نووسیون وەك:

ا- وتارەکانی لە ژێر ناو و نیشانی (ئەهلی هەق, سوڵتان ئیسحاق, بابا تاهیر)دا.

ب- کتێبەکەی بە ناوی (کورد) کە تێیدا باسێکی سەبارەت بە (دینی عەلی ئیلاهی)یەکان بڵاوکردووەتەوە و وتویەتی: (عەلی ئیلاهی) دینێکی کوردییە[39], پێویستە لێرەدا قسە لەوە بکەین, هەم (مینۆرسکی) خۆی وتوویەتی و هەم لە چەندین سەرچاوەدا باس لەوە کراوە گوایا (فلادیمێر مینۆرسکی) توانیویەتی کتێبی (سەرەنجام) دەستی خۆی بخات و بە زمانی ڕووسی بڵاویکردووەتەوە, گوایا هەر ئەوەش وایکردووە لە زۆربەی وردەکارییە دینییەکانی شوێنکەوتوانی ڕێوڕەچەی یارسان ئاگاداربێت, لەم بوارەدا نووسیویەتی: عەلی ئیلاهییەکان شیعر و ئەدەبیاتیان هەیە و ئەم شیعر و ئەدەبیاتەشیان بە شێوەزاری (گۆران) نووسراوەتەوە, بەختی گەورەم لەوەدا بوو دەستنووسە پیرۆزەکانیانم دەستکەوتن و توانیم کتێبی (سەرەنجام) لە چاپبدەم, (فلادیمێر مینۆرسکی) ساڵی (1914ز) سەردانی قیبلەی پیرۆزی یارسانەکان واتە (پەردیوەر)ی کردووە, هەروەها سەریداوە لە مەزاری (باوایادگار) و وەك خۆی نووسیویەتی لە (باوا یادگار)دا توانیویەتی ئاگاداری هەموو نهێنییە مەزهەبییەکانی (عەلی ئیلاهی)یەکان ببێت و بۆ ئەو مەبەستەش کاربەدەستە عەلی ئیلاهییەکان زۆر یارمەتییانداوە.

وەك لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت پیاوە دینییەکانی (عەلی ئیلاهی) زۆر باوەڕیان بە (فلادیمێر مینۆرسکی) بووە و بە تەواوی هاوکاریانکردووە, هەر لەوەوە مومێکی سەر مەزاری باوا یادگار و یەکێك لەو

پەرداخە پیرۆزانەی بۆ خواردنەوەی ئاوی (کانی غەسلان= ئاوی کەوسەری شوێنکەوتوانی ڕێوڕەچەی یارسان) بەکاردێن بە دیاری پێیانبەخشیوە.

ئەوەی سەبارەت بە بلاوکردنەوەی (سەرەنجام) لە لایەن (مینۆرسکی)یەوە وتراوە, دەربڕینێکی هەڵەیە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە, ئەوەی ناوبراو دەستیکەوتووە و بلاویکردووەتەوە کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) نییە, بەڵکو هەندێك لە سرووودەکانی عاریف و شاعیرەکانی سەدەی سیانزەمی کۆچی یارسانە.

2- **سیسل جۆن ئێدمۆندز** - لە کتێبی (کورد-تورك-عەرەب) کە لە لایەن (جەرجیس فەتحولا)وە کراوە بەعەرەبی, لە لاپەڕەکانی (168-184) و لە ژێر ناو و نیشانی (الکاکائیون)دا, بابەتێکی سەبارەت بە ڕێوڕەچەی یارسان بلاوکردووەتەوە, لەم بابەتەدا ئاماژەیکردووە بۆ ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگرتوون و نووسیویەتی: سەرچاوەکانم بریتین لە:

**ا- نامیلکەیەکی بچووك کە ڕۆشنبیرێکی کاکەیی بە زمانی تورکی بۆی نووسیوم.**

**ب- هەندێك هۆنراوە بە زمانی گۆرانی.**

**ج- ئەو تێبینییانەی کاتی گفتوگۆکردن و سەرگوزەشتە گێڕانەوە لە چەند کەسیکی (کاکەیی)م وەرگرتوون.**

(ئێدمۆندن) باسی سەرەتای سەرهەڵدانی (یارسان)ی کە ئەو هەر بە (کاکەیی) ناویهێناون کردووە و ئەو سەرەتایەی بۆ سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی) گێڕاوەتەوە, هاوکات ئاماژەیداوە بەوەی گوایا ئەم ڕێکخستە سەرەتاکەی بۆ لوڕستان و (شاخۆشینی لوڕستانی) دەگەڕێتەوە, باسی بازنەکانی (هەفتەن= حەوتەن, هەفتەوانە= حەوتەوانە, حەوت خەلیفە)ی کردووە و هەندێك تێکەڵ و پێکەڵیش لە باسەکانیدا هەن, هەروەها چەند ڕازێکیشی لەو ڕازانەی یارسانەکان بە (پەرجووی دینی)یان دەزانن خستووەتەڕوو لەوانە, ڕازی خوازبێنی (دایراك خاتوون) بۆ (شێخ عیسای بەرزنجی) و ڕازی شەڕی سان سەهاك و یارانی لە گەڵ لەشکری (چیچك), هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا باسی لەوەکردووە کە (کاکەیەکان) بە شێوەیەکی گشتی دەبن بە دوو چینەوە بە ناوی (گۆران) و (شمشێر ئاوەردە).

(ئێدمۆندن) سەردانی (شنروێ, هاوار) و شوێنە پیرۆزەکانی تری کاکەیی لە ناوچەی (هەورامانی ئەمدیو)دا کردووە.

3- **باسیل نیکیتین**-لە کتێبی (الاکراد) و لە لاپەڕەکانی (213, 214)دا سەبارەت بە یارسان بەناوی (ئەهلی هەق) کورتە باسێکی کردووە, لەو باسەدا هاتووە مەسەی ئەهلی هەق تەنها بە خوازانینی خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان نییە, بەڵکو پەیوەستە بە حەوت قۆناغەوە کە تیایاندا زاتی (خودا) دەچێتە ناو تەنی مرۆڤەوە و لەهەموو قۆناغەکانیشدا چوار فریشتەی لە گەڵدان, هاوکات باسی لەوە کردووە دابەزینی (کەلام)ی خوا لە سەردەمی ژیانی (عەلی کوڕی ئەبی تایب)دا نەبووە و بەڵکو لە سەردەمی (شاخۆشێن)دا ڕوویداوە.

4- **هنری راولنسن** - لە گەشتنامەکەیدا بە ناو و نیشانی (گذر از زهاب به خوزستان) کە (سکندر امان اللهی) بۆ زمانی فارسی وەریگێڕاوە, گەلێك زانیاری بە سوودی سەبارەت بە (یارسان) بلاوکردووەتەوە, ناوبراو فەرماندەی لیوا بووە لە یەکەکانی سەر بە لەشکری (بۆمبی) و زۆربەی سەربازەکانی (یارسان) بوون,

تێکەڵاوییەکی زۆری لە گەڵ یارسانەکاندا کردووە و هەر لەو تێکەڵاوییەوە توانیویەتی ئەو زانیارییانە بەدەستبهێنێت, (راولنسن) گەشتەکەی خوزستانی لە ساڵی (1836)دا کردووە و هەمان ساڵ گەشتێکی تریشی بۆ ناوچەکانی (شەمێران, هۆرێن و شێخان) کردووە, گەشتنامەکەی بۆ یەکەمجار ساڵی (1839ز) لە – گۆڤاری کۆمەڵەی مەلەکی ئاسیایی – بەرگی نۆیەم–دا بلاوکردووەتەوە.

ئەم گەشتنامەیە بە کۆنترین سەرچاوەی ئەوروپایی دەژمێردرێت کە بە تێرو تەسەلی باسی (یارسان)ەکانی تێداکرابێت, ئەگەرچی هەندێك نووسەر لەوانە (ئێدمۆندز) پێیانوایە ئەو دەرفەتەی بۆ (راولنسن) هەڵکەوتووە, نەیتوانیوە وەك پێویست بۆ باشترچوونە ناو بابەتە دینییەکانی یارسانەوە سوودی لێوەربگرێت[40].

5- **خاتوو لێدی شیل** - هاوسەری سەفیری حکومەتی بەریتانیا لە ئێران لە سەردەمی (شا ناسرودینی قاجار)دا, چەند ساڵێك لە ئێراندا بووە, لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی: یەکێك لە دیاردە دیارەکانی ئازادی لە ئێراندا بوونی گرووپەکی دینی گەورەیە بە ناوی (عەلی ئیلاهی), ئەم گرووە پێیانوایە (عەلی) خودایە[41].

5- **ئێرەجی بەهرامی**- کتێبێکی بە ناوی (اسطوره اهل حق) بە زمانی فارسی نووسیوە, نووسەری ئەم کتێبە بە درێژی باسی پەیوەندی (یارسان)ی بە دینە کۆنەکانی ئێرانی بە تایبەت (میترائیزم)ەوە کردووە, هاوکات زانیاری باشی سەبارەت بە دینی (میترائیزم) و قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنییەوە خستووەتەڕوو.

6- **دیڤید ماکداوڵ** لە کتێبی (مێژووی هاوچەرخی کورد)دا نووسیویەتی: ئەهلی هەق بێجگە لە ڕێز و تەقدیر بۆ (ئیمامی عەلی) لە گەلێك شتدا لە بیر و باوەڕی (عەلەوی) دەچێت, پێگە و بنچینەی هەردوو مەزهەب کۆمەڵە بیرێکی زەردەشتین, ئەگەرچی ئەهلی هەق بە زۆربەیان لە دەوروبەری (زەهاو و قەسری شیرین)دا دەژین , کۆمەڵێکی بچووکتریشیان لەمدیو و ئەمدیوی زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) تا (ورمێ) هەن, هەروەها لە دەوروبەری سلێمان و کەرکوك و موصڵ, عەلەوییەکان و ئەهلی هەق ڕێزێکی زۆر بۆ دامەزرێنەری دەوڵەتی صەفەوی دادەنێن کە بە هۆی بیروباوەڕی پێچەوانەی بە بیر و باوەڕی گشتی گەیشتە حوکم, هەردوو گرووپەکەش ئاوێتەی بیر و باوەڕەکەیان لە سەر بنچینەی ئاینی ئێرانی دامەزراون[42].

7- **خاتوو هێنی هارۆڵد هانسن** لە (کتێبی ژیانی ئافرەتی کورد)دا نووسیویەتی: ئەهلی هەق خواپەرستن و لە خۆرئاوای ئێران پێیاندەوترێت (عەلی ئیلاهی), لە کوردستانی عێراقیشدا پێیاندەوترێت (کاکەیی) و بە تایبەتی لە ناوچەی (کەرکوك)دا هەن[43].

8- **محەممەد حەسەن خانی ئیعتماد سەڵتەنە** - یەکێکبووە لە ڕۆشنبیرانی دەورەی ناصری لە (ئێران)دا, بۆ ئاگادارکردنی (ناصرەدین شای قاجار), لە ژێر ناو و نیشانی (تحقیق در مذهب وطریقة علی اللهی کە بە نصیری و غالی و اهل حق نیز معروف می باشند) لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە, ئەم لێکۆڵینەوەیە لاپەڕەکانی (109–128)ی کتێبی (اسطوره اهل حق)ی گرتووەتەوە, نووسەرەکەی بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ و پسپۆڕانەی لە قەڵەمداوە و لە لایەن خۆیەوە زۆر بایەخی پێداوە و لێی ڕازیبووە, کەچی لە ڕاستیدا شتی زۆر سەیر و سەمەرەی سەبارەت بە (عەلی ئیلاهی) تێدایە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا بەرچاوناکەون, لەوانە گوایا

شوێنکەوتوانی ئەم (ڕێوڕەچە)یە پێیانوایە (خودا)ی گەورە لە شێوەی (باز و شاهین)دا خۆی نواندووە و باسی لەوەکردووە شوێنکەوتوانی (ئەهلە هەق) لەو چیا نشین و دەشتەکییانەن کە لە دونیا بێخەبەرن و هەموویان نەخوێنەوارن..هتد.

# بۆچی ڕێوڕەچەی یارسان تا ئێستاش تەمومژاوییە؟

ڕێوڕەچەی یارسان ڕێوڕەچەیەکی دینی کوردییە پەیڕەوکارانی لە کوردستاندا زۆرن, کەچی تائێستاش لە ناو زۆربەی خەڵکدا بە گشتی و تەنانەت لەلایەن ژمارەیەك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردیشەوە تێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون لە سەری هەیە, من وەك نووسەرێك مەبەستم ئەوە نییە داکۆکی ناڕەوا لە یارسانەکان بکەم و هاوکات پێموانییە ئەوانیش پێویستیان بەداکۆکییەکی لەم چەشنە هەبێت, بەڵام ئەوەندەی مەبەستمە ئێمەی کورد بتوانین زیاتر لەو تایبەتمەندییانەمان بگەین کە بەشێکی گرنگن لە کولتوورمان و بە دەستی مەبەست و بۆ سوودی دوژمنانمان شێوێندراون هەتاکو ئێمە لێیان نامۆ بین.

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی واقیعبینانە ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی ئەوەی ڕێوڕەچەی یارسان تەمومژێکی زۆری لەسەر بنیشێت و گەلێك جوانیشی بشێوێنرێن, یاخود ببن بە ژێر تەپوتۆزی زەمانە و داروپەردووی کەلاوە رووخاوەکانمانەوە دەستنیشانبکەین, ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین هۆکارەکان بەم شێوەی خوارەوە لە چەند خاڵێکدا ریزبەندیبکەین:

1- **یارسانەکان بەشێوەیەکی گشتی لە رووی دینییەوە زۆر گۆشەگیرن,** هەر لەوە کە دەڵێن یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دینەکەیان نهێنی پاراستنە, درکاندنی بچووکترین نهێنی دینیش بە تاوانێکی گەورە دەزانن, ئەوەی بەکارێکی لەم چەشنە هەڵسێت بە کەسێکی (لادەر لەدین, بێزراو و قێزەون)ی لە قەڵەمدەدەن, دیارە ئەمەش نەوەك تەنها وەك بنەمایەکی دینی لایان پارێزراوە, بەڵکو بووە بە بەشێك لە کەسێتییان و وەك خوویەکی گەورەش پێوەی پابەندن, لە چەند هەوڵێکی زۆر کەم نەبێت کە لە لایەن ژمارەیەك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانیانەوە بۆ تیشکخستنەسەر ڕێوڕەچەکەیان دراون[44], ئیتر شتێکی تر بەدیناکرێت.

یارسانەکان بەگشتی تەنانەت بەرامبەر ئەو هەموو ناو و ناتۆرە ناڕەوا و دوور لەڕاستییانەی دراونەتە پاڵیان و ئەو پڕوپاگەندە دوژمنکارانانەی بە مەبەستی شمشێرخستنە سەر گەردەملیان لە سەردەمە جیاجیاکاندا بەرامبەریان کراون, تا رادەیەکی ترسناك بێدەنگبوون, ئەم هەموو بێدەنگییەش ئەگەر لە ڕۆژگاری

خۆیدا هەر بڕوبیانوویەکی بۆ داتاشرابێت, ئەوە بە دڵنیاییەوە لەم ڕۆژانەدا هیچ بڕوبیانوویەکی نییە و پێویستە چیتر ئەم گۆمی بێدەنگییە بە جەسارەتەوە بشڵەقێنرێت و ڕاستییەکان ئاشکرابکرێن.

2-**دابڕانێکی جوگرافی گەورە لە نێوان یارسانەکاندا هەیە,** شوێنکەوتوانی ئەم ڕێوڕەچەیە لە چەندین ناوچە و هەرێمی جیاجیا و دوور لە یەکتر لەوانە: (هەرێمی ئێلیزابێث پۆڵ, ناوچەی قارس, چەند ناوچەیەکی کافکاس[45] , هەر یەك لە وڵاتانی (تورکیا, سووریا, لوبنان) هەروەها لە (عێراق و ئێران)یشدا دەژین, ئەوانەیان لە عێراقدان لە ناوچەکانی (گەڕەکی قەڵەم حاجی, گوندی دووشێخ) لە مەندەلی, لە گوندەکانی ناوچەی تاوغ کە بە هەژدە گوند دیاریکراون لەوانە:(ئەلبوسەراج, عەلی سەرای, بنشاخ, دایسی بچووك, تۆبزاوا, محەممەد خاچك, زەنقەر, زۆغڵاوە....هتد), هەروەها ناوەندی ناحیەی داقووق و ناوشاری کەرکووك لە سنووری پارێزگای کەرکوك, لە سنووری قەزای خانەقی و گوندە شەبەك نشینەکانی پارێزگای موصڵ[46], هەروەها لە لە گوندەکانی (هاوار, هاوارەکۆن, دەرەتوێ) و کۆمەڵگەی عەنەب و ناوشاری هەڵەبجەی شەهید, چەندین خێزانیشیان لە قەزاکانی (شارەزوور, کەلار) و لە ناوچەکانی (بەدرە و زڕباتیە) و لە شارە گەورەکانی وەك (سلێمانی, بەغداد, موصڵ) دەژین.

لە (ئێران)یشدا لە ناوچەکانی (قەسری شیرین, سەرپێڵ, صەحنە, کرماشان, مایدەشت, هەلیلان, پشتکۆ, هەمەدان, قەزوین, ئازەربایجان, کرند, لەناو ئێلەکانی لەکستان لە لۆڕستان و دەماوەند[47]) دەژین, چەندین تیرە و تایفەیان هەن هەر بۆ نموونە نەوەك سەرژمێر ناوی ئەمانەیان دەهێنین:

1- **قەڵخانی ئەسپەری**
2- **قەڵخانی بارامی**
3- **تفەنگچی دانیالی**
4- **گاوارە = القاصی**

ئەمانە هەموویان پێیاندەوترێت (گۆران قەلعە زنجیری) و بە پێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی ژمارەی خێزانەکانیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا زیاتر لە (6500) خێزان بوون, هەروەها گۆران (کرندی) کە بە پێی هەمان سەرچاوە و لە هەمان ئەو ساڵانەدا ژمارەی خێزانەکانیان (8500) خێزان بوون[48].

ئەم پەرتەوازەیی نیشتەجێبوونە و ئەم دابڕانە جوگرافییە بووە بە هۆی ئەوەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا بکەونە ژێر کاریگەری بیروباوەڕە دینییەکانی دەوروبەریانەوە و گەلێك شتیان لە خۆیان تێکداوە, لەم بوارەدا مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی نووسیویەتی: لەسەردەمی عەباسییەکاندا سەر بە (بابە خوڕەمەدین) بوون و یارمەتی(حسێن سەباح)یان داوە, پاشانیش بوون بە یارمەتیدەری گەورەی صەفەوییەکان و بە ڕواڵەتی (عەلی ئیلاهی) خۆیان دەرخستووە[49]. هەر لە بواری ئەو کاریگەرییە دینییانەی لە سەریان دروستبوون دەبینین کاکەییەکانی (هاوار, هاوارەکۆن, دەرەتوێ لە سنووری قەزای هەڵەبجە بەزۆری لای مەلای ئیسلام ژن مارەدەبڕن و لە پرسەکانیشیاندا فاتیحە دادەخەن, ئەگەرچی لە هەموو تێکستەکانی خۆیاندا شتێکی لەم چەشنە بەرچاوناکەوێ.

3- **کتێبە پیرۆزەکانی یارسان و بەرهەمەکانی شاعیر و عاریفەکانیان جیاوازی لە نێوانیاندا هەن**, لە هەندێك باسەخواسدا یەکدەنگی درووستناکەن, بۆ نموونە کتێبی سەرەنجام بە هەر شەش بەشەکەیەوە (بارگە بارگە, دەورەی حەوتەوانە, دەورەی چلتەن, گلێم وەکۆڵ, دەورەی عابدینی جاف, وردەسەرەنجام), دەفتەرەکانیان وەك: (دەفتەری پەردیوەری, دەفتەری ساوا, دەفتەری دیوانە گۆرە, دەفتەری گەواهی غولامان, دەفتەری رمووزی یارستان[50]), کەلامەکانیان وەك: (کەلامی سەی خامۆش, کەلامی ئێلبەگی جاف, کەلامی خان ئەلماس, کەلامی شاتەیمووری بانیارانی, کەلامی قاصید, کەلامی موجرم, کەلامی دەرویش نەورۆزی سۆرانی, کەلامی دەرویش ئاجاق), دەورەکانیان وەك: ( دەورەی بالوولی مایی, دەورەی باوا سەرهەنگی دەودانی, دەورەی شاخۆشینی لوڕستانی= موبارەك شا, دەورەی سان سەهاکی بەرنجی= سوڵتان ئیسحاق, دەورەی باوا ناووسی جاف, دەورەی دامیار, دەورەی پیر عالی, دەورەی شاوەیسقولی قرمزی), ئەو کتێبانەش کە لە لایان ژمارەیەك لە رۆشنبیرانیانەوە دانراون وەك: بەرهەمەکانی (حاجی نیعمەتوڵای جەیحوون ئاوایی, ماشەڵا سووری, حاجی نوور عەلی ئیلاهی), بە گشتی جیاوازی لە نێوانیاندا هەن, لە هەندێك شوێندا جیاوازییەکان بچووکن و ناوەرۆکی باسەکان ناگۆڕن, بەڵام لە هەندێك شوێنی تردا جیاوازییەکان بەرادەیەکی زۆر گەورەن, هەر بۆ نموونە لە بابەتێکی گرنگی وەك بەسەرهاتی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاق)دا کە هەندێك بە داهێنە رو هەندێکیش بە رێکخەرەوەی رێوڕەچەکەی دەزانن[51] جیاوازی بەرچاو هەن, بەهەمان شێوە ئەم جیاوازییانە لە مێژووی ژیانی (باوا ناووسی جاف) و هەندێکی تریش لە رێبەرەکانیان بەدیدەکرێن, لێرەدا جیاوازی سەرچاوەکان سەبارەت بە مێژووی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی) دەخەینەڕوو:

1- **لە کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)دا نووسراوە:** ساڵی (528ك) لە دایکبووە و ساڵی (628ك) کۆچی دواییکردووە, بەم پێیە دەبێت (100) ساڵ تەمەنی گوزەراندبێت[52].

2- **لە کورتەی سەرەنجامدا کە هەر بەشێکە لە (سەرەنجام) نووسراوە:** ساڵی (650ك) لە دایکبووە و ساڵی لە دنیادەرچوونی دیارینەکراوە, دیارە ئەم دوو مێژووە بۆ لە دایکبوونی (122) ساڵ بەینیانە.

3- **لە یاداشتەکانی (کاکارەدائی)دا نووسراوە:** (سان سەهاك) ساڵی (445ك) لە دایکبووە و ساڵی (588) کۆچی دواییکردووە, بەم پێیەش دەبێت (143) ساڵ تەمەنی گوزەراندبێت.

4 - **لە کتێبی (شاهنامە حقیقت)دا نووسراوە:** ساڵی (612ك) لە دایکبووە و ساڵی (912ك) کۆچی دواییکردووە , گوایا (300) ساڵ ژیاوە, ئەم مێژووە نەك هەر لەوانەی پێشووتر زۆر جیاوازە, بەڵکو لە گەڵ بڕوا و ژیریشدا نایەتەوە, دیارە نووسەر هەوڵیداوە مێژووی ژیانی (سان سەهاك) وەك (پەرجوویەك= موعجیزە)یەکی دینی بخاتەڕووو هەر بۆیە تەمەنێکی ئەفسانەیی بۆ دیاریکردووە[53], چونکە لە هیچ سەرچاوەیەك و بابەتێکی تردا نەبینراوە و نەبیستراوە کەسێك لەو سەردەمەدا ئەوەندە تەمەنی گوزەرانبێت.

دیارە لەم دێڕانەی باسمانکردن کاریگەری ئەو خاڵانەمان خستەڕوو کە بوونەتە هۆی بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتنی تەواو لە رێوڕەچەی یارسان و تەمومژ لێنیشتنی, هەر لێرەشدا پێویستە باس لەوە بکەین

(یارسانەکان هەر چۆن خۆیان زانیاری دینی نادرکێنن, زۆربەشیان بەوە نیگەرانن کەسێکی تر دوور لە باوەڕی دینی خۆیان هەوڵی تیشکخستنسەری بابەتە دینییەکانیان بدات و تا رادەیەکیش لێی زویردەبن.

من بۆ خۆم هەر لە باوك و بنەماڵەمانەوە پەیوەندییەکی باشمان لە گەڵ کاکەییەکانی ناوچەی خۆماندا هەبووە و تا ئێستاش ئەو پەیوەندییە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆریاندا بەردەوامە, بەڵام لەو کاتەوەی چەند بابەتێکم تایبەت بە یارسان نووسیون و کۆڕ و سیمینارم لە سەریان بەستووە, هەست بە جۆرە ساردییەك لە لایەن هەندێکیانەوە دەکەم, لە کاتێکدا من وای بۆدەچم دەبوایە لە رووی زانیاری و سەرچاوەوە, یارمەتی من و کەسانی تریشیان بدایە کە لەم بوارەدا خۆمان ماندوو دەکەین, هەرچەندە کەمێك لەو بەڕێزانە بەینا وبەین دەستخۆشێمان لێدەکەن, بەڵام لە رووی پێدانی بچووکترین زانیارییەوە تا ئێستا دوورەپەرێزن.

# یارسان - کاکەیی - ئەهلی هەق - عەلی ئیلاهی

هەروەك پێشتر باسمانکرد شوێنکەوتوانی ڕێوڕەچەی یارسان بە جیاوازی ناوچەکانی نیشەجێبوونیان بە چەند ناوێکی تریش ناودەبرێن, لەوانە: ( کاکەیی, ئەهلی هەق, عەلی ئیلاهی, قەڵخانی, تفەنگچی...هتد), بەڵام تەنها چوار لەم ناوانە رەگوڕیشەی قوڵیان لە ناو مێژووی ڕێوڕەچەکەدا هەیە, ئەوانی تریان ناوی ناوچەیین و زیاتر لە ناوی تیرەکانیانەوە هاتوون, لەم بابەتەدا ئەوەندەی بکرێت بە شیکردنەوەی ئەم ناوانەدا شۆڕدەبینەوە.

یارسان – سەرەتا پێویستە باس لەوە بکەین ئەم ناوە لە بنەڕەتدا (یاری سان)ە, بەڵام شتێکی دیارە لە هەندێك ناوچەی کوردەوریدا پیتی (ی) کاتێك ئەرکی ئامرازی پەیوەندی هەبێت قووتدەرێت, هەر بۆ نموونە خەڵکی گەرمیان بە گشتی کاتێك بیانەوێت بڵێن (ماڵی باوکم, کوڕی مامم, کچی پوورم) دەڵێن: ( ماڵ باوکم, کوڕمامم, کچ پوورم) و بۆ قسەکانی تریش هەر بەم شێوەیە, هەر لێرەوە بۆماندەردەکەوێت (ی) نێوان (یار) و (سان) قووتدراوە و ناوەکە بووە بە (یارسان), بۆ زیاتر چوونە ناو ئەم باسەوە پێویستە سەرەتا باسێك لە ناوی (سان) کە بۆ چەند سەدەیەك نازناوی حوکمڕانەکانی هەورامان بووە بکەین.

ا- هەریەك لە (مەردۆخ, سیسڵ جۆن ئێدمۆندز, هادی بەهمەنی[54]), پێیانوایە (سان) لە وشەی سوڵتانی عەرەبییەوە هاتووە, گوایا وەك نازناوێك لە لایەن شاکانی دەوڵەتی صەفەوییەوە دراوە بە حوکمرانەکانی هەورامان, ئەمەش وەك جۆرە کەمکردنەوە و سووکایەتی پێکردنێك بە پایەی سوڵتانەکانی عوسمانی, چونکە لە بەرامبەردا ئەوانیش نازناوی (پاشا)یان بە حوکمڕان و گەورە دەرەبەگەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەخشیوە.

ب- هەندێکیش وتویانە گوایا وشەی سان لە وشەی ((شاه)ی فارسی, یان (شێخ)ی عەرەبییەوە هاتووە, پاشان لە گەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (سان).

ج- مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی مێژووی هەوراماندا نووسیویەتی: وشەی (سان) لە (ساتراپ)ەوە هاتووە کە وشەیەکی میدییە و مانای (حاکمی ناوچە, گەورەی ناوچە, کوێخای ناوچە, کاربەدەستی ناوچە, فەرمانداری ناوچە), دەگەیێنێ, هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە, وڵاتی میدییەکان بە وڵاتی (ساترابنشینان) ناوبانگیدەرکردووە, تا ئێستاش وشەی ساتراپی میدی لە فەرهەنگە جۆر بە جۆرە ئەورووپاییەکاندا بە هەمان ماناوە دێت.

یۆنانییەکان باسیان لەوەکردووە وڵاتی میدیا لە سەردەمی حوکمڕانی ئەشکانییەکاندا بۆ چەند ناوچەیەك دابەشکراوە و هەریەك لەو ناوچانەش ساتراپێك حوکمیکردووە, سەرەك هۆزەکانی ئەو سەردەمە لە ناوچە جیاجیاکاندا بۆ (ساتراپ) دیاریکراون, و حوکمیان گرتووەتەدەست. وشەی (سان) وەك پێشتر وتمان نازناوی حوکمڕانەکانی هەورامان بووە, شوێنکەوتوانی (سوڵتان ئیسحاق)یش بۆ رێزگرتن لە پایەی رۆحی ناوبراو

پێیانوتووه (سان سەهاك), هەر كەسێكیش شوێنكەوتووی ئەو بووبێت پێیوتراوە (یارسان) بە واتا (یاوەری سان)[55].

رایەك هەیە دەڵێت: (سان سەهاك) پاش ئەوەی لە زێدی خۆیەوە كۆچیكردووە بۆ هەورامان, لە (پەردیوەر) خانو و جەمخانەی درووستكردوون و تێدا نیشتەجێبووە گوایا وردە وردە بنەمای حوكمڕانییەكی دینی دامەزراندووە و شانبەشانی بایەخدان بە بابەتە رۆحییەكان حوكمڕانیشی كردووە بۆیە پێیوتراوە (سان), هەندێك لە یارسانەكانیش هەمان ئەم بۆچوونەیان هەیە, باسیش لەوە دەكەن ئاشكراكردنی دینی یارسان پێویستە هاوشانبێت لە گەڵ حوكمڕانییەكی دینی كوردی بەهێزدا, (سان سەهاك)یش حوكمڕانیكردووە بۆیە لەو كاتەدا دینەكەی ئاشكراكردووە.

2- **كاكەیی:** سەبارەت بە ناوی (كاكەی)یش چەند بۆچوونێك بەم شێوەیە هەن:

ا- دەوترێت (شێخ موسا[56] و شێخ عیسای بەرزنجی) كە هەردووكیان كوڕی (بابا عەلی هەمەدانی)ن, پاش ئەوەی لە زێدی خۆیانەوە كۆچیانكردووە هاتوونەتە گوندی (بەرزنجە)ی ئێستا و تێدا نیشتەجێبوون, پاش چەند ساڵێك ویستوویانە مزگەوتی بەرزنجە نۆژەنبكەنەوە, بۆ ئەو مەبەستەش كوڕەكانی (شێخ عیسا) لە ناویاندا (ئیسحاق= سان سەهاكی دواتر) كە ئەو دەم گەنجێكی تازەپێگەیشتوو بووە لەبەردەستیاندا كاریانكردووە, لە كاتی دارەڕاكردندا یەكێك لە رایەڵەكان كورتبووە و نەگەیتووەتەوە ئەمبەرو ئەوبەری دیوارەكە, (شێخ عیسا) بە (شێخ موسا)ی وتووە كاكە بكێشە= راكێشە, بەوەش ئیتر رایەڵەكە درێژبووە و گەیشتووەتەوە ئەمسەروئەوسەری دیوارەكە, هەر لەم بارەوە هەندێكی تر دەڵێن: (ئیسحاق) لەو كاتەدا دیویەتی باوكی لەوتەمەنەدا و بە ریشی سپییەوە بە دەست رایەڵەكەوە داماوە دەستبەجێ چووەتە سەر دیوارەكە و بەبرا گەورەكەی خۆی وتووە كاكە بكێشە, ئیتر دارەكە درێژبووە و بووە بەمایەی دڵخۆشی باوكی[57], هەر بۆیە دواتر بە شوێنكەوتووەكانی وتراوە (كاكەیی), بە واتا وشەی كاكەیی لە كاكەوە هاتووە[58].

ب- پارێزەر (عەباس عەزاوی) نووسیویەتی: ناوی كاكەیی لەوە هاتووە ماوەیەك لە هەریەك لە وڵاتانی (ئێران, عێراق, توركیا)دا چەند گروپ و كۆمەڵێك بەناوی كۆمەڵی (الاخیە) لەسەر شێوازی (الفتوە) درووستبوون, درووستبوونی ئەو كۆمەڵانە لە سەر رۆشنایی ئایەتێكی قورئانی پیرۆز بووە كە دەفەرمێت: (انما المؤمنون اخوە), لە درێژەی نووسینەكەیدا هاتووە رێوڕەچەی كاكەیی لە هەموو روویەكەوە دەچنەوەسەر بنەڕەتی (الاخیە) و وشەی كاكەیش دەقاودەقی مانا كوردیەكەیەتی, بەڵام ئەم بۆچوونە بە رەچاوكردنی تایبەتمەندییە دینییەكانی هەڵگرانی رێوڕەچەی یارسان هیچ فڕی بە سەر راستییەوە نییە و بۆچوونێكی داتاشراوە.

ج- هەندێكیش دەڵێن: كاكەییەكان ئەوەندە پەیوەندی نێوانیان پتەوە, هەر كەسێك لە سەر رێوڕەچەكەیان بێت بە برای خۆیانی دەزانن, ئاشكراشە لە زمانی كوردیدا (كاكە) بە برا گەورە دەوترێت, هەروەها بۆ رێزگرتن لە كەسێك بۆ ئەوەی بە ناوی رووتی خۆیەوە بانگنەكرێت.

3- **ئەهلی هەق:** سەبارەت بەم ناوەش یارسانەکان پێیانوایە هەرچی بیروباوەڕی دینی ترهەن هەموویان کۆتاییان پێدێت, تەنها تەنها بیروباوەڕی ئەمانە نەمرە چونکە لە سەر هەقن و لە راستی خواپەرستی گەیشوون, هەر لەم بوارەدا دەڵێن هەر یەك لە (بالوولی مایی, حسێن کوڕی مەنسوور کە بە مەنسووری حەلاج بەنابانگبووە, بابا تایەری هەمەدانی, خواجە حافیزی شیرازی) و چەندین کەسی تریش کە لە ناو خۆشەویستی خوادا خۆیان تواندووەتەوە (لە سەر دینی ئەمان بوون[59].

4- **عەلی ئیلاهی:** عەلی ئیلاهییەکان پێیانوایە (خوا) وەك رۆح دەچێتە ناو (تەن= بەدەن)ەوە, دەڵێن (حەزرەتی جوبرائیل) لە وێنەی (دەحیەی کەلبی)دا بینراوە, بەوەش رۆحانییەت لە بەرگی جیسمانیەتدا دەرکەوتووە , هەر لێرەشەوە دەڵێن: رۆحی خوا لە تەنی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا جێگیربووە بۆ سەلماندنی ئەم دەربڕینەش با لەم چەند دێڕە شیعرە لە قەباڵەی (سڕی مەگۆ= نهێنی نەدرکاندن) وردببینەوە:

| |
|---|
| لە سڕی قودرەت حازری مەوجود<br>ئافتاب[60] سێ نۆبەت مەکەرۆ سجوود<br>قەباڵەی مەگۆ, باقەرن ڤەدەر<br>تەحقیق بزانەن, هەر ئەینە حەیدەر<br>ڤە دەس ئەوەن حەیات و مەمات<br>ئاشکار مەبۆ سڕی لاحەیات<br>کەلام کەرد تەمام پادشای ئەبرار<br>ڤە گەردی مەردان, ڤە عەهد و ئیقرار[61] |

هەروەها هەریەك لە (حەزرەتی مەسیح, سەلمانی فارسی, ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب, بالوولی مایی, باوا سەرهەنگی دەودانی, باوا ناوسی سەرگەتی, سان سەهاکی سەهاکی بەرزنجی, شاوەیسقولی قرمزی) وە بە پێی هەندێك لە سەرچاوەکان چەند کەسێکی تریش رۆحی خوداییان تێدا جێگیربووە.

عەلی ئیلاهییەکان دەڵێن عەلی نەمردووە, بەڵکو رۆحەکەی بەرزبووەتەوە بۆ ئاسمان و چووەتە ناو خۆرەوە , خۆریش هیچ جووڵەیەك ناکات هەتا فەرمان لەوەوە وەرنەگرێت.

هەر لەم بوارەدا (میترائییەکان)یش دەڵێن: خوایەك هەیە لە ناو خۆردایە ئەوەش (میترا= مهر)ە, ئەوان ناڵێن خۆر خودی خودایە.

هەروەها حەزرەتی مەسیح پاش لە خاچدانی رۆحی بۆ ئاسمان بەرزبووەتەوە و یارسانەکان بە (مهر مەسیحا) ناویدەبەن, ناوی حەزرەتی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)یش بە (مهر عەلی) دەهێنن[62].

# خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ڕێوڕەچەی یارسان

بەر لەوەی بچینە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەوە, پێویستە باس لەوە بکەین پێشتر لە هەردوو بەرگی کتێبی (هەورامان)دا چەند باسێکمان سەبارەت بە ڕێوڕەچەی یارسان و پەیوەندی بە دینە کۆنەکانی وەك (زەردەشتی, میترائیزم)ەوە خستووەتەڕوو, باسکردنی تێروتەسەلی ئەم ڕێوڕەچەیەمان بۆ ئەم کتێبە جێهێشت, پێدەچی پێویستی وامان لێبکات لەم کتێبەدا بەیناوبەین بۆ چەند پەیڤێکی ئەو باسانە بگەڕێنەوە, لەم بوارەدا لەوەوە دەستپێدەکەین (دین) لە هەموو سەردەمەکاندا تایبەتە بەمرۆڤەوە و لە ناو هیچکام لە بوونەوەرەکانی تردا شتێك نیە ناوی دین بێت, تێڕوانینەکان بۆ دین جیاوازن, هەیانە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێیدەڕوانن [63] و هەشیانە سەرچاوەکەی بۆ (سروش و ئیلهام) دەگێڕنەوە[64], کەچی دەبینین هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە و دەیگێڕێت, لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەند دیدێکەوە پێناسەی دین بکەین:

1-**دین لە ڕووی زمانەوانییەوە بە وشەیەکی عەرەبی لە قەڵەمدراوە,** لە هەندێ شوێندا و بە مەبەستی جیاجیا بە کارهێنراوەو هەر بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا بە دەلالەتی (لێپرسینەوە, دادگاییکردن, سزا و پاداشتدانەوە, بەکارهێنراوە وەك دەفەرمێت: (مالك یوم الدین[65]), لە هەندێك شوێنی تریشدا بە واتای (گوێڕایەڵی و شوێنکەوتوویەوە) بەکارهێنراوە.

2-**دین لای زەردەشتییەکان بە (دئنا) بە واتای (ویژدانپاکی)یەوە ناوهێنراوە,** هەر لەم بوارەدا لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسراوە: (دین) وشەیەکی کۆنی ئاوێستاییە[66].

3- **لەڕوانگەی زاناو فەیلەسووفە خواناسەکانەوە کە باوەڕیان بە یەکتاپەرستی هەیە,** دین بریتییە لەو یاساورێسا خواییانەی لە لایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤەکان هاتوونەتە خوارەوە و پێویستە پێیانەوە پابەندبن.

4- **دین لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە چەند جۆرێك پێناسە کراوە,** هەموو پێناسەکانیش لە یەك ناوەڕۆکدا کۆدەبنەوە کە بریتییە لە: (باوەڕبوون بە خوایەکی تاك وتەنیا, باوەڕبوون بەوەی حەزرەتی محەممەد کوڕی عەبدوڵا (د.خ) نێردراو و پەیامهێنەری خوایە بۆ سەر بەندەکانی, باوەڕبوون بە ڕۆژی کۆتایی, باوەڕبوون بە قورئانی پیرۆز و سوننەت, باوەڕبوون بە بەهەشت و دۆزەخ وەك پاداشت و سزای خوایی بۆ سەربەندەکانی.

5- **دین لە شێوە گشتییەکەیدا بریتییە لەو پەیوەندییە ڕۆحییەی لەناو مرۆڤ** و ئەو هێزانەدا درووستدەبێت بە باڵادەست و شاردراوە دەزانرێن, ئەو هێزانەی لای ئیمانداران خوایەکی تاك و تەنیایە, لای کەسانی تریش ئەو هێزە شاردراوە و ئەفسووناویانەن لە جیهانی نموونە بەرزەکاندان (عالم المثل[67]) هەموو ڕاستییەکانیش لای ئەوانە.

ئەگـەر لاپـەڕەكانی مێـژووی كـۆن هەڵبدەینـەوە دەبیـنین گەلـەكانی وەك: (یۆنـانی, ئـەغریقی, ڕۆمـانی, فیرعـەونی, ئەكـەدی, سـۆمەری, ئاشـووری, بـابلی) و نەتـەوە ئارییـەكانی وەك: (لۆلـۆ, گـۆتی, كاسـی, میتـانی, سـۆباری, كاڵـدی=خالـدی, نـایری), هـەروەها كۆمەڵـەی جـاهیلی لـە نێـوە دوورگـەی عەرەبـدا بـۆ بتپەرسـتی پەنایانبردووە, هەر بۆ نموونە قورەیشییەكان وتویانە (نعبد الاصنام لنقترب من الله زلفی).

لە گەڵ ئەو هەموو گرنگییەی (دین) لە سەردەمە جیاجیاكاندا لای خەڵك هەیبووە و تا ئێستاش هەیـەتی, كەچی هەندێك لە (بیریاران, نووسەران, فەیلەسووفان, لێكۆڵەران) چ لـە خۆرئاوا و چ لـە خۆرهەڵاتدا, تێڕوانینی نێگەتیڤانەیان بۆ دین هەبووە, لێرەدا رای یە كێك لـە فەیلەسـووفانی دنیـای ئیسـلام دەخەینـەڕوو, ئـەویش (ابی عەلای مەعەری)یە, لەم بوارەدا ناوبراو وتوویەتی: مرۆڤ ئەگەر ئەقڵی هەبوو دینی نییـە و ئەگـەر دینیشـی هـەبوو ئەوە ئـەقڵی نییـە, لـە شیعرەكانیشدا بۆچوونی نێگەتیڤانـەی خـۆی سـەبارەت بـە دین خسـتووەتەڕوو, وەك لـەم دێڕانەدا دەردەكەوێت:

فـی الاذقيـة ضـجة مـابين احمـد والمسـيح
هـذا بنـاقوس يـدق وذاك بماذنـة يصـيح
كل يمجـد دينـه يـا ليت شعری مـا الصحيح[68]

ئەم چەند دێڕەی رابوردن بەسن بۆ ئەوەی بە ناو مێژووی دین لە نـاو نەتـەوە ئارییەكانـدا شـۆڕببینەوە, لـە كتێبـی (تـاريخ ايـران باسـتان-جلـد-1-)دا نووسـراوە: ئارییـەكان و هیندییـەكان لـە سـەرەتاوەهەتاكو سـەدەی چـواردەی پـێش زایـین یـەك دینیـان بـووە, ئـەم راستییەشـلە كتێبـی (ڤیـدا= ویـدا=vedas) كـە كتێبـی پـیرۆزی هندۆسـەكانە و بـە زمـانی سانسـكریتی نووسـراوە ئاشـكراكراوە, هـەر لـە درێـژەی ئـەم نووسـینەدا هـاتووە: ئارییەكانی ئێرانی لە رووی دینییەوە باوەڕیان وابووە (رووناكی, باران, رزق ورۆزی) بۆ مرۆڤ سەرچاوەی خێر و خۆشـین, بەرامبـەر بەمانـەش (تـاریكی, مـردن, نەخۆشـی, وشكەسـاڵی) سەرچـاوەی (بـەدن) و هەمیشـە دژی خۆشگـوزەرانی مـرۆڤن, هـەر لـەوەوە سەرچاوەكانی خێـر و خۆشـیان پەرسـتووە و كڕنووشـیان بـۆ بـردوون و قوربانیان بۆ كردوون, لە سەرچاوە بەدەكانیش ترساون و بە دوژمنی خۆیانیان لە قەڵەمداون[69].

لە هەندێك سەرچاوەی تردا باس لەوە كراوە نەتەوە ئارییەكانی وەك (لۆلۆ, گۆتی, كاسی) كە بە كۆمەڵـەی زاگرۆس ناسـراون لـە ژێـر كاریگـەری دینـی نەتـەوەكانی (سـۆمەری, ئەكـەدی, بـابلی)دا بـوون, چونكە هـەر لـە سەرەتاوە لە گەڵیاندا تێكەڵاوبوون[70].

سەبارەت بە نەتەوە ئارییەكانی وەك (ماد و پارس) هەر لە سـەرەتاوە لـە رووی دینییـەوە باوەڕیـان بـە دوو بنەما هەبووە, ئەو دوو بنەمایەش بریتیبوون لە: (خێر و رووناكی) و (شەڕ و تاریكی), هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ سوودی لێوەرگرتوون وەك, (رزق و رۆزی, رووناكی, باران) بەسەرچاوەی خێـر و خۆشیان لە قەڵەمـداون و ئـەو شـتانەش زیانیـان بـە مـرۆڤ گەیانـدووە وەك: (مـردن, تـرس, گرانـی, بـەڵای رۆژگـار) سەرچاوەكانیان بـۆ شـەڕ و تاریكی گەڕاندوونەتەوە و لێیانترساون[71]

لە کتێبی (تاریخ دە هزار سالە ایرن)دا نووسراوە: ئارییەکان لە سەرەتاوە سەرچاوە سروشتییەکانی وەك: (خۆر, مانگ, ئاسمان)یان پەرستووە و قوربانیان بۆ کردوون, ئەمانەش ناوی خواوەندە گەورەکانیانە:

1-ئیندرا - **خواوەندی هەورە برووسکە و جەنگ.**

2-وارۆنا - **خواوەندی ئاسمانی پڕ ئەستێرە.**

3-میترا- **خواوەندی خۆر.**

4-ئاگی - **خواوەندی ئاگر.**

لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە, ئێران بەر لە دەرکەوتنی زەردەشت لە رووی دینییەوە لە ژێر کاریگەری سەرچاوە سروشتییەکاندا بوون , بەڵام بە دەرکەوتنی ناوبراو زۆربەیان روویانکردووەتە یەکتاپەرستی[72].

شتێکی ئاشکرایە زۆربەی خەڵکی کوردستان هەتاکو سەردەمە دینی ئیسلام و گەیشتنی بە ناوچە کوردنشینەکان, ئیتر ئەو گەیشتنە لە ڕێی لەشکرکێشی و شەڕ و شۆڕ, یان لە ڕێی بانگهێشتەوە بووبێت, بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی دوو دینی کۆنیان کردووە ئەوانیش (میترائیزم و زەردەشتی) بوون, ئێمە لێرەدا باسی ئەم دوو دینە ناکەین, بەڵام پێویستە باس لەوە بکەین (ساسانییەکان[73]) هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ پیاوە دینییەکانی زەردەشتیدا یەکیانگرتووە و ئەو یەکگرتنەشیان بووە بە هۆی لەناوچوونی هەموو شوێنەوارەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و هەتاکو کۆتایی حوکمڕانی ساسانییەکان بەردەوامبووە[74], بەوەش دینی (میترائیزم= مهر پەرستی) کە دینی ڕەسمی دەوڵەتی ئەشکانی بووە لە ژێر فشاری دەوڵەتی ساسانیدا پووکاوەتەوە, بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوکارانی ئەو دینە لە ناوچە شاخاویی و دوورەدەستەکانی خۆر ئاوای ئێران بە تایبەت لە (هەورامانی ئێستا)دا توانیویانە لە سەر دینەکەیان بمێننەوە , هاوکات پیاوە دینییەکانی میترائی لە شوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و درێژەیان بە دینەکەیان داوە, دینی میترائیزم لە کاتێکدا وەچە پاش وەچە گوێزراوەتەوە, لە لایەکەوە کاریگەری لە سەر دینەکانی تری ئەو سەردەمە بە تایبەت (دینی زەردەشتی) درووستکردووە, لە لایەکی تریشەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو دینانە, بەڵام, بە شێوەیەك لە شێوەکان هەتاکو گەیشتنی دینی ئیسلام بەو ناوچانە لە ناو خەڵکدا ماوەتەوە.

پاش ئەوەی دینی زەردەشتیش لە ژێر فشاری لەشکرکێشی دەوڵەتی ئیسلامدا بە هەمان چارەنووسی میترائیزم چووە, ژمارەیەکی زۆر لە موغەکانی زەردەشتی توانیویانە خۆیان بگەیێننە ئەو ناوچانەی کە تا ئەو دەمانەش هەر لەسەر دینی میترائیزم بوون, خەڵکی ناوچەکانیش لە لایەکەوە بە هۆی کاریگەری دینی زەردەشتی لە سەریان و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ترسی گەورەیان لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندینی ئیسلام , جیاوازییان لە گەڵ ئەوانەدا نەکردووە هاتوونەتە ناویانەوە, بەو شێوەیەش ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەردوولا زیاتر تێکەڵاوی یەکتریان کردووە و لە یەکتری نزیکبوونەتەوە, هاوکات چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوون, وەك ئەوەی هەردوولایان ئاگریان بە نووری خوا لە قەڵەمداوە و بە پیرۆزیان زانیوە, هەروەها جۆرە لێکچوونێکیشیان لە نێوان (میترا و زەردەشت)دا دۆزیوەتەوە, چونکە (میترا= مهر) کە خوای ئەوان بووە, لای زەردەشتییەکانیش بە یەکێك لە (یەزد=یەزت, ئێزد)ە پیرۆزەکان دەدرێتەقەڵەم و لە پایەدا لە خوار ئاهۆرمەزداوەیە, ئیتر بەو شێوەیە جۆرە هەمۆجینیەتێك لە ناویاندا درووستبووە و لە رووی دینییەوە لە ناو

یەکتریدا تواونەتەوە, کە دینی ئیسلامیش باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا کێشاوە, خەڵکانی ئەو ناوچانەی کە هێشتا کاریگەری (مهر پەرستی= میترائیزم) لە سەریان بووە, هەوڵیانداوە جۆرە پێکهاتنێك لە نێوان دینی کۆنیان و دینی تازەدا بکەن[75], هەتاکو لەوەوە بتوانن دینی کۆنیان درێژە پێبدەن,هەر لە چوارچێوەی ئەو هەولاَنەدا کەسێتی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بووە بە جێنشینی (مهر= میترا), لێرەدا ئەوە دەهێنینەوەیا , شوێنکەوتووانی دینی میترائیزم خۆر بە پیرۆز دەزانن و رۆژی دووجار لەم کاتانەدا:

**بەیانیان بەر لە هەڵهاتنی خۆر**

**ئێواران بەر لە ئاوابوونی خۆر**

کڕنووشی بۆدەبەن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ میترا دەردەبڕن, ئەوان نالێن (خۆر) خودی خوایە, بەڵکو دەڵێن: خوایەك هەیە لە ناو خۆردایە[76].

دیارە یارسانەکانیش پێیانوایە رۆحی حەزرەتی عەلی چووەتە ناو خۆرەوە و (خۆر)یش هەتاکو فەرمان لەو زاتە وەرنەگرێت هیچ جووڵەیەك ناکات, کەواتە ئەو خوایەی بەڕوای میترائیییەکان لە ناو خۆردایە, لای یارسانەکان رۆحی (حەزرەتی عەلی)یە, هەر لێرەوە پێویستە ئاوڕێك لەوە بدەینەوە, (حەزرەتی مەسیح) پاش لە خاچدانی رۆحی بۆ ئاسمان بەرزبووەتەوە, لای یارسانەکان ئەم زاتە یەکێکە لەوانەی رۆحی خوایی تێداجێگیربووە و بە (مهر مەسیحا) ناویدەبەن, هەندێکیشیان بڕوای تەواویان بەوە هەیە (حەزرەتی مەسیح و حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) یەك کەس بوون بەلاَم لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا, کەواتە لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەوەی (خوای میترا= مهر مەسیحا= مهر عەلی[77]).

لێرەدا پێویستە کەمێك لە سەر کەسێتی (حەزرەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بوەستین, ئاشکرایە کەسێتی ئەم زاتە دوو لایەنی هەیە, یەکەمیان لایەنی مێژوویی و دووەمیشیان لایەنی رۆحی, ئەوەی پەیوەستە بەلایەنە مێژوویەکەوە کەم تا زۆر لە سەرچاوە و کتێبە مێژوویی و دینییەکانی دونیای ئیسلامدا باسی لێوەکراوە و تا ئاستێکی باش بۆ خەڵك ئاشکرایە, بەلاَم ئەوەیان پەیوەستە بە لایەنە رۆحییەکەوە چەندین شتی تێکەڵکراوە و هەندێکجار ئەو شتانە لێکدانەوەیەکی ئەفسانەییان بۆ کراوە, هەر لێرەوە دەتوانین لایەنی یەکەمی کەسێتی ئەم زاتە بەلایەنی (گشتی) و لایەنی دووەمیشی بە لایەنی (تایبەت) ناوببەین, سەبارەت بە لایەنە گشتییەکەی مێژووی ژیانی روون و ئاشکرایە و کورتەکەی بەم شێوەیە:

1- ساڵی (601 ز) واتە سی ساڵ پاش لە دایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (د.خ)لە دایکبووە.

2 – رۆژی دووەمی هاتنی سرووش بۆ حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و لە تەمەنی دە ساڵیبدا, پاش (حەزرەتی خەدیجە)ی هاوسەری پێغەمبەر چووەتە سەر دینی پیرۆزی ئیسلام و پێشتریش هەرگیز بتپەرستی نەکردووە.

3- نزیکترین کەس بووە بە حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ), لە لایەکەوە کوڕی مامی و لە لایەکی ترەوە زاوای بووە, هاوکات پێغەمبەر پەروەردەی کردووە.

4-وەچەی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر رووی زەوی لە رێی (حەزرەتی عەلی)یە ماوەتەوە.

5–لەسەردەمی ژیانی حەزرەتی پێغەمبەردا (د.خ) ئالاَی ئیسلام لە جەنگ و غەزەواتەکاندا حەزرەتی عەلی هەڵیگرتووە و لەو کاتانەشدا حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) ئامادە نەبووبێت, لە ناو خانەوادەکەیاندا (عەلی) جێگرتووەتەوە.

6–نزیکی حەزرەتی عەلی لە حەزرەتی پێغەمبەرەوە (د.خ) هاوشێوەی نزیکی (هاروون) بووە بۆ (حەزرەتی مووسا).

7–بەدەر لە پەیوەندی خزمایەتی چەندین بەڵگە سەبارەت بە نزیکی ئەم دوو زاتە هەن, وەك ئەوەی کە پێغەمبەری گەورەی موسڵمانان (د.خ) فەرموویەتی: (انا مدینە العلم وعلی بابها=من شاری زانستم و عەلیش قاپییەکەیەتی) هەروەها لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی: ( من کنت مولاه فعلیا مولاه= ئەوەی من سەرۆکیم عەلیش سەرۆکیەتی).

8– حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە (خوداپەرستی, دادوەری, ئازایەتی, بێفیزی) کەمنموونە بووە و پاش خۆی بێجگە لە حەوت درهەم هیچ سامانێکی لە شوێن بەجێنەماوە[78].

تا ئێرە سەبارەت بە لایەنی گشتی کەسێتی (حەزرەتی عەلی) شتێکمان روونکردەوە, بەلاَم سەبارەت بە لایەنی (تایبەت) پێویستی بەزیاتر قسەکردن هەیە, شتێکی ئاشکرایە بە درێژایی مێژووی کۆن ئەو کەسانەی کە پەیوەندی پتەو و راستەوخۆیان بە خەڵکەوە هەبووە و تا رادەیەکیش سەرچاوەی بڕیار و دەسەلاَتبوون, ئیتر ئەو دەسەلاَتە ئەگەر دینی, یاخود دەسەلاَتێکی زەمەنی بووبێت کەم تا زۆر راز و سەرگوزەشتەی ئەفسانەیی[79] دراوەتە پاڵیان, لەم بوارەشدا (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) یەکێکبووە لەو کەسانە لە دونیای ئیسلامدا چەندین ئەفسانەی جۆررا و جۆر و لە دەیان قەبیلە وقوماش دراونەتە پاڵی, پێش ئەوەی بچینەسەر چەند رازێك لەوانە پێویستە قسە لەوە بکەین (سۆفیگەری ئیسلامی) سیٚ زنجیرەی هەیە و هەر سیٚ زنجیرەکەش دەست بەدەست دەگەنەوە سەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام, زنجیرەی یەکەمی (زنجیرەی ئاڵتوون= زنجیرەی ئالی بەیت)بە واتە زنجیرەی نەوەکانی (حەزرەتی عەلی) و زنجیرەکەش بەم شێوەیە:

1- حەزرەتی محەممەد کوڕی عەبدولاَ (د.خ)
2- حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب
3- ئیمام حوسێن کوڕی حەزرەتی عەلی
4- ئیمام عەلی کوڕی حوسێن زەینولعابدین
5- ئیمام محەممەد ئەلباقر
6- ئیمام جەعفەری صادق
7- ئیمام موسای کاظم
8- ئیمام عەلی کوڕی مووسا ئەلڕەزا
9- شێخ مەعرووفی کەرخی
10- سیرری قەطی

11- جونەیدی بەغدادی
12- شێخ ئەبو عەلای رواری= روودباری )
13- ئەبو عەلی کاتب
14- ئەبو عوسمانی مەغریبی
15- ئەبولقاسمی گورگانی
16- شێخ ئەبو عەلی فارمەدی.

شایانی باسکردنە بازنەکانی تریش لە(شێخ عەلی فارمەدی)دا یەکدەگرنەوە ئیتر زیاتر لە سەر ئەم زنجیرانە ناڕۆم و دێمەوە سەر ئەوەی مەبەستمە بڵێم: پەیوەندی دونیای سۆفیگەری پەیوەندییەکی راستەقینەیە سەبارەت بە خۆشەویستی خودای گەورە و دوا قۆناغیشی توانەوەیە لە ناو ئەو خۆشەویستییە و گەیشتنە بە پایەی (بەقای دوای فەنا)، حەزرەتی عەلی سەرقافڵەی ئەوانەیە لە رووی رۆحییەوە بەم قۆناغە گەیشتوون، هەر بۆیە لە ناو زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانانندا خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ ئەم زاتە هەیە، بەڵام بێئەوەی گەیشتبێتە رادەی بە (خودا) لە قەڵەمدانی، بەڵام ئەوانەی زیادەڕۆیی لە رادەبەدەریان سەبارەت بە پایەی رۆحی ئەم زاتە کردووە سەدان ئەفسانە و رازیان داوەتە پاڵی، رازەکان هەندێکیان لە رووی رۆحییەوە لێوان لێون لە زیادەرۆیی و گەیشتوونەتە رادەی ئەوەی ئەم زاتە بە (خودا) لە قەڵەمدراوە، خودی (حەزرەتی عەلی) لە ژیانی خۆیدا بە توندی بەرەنگاری ئەو کەسانە بووەتەوە بەم ئاکارەدا رۆیشتوون، یەکێك لەوانە (عەبدوڵای کوڕی سەبەء) بووە، ناوبراو سەردارێکی دینی و زانایەکی دیاری جووەکانی (مەدینە) بووە، لە دوا دوای تەمەنی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامدا (د.خ) هاتووەتە سەر دینی پیرۆزی ئیسلام، پەیوەندی رۆحی بە (حەزرەتی عەلی)یەوە زۆر پتەوبووە، لە سەردەمی خەلافەتی (حەزرەتی ئەبووبەکری صدیق) لە هەندێك شوێندا کاروباری قەزای پێسپێردراوە، بەڵام لە سەردەمی خەلافەتی (حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان)دا کەوتووەتە بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتی خەلیفە و رۆیشتووە بۆ (میسر)، لەوێ موسڵمانانی لە دەوری خۆی کۆکردوونەتەو و بۆ پەرپاکردنی شۆرش و راپەڕین دژی دەسەڵاتی خەلیفە هانیداون، کاتێك (حەزرەتی عەلی) بووە بە خەلیفە (عەبدوڵا) زیاتر لێی نزیکبووەتەوە و خۆشەویستتیەکی رادەبەدەری بۆی نواندووە، لە ناو خەڵکدا بە زیادەرۆییەکی گەورەوە باسی پایەی رۆحی کردووە و تا رادەیەك جارێك بە بە خودی حەزرەتی (عەلی) وتووە تۆخودایت و ئێمەت ئافەریدەکردووە، (حەزرەتی عەلی) ئەمەی بە گومرایی و لادانێکی ترسناك لە دینی پیرۆزی ئیسلام لە قەڵەمداوە، هەر بۆیە بڕیاریداوە (عەبدوڵای کوڕی سەبەو) بۆ (مەدائن) دووخراوەتەوە، بەڵام ناوبراو هەرچەندە بە بڕیاری (حەزرەتی عەلی) دوورخراوەتەوە کەچی وازی لەو دەربڕینانەی نەهێناوە و خەڵکی بۆ بە (خودا) ناسینی (حەزرەتی عەلی) بانگهێشترکردووە.

زیادە رۆیی بە پایەی رۆحی (حەزرەتی عەلی) و بە خوازانینی لە لایەن ئەو کەسانەی بەم ئاکارەدا رۆیشتوون، بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان لە سەردەمی ژیانی خۆیدا تیورێزە نەکراوە و تەنها لە چوارچێوەی دەربڕیندا بووە، پاش کۆچی دوایی (حەزرەتی عەلی) چەندین گروپی شیعەی توندڕە و سەریانهەڵداوە کە هەموویان (عەلی)یان بە خودا ناسیوە، لەوانە (شیعەی نوصەیری[80]، شیعەی عەلەوی، قورمتییەکان....هتد).

ئەو ئەفسانانەی سەبارەت بە پایەی ڕۆحی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) هەم لای شوێنکەوتوانی ئەو دەستە و تاقمانەی کە ناوبراو بە (خودا) دەزانن, هەم لای زۆربەی موسڵمانان هێندە زۆرن لە ژماردن نایەن, هەرگیز لە بابەتێکی لەم چەشنەدا ناتوانین ئاوڕ لە هەموویان بدەینەوە, بەڵام پێویستە قسە لەوەبکەین تەنانەت ژمارەیەك لە خۆرهەڵاتناس و گەڕیدە و گەشتیارانیش لە نووسینەکانیاندا هەندێك لەو راز و ئەفسانانەیان خستووەتەڕوو, (فریا ستارك) لە سەفەرنامەکەیدا نووسیویەتی[81]: لە ناوچەی لوڕستان و لەچەقی ئەو ڕێگەیەدا کە بۆ (قەڵای شەداد) دەچێت تاشەبەردێکی گەورە هەیە و چەند چاڵێکی تێدان خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن ئەو چاڵانە شوێن ئەژنۆی (شەداد)ن, کاتێك کە (حەزرەتی عەلی) سەری ناوبراوی پەڕاندووە نووکی شمشێرەکەی چووەتە ناو تاشەبەردەکەوە و تا ئێستاش شوێنەوارەکەی بەو تاشەبەردەوە دیارە.

با لێرەدا ئەگەر ئەم ئەفسانەیە بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان و بزانین تا چ ئاستێك راستی تێدایە, شتێکی ئاشکرایە ئەوەی لە سەرچاوەکاندا هاتووە دڵنیاییەدا (شەداد) لە سەردەمی (جاهالییەت)دا ژیاوە و نەگەیشتووەتە سەردەمی ژیانی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب), کەواتە ئەی چۆن گەیشتووەتە (لوڕستان) و (حەزرەتی عەلی) بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی هێناوە؟, لێرەوە بۆماندەردەکەوێت کە رازەکە لە بنەڕەتدا ئەفسانە و هەڵبەستراوە.

**لە هەمان سەرچاوەدا ئەفسانەیەکی تر بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:** (نویزر شا) حوکمڕانێکی کافر بووە و قەڵایەکی سەختی دروستکردووە کە بە هەمان ناوی خۆیەوە بەناوبانگبووە, (حەزرەتی عەلی) گەمارۆی قەڵاکەی داوە و ئاگاریداوە بە لەشکرەکەی هیچ کەس مافی دەرچوونی لە قەڵاکەدا نییە و ویستوویەتی (نویزرشا) دەستگیربکات, دایکی (نویزرشا) جادووگەرێکی بە توانابووە, خۆی کوڕەکەی لە شێوەی بەرانێك و سەگێکی ڕەشدا لە دەرگای قەڵاکەوە هاتوونەتە دەرەوە و ئەو دەرچوونەشیان بە هیچ شێوەیەك سەرنجی ئەو پاسەوانانەی ڕانەکێشاوە کە (حەزرەتی عەلی) لە بەردەم دەروازەی قەڵاکەدا دایناون, لە درێژەی نووسینەکەدا هاتووە: لە خوار قەڵاکەوە شوێنێك هەیە بە (کافرکۆ) بەناوبانگە, (حەزرەتی عەلی) لەوێدا پێشیداونەتەوە و هەوڵی دەربازبوونەکەیان شکستیهێناوە.

لە سەر ڕۆشنایی ئەم ئەفسانەیە دەبێت (حەزرەتی عەلی) لە ڕێی دەرکردنی بە غەیبەوە زانیبێتی کە بەران و سەگە ڕەشکە (نویزرشا و دایکی)بوون, ئەمەش زۆر دوورە لە راستییەوە چونکە زانینی غەیب تەنها لە توانای خودای گەورەدایە, لێرەوە بۆماندەردەکەوێت ئەفسانەکە مەبەستییەتی پایەی خودای گەورە بە (حەزرەتی عەلی) بدات.

**هەر لە بواری ئەفسانەکاندا مینۆرسکی نووسیویەتی:** (عەلەوی)یە کوردەکانی ناوچەی دەرسیم کە لە زۆر شوێندا بە (قزڵباش) ناویاندەبرێت, پێیانوایە (عەلی) کە وەك خودا هاتووەتە سەر زەوی بەو مەبەستە بووە کاری چاکە بکات, شیرە گەورەکەی خۆی داوە بە ڕووسەکان و نیشانەیەکی سەوزیشی داوە بە ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی پێکەوە (تورك) لەناوبەرن.

**هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین گوایا ( حەزرەتی عەلی ) لای مەسیحییەکان کەسێکی پیرۆزە و دەڵێن:**

خەڵكی ئیسپانیا بە (سان یاگۆ[82]) ناویدەبەن و هەموو خەڵكانی تری مەسیحیش پێیدەڵێن (سان جۆرجیۆ[83])، پەیڕەوكارانی (سان یاگۆ) ئەو خاچەی دەیكەنە ملیان لە شێوەی شمشێرە دوو فاقەكەی (حەزرەتی عەلی)دایە، هەروەها پەیڕەوكارانی (سان جۆرجیۆ)ش پەیكەری (حەزرەتی عەلی) لە شێوەی جەنگاوەرێكی دلێری شێر و رم بەدەست درووستدەكەن.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە كە سەبارەت بە كەسێتی گشتی و تایبەتی (حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبی تالیب) نووسران، دێینە سەر ئەوەی زۆربەی بۆچوونەكانی ئەوانەی زیادەڕۆییان لە پایەی رۆحی (حەزرەتی عەلی)دا كردووە وەك شیعەكانی (نوصەیری، عەلەوی، ئیسماعیلی، قورمتییەكان...هتد) لە سەر ئەوە كۆكن كە:

1- حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبی تالیب كەسێكی پیرۆزە و بە (مورتەضا عەلی) ناویدەبەن.

2- خودا (سرووشی= وەحی) بە (حەزرەتی جوبرائیل) داوە بۆ (حەزرەتی عەلی) بهێنێت، گوایا ئەو لێی تێكچووە و داویەتە بە (حەزرەتی محەممەد د.خ).

3- خەلافەت پاش پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (د.خ) مافێكی هەقی حەزرەتی عەلی بووە، بەڵام لێی زەوتكراوە.

4- هەریەك لە حەزرەتی ئەبووبەكری صدیق، حەزرەتی عومەری كوڕی خەتاب، حەزرەتی عائشەی كچی ئەبووبەكر و هاوسەری پێغەمبەر (د.خ)، لە پاش لە دونیادەرچوونی پێغەمبەرەوە هەمیشە بۆ (حەزرەتی عەلی) لە بۆسەدابوون و نەیانهێشتووە هەناسەیەكی ئاسوودەیی هەڵبكێشێت.

5- هەندێك لە دەسەڵاتدارانی قورەیش كە هەر لە سەرەتای بانگهێشتی پێغەمبەرەوە (د.خ) هەتاكو ئازادكردنی مەكە بە توندترین شێوە دژایەتی پێغەمبەر و دینەكەیان كردووە و پاشان بە ناچاری ئیسلامبوون، پاش كۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) ویستوویانە لە ناو ئیسلامدا دەسەڵاتی كۆنەیان زیندوو بكەنەوە و هەمیشەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان هەوڵیانداوە، (حەزرەتی عەلی) دژی ویستی ئەوانە بووە و هەمیشە پشتوپەنای هەژاران و نەدارانی ئیسلام بووە و ویستوویەتی باری ژیان و گوزەرانیان باشبكات، لە بواری پشتیوانی هەژاراندا چەندین فەرموودەی بەناوبانگی هەیە، وەك ئەوەی فەرموویەتی: (لو كان الفقر رجلا لقاتلتە بسیفی= ئەگەر هەژاری پیاوێك بوایە بە شمشێرەكەم لە گەڵیدا دەجەنگام)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندانی هەژارانی دونیای ئیسم بووە بۆ ئەوەی دژی سەردەستەكانیان راپەڕن، هاوكات هەڕەشەیەكی جیدی بووە بۆ سەر دەسەڵاتی بەرژەوەندی پارێزەكان، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەك دژایەتییانكردووە.

لە دوا دێڕەكانی ئەم بابەتەدا دێمە سەر ئەوەی (ولیام جاكسۆن) لە گەشتنامەكەیدا بە ناو و نیشانی (ایران در گذشتە وحال) نووسیویەتی: گۆرانەكان لە ناو كوردەكاندا زۆر (عەلی كوڕی ئەبی تالیب)یان خۆشدەویێت، بە پێی قسەكانی خۆیان دەڵێن: (عەلی) لە یەزد خانوویەكی هەبووە، زەردەشتییەكانی ئەو ناوەش لەبەر ئەوەی لە ئازاردان بە دووربن لە هەمان ئەو گەڕەكەدا ژیاون كە ماڵەكەی (عەلی) لێبووە و شوانی وگاوانیان بۆ ئەو كردووە، هەر لەوەشەوە پێیانوتراوە (گبران) و ئەم ناوە بڕاوە بەسەریاندا، وشەی (گبران) لای فارسەكان كراوە بە(گورون) و پاشان بە (گوران) گۆڕراوە و راستییەكەشی مانای (گاو-ران) دەدات، (ئەصبغی كوڕی بناتە)

هاوڕێی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (خ.ل) گێڕاویەتیەوە گوایا حەزرەتی عەلی فەرموویەتی: (زەردەشتییەکانە کتێبیان هەبوو پێغەمبەریان بۆ رەوانەکرابوو, من خۆم ئەو کتێبەم خوێدووەتەوە).

ئەگەر بە وردی لەم رازە وردببینەوە مەبەستێتی بلێت: گۆرانەکانی کورد هەمان زەردەشتییەکانی سەردەمی کۆنن و پارێزەری کولتووری دینی ئەوانن.

# پەیوەندی ڕێوڕەچەی یارسان بە دینە کۆنەکانی (میهر پەرستی = میترائیزم) و زەردەشتییەوە

هەر کەسێك بە سەرچاوە و تێکستە پیرۆزەکانی یارساندا شۆڕببێتەوە و شارەزاییەکی باشی لە زمانی تێکستەکان هەبێت, ئەوە بە دڵنیاییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەم ڕێوڕەچە دینییە رەگی قوڵی لە مێژووی دین لای نەتەوە ئارییەکان و بە تایبەت نەتەوەی (کورد)دا هەیە, هاوکات دەگاتە ئەوەی چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەم ڕێوڕەچەیە و دینە کۆنەکاندا هەن, ئەو خاڵە هاوبەشانەش نەك تەنها لە رووی بابەتە رۆحییەکانەوە,بەڵکو لە رووی قۆناغە مێژووییەکانی (سەرهەڵدان, گەشەکردن, تەنانەت پووکانەوەی ئەو دینانەوە) لە یەکدەچن.

لەم بابەتەدا مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی ڕێوڕەچەی یارسان بە هەردوو دینی (مهرپەرستی= میترائیزم و زەردەشتی)یەوە بخەمەڕوو, ئەگەرچی چەندین خاڵی هاوبەشیش هەن ڕێوڕەچەی یارسان و هەندێك لە دینەکانی وەك( هندۆسی, مانەوی, مەزدەکی) لە یەك نزیدەخەنەوە, بۆ چوونە ناو ئەم بابەتەشەوە لەوەوە دەستپێدەکەم , خۆرئاوای ئێران کە تا ئێستاش مەڵبەندێکی گەورەی ڕێوڕەچەی (یارسان)ە, هەتاکو دەرکەوتنی دینی پیرۆزی ئیسلام مەڵبەندی (مهر پەرستی= میترائیزم) بووە, ساسانییەکان لە گەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەی کە هەیانبووە و بووە بە هۆی لە ناوچوونی شوێنەواری ئەشکانییەکان بە دینەکەشیانەوە کە (مهرپەرستی= میترائیزم) بووە, نەیانتوانیوە (مهرپەرستی= میترائیزم) لەو ناوچەیەدا لە ناوبەرن و بە تەواوی (دینی زەردەشتی) تێدا جێگیربکەن, پاش چەندین سەدەش کە دینی پیرۆزی ئیسلام بە خێراییەکی گەورە لە ئێراندا تەشەنەیکردووە و تەنها بە چەند ساڵێك لە (رووباری فورات)ەوە هەتاکو هەرێمی (سند) رۆیشتووە, کەچی بلاوبوونەوەی لە خۆرئاوای ئێراندا بە شێوەی هەرێمەکانی تر نەبووە و هەر لە سەرەتاوە (مهر پەرست)ە کۆنەکانی ئەو خۆرئاوای ئێران ڕێوڕەچەی یارسانیان لە بری دینە کۆنەکەیان جێگیرکردووە, لەم بوارەدا وەك پێشتریش لە بابەتی خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ڕێوڕەچەی یارسان باسمانکردووە (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بووە بە جێگرەوەی (میترا)[84]

لەم بوارەدا سرووده کۆنەکانی یارسان و بە تایبەت سروودەکانی سەردەمی (بالوولی مایی و باوا سەرهەنگی دەودانی) باشترین بەڵگەن.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی:بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: کوردانی ئەهلی هەق لە ئێراندا, هەمان پاشماوەی (ماد)ە کۆنەکانن, لێرەشدا دوو دێڕ لە شیعری (شاوەیسقوڵی قرمزی[85]) بە نموونە دەهێنینەوە:

| |
|---|
| ئەسڵمەن جە کورد ئەسڵمەن جە کورد<br>بابۆم کوردەنان ئەسڵمەن جە کورد<br>من ئەو شیرەنان چنی دستە گرد<br>سلسلە سپای ضحاك کردم هرد[86] |

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:** نەژادم کوردە و باوکیشم کورد بووە, من ئەو شێرەم بە هاوڕێیەتی کوردان لەشکری (زوحاك)مان تارومارکرد.

ئەم جۆرە سروودانە لە ناو تێکستەکانی یارساندا زۆرن, هەر بۆ نموونە (باوا هندۆ) وتوویەتی:

| |
|---|
| جە ئەصڵ ئەلەس جە ئەصڵ ئەلەس<br>هیندوە نامیم جە ئەصڵ ئەلەس<br>جاگەم زابلەن چەنی خاس و کەس<br>مکۆشم پەریٚ یاران هامدەس |

**واتای ئەم دوو دێڕە شیعرە بەم شێوەیە:** لە بنەڕەتدا ناوم (هندۆ) و شوێنم زایلە, بۆ پەرەپێدانی دینی یارانی هاودەستم تێدەکۆشم.

هەوڵدانی رێبەر و موریدە کۆنەکانی یارسان و شوێنکەوتوانیان بۆ زیندووکردنەوەی دینی کۆنیان, تەنها لە چوارچێوەی پاریزگاریکردن لەو دوو دینە نەبووە, بەڵکو هەندێك جاریش بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەمە بووە کە حوکمڕانانی هەر دوو دەوڵەتی لە شوێن یەکی (ئەمەوی و عەباسی) بەرامبەریان کردوویانە, بۆیە ئەگەر بە سەرچاوە مێژووییەکاندا بگەڕێین دەبینین تەنها لە سەدەکانی (دووەم و سێیەمی کۆچی)دا, چەندین راپەڕینی گەورە و شۆڕش دژی حکومەتی خەلافەت سەریانهەڵداوە, هەر بۆ نموونە:

1- راپەڕینی زەنگییەکان بە رابەری عەلی کوڕی محەممەدی بورقعی عەلەوی.

2- راپەڕینی بابەکی خورەمی

3- راپەڕینی هاشم کوڕی حەکیم ناسراو بە (المقنع).

هەندێك لەو شۆڕش و راپەڕینانە توانیویانە دەسەڵاتی عەباسییەكان هەتاكو دەروازەی (ئەستەمبووڵ) رابماڵن, بەلآم دواجار دەسەڵاتدارانی خەلافەت لە رێی (لەشكركێشی گەورە و پارەوپوولی بێشوماری دەوڵەت)ەوە توانیویانە ئەو شۆڕش و راپەڕینانە لە خوێناوی خۆیاندا بگەوزێنن[87].

پێموایە ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بەسن بۆ ئەوەی بچمە نێو بەراوردێكەوە لە نێوان دینی (میترائیزم و رێوڕەچەی یارسان)دا

| دینی مهر پەرستی= میترائیزم | رێوڕەچەی یارسان |
|---|---|
| (مهر= میترا) دەركەوتەی تەواوی خوایە و هەموو خەصڵەتەكانی خوای هەیە. | حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبی تالیب دەركەوتەی تەواوی خوایە و رۆحانییەت و جیسمانییەت تێیدا جێگیربوون و بە (مهر عەلی) ناودەبرێت. |
| (مهر= میترا)مەردێكی دلێر و ئازایە, چەكی تایبەت بە خۆی هەیە كە بریتییە لە گورزێك (ئێزد مهر) بە دەستیەوەدەگرێت, گورزەكەی سەد تیغ و سەد كرێی پێوەین بۆ وردووخاشكردنی دوژمنان. | حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبی تالیب نموونەی ئازایی و دلێرییە, ئەسپ و چەكی تایبەت بە خۆی هەیە وەك: دلدل و زولفەقار.<br><br>لافتی الا علی لا سیف الا ذوالفقار |
| ژمارەی حەوت لای میترائییەكان پیرۆزییەكی گەورەی هەیە, بۆ نموونە دەڵێن: (حەوت ئاسمان, حەوت چینی زەوی, حەوت ئەستێرە, حەوت پایە و حەوت دەرگا و حەوت تاق لە پەرستگەدا, هەروەها پلە دینییەكانیان حەوتن بەم ناوانە: (قەلە رەشكە, هاوسەر, سەرباز, شێر, ئاییندار, پەیكی خۆر, پیر. | (حەوتەن و حەوتەوانە و حەوت خەلیفە)یان هەیە, حەوتەن= حەوت تەنی جاویدان, ئەوانەن كە رۆحی خواییان تێدا جێگیر بووە و لە سەرانسەری تەمەنی دنیا رۆحیان لە گەڕاندایە و بۆیان هەیە لە (تەن= جیسم)دا خۆیاندەرخەن, حەوتەوانە كوڕەكانی (سان سەهاك)ن, حەوت خەلیفەش بەفەرمانی (سان سەهاك) لە ناو حەفتاو دوو پیردا هەڵبژێردراون بۆ ئەووەی بەسەرپەرشتی داود بین بە دەلیلی یارسانەكان. |
| پەرستنی خۆر و كڕنووش بۆ بردنی, هەروەها بە پیرۆززانینی (میهرابە= پەرستگەی میترائی, ئاگر, | بە پیرۆز زانینی (میهرابەكەی دوكانی داود) و بە پیرۆز زانینی (جەمخانە= |

| | |
|---|---|
| ئاو...هتد)، هەروەها پێی | پەرستگەی یارسان)، هەروەها بە پیرۆززانینی (خۆر، ئاگر)، لەوباوەڕەدان کە (حەزرەتی عەلی) کاتێك لە دنیا دەرچووە ڕۆحی بەرزبووەتەوە بۆ ناو خۆر، خۆریش بە بێ فەرمان ئەو هیچ جوولەیەك ناکات. |
| دژایەتیکردنی فرەژنی و دوورکەوتنەوە لێی. | بەخرا پزانینی فرەژنی. |
| دروشمی دینییان ڕەوشتی بەرز و ئاکار باشییە. | (درۆکردن، دزی، خیانەتکردن، سوێندی درۆ) بە تاوانی گەورە لە قەڵەمدەدەن. |
| ئەم دینە تا رادەیەکی زۆر لە رووی وردەکارییەکانییەوە نهێنی بووە. | ڕێوڕەچەیەکی دینی نهێنییە، درکاندنی بچووکترین زانیاری دەربارەی دینەکەیان بە تاوانێکی گەورە دەزانن |
| پلەی پیر دوا پلەی دینییە لای میترائییەکان. هەر کەشێك دواقۆناغی ڕێنماییەکانی میترائی ئەنجامدا دەگاتە ئەم پلەیە. | (پیر) لای یارسانەکان یەکێکە لە پایە دینییە گەورەکان و لەسەر هەموو کەسێکی یارسان پێویستە سەر بسپێرێت بە (پیر) و (دەلیل)ەوە. |
| دیمەنی ئاڵی ئاسۆی بەیانیان پێش دەرکەوتنی خۆر بە دیمەنی دەرکەوتنی (ئێزد میهر) دەزانن، بە هەمان شێوە دوا پرشنگەکانی پێش ئاوابوونی خۆریش. | یارسانەکان دەڵێن هەڵسووڕانی شەو و رۆژ بە فەرمانی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ە و چەرخچی شە و رۆژی پێدەڵێن. |

پاش ئەوەی بەراوردێکی کورتمان لە نێوان (دینی میترائی و ڕێوڕەچەی یارسان) کرد، ئێستاش دێینە سەر بەراوردێك بە هەمانشێوە لە نێوان (دینی زەردەشتی و رێینی زەردەشتی و ڕێوڕەچەی یارسان)دا.

| دینی زەردەشتی | ڕێوڕەچەی یارسان |
|---|---|
| (ئەشمەسپەندان= جاویدانی پیرۆز) لای زەردەشتییەکان حەوتن کە بریتین لە (ئاهورامەزدا) و ئەو شەش فریشتەی هەمیشە لەژێر فەرمانیدان. | (حەوتەن و حەوتەوانە و حەوت خەلیفە)یان هەیە، حەوتەن= حەوت تەنی جاویدان، ئەوانەن کە رۆحی خواییان تێدا جێگیر بووە و لە سەرانسەری تەمەنی دنیا رۆحیان لە گەڕاندایە و بۆیان هەیە لە (تەن= جیسم)دا خۆیاندەرخەن، حەوتەوانە کوڕەکانی (سان سەهاك)ن، حەوت خەلیفەش بەفەرمانی سان سەهاك لە ناو حەفتاو دوو پیرەدا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی بەسەرپەرشتی داود بن بە دەلیلی یارسانەکان. |
| بە پیرۆززانینی (ئاتەشگە= پەرستگەی زەردەشتی) و کڕنووشبردن بۆ رووناکی (خۆر، مانگ، چرا) لەکاتی نوێژکردندا. | بە پیرۆز زانینی (میهرابەکەی دوکانی داود و بە پیرۆز زانینی (جەمخانە= پەرستگەی یارسان)، هەروەها بە پیرۆززانینی (خۆر، ئاگر)، لەوباوەڕەدان کە (حەزرەتی عەلی) کاتێك لە دنیا دەرچووە رۆحی بەرزبووەتەوە بۆ ناو خۆر، خۆریش بە بێ فەرمان ئەو هیچ جووڵەیەك ناکات. |
| قەدەغەکردنی فرەژنی. | بەخرا پزانینی فرەژنی. |
| دروشمیان (نییەتی چاك، کرداریچاك، رەفتاری چاك)ە و هەموو کردەوە خراپەکان بە تاوان دەزانن. | (درۆکردن، دزی، خیانەتکردن، سوێندی درۆ) بە تاوانی گەورە لە |
| هەندێك سەرچاوە دەڵێن گوایا سەرەتا سێ رۆژ رۆژوویان | |

| | |
|---|---|
| هەبووە, ئەو سێ ڕۆژەش ئەو ڕۆژانەن کە تێیاندا ( زەردەشت ) بەمنداڵی دزراوە و خراوەتە ناو ئاگرەوە, پاش سێ ڕۆژ لەناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا دەرهێنراوەتەوە.<br><br>بەگەورە مووبەدەکانی زەردەشتی وتراوە ( پیری مۆغان= مووبدان مووبد ).<br><br>وشەی ( جەم ) لە ئاوێستادا مانای کۆبوونەوە و گلێربوونەوە دەبەخشێت.<br>( گا ) لایان پیرۆزە, وەك وشە واتای ( خوا , گەورە ) دەبەخشێت, , گوایا لەو سێ ڕۆژەدا ( زەردەشت ) دزراوە و لەناو خۆڵە مێشی ئاگرەکەدا بووە بە شیری مانگا ژیاوە.<br><br>زەردەشت پێغەمبەر و ڕابەری ئەم دینەیە. | قەڵەمدەدەن.<br><br>ڕۆژوگرتن لایان سێ ڕۆژە, لەو ڕۆژانەدایە کە ( سان سەهاك ) لەگەڵ لەشکری جیجك شەڕیکردووە, گوایا لەو سێ ڕۆژەدا خۆی و یارەکانی هیچیان نەخواردووە.<br><br>( پیر ) لای یارسانەکان یەکێکە لە پایە دینییە گەورەکان و لەسەر هەموو کەسێکی یارسان پێویستە سەر بسپێرێت بە ( پیر ) و ( دەلیل )ەوە.<br><br>بە کۆبوونەوە دینییەکانیان دەڵێن ( جەم ).<br><br>( گا ) لای یارسانەکان بە هێزێکی خوایی لەقەڵەمدەدرێت, لەم بوارەدا شیعریان هەیە بۆ نموونە :<br>هەنت گروهێ جەگاو بیۆەری وەزێڵ نیەنێ وەزوان هەنی.<br><br>دەفتەرەکانیان بە پیرۆزی باسی( زەردەشت ) دەکەن, بۆنموونە :<br>نموونەی نەرگس نەسیم وەشبۆ زات<br>میهماندار یانەی ئەزەڵ زۆ زەردەشت<br>جەسایەی ئەزەڵ مایەی جۆ سەرسکە<br>زاتان قاپی داڵە هۆ[88]. |

# پێنج رابەرە دینییە گەورەکەی یارسان

رێوڕەچەی یارسان گەلێك رابەری دینی هەن, لەسەر رۆشنایی تێکستە دنییەکانیان (پێنج) لە رابەرەگەورەکانیان لەو زاتانەن رۆحی خواییان تیداجێگیر بووە, , لە قۆناغەجیاجیاکانیشدا کاریگەری گەورەیان لە سەر بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی رێوڕەچەکە هەبووە, ئەمانەی خوارەوەش ناوەکانیانە:

1- **بالوولی مایی= بالوولی ماهی**

2- **باواسەرهەنگی دەودانی**

3- **شاخۆشێنی لوڕستانی= موبارەك شا**

4- **باوانووسی جاف= باوا ناووسی سەرگەتی**

5- **سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی**

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین چەردەیەك لە مێژووی ژیان و کار و بەرهەمەکانیان بخەینە بەرچاوی خوێنەران.

**یەکەم- بالوولی مایی[89]:**

بەپێی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام یەکەم کەسە هەوڵی بڵاوکردنەوەی رێوڕەچەی (یارسان)ی داوە,ناوی (عەمر کوڕی لەهەب) و لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی لە لوڕستان لە دایکبووە[90], هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە بۆ بەدەستهێنانی (زانست و عیرفان) تێکۆشاوە, پاشان کاریکردووە بۆ داهێنانی رێوڕەچەیەکی دینی کە تایبەتمەندییە دینییە کۆنەکانی تێدا پارێزراوبن, بۆ ئەم مەبەستەش لە زێدی خۆیەوە هاتووەتە هەورامان, دڵنیابووە لەوە لە هەوراماندا زەمینەی کارکردن بۆی لە بارە و هاوڕاز و هاوبیری لەو ناوچەیەدا زۆرن, پاشان بە مەبەستی خوێندنی زیاتر لە گەڵ ژمارەیەك لە یارانیدا رۆیشتووە بۆ (بەغدا) و لەوێ لە خزمەتی (ئیمام جەعفەری صادق)[91]دا خوێندوویەتی, بالوولی مایی لە کۆڕ و کۆبوونەوە دینییەکانی ئەو سەردەمەدا بۆچوونە عیرفانییەکانی خۆی بێپەردە درکاندوون, هەر لەوەوە لای (هارونە رەشید) زمانیان لێداوە و بە تاوانی (گومڕا و زەندیق) فەرمانی کوشتنی دراوە, لەسەر راسپاردەی (ئیمام جەعفەری صادق) خۆی کردووە بە شێت هەتاکو شمشێر لە گەردەملی دووربخاتەوە, هەر بە هاوکاری ئەو زاتەش توانیویەتی لە (بەغدا) دەبازبێت و بگاتەوە هەورامان, لەوێشەوە رۆیشتووە بۆ (قرماسین= کرماشانی ئێستا) و تیایدا نیشتەجێبووە ئینجا دەستیداوەتە بڵاوکردنەوەی رێوڕەچەکەی و ژمارەیەکی زۆر پەیڕەوکار لە دەوری کۆبوونەتەوە.

پایەی دینی ئەم زاتە لای یارسانەکان زۆر گەورەیە, بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو پایە دینییە باشتر وایە بچینە لای یەکێك لە شاعیرو عاریفە گەورەکانی یارسان بە ناوی (دەروێش نەورۆزی سۆرانی), ناوبراو دانەری یەکێك لە کەلاٌمەکانی یارسانە بەناوی (کەلاٌمی دەروێش نەورۆزی سۆرانی), لە یەکێك لە شیعرەکانیدا هاتووە:

بـــالوول زاتێـــوەن زاتـــی یەکانـــە
عامیـــان ماچـــان بـــالوول دێوانـــە
کـــیٌ دە دێوانـــە وەی تـــەور دانـــا بـــۆ؟
مەرگە و نەمەیـدان گـەردوون زانـا بـۆ

واتای ئەم دوو دێڕە بەم شێوەیە:

بالوول زاتێکی یەکانە و تاکە, کەچی خەڵکانی گێل و نەزان بالوولی دێوانەی پێدەڵێن, کیٌ دیویەتی کەسێکی دێوانە بە شێوەی ئەو لە مەیدانی گەردووندا ئەوەندە زانا و دانا بێت.

ئەگەر بە مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی (بالوولی مایی‌دا بچینەوە, دەبینین بیروڕا دینییەکانی خۆی لە دووتوێی شیعرەکانیدا دەربڕیوە و هاوکات دڵنیاییداوە کە هەوڵی زیندووکردنەوەی دینی کۆنی ئێرانی لە قاڵبێکی نوێدا دەدات, بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش با لەم دوو دێڕە شیعرەی وردببینەوە:

ئەو واتـەی یـاران ئەواتـەی یـاران
ئێمـە دێوانـەین ئـەو واتـەی یـاران
هـەنیٌ مـەگێلێن یـەك یـەك شـاران
تـا زینـدە کـەریم ئـایین ئێـران

مەبەستی بالوول لەم شیعرانەدا ئەوەیە گوایا هەندێك لە یاران بە شێت و دێوانەی دەزانن, کەچی ئەو لە پێناوی زیندووکردنەوەی (دینی ئێرانی کۆن[92]) یەك یەکی شارەکان دەگەڕێت.

ئەم زاتە ژمارەیەك موریدی هەبوون لەوانە:

باوا لورەی لوڕستانی, باوا رەجەبی لوڕستانی, باوا حاتەم, باوا نجوومی لوڕستانی ), ناوبراوان هەر یەکە و لە سەردەمی خۆیاندا (عاریف , شاعیر, تەمبوورژەن) بوون, چەندین پارچە شیعریان لە شوێن بەجێماوە تیایاندا تێڕوانینە دینیەکانیان سەبارەت بە (ڕێوڕەچەی یارسان) خستوونەتەڕوو, ئەم دوو دێڕە شیعرە شیعری (باوا لورەی لوڕستانی)ن کە لە دووتوێیاندا دڵخۆشی خۆی دەربڕیوە بەوەی لە یەکێك لە (جەمە) دینییەکاندا بە تەنیشت (بالوولی مایی)یەوە بووە:


www.pertwk.com

وە هەفتینـــەوە وە هەفتینـــەوە
جەمێمان نیان وە هەفتینـــــەوە
شـكارێم ئـاوەرد نـە كەمینـەوە
بـە هلـوول گـەورەما وە ئەمینـەوە

**دووەم باوا سەرهەمگی دەودانی:**

لەسەر رۆشنایی دێڕە شیعرێك ئەم زاتە ساڵی (324ك) لە دەور وبەری كێوی شاهۆ لەدایكبووە,, ئەمەش دێڕە شیعرەكەیە:

وەسەنەی سێصەد بیست و چوار هیجری
هـــاتف نـــام او جـــە شـــاهۆ چـــڕی

بە وردبوونەوە لەم دێڕە شیعرە بۆماندەردەكەوێت یارسانەكان لەو باوەڕەدان ناوی (باوا سەرهەنگ) لە ڕێی سرووشێكی ئاسمانییەوە چڕراوە.

ناوبراو سەرەتا كەسێكی دەروێش مەشرەب بووە و لە پێناو دینی كوردانـدا تێكۆشاوە, ئەم دێڕانەی خوارەوەش نموویەكن لەم بوارەدا:

ســـــەرهەنگ دەودان ســـــەرهەنگ دەودان
ئـــەز كـــەنامەن سەرهـــەنگ دەودان
چنـی ئیـرمانـــان مگێڵم نـــــەهەردان
مـــكۆشـــــــم پـــــەریٚ ئـایـــــین
كـــــــــــــــــــوردان[93]

لەم دێڕانەدا باوا سەرهەنگ بە راشكاوی وتوویەتی: من ناوم سەرهەنگی دەودانە و لە گەڵ موریدان و شوێنكەوتوانمدا بە هەموو شوێنێدا دەگەڕێم و بۆ زیندووكردنەوەی ئایینی كوردان تێدەكۆشم, لێرەدا ئەوە دەهێنینەوە یاد كە پێشتر دینی كوردان ئە دینە هەمۆجینە بووە كە لە هەردوو دینی (میترائیزم و زەردەشتی) پێكهاتوە, تێكۆشانی (باوا سەرهەنگ) و یارەكانیشی بۆ زیندووكردنەوەیان كاركردنیان بووە بۆ بلاْوكردنەوەی ڕێوڕەچەی یارسان.

وەك لە شیعرەكانیدا دەردەكەوێت (باواسەرهەنگ) لە تێكۆشانەكەی لە گەڵ یارانیدا رووبەڕووی ئاستەنگی و بەرەنگاربوونەوە بووەتەوە, لەم بوارەدا ئەم شیعرانەی بە نموونە دەهێنینەوە:

پەی ئامانتان پەی ئامانتان
گـرد ئامادەبــان پـەی ئامانتــان
ئـەز مەڵهـەم منیـەو نـەزامانتان
مەرەســم وە حـــەق ئیمامانتـــان

**واتای شیعرەکان بەم شێوەیە :**

لـە پێنـاوی ئاسـوودەییتان هـەمووتان ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونـەوە, منـیش دێم بـە هاناتانـەوە و مەرهـەم دەخەمە سەر زامەکانتان و تۆڵەی ڕێبەرەکانتان دەکەمەوە.

لـە شیعرێکی تریـدا سـەبارەت بـە (هەفتـەن) قسـەیکردووە, ئاشـکرایە پلـە دینییـەکانی (میترائیـزم) حـەوت پلەن بەم شێوەیە: (کلاغ, پوشیدە, سرباز, شیر, پارسی, پیك خورشید, پدر[94]).

ئەم پلە دینیانە بەزمانی کوردی لە کتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت)دا بەم شێوەیە نووسراون:

(**قەلە باچکە, هاوسەر, سەرباز, شێر, ئایندار, پەیکی خۆر, پیر**[95]).

لای زەردەشتییەکان (ئەشمەسپەمتان = جاویدانی پیرۆز) هەن بریتین لە فریشتەکانی دینی زەردەشتی کە ژمارەیان شەشە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاهورمەزدا هەیە, وپێکەوە دەبن بە حەوت.

(هەفتـەن) لـە نـاو دینـی یارسـان و لـە سـەردەمی (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)دا بـە حەوتـەنی جاویـدان = جاویـدانی پیرۆز نـاوبراون, لای شـوێنکەوتووانی ئـەم ڕێوڕەچـەیە (هەفتـەن) ئەوانـەن هـەر لـە سـەرەتای دونیـاوە هەتاکو کۆتایی دونیا ڕۆحیان هەمیشە لە گەڕاندایە و هێز و توانای خوایان تیایە, بۆیان هەیە خۆیان لە (تەن)دا نیشانبدەن

**ئەمەمەی خورەوەش دوو دێڕە شیعرەکەیە :**

هەفتــەم ســەرخێڵەن هەفتــەم ســەرخێڵەن
جـــە ئاسمانـــدا هەفتـــەم ســـەرخێڵەن
هەریـــەك وەرەنگـــیٚ نـــە گەشـــت و گێڵـــەن
هـــەر یـــەك پـــەی کـــاریٚ ئـــاوارە و وێڵـــەن

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە :** حـەوت کەسم لـە ئاسمانـدان , ئـەو حـەوتە هـەریەکە و بـەجۆرێك لـە گەشـتوگێڵدان و هەر یەکەیان کارێکم پێیان سپاردووە و بە شوێنیدا وێڵن.


www.pertwk.com

(باوا سەرهەنگ) توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر مورید و شوێنکەوتوو لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە, ئەوانەش بۆ بلاۆکردنەوەی رێوڕەچەی یارسان هەمیشە ئامادەبوون و ئەرکەکانی خۆیان راپەڕاندووە, لەوانە: (باوا قەیسەری هەورامی, باوا سەرنجی کەلاتی, باوا گەرچکی هەورامی, دایە تەورێزی هەورامی), لێرەدا پێویستە لە سەر بارودۆخی رێوڕەچەی یارسان لە سەردەمی (باوا سەرهەنگی دەودانی)دا چەند خاڵێك بخەینەڕوو:

1- رۆڵی ژن لە کارکردن بۆ بلاۆبوونەوە و گەشەکردنی رێوڕەچەی یارسان لە سەردەمی ئەم زاتەوە دەستپێیکردووە, بە دەرکەوتنی (دایە تەورێزی هەورامی) کە یەکێکبووە لە موریدە گەورەکانی (باوا سەرهەنگی دەودانی), شاعیر و عاریف و تەمیوورژەنێکی دیاربووە و لە جەمە دینییەکاندا رۆڵێکی دیاری بووە, پاشان لە قۆناغە جیاجیاکانی تردا چەندین ژنە عاریف و شاعیر و تەمبوورژەنی چالاك دەرکەوتوون کە شوێنپێی (دایە تەورێز)یان هەڵگرتووە, هەر بۆ نموونە ناوی ئەمانەیان دەهێنین: (دایە خەزانی سەرگەتی, رێحان خانمی لوڕستانی, لیزاخانمی جاف, جەلالە خانم, خاتوو دایراکی رەزبار....هتد)و (دایە تەورێزی هەورامی) سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە دایکبووە و لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی کۆچی دواییکردووە, ئەمانەش دوو دێڕن لە شیعرەکانی:

جەم پەی راسانەن جەم پەی راسانەن
یاران یاوەران جەم پەی راسانەن
هەر کەس نێوەکە کەرۆ ئاسانەن
جەم پەی رۆشنی زێڵ خاسانەن

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:** ئەی یاران جەم بۆ خەڵکانی راست و چاکەکارە, ئەوەی بیویٚ لەوێدا چاکەبکات کارێکی ئاسانە, چونکە جەم رۆشنکەرەوەی دڵی خواناسان و چاکەکارانە.

2- ژمارەیەك لە شوێنکەوتووانی (باوا سەرهەنگی دەودانی) لە تێکست و کتێبە پیرۆزەکانی (یارسان)دا ناوی خۆیان نەهێنراوە, بەڵکو نازناویان هاتووە, وەك: روتاف, قەلەم, خونکار, نەوا, رۆم, سەبوورە) ئەمەش دڵنیاییدەدا کە ناونەهێنانیان لەو سەردەمەدا بۆ پاراستنی گیانیانبووە بۆ ئەوەی بەر ستەم و چەوساندنەوە نەکەون.

هەر لێرەدا باس لەوە دەکەین خەڵکی هەورامان بە گشتی و بە تایبەت تەوێڵە و دەورووبەری تا ئێستاش بە باواسەرهەنگی دەودانی دەڵێن باواسەرهەنگی غەزایی, پێیانوایە ناوبراو بۆ بەرژەوەندی دینی ئیسلام غەزایکردووە, ئەمە خۆی لە خۆیدا تێگەیشتنێکی هەڵەیە چونکە خودی باواسەرهەنگی دەودانی لە شیعرەکانیدا پێچەوانەی ئەمەی باسکردووە.

(باواسەرهەنگی دەودانی) لە کۆتایی سەدەی چوارەنی کۆچیدا لە تەوێڵە کۆچی دواییکردووە و هەر لەوێش بە خاکسپێردراوە, ئارامگەی لە خوار گوندی تەوێڵەدایە و خەڵکی ئەم گوندە و دەورووبەری مەزارەکەی بە پیرۆز دەزانن و سەردانیدەکەن, دەورووبەری مەزارەکەشی گۆڕستانی تەوێڵەییەکانە و هەر بە (باوا سەرهەنگ) بەناوبانگە.

**سێیەم - شاخۆشێنی لوڕستانی- موبارەك شا:**

لەسەر رۆشنایی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام (موبارەك شا= شاخۆشێن) کوڕی (جەلالە خانمی کچی میرزا ئامانی حاکمی لوڕستان)ە, ساڵی (406 ك= 1015ز) لە لوڕستان لەدایکبووە, جۆرە لێکچوونێکیش لە شێوازی لە دایکبوونی (حەزرەتی مەسیح و شا خۆشێن)دا هەیە بەوەی کە هەردووکیان بێباوك لە دایکبوون[96], (جەلالە خانم)ی دایکی رووبەرووی ئەو ناو و ناتۆرانە بووەتەوە کە لە کاتی خۆیدا رووبەرووی (حەزرەتی مریەم) بوونەتەوە ئەم دوو دێڕە شیعرەکەش بەڵگەن لەم بوارەدا:

| |
|---|
| **کاکـــە رەیـــا ســـواری دانـــا**<br>**یـە حـوکمیٚ ئامـا جـە هـەفت ئاسمانا**<br>**خـەڵکی لوڕســتان بــە زۆڵش مزانــا**[8]. |

**لەم شیعرەدا جەلالە خانم وتوویەتی:** لە ئەنجامی حوکمێکی ئاسمانییەوە سکپڕبووە, کەچی خەڵکی لوڕستان بە زۆڵی دەزانن.

(موبارەك شا) هەر لەمنداڵییەوە نازناوی (شا خۆشێن)ی پێدراوە, لە (هەمەدان) خوێندنی تەواوکردووە, لە سەر رۆشنایی تێکستە پیرۆزەکانی یارسان لە تەمەنی (32)ساڵیدا رۆحی خودایی تێدا جێگیر بووە و بووەتە پێشەوای دینی یارسان, چەندین هاوەڵی لەسەر ریو رەچەکەی خۆی پێگەیانووە وەك: (بابا تایەری هەمەدانی, بابافەقیٚ لوڕستانی, بابا بوزورگی لوڕستانی, پیرشالیاری هەورامی, کاکە رەدا, هندۆلە, خوبیار, حەیدەر, قازی نەبی سەرگەتی, پیر خدر, لزا خانمی جاف, رێحان خانم....هتد), لەسەر رۆشنایی باوەڕی یارسانەکان و بە پشتبەستن بە فەلسەفەی (دوونا و دوون= گواستنەوەی رۆح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر), شاخۆشێن پێشتر (مەولا عەلی= ئیمامی عەلی) بووە وەك لەم شیعرەدا دەردەکەوێت:

| |
|---|
| **مـن جـە تەریقـەت ئـاوم بـی زەلاڵ**<br>**وەنــام خۆشـێن ئامــام وەرووی کــار**<br>**دویست ساڵ نـەی وەر نـەدوون مەولام**<br>**ئامــام وەبیســات وەشــیرین کــەلام** |

به مانای من كه ئێستا بەناوی خۆشێنەوە دێمە دونیاوە دوسەد ساڵیك لەمەو بەریش لە (دوون = تەن)ی مەولامدا بووم.

بە پێی بڕوای یارسانەكان (پیرشالیاری هەورامی) یەكێكبووە لە موریدە گەورەكانی (شاخۆشێن)، ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ژیانی پیشالیارەكان بدەینەوە كە لە هەندێ سەرچاوەدا دوو پیشالیار و لە هەندێكی تریشدا سێ پیشالیارن، دەبینین ئەو پیشالیارەیان هاوتەمەنی شاخۆشێن بووە، (پیشالیاری زەردەشتی = پیشالیاری یەكەم) خاوەنی كتێبی پیرۆزی (ماریفەت)ە.

(شاخۆشێن) لەم دووبەیتییەكدا فەرماندەدات بە (پیرشالیار) كە ئەسپی بەورینی زینبكات و دوژمنانی ڕێوڕەچەی یارسان لەناوبەرێت ئەمەی خوارەوەش ئەو دەربڕینەیە:

شەهریار دیـن شەهریار دیـن
ئەز چەنی تۆمەن شەهریار دیـن
جڵەو دوودم وەدەستەن نگـین
وەوارمای شا بەورت كەرە زیـن

لێرەدا پێویستە قسەلەسەر ئەوە بكەین لە هەندێك سەرچاوەدا تێكەڵاوی لە نێوان (شاخۆشێن و باوا خۆشێن)دا كراوە، گوایا لە لوڕستانەوە هاتۆتە هەورامان بۆ لای (پیشالیار).

بە پێی كتێبی پیرۆزی سەرەنجام (شاخۆشێن) ساڵی (467ك) كە لە تەمەنی (61) ساڵیدا دەبێت، لە گەڵ ژمارەیەك لە یاوەرانیدا لە نزیك ڕووباری (گاماسپ)دەبن، بە مەبەستی مەلەكردن دەچێتە ناو ئاوی ڕووبارەكەوە و ئیتر نایەتە دەرەوە[97].

**چوارەم - باوا ناووسی جاف = باوا ناووسی سەرگەتی:**

سەبارەت بە مێژووی ژیانی (باوا ناووس) جیاوازی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەكاندا هەن، لە كتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)دا هاتووە:

(باوا ناووسی جاف) لە سەدەی پێنجەمی كۆچیدا ژیاوە، لە سەردەمی لاویەتییەوە خراوەتە بەر خوێندن، و هەوڵی بەدەستهێنانی زانستی داوە، پاشان وازی لە خوێندن هێناوە و وەك گەڕۆكێك هەڵسوكەوتی كردووە، زۆر شوێن گەڕاوە و قسەی نەستەقی كردووە، لە بەر ئەوەی خەڵك لە قسەكانی تێنەگەیشتوون بە (شێت) لە قەڵەمیانداوە[98]. لە كتێبی (برهان الحق)دا نووسراوە: (باوا ناوس) لە ئێلی جافە و لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی كۆچیدا ژیاوە، باسی لەوە كردووە كە تیشكی خوایی تێداجێگیربووە و هەوڵی بڵاوكردنەوەی (ڕێوڕەچەی یارسان)ی داوە[99].

لە کتێبی مێژووی کوردی- بەرگی یەکەم-دا نووسراوە: باوا ناووسی جاف ساڵی (447 ك) لە دایکبووە و هەر بە منداڵی خراوەتەبەر خوێندن, پاشان بۆ خوێندن بە تەواوی شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە, (فەلسەفەی ئایین) و شتەکانی تری خوێندوون, پاشان گەڕاوەتەوە زێدومەڵبەندەکەی خۆی داوایکردووە خەڵك بچنەسەر ڕێوڕەچەکەی, بەم چەشنە گەلێك لایەنگری پەیداکردووە[100].

(باوا ناووس) شاعیر و عاریف و تەمبوورژەنبووە, شیعرەکانی خۆی و ژمارەیەك لە یارانی لە تێکستە پیرۆزەکانی یارساندا بلاوکراونەتەوە, یەکێك لەو تێکستانەش ناوی (دەورەی باوا ناووس)ە, سەبارەت بە ڕەچەڵەکی خۆی لە شیعرێکیدا وتوویەتی:

نامەن بلە و شۆرەتم ناوس
بابۆم ئەحمەدەن صاحب جا و کووس
پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاوس
زات ئا سوارەنان چەنی کەیکاوس

ناوم (بلە)یە و بە ناووس ناسراوم, باوکیشم ناوم ئەحمەد کە خاوەنی شوێن و ناوی خۆیەتی, پەڕی تاوسم لەسەر ناوە و لە گەڵ (کەیکاوس)دا لە یەك ڕەچەڵەکین.

لێرەدا بۆماندەردەکەوێت ناوبراو ناوی (ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد)ە, هەر چەندە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە (بابا ناووسی جاف) ناویهاتووە, بەلام خۆی لێرەدا ئاماژەی بۆ ئەو ڕەچەڵەکەی نەکردووە, بەوەش کەپێیدەوترێت (باوا ناووسی سەرگەتی) زۆربەی تەمەنی لەو گوندەدا بەسەربردووە و مەزاریشی لەو گوندەدایە.

(باوا ناووس) هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتووی هەبوون, نەیاری زۆریشی هەبوون کە بەرەنگاریانکردووە و هەوڵیانداوە لە بانگەشەکەی ڕێبگرن, بۆیە ئەمیش لە بەرامبەردا بۆ ئەوە کاریکردووە کۆتایی بەو هەولانەیان بهێنێت و سەری پێبسپێرن, لەم بوارەدا وتوویەتی:

ئەز ناوسەنان جەی بەرزە ماوا
ئاسیاوم نیاوە جەی تاش کاوا
هەرکەس نەهارۆ بەلا نیاوا
فەردا مەوینی رووشیان سیاوا.

**واتای شیعرەكە بەم شێوەیە :** من (ناووس)م لەم شوێنە بەرزەدا و لەناو ئەم بەردەڵانەدا ئاشی خواپەرستیم داناوە, هەر كەسێك باراشی خۆی تێدا نەهاڕێ, دواڕۆژ ڕوورەشدەبێت.

**بۆ زیاتر قسەكردن سەبارەت بەم زاتە پێویستە باس لەوە بكەین :**

باوا ناووس كە ناوی ئیبراهیم كوڕی ئەحمەد و وەك خۆشی باسیكردووە كوڕی پیاوێكی ناودار و لە بنەماڵەیەكی دەستڕۆیشتوو بووە, (سەرگەت)یش وەك لە شوێنەوارە دێرینەكانیدا دەردەكەوێت گوندێكی زۆر كۆنی هەورامانە, نیشتەجێبوون تێیدا بۆ پێش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە و نەوەك بۆ سەدەی پێنجەمی كۆچی كە (باواناووس)ی تێدا ژیاوە, بەو مانایە ئەم گوندە بۆ یەكەمجار ناوبراو ئاوەدانی نەكردووەتەوە, ئەی كەواتە چۆن لەوێدا نیشتەجێبووە و خەڵكانی بۆ سەر ڕێوڕەچەكەی بانگكردووە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێم: بارودۆخی هەورامان و باوەڕی دینی خەڵكەكەی بۆ بانگەشە دینییەكەی (باوا ناووس) گونجاوتربوون, چونكە پێشینەیەكی ئەو بیر وباوەڕە پێشینەیەكی مێژوویی لە ناویاندا هەبووە, هەوڵەكانی هەریەك لە (بالوولی مایی) و یارەكانی, پاشانیش (باوا سەرهەنگی دەودانی) و یارەكانی زەمینەی بەتەنگەوەهاتن بۆ ئەو بانگەشەیان لەو ناوچەیەدا ئاسانتركردووە.

1– ئەوانەی لە سەرەتاوە ململانێی توندیان لە گەڵ (باوا ناووس)دا كردووە, دواتر سەریان پێیسپاردووە و بوون بە موریدی دڵسۆزی, یەكێك لەوانەش (دایە خەزانی سەرگەتی) بووە, (دایە خەزان) شاعیر و عاریف و تەمبوورژەنبووە, وەك لە شیعرەكانیدا دەردەكەوێت سەرەتا زۆر دژایەتی (باوا ناووس)ی كردووە و هەوڵی كوشتنیشی داوە, بۆ ئەو مەبەستە داوای لە كوڕەكەی خۆی كردووە بەو كارە هەڵسێت وەك لەم دوو دێڕە شیعرەیدا دەردەكەوێت:

> **شێرە[101] كریا جەور شێرە كریا جەور**
> **نەدەست بلە[102] مەردم كریا جەور**
> **دادمان ڕەسان نەدەست ئی گەور[103]**
> **دەستی وەش ئافات دندانش هزەور**

**واتای شیعرەكە بەم شێوەیە :** شێرە ستەمان لێدەكرێت و (بلە= باوا ناوس) ستەم لە خەڵك دەكات, وەرە بە هانامانەوە و لە دەستی ئەم گاورە ڕزگارمانبكە.

2– پاشان دەبینین هەر خودی ئەو دایە خەزانەی بەو شێوەیە بەرەنگاری (باوا ناووس) بووەتەوە, بە جۆرێكی تر باسیكردووە, وەك لەم دوو دێڕە شیعرەیدا دەردەكەوێت:


www.pertwk.com

تــيری وەت كــەفۆ دەم و دگانــا
مەردەت زیندە كەرد جە گۆڕستانا
یــارت گڵــەودان جــە وەر ئاوانــا
جــای خــوا یــوەن هــەنش نیشــانا

**مانای ئەم شێعرە بەم شێوەیە:** تیرێكت بۆ هاویشتم مردووت لــە گۆڕستاندا زیندووكردەوە و یاری خۆت لــە گێژاوی ئاواندا هێنایە دەرێ, هــەر لــەوەوە بۆمەدركــەوت كــە هێزێكی خوداییت هەیە, لێرەدا (دایە خەزان) بــە راشــكاوانە پێمانــدەڵێت: بــەر لــەوەی بچــێتە ســەر ڕێوڕەچــەكەی (بــاوا نــاووس) وەك مــردووی نــاو گۆڕســتان و گیرخواردووی ناو گێژاوی ئاو بووە.

3- بنەماڵــەی شــێخەكانی (گونــدی ســەرگەت)ی هــەورامان خۆیاندەبەنــەوە ســەر (بــاوا نــاووس), وەك لــە هەندێكیانم بیستووە سەجەرەیەكیان هەیە دەیسەلمێنی ناوبراو باوا گەورەیانە و هاوكات باسیش لەوە دەكەن, لە ناو ئەو سەجەرەیەدا دەركەوتووە (باوا ناووس) لەنەوەی (باوا سەرهەنگی دەودانی)یە, من كارم بەوەوە نییە كە ئەو سەجەرەیە چۆنە و دەچێتەوە سەر كێ؟ تەنها ئەوەندە دەڵێم: (باوا ناووس و باوا سەرهەنگ) وەك لە سەرچــاوە و تێكســتەكانی (یارســان)دا دەردەكــەوێت هــەردووكیان رابــەری گــەورەی دینــی یارســان بــوون و شیعرەكانی خۆیان گەواهی ئەم راستییە دەدەن, هــەر كەسێكی تریش بەڵگەیەكی پێچەوانەی لایە با بیخاتە پێشچاو بۆ ئەوەی راستییەكان باشتر دەربكەون.

**پێنجەم - سان سەهاكی بەرزنجی = سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی:**

لەسەر رۆشنایی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە (سان سەهاك) كردووە بۆمان ئاشكرادەبێت, ناوبراو كوڕی (شێخ عیسای بەرزنجی) و دایكی ناوی (دایراك خاتوون) بووە[104], دەربارەی مێژووی ژیانی ئەم زاتە جیاوازی لە سەرچاوە مێژووییەكاندا هەن, لە (كتێبی سەرەنجام)دا هاتووە ساڵی (528ك=1133ز) لە دایكبووە و ساڵی (628ك=1230ز) كۆچــی دوایــیكــردووە, لــە كورتــەی ســەرەنجامدا هــاتووە: گوایــا ســاڵی (605ك=1208) لــە دایكبووە بەڵام ساڵی مردنی نەنووسراوە, لە یاداشتەكانی (كاكا ڕەدائی)دا هاتووە ساڵی (445ك=1053ز) لە دایكبووە و ساڵی (588ك=1192ز) كۆچی دواییكردووە, لــە كتێبــی (شاهنامەی حەقیقەت)دا نووسراوە ساڵی (612ك=1215ز) لــە دایكبــووە و ســاڵی (912ك=1506ز) كۆچــی دواییكــردووە, ســەرەتای خوێنــدنی لــەژێر دەســتی باوكیــدا بــووە و پاشــان لای (مــەلا ئەلیاســی شــارەزووری) خوێندوویــەتی, دواتــر بــۆ خوێنــدنی (فقهــی ئیسلامی) ڕۆیشتۆتە قوتابخانەی (نیزامییەی بەغداد), لەوێوە چۆتە شام و لەوێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە, پاشان حەجیكردووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێدو مەڵبەندەكەی خۆی, لە تەمەنی (29) ساڵیدا ڕوویكردۆتە هەورامان لــە (پــەردیوەر[105])ی نزیــك (دەودان) نیشــتە جێبــووە[106], ئــیتر قۆنــاغێكی نــوێ لــە ڕێكخســتنەوەی ڕێوڕەچــەی یارسان لەسەردەستی (سان سەهاك)دا دەستپێكردووە.

(سان سەهاكی بەرزنجی) لە ناو هەر پێنج ڕێبەرە گەورەكەی (ڕێوڕەچەی یارسان)دا لە هەموویان زیاتر شوێن پەنجەی بە لایەنەكانی گەشەكردن و ڕێكخستنەوەیەوە دیار و كاریگەرە, بەر لەوەی بچمە سەر ئەم باسە و گرنگترین كارەكانی ناوبراو لەم پێناوەدا باسبكەم, قسە لەوە دەكەم یارسانەكان گەلێك (پەرجووی دینی= موعجیزەی دینی) دەدەنە پاڵی, من كارم بەوەوە نییە ئەو پەرجووانە تاچەندە لە گەڵ ركێفی ئەقڵ و ژیریدا دێنەوە و تا چەندەش لە ئەفسانە دەچن, بەڵام دەمەوێ ئەوە بخەمە پێشچاو (پەرجووی دینی) بەشێكە لە تایبەتمەندییەكانی سەرجەم دینە ئاسمانی و ئینسانییەكان, لەم بوارەشدا ئەم ڕێوڕەچەیە شتی خۆی هەیە, لە خوارەوە چەند خاڵێك ئاماژەپێدەكەم:

1- بابەتی درێژبوونی دارەكە لەكاتی نۆژەنكردنەوەی مزگەوتەكەی بەرنجە و كە بووەتە هۆی ئەوەی (سان سەهاكی بەرزنجی) زیاتر لە باوكی نزیكبێتەوە.

2- شەڕی ئەشكەوتی (نەوێ) و سەركەوتنی (سان سەهاك) بە سەر لەشكری (چیچك)دا, لەم بارەوە یارسانەكان پێیانوایە, كاتێك (سان سەهاك) بە مەستی كۆچكردن لە بەرزنجەوە بەرە و هەورامان كەوتووەتەڕێ, لەشكرێك كە بەسەرپەرشتی براكانی دەكەونە شوێنی و لە ئەشكەوتی (نەوێ)دا ڕووبەڕوویان بوونەتەوە, پاش ئەوەی (3)شەو و ڕۆژ لە گەڵیان جەنگیون (لەشكری چیچك) زۆریان بۆ هێناون و تەنگیان پێهەڵچنیون, (داود) كە یەكێكبووە لە یارانی (سان سەهاك) هاتووەتە لای پێیوتووە فریایانبكەوێت, ئەویش وتوویەتی: مشتێك خۆڵ لە ژێر ئەم ڕاخەرەكەم دەربكە و بە ناو لەشكری دوژمندا بیوەشێنە, پاش ئەوەی (داود) بەو كارە هەڵساوە, دنیا بە جارێك تاریكبووە و لەشكری (چیچك) بە تەواوی لە ناوچوون, ئەم دێرانەش لە (كەلامی پەردیوەری[107]) باس لەو شەڕ و بەسەرهاتە دەكەن:

شا[108] فەرما داود بدەرە جەلا
بوەزەنە چیچك وە عەزمی غەزا
وە ئارمای شا داود ورێزا
نەما وە جەلا یۆ یۆی مستەفا
سەر فرۆز ئاوەرد غولام نیلە تار
لوا پەی چیچك تایفەی كوفار
سێ شەبانە رۆژ غەزای چیچك كەرد
تاقی زی حەیات ژیشان بەر نەكەرد
سێ شەو و سێ رۆژوە تاریكی
یۆ یۆشان بری خارجی و تەمكی
تەمە رەماوە بی وە رۆشنایی
نە پای سێ رۆژە دەعوەت پادشایی[109]

3- کاتێك (سان سەهاکی بەرزنجی) چووەتە (پەردیوەر)ی نزیك دەودان (پیر مکایەڵی دەودانی) کە خاوەن زەویوزارێکی زۆر و دەسەڵاتدار بووە, سواری شێرێك بووە و مارێکی وەك قامچی گرتووە بە دەستەوە, هاتووە هەڕەشەی لە (سان سەهاك) کردووە گوایا چۆن بەبێ پرسی ئەو هاتووەتە ئەو ناوچەیە و خانوو درووستدەکات , لەو کاتەدا (داود) خەریکی دیواردرووستکردن بووە, (سان سەهاك) فەرمانی بە داود داوە لە دیوارەکە بخوڕێت و دیواریش داویەتییە غاردان, (سیروان) کە لەو شوێنەدا زۆر تەنگەبەرە گوایا ئەو رۆژە لە جۆشوخرۆشێکی زۆردا بووە, (سان سەهاك) فەرمانیداوە بێدەنگبێت و راخەرێکی لەسەر راخستووە بانگی (پیرمکایەڵ)ی کردووە بێت لە گەلچیدا دانیشێت, هاوکات دەستیکردووە بە ناو ئاوەکەدا و ماسییەکی گەورەی دەرهێناوە, بە پیر مکایەڵی وت گۆشتی ماسی بخۆ, بەڵام ئێسقانەکانی مەشکێنە, لەو کاتەدا ماسییەکی تر لە ئاوەکە سەریدەرهێناو داوایکرد (سان سەهاك) هاوسەرەکەی زیندووبکاتەوە, (سان سەهاك)یش ماسییەکەی خستەسەردەستی بە (سڕی قودرەت و نووری خوایی) ماسییەکەی زیندووکردەوە, ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە سروودی ژمارە(3) کە باسی ئەو بەسەرهاتە دەکەن:

| |
|---|
| پـــيره مكايـــل دەودانــــی مـــاوا<br>چەنی شێخ سەهاك كەرد پەی دەعوا<br>مار كەرد ڤە قەمچی سوار بە ڤە شێر<br>شێرش مێرانا ڤە خوازی دەلێر<br>سوار بی ڤە شێر رانا ڤە هەی هەی<br>تا رەسی ڤە لەب سیروانی بێ پەی<br>ئاوازش كەرد هەی شێخ سەهاك<br>قەبوولم نیەن تۆ نەی ماوا خاك<br>قەبوولم نیەن تۆ نە پەردیوەر<br>بسازی یانە بنمانی هونەر<br>ئەو رۆژ یار داڤێد مەسازا دیڤار<br>شاه ڤات ڤە داڤێد سوار بۆ دیڤار |
| بزان مكائیل ئامان پەرێ چێش<br>بچۆ ڤە راڤە بێ خۆف بێ ئەندێش<br>سوار بی دیڤار داڤێد دانا<br>ڤە جۆشی هەی هەی دیڤار مەڕانا |

ئەم سرووده درێژه ئەم چەند دێڕەیمان وەك نموونە بۆ باسەكەمان هێنایەوە, لە شوێنی خۆی و لە بابەتی (سروود و پەخشانەكان)دا هەمووی دەنووسینەوە.

ئێستاش دێینە سەر كارە گرنگەكانی (سان سەهاكی بەرزنجی) لە پێناو رێكخستنەوەی (رێوڕەچەی یارسان)دا بەم شێوەیە:

1- رازی یارێتی فێری خەڵك كردووە.

2- یاران و لایەنگرانی خۆی كردووە بە پانزە بەشەوە و بۆ هەر بەشێكیان ئەركێكی تایبەتی دیاریكردووە, ئەمانەش ئەو پانزە بەشەن: (حەوتەن, حەوتەوانە, حەوت خەلیفە, چل تەن, حەفتاودووپیر, یارانی قەوەڵتاس, حەوت خادم, حەوت حەوتەوان, چل چل تەنان, نەوەدو نۆپیرەی شاهۆ, شەست و شەش غولامی كەمەرزێڕین, هەزار ویەك بەندە و خواجە وێنە, بێوەن بەندە, بەیوەر هەزار بەندە).

3- پێکهێنانی (جەم) و باو و برەوی گوێزشکاندنی رێکخستووە (گوێزشکاندن یەکێکە لە نەریتە دینییەکانی یارسان و لە ناویاندا پیرۆزییەکی گەورەی هەیە).

4- دیاریکردنی سێ رۆژ بۆ رۆژووگرتن و دیاریکردنی رێوڕەسمی جەژن.

5- دیاریکردنی سرووتە دینییەکان و خوێندنەوەی شیعرو ژەنینی تەمبوور لەکاتی سرووتەکاندا, هەروەها بەفەرمانی ئەو تەواوی رەوشتەدینییەکانی یارسان وەك: (تەلقینی مردوو, خۆشتن, قوربانیکردن, دەستگیربوون...هتد)بەشیعر هۆنرانەوە..

(سان سەهاکی بەرزنجی) ناوبانگییەکی زۆری پەیداکردووە و ژمارەیەکی زۆر لە مەلایان و زانایانی دینی ئەو سەردەمە بوون بە موریدی, هەر ئەوەش وایکردووەچەند مەلایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دژی رێوڕەچەکەی بوەستن لەوانە (مەلا ئەلیاسی شارەزووری, مەلا شەفیع, مەلا شوکرولاّ, مەلا سوورە, مەلا غەفوور, مەلا نەسوور, مەلا قودوور...هتد).

پاش ئەوەی سەبارەت بە پێنج رابەرە دینییە گەورەکەی یارسان قسەوباسمانکرد, لە بەر ئەوەی (پیشالیاری زەردەشتی = پیشالیاری یەکەم)یش , لای یارسانەکان کەسێکی پیرۆزە و لە سەر رۆشنایی ژمارەیەك لە تێکستە دینییەکانیان یەکێکبووە لە گەورە موریدەکانی (شاخۆشێنی لۆرشستانی) بە پێویستی دەزانیین کەمێك سەبارەت بەم زاتە بدوێین.

1- لە دەستنووسی (سەرەنجام)دا نووسراوە پیر شالیاری یەکەم ناوی (خواداد کوڕی جاماسپی هەورامی)یە و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا لەهەورامان سەریهەڵداوە.

2- مامۆستا رەشید یاسمی لە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او)دا نووسیویەتی: یەکێك لە موغانەکانی زەردەشت لەهەورامان بووە و ناوی (پیری شالیار) بووە, کتێبێکی لە شوێن بەجێماوە ناوی (ماریفەتو پیری شالیار)ـە کە بەشی زۆری ئامۆژگاری و قسەی نەستەقە.

3- موزەفەرخانی رەزاو لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان)دا کەبەزمانی فارسی نووسیویەتی: پیرشالیار ناوی (باوا مستەفا کوڕی باوا خوادا)یە و گەیشتۆتە پایەی بەرزی پێگەیشتن.

4- مامۆستای (محەممەد بەهائوددین مەلاصاحب) لە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی: پیرشالیاری زەردەشتی کوڕی جاماسپی هەورامییە و لەسەر دینی زەردەشت بووە.

5- دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی -بەرگی دووەم-دا نووسیویەتی:پیرشالیاری یەکەم لەسەراوەردی شاخەکانی بەرزی هەورامانەوە سەریهەڵداوە, بیرە جوانەکەی ئاوێنەیەکە بۆ دەروێشانی خواپەرست و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا ژیاوە.

6- مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە دەستنووسی (مێژووی هەورامان)دا هەمان دەربڕینی دەستنووسەکەی (موزەفەرخان)ی خستۆتەڕوو.

7- هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: پیرشالیاری یەکەم ناوی (خواداد جاماسب)ە لەشاری هەوراماندا هاتۆتە دنیاوە و هەر لەوێش مردووە.

8- مامۆستا عەلائوددینی سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - دا هەمان قسەکانی مامۆستا رەشید یاسەمی دووبارەکردۆتەوە.

هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین هەندێك لەم سەرچاوانەی ناومانهێنان ناوی دوو پیرشالیار و هەشیانە ناوی سێ پیرشالیاری هێناوە, بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پیرشالیاری یەکەم (دیندار, زانا, شاعیر و عارف) بووە, کتێبێکی لەشوێن بەجێماوە بەناوی (ماریفەتو پیشالیاری = ماریفەتی پیرشالیار).

لەسەر رۆشنایی هەندێك لەسەرچاوەکان (ماریفەتی پیرشالیار) بەشێوەزمانی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە, وەك کتێبی (ئاوێستا) بەند بەندە و لای زەردەشتییەکان زۆر پیرۆزە, لە یەکێك لەبەندەکانیدا

وەروێـــوە وارۆ وەروە وەرێنـــە
وەرێســە برِیـۆ چـوار سەرێنـــە
کەرگێ‌سـیاوە هێڵـە چـەرمێنە
گوشـلی مـەمێرِیۆ دوە بەرێنـــە

فەرموویەتی:

دەربارەی ئەم شیعرە رازێکی دەماودەمی لە هەندێك لە ریشسپییەکانی هەورامانەوە هاتووە گوایا پیرشالیار پێشبینی سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و لەم شیعرەدا مەبەستی ئەوە بووە, کە دینێك دێت هەموو دینەکانی پیش خۆی دەسرێتەوە و پاش کۆچی دوایی رابەرەکەشی چوار خەلیفەکەی جێیدەگرنەوە, هەروەها چۆن مریشکی رەش هێلکەی سپی دەکات پیغەمبەر لەناو قورەیشییەکاندا هەڵدەکەوێت, هەموو مرۆڤێکیش پاش مردنی یان بەهەشتییە یاخود جەهەنمی, بەلأم مێژوونووس (مەردۆخ) لە کتێبی (تاریخ مردۆخ)دا نووسیویەتی: لەم شیعرەدا پیرشالیار داوای یەکگرتن و یەکدەستی لە هەورامییەکان کردووە و وتوویوتی ئەگەر یەکگرتوو نەبن وەك بەفر دەتوێنەوە و وەك گوریسێکتان لێدێت کە لەکاتی پچڕانیدا دەبێت بەچوار بەشەوە[1].

**لە بەندێکی تری (ماریفەت)دا پیرشالیار فەرموویەتی:**

| |
|---|
| **داران گیانـــداران جـــەرگ و دڵ بەرگـــەن** |
| **گـــاهێ پڕبەرگـــەن گاهـــێ بێبەرگـــەن** |
| **کەرگـــە جـــە هێڵـــە و هێڵـــە جەکەرگـــەن** |
| **رەواس جـــە رەواس وەرگ جـــە وەرگـــەن** |

سەبارەت بەم شیعرەش لێکدانەوەی جیاجیای بۆکراوە و زۆربەی لێکدانەوەکانیش زیاتر رواڵەتین و وایانلێکداوەتەوە گوایا چۆن مرۆڤەکان دڵ و جگەریان هەیە, دارو درەختەکانیش دڵ و جگەریان هەیە کەگەڵا و رەگەکانیانن, وە مریشك لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشك پەیدا دەبێت , رێوی لە رێوی و گورگیش لە گۆرگە, (دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی)یش نووسیویەتی: پیرشالیار لەم دوو بەیتییەدا دەڵێت: چۆن درەخت پێویستی بەڕەگ و ڕیشە هەیە, مرۆڤیش پێویستی بە خزم و یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە بەکۆمەڵ بژین و ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەستبهێنن[1].

(هادی بەهمەنی)یش پێیوایە مەبەستی لەدارەکان هەورامییەکان بووە, بەوەی هەرچەندە تەلاتمی ژیان نەهامەتی بەسەر هێنابن بەلأم لە رووی دین و باوەڕەوە هەر پڕبەرگبوون, دینەکانیش وەك مریشك و هێلکە وان و هەریەکێکن ئیتر بۆ دینی موسایی و عیسایی و ئیسلام هاتن؟, دینی زەڕدەشت کە سەردەمانێك باشبووە بۆ لە کاتێکی تردا دەردناخوات؟.

ئێمەش وای بۆدەچین مەبەستی پیرشالیار لەم شیعرەدا پرسیارێکی عیرفانی گەورەیە, بەوەی لە کاتێکدا رێوی لە رێوی و گورگ لەگورگە, ئەی دەبێت هێلکە و مریشك کامیان بەر لەکامیان سەریانهەڵدابێت و لێرەوە ویستوویەتی باسێك لەگەشەکردنی ژیان بکات.

پیرشالیار زۆرجار پاش تەواوبوونی هەموو بەندێك لە فەرموودەکانی ئەم دێڕەی دووبارە کردۆتەوە:

**هۆشت جەواتەی پیشالیار بۆ**
**گۆشت جە کیاستەی زانایسیماربۆ[1]**

دەربارەی ئەم شیعرە (مەردۆخ) بە پیشت بەستن بە کتێبی (دبستان مذاهب)ی (ئەحمەد کوڕی ئەبووبەکر) دەڵێت: مەبەستی پیشالیار لە (زانایسیمار) زەڕدەشتە, چونکە ناوبراو بە (وەخسوور سیماری) ناویدەرکردووە[1].

لە هەندێك لەسەرچاوەکاندا تێکەڵاوی لەنێوان هەریەك لە پیرشالیاری یەکەم و پیرشالیاری دووەمدا کراوە, بەڵام خوالێخۆشبوو (عەلائوددینی سەجادی) دەڵێت: پیرشالیاری یەکەم ئەو پیرشالیارە نەبووە کە هاوزەمانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە و هاتۆتە سەردیینی ئیسلام[1].

بەوردبوونەوە لە سەرچاوەکان بۆماندەردەکەوێت کە پیرشالیاری دووەم لەنەوەی پیرشالیاری یەکەم بووە و پاش ئیسلامبوونی ناوی خۆی ناوە (مستەفای کوڕی خواداد) و دەستکاری کتێبی ماریفەتی کردووە و چەند بەندێکیشی لابردووە.

هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین هەندێك پێیانوایە چەند دێڕە شیعرێك کەبە شێوەزمانی هەورامی کۆن لەسەر پێستی ئاسك نووسراون و زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر لەئەشکەوتی (جێشانە)دا دۆزراونەتەوە شیعری (پیرشالیاری یەکەم)ن, بەڵام هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نییە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت, شتێکی ئاشکرایە ئەم شیعرانە کۆنترین تێکستی شیعری کوردین و پێدەچێت خاوەنەکەیان لەترسی گیانی ناوی خۆی ئاشکرانەکردبێت, ئەمانەی خوارەوەش ئەو شیعرانەن:

**هورمزگان رمان ئاتران کژان**
**وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەب کردنە خاپور**
**گناو پاڵەیی هەتا شارەزوور**
**شەن و کەنیکا وەدیل بشینا**
**مەرد ئازا تلی وەرووی هوینا**
**رەوشت زەردەشت مانۆ وەبێکەس**
**بزیکا نیکا هورمزد وەهیچ کەس[1]**

**شیعرەکان دەڵێن:** پەرستگاکانی هورمزد رووخێنران و ئاگری ئاتەشگەکان کوژانەوە, گەورە گەورەکان مەبەستی لە (سەردارەکان, موغەکان, پیاوماقووڵەکان) خۆیان شاردەوە و عەرەبە زۆردارەکان هەر لەم لاپاڵانەوە


www.pertwk.com

هەتاكو شارەزوور هەموويان خاپووركرد, ژنان و كچان بەديل گيران و پياوە ئازاكان لەخوێنی خۆيان گەوزان, رەوشت و دیینی زەرِدەشت بەبێكەس دەمێنێتەوە و (هورمزد= ئاهورامەزدا) بەزەیی بەكەسدا نەهاتەوە.

لە بەندێكی تردا پیرشالیار فەرموویەتی:

يـاران جـە رێـواس يـاران جـە رێـــواس
پادشــام پەيــدا بــی جەدانــەی رێـواس
مەشـيە و مەشـيانە بـەرئامان جـە واس
پـــــەری ئازمايـــی مـــيردان رەواس

ئـەم شـيعرانەی پيرشـاليار بـاس لەوەدەكـەن گوايـا (شاخۆشـێن) لەدانـەی رێـواس دروسـتبووە, بـاوەڕی دروسـتبوونی مـرۆڤ لـە گـژ وگيـا لـەناو ديينـەكانی (هيندۆسـی, مـانيی) و تەنانـەت لای زەردەشـتييەكانيش بەرچاودەكەوێت.

# ئەو بازنانەی سان سەهاك لە گەورە موریدەكانی دەوروبەری دروستیكردوون

(سـان سـەهاكی بـەرزنجی) پـاش ئـەوەی لـە پـەرديوەردا (خـانوو, پەرسـتگە و جەمخانـە)ی دروستيكردوون گەلێك موريد و شوێنكەوتووی لە دەور كۆبوونەتەوە, هاوكات رێڕەوچەكەی بەشێوەيەكی خێرا گەشـەيكردووە و بە هـەموو لايـەكی دەوروبەريـدا بڵاوبووەتـەوە, نـەك هـەر ئەوانـەی پێشـتر لـە سـەر رێڕەوچـەی يارسان بوون, بەڵكو ژمارەيەك لە گەورە مەلا و پياوە ئاينييەكانی ئەو دەمە لە هـەموو لايەكـەوە روويانكردووەتـە (پـەرديوەر), دڵسـۆزی و شـوێنكەوتوويی خۆيـان بـۆ نـاوبراو سـەلماندووە, ئـەو دۆخـەش وايكـردووە ئەركـە دينييەكان بە تايبەت لە رووی سەرپەرشتيكردنی موريدانەوە لە سەری گرانتر بن و تەنها بە خۆی نەچن بەرێوە, هەر بۆيە بۆ راپەراندنی ئەركە دينييەكان چەند بازنەيەكی بەم ناوانە دروستردوون:

**بازنەی يەكەم - هەفتەن = حەوت تەن:** ئەم بازنەيە لای يارسانەكان پێپياندەوترێت (حەوت تەنی جاويـدان= حەوت تەنی نەمران) و لەسەرەتای دونياوە هەتاكو كۆتايی دونيا رۆحيان لە گەڕاندايە, بۆيان هەيـە لـە (تـەن = جيسـم)دا خۆيانـدەرخـەن و هێـزی خواييـان تێدايـە, ناوەكانيـانن لەسـەردەمی (سـان سـەهاكی بـەرزنجی)دا بـەم شـێوەيەن: (پيربنيـامين= پيرخـدری شـاهۆ, پـيرداود= پـيرداودی رەهبـەر, پيرمووسـا= روكنـوددينی ديمەشـقی,

ڕەمزبار= خاتوودایراك, مستەفادەودانی, شا ئیبراهیمی ئێوەت = مەلەك تەیار, باوا یادگار), سەبارەت بە هەریەکێك لەمانە و ڕۆڵیان لەو سەردەمەدا بەکورتی دەدوێین:

1- **پیر بنیامین:** یەکێکە لە فریشتەکانی دەورەی (سان سەهاکی بەرزنجی) و دەتوانین بڵێین ژمارە یەکە لە ناویاندا, ناوبراو لە سەردەمی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) لە تەنی (سەلمانی فارسی) و لە سەردەمی (شاخۆشێن) لە تەنی (کاکارەدایی)دابووە و لە بنەڕەتدا خودی (جوبرائیل)ە, بۆ ئەم مەبەستە با لەم دێڕانە وردببینەوە:

**ئەڤەڵ کە سەلمان کاکە ڕەزا بیٚ**

**تەحقیق بزانەن جبرائیل ئەو بیٚ**

لە سەر ڕۆشنایی دێڕە شیعرێکی (ئەعلادین) ناوبراو ساڵی (633ك) لە لە (شاهۆ) لە دایکبووە,

**ئەمەش ئەو دێڕە شیعرەیە:**

**ساڵ شەش صەد و سی و سیٚ تەمام**

**بنیام جە شاهۆ پەیدا بی وەکام**

(پیر بنیامین) پایەیەکی ڕۆحی بەرزی لای هەموو یارسانەکان هەیە, پێشتر و لە بنەمای (سەرسپاردن)دا باسمان لەوەکردووە, هەموو یارسانێك پێویستە سەربسپێرێت بە (پیر و دەلیل)ەوە, لەم بوارەدا خودی سان سەهاکی بەرزنجی (بنیامین)ی بە پیری خۆی هەڵبژاردووە,

سەبارەت بە پایەی ڕۆحی ناوبراو با لەم دێڕە وردببینەوە لە ناو ئەو (نزا)یەی کە (سەی محەممەدی گەورەسوار کوڕە گەورەی سان سەهاك) لە یەکەم جەمی (پەردیوەر)دا خوێندویەتی:

**وە ئیشارەی شا وە فەرموودەی یار**

**وە شەرت بنیامین پیری سەرڤەتار**

(پیر بنیامین) چەندین پارچە شیعری لە شوێن ماوە کە تیایاندا هەندێك ڕەویەی دینی یارسانەکان دیاریکراون, لە شعرێکیدا گەورەیی ڕۆژ و جەژنی باسکردووە و وتوویەتی:

**کەسیٚ کە ڕۆچەی پادشام کەل کەرۆ** [110]
**ئەر ڕۆژیٚ سەد جار یانەش نوور وارۆ**
**پادشام جە تەقصیر گوناش نەویەرۆ**
**هەر کەس نەگێرۆ یەریٚ ڕویٚ یاران**
**سەر بەرزیش وە پای دیوان ناوەران**
**هەر کەس نەکەرۆ دەعوات شایی**

**بەشش نمەدۆ خـەرمان دۆچـیایی**[111]

لە سەر رۆشنایی بیر و باوەڕی یارسانەکان (پـیر بنیـامین) هـەمان (پـیر خـدری شـاهۆ[112])یـە, دیـارە ئـەوە بۆچوونی دینـی خۆیانـە و ئێمـە کارێکمـان پێـوەی نییـە, بـەڵام ئەوەنـدە دەڵێـێین ئـەو بۆچـوونە بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوەی زۆری پێویستە هەتاکو لە رووی مێژووییەوە بە شێوەیەکی زانستی بسەلمێت.

**واتـای شیعرەکە بەم شێوەیە:** هەر کەسێك رۆژووی (پادشـام= سـان سـەهاکی بـەرزنجی) کـەلبکات = بـەرۆژوو نەبێت, پادشام لـە گونـاهی خۆشـنابێت, هـەر کەسـێك ئـەو (3) رۆژ رۆژووەی بـۆ یـاران= یارسـانەکان دیـاریکراوە نەگرێت, لە دیوانی خوادا سـەربەرزی بە دەستناهێنێت ئەگـەر رۆژانـە چەند جارێکیش نـوور بباریتـە ماڵییـەوە, هـەر کەسـێك پـاش (3) رۆژەکـە خـواردنی تایبـەت بـە جـەژن ئامـادە نـەکات, لـە خـەرمانی پاداشـتدانەوەی رۆژی کۆتایی بێبەشدەبێت.

2- **داود کۆســوار = داودی دەلیــل:** لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەشـتەمی کـۆچی لـە گونـدی (دەودان[113]) لـە دایکبـووە و هـەر لـەوێش خوێندوویـەتی پاشـان چـووەتە لای (سـان سـەهاکی بـەرزنجی) و یـەکێکبووە لەوانـەی نەخشێکی زۆر گـەورەی لـە بڵاوکردنـەوەی رێوڕەچـەی یارسـاندا گێـڕاوە, لـە سـەر رۆشـنایی (سـەرەنجام) دووەم فریشتەی سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی) و رێبـەری یارسانەکانە بۆ رێگەی راست, لـە سـەردەمی (حـەزرەتی عەلی)دا قەنبەر بووە و لە بنەڕەتیشدا (میکائیل)ە, وەك لەم دێڕەدا دەردەکەوێت:

**دییەم کە قەنبەر زاتی میکائیل**

**ڤە راگەی راست ئەو مەبۆ دەلیل**

**واتـای ئەم دێڕە بەم شێوەیە:** دووەم فریشتە (قەنبەر) کە خودی (میکائیـل)ە و بۆ رێگـەی راسـت ئـەو دەبێتـە رێبەر.

(خودی سان سەهاکی بەرنجی) هەر چۆن (پیر بنیامین)ی بە پیری خۆی هەڵبژاردووە, (داودی رێبـەر)یشـی بە (دەلیل)ی خۆی هەڵبژاردووە, هەر سەبارەت بە رێبەری (داود) با لەم دێڕە شیعرەش وردببینەوە:

**رەهبـەر داڤیدەن چـل تــەنش وەشۆن**

**پەرچینەش ئەڵماس هەق وە دونادون**

**پایـەی رۆحـی داود لای یارسـانەکان زۆر گەورەیـە و بـۆ ئاشـنابوون بـەو پایـە رۆحیـە بـا لـەم دێڕانـە لـە** سروودی ژمارە (6) وردببینەوە:

**فەریاد رەس داڤێد فەریاد رەس داڤێـد**
**ڤـە کـل یارســان فـەریاد رەس داڤێـد**
**ئەشخاصـی دێڤـان زەبردەسـت داڤێـد**
**چەرخچـی جیهـان زەبـر دەسـت داڤێـد**
**تەبەر زیـن ڤـە دەس میر شکار داڤێد**
**مـەحرەمی ئەسـرار سـاحیبکار داڤێـد**

ئـەم سـرووە درێـژە و لـە بابـەتی تایبـەت بـە (سـروود و پەخشـانەکان) دەقەکـەی دەنووسـینەوە, لـە یاسوخواسـی (داود)دا دواجـار دەڵـێن: بـە پێـی بـڕوای یارسـانەکان سـووڕانی شـەو و ڕۆژ بـە دەسـتی (داود کۆسوار)ە و بە چەرخچی شەو و ڕۆژی ناودەبەن.

داود کۆسوار) ساڵی (798ک) کۆچی دواییکردووە و لە (کەلی داود) کە تەنها فرسـەنگێك[114] لـە سـەرپێڵی زەهاوەوە دوورە بەخاکسپێردراوە.

3- **پیر مووسی = پیر موسا = روکنوددینی دیمەشقی:** سێیەم فریشتەی سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی)یـە, لە سەردەمی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب (حەزرەتی محەممەد د.خ) بووە و لە
سبنەڕەتیشدا خودی (ئیسرافیل)ە, وەك لەم دێڕانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**سێیەم محەممەد زاتی ئیسرافیل**
**ڤە فەرمانی هەق جەباری جەلیل**

بە پێی باوەڕی یارسانەکان (پیر مووسی) نووسەری تایبەت و دەفتەرداری (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە, وەك لـەم دێـڕە شـیعرەی سـروودی (تـەڵقینی مـردوو)دا دەردەکـەوێت, هـەموو کردارێـك لـە چـاکە و خراپـە تۆمارکردنی لە ئەستۆی (پیر مووسی) دایە:

**محاسب پیر مووسی صاحیب دەفتەرەن**
**قـیبلەی هـەڤـانیش نـە پـەردیوەرەن**

پیرمووسی بە پێی دێڕە شعرێك ساڵی (639ك) لە وڵاتی شام و لە ناو بنەماڵەیەکی کورددا لە دایکبووە, ئەمەی خوارەوەش ئەو دێڕە شیعرەیە:

**پـەی سەنەی ساڵ[115] پیر مووسی گیلام**
**جە دەفتەر شەش صەد سی و نۆ وانام**

**واتـای ئـەم دێـڕە بـەم شێوەیە:** بۆ سـاڵی لـە دایکبوونی (پـیر مووسـی) گـەڕام, لـە دەفتـەردا سـاڵی (639)م خوێندەوە.

ناوبراو پاش تەواوکردنی خوێندن لە زێدی خۆیەوە کۆچیکردووە و سەرەتا هاتووەتە شارەزوور، لەوێشەوە چووەتە لای (سان سەهاکی بەرزنجی) و بووە بە نووسەر و دەفتەرداری، هەر بۆیە نازناوی (قەڵەمزەڕینی دراوەتێ).

(پیر مووسی) شاعیر و عاریفێکی زۆر گەورەبووە و لە شیعرەکانیدا تێڕوانینی گەورەی عیرفانی و پرسیاری جیدی خراونەتەڕوو، هاوکات خۆی زۆرجار وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، لە شیعرێکیدا باسی لە (شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت) کردووە و وتوویەتی:

| |
|---|
| شەرط شەریعەت تەوقیت حەقەن<br>تەریقەت چاوش خەڵق خالقەن<br>حەقیقەت بەرپا شەریعەت لەنگەن<br>جیهان سەقامەر بەندەی یەك رەنگەن<br>ماریفەت مۆرەن جە پەردەی سرپۆش<br>بنایی یارەن جامەی تۆوە نۆش |

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:** مەرجی (شەریعەت) سەرخستنی راستییە و (تەریقەت)یش بۆ ئەوەیە خەڵك باش خوای خۆیان بناسن، هەر کاتێك (حەقیقەت) بەرپابوو، (شەریعەت) ئیتر لەنگدەبێت و (مەعریفەت) دەبێتە مۆری گەیشتن بە نهێنییە پەردەپۆشەکان.

4-**خاتوو دایراکی رەمزبار:** هەر چەندە لە سەر رۆشنایی هەندێك سروود و تێکستی یارسان (خاتوو دایراکی رەمزبار) بە فریشتەی چوارەمی سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی) لە قەڵەمدراوە، هاوکات سروودی تریش هەن (مستەفا دەودانی) وەك فریشتەی چوارەم دەردەخەن، بەڵام هەموو تێکستەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە هەردووکیان لە بازنەی (هەفتەن= حەوتەن)ن،لێرەدا پێویستە کەمێك لەسەر ئەم باسە رامێنین، لەو حەوت دەورەیەدا کە رۆحی خوایی لە تەنی مرۆڤدا جێگیردەبێت، تەنها لە دەورەی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا دەبینین کەسێك لەو چوار فریشتەیەی لە هەموو دەورەکاندا و هەر دەورەی بە ناوێکەوە دەناسرێن (ژن) بێت، من بەش بە حاڵی خۆم وەك کەسێك لە بواری رێوڕەچەی یارساندا دەخوێنمەوە و دەنووسم، ناتوانم ئەوە یەکالاْ بکەمەوە کە کامیان فریشتەی چوارەمە، چونکە سەرچاوەکانی یارسان لەم بوارەدا تێکەڵ و پێکەڵن.

مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (کاکەیی[116])دا خاتوو دایراکی رەمزباری وەك فریشتەی چوارەم دیاریکردووە، بەڵام وەك باسمکرد ئەم دیاریکردنە گەرەکییەتی زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت، چونکە سروودەکان لەم بوارەدا یەکدەنگنین، سروودی وا هەیە (خاتوودایراکی رەمزبار)ی بە فریشتە لە قەڵەمداوە و هینی تریش هەیە بە تکاکاری رۆژی مەحشەر ناویبردووە:

**ڤە کەردەی رەزبار فریشتەی فەردەن**

**ئیجاد جه عەرەق عەتر ویش کەردەن**

لەم دێڕەدا دڵنیایی فریشتەبوونی (ڕەزبار) دراوە, ئەگەر لە سروودی (خۆشتن= وسڵدەرکردن) وردببینەوە (ڕەمزبار) بە خاتوون و تکاکاری مەحشەر لە قەڵەمدراوە:

**وە ئـاب ڕەزبـار خـاتوون مـەحشەر**

**پاك و طاهیر بووم ژە پا تا ڤەسەر**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** بە ئاوی ڕەزبار کە خاتوونی مەحشەرە لەسەرمەوە هەتاکو پێم پاك و تەمیز بوومەوە.

5-**مستەفا دەودانی= مستەفای قابض:** ساڵی (642ك) لەدایکبووە و لە لای (مەلائەلیاسی شارەزووری) خوێندوویەتی, پاشان چووەتە لای (سان سەهاکی بەرزنجی) و لە یارە نزیکەکانی بووە, بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی یارسان ناوبراو لە بنەڕەتدا (ئیزرائیل)ە, ئاشکرایە (ئیزرائیل) ئەرکی گیانکێشانە هەر لێرەوە یارسانەکانیش پێیدەڵێن (مستەفای قابض), لەم بوارەدا ئەم دێڕە شیعرە بە نموونە دەهێنینەوە:

**وە قەدری حشمەت مستەفای زۆردار**

**وە خدمەت کەردە پاك پیری ڕەزبار**

لەم دێڕەدا (مستەفا) بە زۆردار ناویهێنراوە, ئەم زۆرداریەش لە گەڵ ئەرکەکەیدا کە گیانکێشانە هاوجووتە.

هەروەها لە دوا دێڕی سروودی ژمارە (1)ی یارسانەکاندا نووسراوە:

**چوڤارەم ئیزرائیل سری هەق وێشەن**

**حوکمی قابضی هەر هەقی وێشەن.**

لێرەدا باس لەوەکراوە کە (نهێنی هەق) لای خودی ئیزرائیلە و گیانکێشانیش مافی خۆیەتی.

لە هەندێك دێڕی سروودەکاندا ناوی مستەفای دەودانی بە (مستەفای داوەر= دادوەر) هاتووە و مەبەستی لە داوەریەکەشی ئەوەیە هەر کەسێك لە فەرمانی (سان سەهاکی بەرزنجی) لایدابێت ئەم سزایداوە, لەم بوارەدا ئەم دێڕە بە نموونە دەهێنینەوە:

**هەر کەس نە ئەمرت بەر بشۆ وەبەر**

**مەئموور جەزاش مستەفا داوەر**[117]

(مستەفا دەودانی) هەتاکو کۆتایی ژیانی هەر لە (پەردیوە ر و شێخان)دا لە خزمەتی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا بووە و هەر لەوێش بە خاکسپێردراوە.

6- **شا ئیبراهیمی ئێوەت = مەلەك طیار:** ناوبراو کوڕی (سەی محەممەدی گەورەسوار و کوڕەزای سان سەهاکی بەرزنجی)یە, یەکێکە لە بازنەی (هەفتەن= حەوتەن) و لای یارسانەکان کەسێکی زۆر پیرۆزە, (ساڵی


www.pertwk.com

(752ك) لـه گونـدی (شـێخان) لـه دایكبـووه, لـه سـەر ڕۆشـنایی چـەند دێڕێـك لـه شـیعرەكانی خـۆی, ڕۆحـی (شائیبراهیمی ئێوەت) چەند تەنێكی تر گەڕاوه لەوانه:

ئیـبراهیم نەسـەر ئیـبراهیم نەسـەر
بەقای دەور دین یـاریم كـەفت نەسـەر
ئیـبراهیم بیـانم فرزەنـدی ئـازەر
بـتم شكسـتدا بـیم وه پیغەمبـەر

**واتای شیعرەكه بـەم شێوەیه:** كەوتمـه بیركردنـەوه سـەبارەت بـه پێشـینەی ڕێوڕەچـەی یـاری, مـن (ئیـبراهیم كوڕی ئازەر) بووم و بتەكانم شكاند و بووم به پێغەمبەر.

هەروەك خۆی باسیكردووه (شائیبراهیمی ئێوەت) له دەورێكـی تـردا ڕۆحـی لـه تـەنی (فەرەیـدوون)دا بـووه وبه زنجیرەی لەشكری (زوحاك) شكستیداوه, وەك لەم دێڕەدا دەردەكەوێت:

**ئەز فەرەیدوون بیم گاوسەر وەدەست**

**سلسلـەی سوپـای ضحاك دام شكست**[118]

ناوبراو له دوونێكی تردا ڕۆحی چووەته تەنی (شێخ ڕەش)ەوه, وەك له تێكستەكاندا دەردەكەوێت:

**ئەز ئەحمەدم شێخ ڕەش بی خۆنین**

**ئیبراهیـم من كـاكـام بـی سەمین**

**واتای ئەم دێڕه بەم شێوەیه:** من (ئەحمەدی شێخ ڕەش)م, پێشتریش ئیبراهیم ناوم بووه و كاكیشم (سـەمین) ناویەتی.

(شا ئیبراهیمی ئێوەت) كانییەكی هەڵكەندووه به ناوی (هانـەی تـا= كـانی تـا), پیرۆزی ئـاوی ئـەم كانییـه, وەك پیرۆزی ئاوی (كانی غەسلان) وایه له گوندی (تەشار), ئەم دێڕانەش ئەو ڕاستییه دەسەلمێنن:

ئیـبراهیم مـن زەلاڵ كـەرد مـاوا
پـەرێیادگار كـەردش هانـەی تـا
ئـاوش جـاری كـەرد سـەراوش هامتـا
هام ڕەنـگ غەسلان ئـەم ڕێژه و مـاوا


www.pertwk.com

یارسانەكان هەم لە كاتی (وسڵدەركردن) و هەم لە كاتی (مردوو شتن) و لە سروودەكانیاندا ناوی (شا ئیبراهیم) دەهێنن, لەم بوارەدا با لەم دێڕە لە سروودی خۆشتن وردبینەوە:

**ڤە جام ئیبراهیم ئاینەی جیهان بین**

**ڤە ئیقراری شەرت شاە بنیامین**[119]

لە نیوەدێڕی یەكەمی ئەم شیعرەدا دەردەكەوێت كە (ئیبراهیم) لە هەموو نهێنییەكانی جیهان ئاگادارە و وەك ئاوێنەیەكە كە هەموو شتەكانی جیهانی تێدا دیارن.

یارسانەكان پاش شتنی مردووەكانیان و خوێندنی نزای (بنیامین), (9) جامی گەورە ئاو دەكەن بە سەریاندا بەم شێوەیە:

(3) جام بەسەریدا, (3) جام بە لای راستیدا, (3)جام بە لای چەپیدا, ئەو جامەش گەورەیە و لە شەش رەتڵ زیاتر ئاودەگرێت, لە كاتی ئەم كارەیاندا سروودی شتنی مردوو دەخوێنن, لەو سروودەشدا ناوی ئیبراهیم) بەم شێوەیە دێت:

**ڤە قەڵەم زەڕین پیر مووسی دەفتەردار**

**ڤە جام ئیبراهیم ڤە ئابی رەزبار**

(شا ئیبراهیمی ئێوەت) پاش ئەوەی بە فەرمانی (سان سەهاكی بەرزنجی) لە شێخانەوە چووەتە (خانەقین) ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە, پاشان بۆ (بەغدا) رۆیشتووە و لەوێ خەڵكی بۆ سەر رێوڕەچەی یارسان بانگكردووە, لە كۆتایی سەدەی نۆیەمی كۆچی لە (بەغدا) كۆچی دواییكردووە و هەر لەوێش بە خاكسپێردراوە.

7- **باوا یادگار:** سەبارەت بە لە دایكبوونی (باوا یادگار) رازێك هەیە كە یارسانەكان بە یەكێك لە پەرجووە دینییەكانی خۆیانی دەزانن, كورتەی رازەكە بەم شێوەیە:

(پیر مكایەڵی دەودانی) پاش ئەوەی دەبێت بە موریدی (سان سەهاكی بەرزنجی) و سەری پێدەسپێرێت, كچێكی خۆی بە ناوی (شارا) دێنێ بۆ خزمەتكردنی (سان سەهاك), رۆژێك (شا ئیبراهیمی ئێوەت) كە هێشتا منداڵبووە, دارێكی بە دەستەوەبووە, (سان سەهاكی بەرزنجی)یش دارەكەی لێوەرگرتووە و داویەتە دەستی ( پیر ئیسماعیلی گولان), ئەویش لە باخی تازەدا ناشتوویەتی, دارەكە سەوزبووە و بووە بە دار هەنار و هەنارێكی گرتووە, بەری هەنارەكەیان بردووە بۆ (سان سەهاك) و ئەویش فەرمانیداوە كە (جەم)ببەستن و ئەوەش یەكەم (جەم) بووە كە لە (پەردیوەر) بەستراوە, لەو جەمەدا بەری هەنارەكەیان هێناوە بۆ بەردەم (سان سەهاك) بە مەبەستی (نیاز), پاش خوێندنەوەی (نزا) لە لایەن (سەی محەممەدی گەورە سوار)ەوە, هەنارەكە لە لایەن (داود)ەوە بەسەر جەمنشیناندا دابەشكراوە, پاش تەواوبوونی (جەم)ەكە (شارا) هاتووە بۆ جەمخانە بە مەبستی گسكدانی, دنكێك هەنار كە لە جەمخانەدا بووە خواردوویەتی و پاش ماوەیەك سكی پڕبووە, پاشان دەنگوباسی سكپڕیەكەی لە ناو خەڵكدا بڵاوبووەتەوە و زۆر بە خراپی باسی لێوە كراوە, (شارا) لە رێی دەمیەوە كوڕێكی بووە, (سان سەهاكی بەرزنجی) بە (داود)ی وتووە كە ئەو منداڵە بخاتە ناو تەنوورێكی ئاگرەوە

و سەری بنێتەوە, پاش سێ رۆژ خۆی چووە بۆ لادانی سەری تەنوورەکە و دەستبەجێ منداڵەکە هاتووەتەزمان و سلاوی لێکردووە, ئەم دێرانەی خوارەوە بەشێکن لە سروودێکی دینی کە باسی ئەو سەرگوزەشتەیە دەکات:

یادگار یار ئەوسا بیش ظهور
پەرێ نیشانە نیاش نەتەنوور
نیاش نە تەنوور نە شەرارەی نار
فەرما وە داود سەر تەنوور بنیار
سێ رۆژ سەبرش کەرد داود رەهبەر
نیازش وەرگرد ئاما ئەو نەظەر
فەرما وە داود نە عەینم باوەڕ
دیش ئاما وە سەر پادشای پەردیوەر
یادگار جە تەنوور وۆرێزا ئەو پاە
وە لەفظی شیرین سەلام دا وە شاە
بەرگی خود رەنگی کەرد وە خەلاتش
تەمام کوردستان کەرد وە بەراتش

من کارم بەوەوە نییە ئەم رازە تا چ رادەیەك جێی باوەڕە, بەڵام ئەوە دووپاتدەکەمەوە کە یارسانەکان بە یەکێك لە (پەرجوو= موعجیزە) دینییەکانی خۆیانی دەزانن.

وەك لە شیعرەکانی خۆیدا دەردەکەوێت رۆحی ناوبراولە ئەنجامی (دوونا و دوون)دا چەندین جەستەی دیوە, لە دوونێکدا (حەزرەتی یووسف) بووە وەك لەم دێرانەدا دەردەکەوێت:

نوور ئیمان بیم نوور ئیمان بیم
یادگارەنان نوور ئیمان بیم
یوسف فەرزەند پیری کەنعان بیم
حوسنی کە داشتم مەولا میهمان بیم
کاکام ئیبراهیم مالك بی ئاما
تاجر باشی بی دەرم کەرد نەجا

من یادگار و نووری ئیمان بووم, یووسف کوڕی پیری کەنعان بووم, کاکەم شائیبراهیم کە باش بازرگان بوو لە ناو بیرەکەدا دەریهێنام[120].

هەروەك لە چەند دێڕێكی سروودی ژمارە (8)دا دەردەكەوێت (باوایادگار) لە چەند دوونێكی تردا دەركەوتووە, لەو دوونانە جارێك (سیاوەشی كیانی) و جارێك (حەزرەتی حوسێن كوڕی حەزرەتی عەلی)بووە, لەم بوارەدا ئەم دێڕانە بە نموونە دەهێنینەوە:

یادگاری یار یادگاری یار
دەخیلەن ئامان یادگاری یار
یا زاتی زاتپاك سەرداری سەركار
نازی ناز رەواج نە پەروەردگار
رەڤاجی هەر دین سەر هەلقەی شاهان
جەمشێد جەم بەن شۆن بەرێ راهان
ئێرجی یەحیا سیا ڤەخشی كەی
حوسێن شەهید نە كەربەلا تەی

ئەم سرووده درێژە و لە باسی تایبەت بە سروود و پەخشانەكاندا هەمووی دەنووسینەوە.

وەك لە تێكستە پیرۆزەكانی یارساندا دەردەكەوێت (باوا یادگار) سالی (761ك) لە دایكبووە, پاش خوێندنی كتێبە سەرەتاییەكان ماوەیەكیش لە ژێر دەستی خودی (سان سەهاكی بەرزنجی)دا خوێندوویەتی, لە سەر فەرمانی (سان سەهاك) سەفەری (هینستان و پاكستان)ی كردووە, پاش گەڕانەوەی بۆ (شێخان) بە ماوەیەك رۆیشتووە بۆ گوندی (سەرانە) و لەوێ كوژراوە, ئەو گوندە ئێستا بە (باوا یادگار) بە ناوبانگە.

(د.صدیقی بۆرەكەیی) نووسیویەتی: مەولەوی تاوەگۆزی چووەتە سەر بارگەكەی باوا یادگار و چەند دێڕێك شیعری بەم شێوەیە پیاهەلداوە:

سەرشاری سەهبای بەزم مناجات
مەلجەی ئیلتجای ئەرباب حاجات
جای رجای جەرگەی پادشا و دەروێش
بارەگا و پەنا بۆ بێگانە و خوێش
سەر و سایەدار نیشاندەر وەلی
یەعنی یادگار مورتەزا عەلی[121]

(باوا یادگار) لە گوندی (تەشار) كانییەكی هەلكەندووە بەناوی (غەسلان), لای یارسانەكان ئاوی ئەم كانییە ئاوی كەوسەرە, سەبارەت بە ئاوی (كانی غەسلان) با لەم دێڕانە وردبببینەوە:

یادگـــــار مـــــن رۆشـــــنی بنیـــــام
بـــاده غەسـلآنی کەوسـەری نۆشـام
غەسلآن یادگـار کەنـدش پـەرێ جـام
نە چەهر کەندمان پەی عـاد و ئـەیام

**بازنـــەی دووەم – هەفتەوانـــە = حەوتەوانـــە:** بـەر لـەوەی بچـینە نـاو باسـکردنی ئـەم بازنەیـە، ئـەوە دووپاتدەکەینـەوە کـە تێکسـتە پیرۆزەکـانی یارسـان لـە هەنـدێك بابەتـدا جیـاوازی زۆریـان تێدایـە و یـەکێك لـەو بابەتانەش (بازنەی هەفتەوانـە= حەوتەنەوانـە)یە، بە پێی هەنـدێك سـروودی دینـی ئـەم بازنەیـە (سـان سـەهاکی بەرزنجی) لە حەوت کوڕی خۆی درووستیکردووە، ناوبراو ئەو حەوت کوڕەی بە نـووری خـۆی پاکیکردوونەتـە و بوون بە بەپارچەیەك لە نووری خۆی، سەر هەڵقەیان کوڕە گەورەکەیەتی بەناوی (سەی محەممەدی گەورەسووار) و حەوتەوانـەش جێگـەداری (سـان سـەهاك)ن، ئەمانـەش ناوەکانیـانن: (سـەی محەممـەدی گـەورە سـوار، سـەی ئەحمـەد= میری سـوور، سـەی مسـتەفا سفید پۆش، سـەی شـەهابوددین، سـەی حـەبیب شـا، سـەی عەبدلوەفا= ئـەبولوەفا، سـەی باوەیسـی)، (هەفتەوانـە) بە فـەرمانی (سـان سـەهاکی بـەرزنجی) لـە پـەردیوەر و لـە ژێـر سـاجی ئاگردا دەستگیری یەکتری بوون، سەبارەت بە (هەفتەن و هەفتەوانە) خودی سان سەهاك وتوویەتی:

وەصـــڵ و پێوەنـــا وەصـــڵ و پێوەنـــا
هـــا زات و نـــوورم وەصـــڵ و پێوەنـــا
نورمـــا هەفتـــەوان زاتم هەفتـــەنا
زات و نوور جە یەك چەشمە وێم هـەنا

**مانـای ئـەم دێڕانـە بـەم شـێوەیە:** خـودم و نـوورم پێکـەوە (موتوربـە= ئەکلەمـە) کـراون، زاتـم (هەفتـەن=حەوتـەن) و نووریشـم (هەفتەوانـە=حەوتەوانـە)یـە، سەرچاوەی هەردووکیشـیان خـۆمم، ئـەم دوو دێـڕە دڵنیاییدەدەن کە (هەفتەوانە) لە نووری (سان سەهاك) بەدیهاتوون.

هەنـدێك سەرچـاوەی تـریش هـەن وەك یاداشـتەکانی (قرنـدی = کرنـدی)، باسـی لـەوە کـردووە، هەریەك لە (سـەی محەممـەدی گەورەسـوا و سـەی میر ئەحمـەد= میری سـوور) کـوڕی شـێخ عیسـای بـەرزنجی بـە مانـای بـرای (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)ن، هاوکـات (سـەی شـەهابوددین)ی بـە خـەڵکی ئاغجەلـەر لـە قەڵەمـداوە، هەروەها هەر یەك لە (سەی ئەبولوەفا و سەی مسەفای سفید پۆش)ی بە کوڕی (سـەی ئەحمـەدی شارەزووری) داناون، سەبارەت بە (سەی باوەیسی)یش بە خەڵکی سازان دراوەتە قەڵەم، سەبارەت بە (سـەی حـەبیب شـا)ش نـەوەك هـەر بـەکوڕی (سـان سـەهاك) دانـەنراوە بـەڵکو بـە (ژن) و بـە نـاوی (یـای حەبیبـە= سـەی حەبیبـەی شارەزووری)یەوە ناویهاتووە، بەڵام هـەموو سەرچاوەکان لـە سـەر ئـەوە یەکدەنگن کـە لـە بازنـەی (هەفتەوانـەن= حەوتەوانە)ن.


www.pertwk.com

لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین کاتێك (سان سەهاكی بەرزنجی) لە حەوت کوڕەکەی (هەفتەوانە = حەوتەوانە)ی پێکهێناوە, فەرمانیپێداون لە ژێر ساجی ئاگردا دەستگیری یەکتری بن.

**بازنەی سێیەم - حەوت خەلیفە:** لە سە رۆشنایی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام, خاوەندگار گەورە بەر لە رسکاندنی مرۆڤ, حەوت فریشتەی بە ناوی حەوت خەلیفە بە مەبەستی دابەشکردنی ئەو قوربانییانەی لە بارەگای بەرزیدا دەکرێن ئافەریدەکردووە هەتاکو هەموو بەشەکان بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبکەن, ئەم حەوت خەلیفە بە فەرمانی خاوەندگار لە سەدەی هەشتەمی کۆچی چوونەتە تەنی مرۆڤەوە, یەکەم کەسانێکیش بوون لە سەردەمی (سان سەهاكی بەرزنجی) گەواهییان بە (هەفتەوانە= حەوتەوانە) داوە, هەروەها لەو جەمانەی لە بەردەم سان سەهاكی بەرزنجی نزای قوربانیان خوێندوە و قوربانییەکانیان لە نێوان ئامادەبووانــدا بەشکردووەتەوە[122].

ئەم بازنەیە بەفەرمانی سان سەهاك لە ناو (72)پیرەدا هەڵبژێردراون بۆئەوەی بە سەرپەرشتی (داود) ببن بە دەلیلی یارسانەکان, ئەمانەش ناوەکانیانن: (پیر محی, پیرنەریمان, پیر عەبدولعەزیز, خەلیفە محەممەد, خەلیفە شەهابوددین, خەلیفە باپیر, خەلیفەجەبار).

**بازنەی چوارەم - چلتەن:** سەبارەت بە چلتەن لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامدا نووسراوە: خاوەندگار چل فریشتەی بە ناوی چلتەن بۆ ڕێنماییکمردن و هاوڕازی بەندەکانی ئافەریدەکردووە و بۆ سەر زەمینی ناردوون, ئەمانە لە سەردەمی سان سەهاکی بەرزنجی لە پەردیوەر دەرکەوتوون و لە یارانی سان سەهاك بوون.

**بازنەی پێنجەم - حەوت خادم:** لە سەر رۆشنایی سەرەنجام خاوەندگار پاش لە ئافەریدەکردنی حەوت خەلیفە, (حەوت خادم)یشی بۆ پاراستنی ڕێکخستنی ناوەوە و دەرەوەی دانیشتنە تایبەتەکان و جێبەجێکردنی ڕەویەکانی قوربانی هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ئافەریدەکردووە, لە سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا دەرکەوتوون و لە دابەشکردنی قوربانی لە جەمەکاندا بەشدارییانکردووە, لای یارسانەکان حەوت خادم ڕۆحیان زۆر بەرزە چونکە هەمیشە کاریان دابەشکردنی پارووەکانی قوربانییە, هەر لەوەوە بەناوی خزمەتگوزارانی دینەوە بە ناوبانگن, لە سەر یارسانەکان پێویستە ڕۆژانە ناویانیبهێنن و سرووودەکانیان بخوێنن[123].

**بازنەی شەشەم - حەوت یاری قەوەڵتاس:** لە سەر رۆشنایی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام ئەمانە حەوت کەس بوون لە دونیای ڕۆحانییەوە بە (سان سەهاکی بەرزنجی)یەوە پەیوەستبوون, بە مەبەستی دیداری ناوبراو لە زێدی خۆیانەوە بەرە و هەورامان بە ڕێکەوتوون, گەیشوونەتە قولەی کیوی شاهۆ کە نزیکەی (12) فرسەنگ لە شاری (سنە)وە دوورە, لەوێ یەکێکیان وتوویەتی ئیتر ڕێپێوان بەسە و با لێرەدا بوەستین, ئەگەر (سان سەهاك) بە ڕاستی بە ئێمەوە پەیوەستبێت ئەوە بە مەبەستی رزگاربوونمان سۆراخماندەکات, بە فەرمانی خودا باران و بەفر دایکردووە و هەر حەوتیان بون بە ژێر بەفرەوە, سێ شەو و ڕۆژ لە ژێر بەفرەکەدا ماونەتەوە, هەتاکو سان سەهاك فەرمانیداوە بچن ڕزگاریانبکەن و بۆ لای بیانهێنن و بەو شێوەیە لە مردن ڕزگاریانبووە, ناوەکانی یارانی قەوەڵتاس ئەمانەن: (قولی, شەهابەددین, شاکە, شا نقر, شامراد, عیسا, پیر دلاوەر)[124].

**بازنـــەی حەوتـــەم - هـــەفتی هەفتـــەوان:** ئەمانـە (49) کـەس بـوون و هـەر لـە سـەرەتاوە خاوەنـدگار ئافەریدەیکردوون, لە گەڵ دەرکەوتنی (سان سەهاکی بەرزنجی) ئەمانیش دەرکەوتوون

چەند بازنەیەکی تریش لە سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا بۆ بەڕێوبردنی کار وباری رێو رەچەی یارسان و سەرپەرشتیکردنی یارسانەکان لە رووی دینییەوە دروستکراون, وەك: (شەست و شەش غولامی کەمەرزێرین, نەوەدونۆ پیری شاهۆ, ...هتد) کە ناوەکانیان لە باسوخواسی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا هاتوون, ئەمانەش هەریەك و ئەرکی تایبەتی دینی خۆیان پێسپێردراوە و لە تێکستەکانیشدا ناویانهاتووە, بەلاَم گرنگترینی بازنەکان بریتین لەم بازنانەی کە لە سەرەوە باسمانکردن.

هەر لەم بابەتەدا بە پێویستی دەزانم شتێك سەبارەت بە پیرەکانی هەورامان و شاهۆ بڵێن, ئەگەرچی جیاوازی زۆر لە دیدویۆچوونەکان و سەرچاوە جیاوازەکاندا سەبارەت بەم پیرانە هەن, هەندێك لە سەرچاوەکان زۆربەی هەرە زۆری ئەو زاتانە بە پیاوی دینی دیار لە بواری خزمەتکردن بە دینی ئیسلام دەدەنە قەڵەم و چەندین راز و سەرگوزەشتە دەربارەیان دەخەنەڕوو, بەلاَم ئەوەی لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لە شیعر و عیرفان بە تایبەت لە سەرچاوەکانی رێوڕەچەی یارساندا خراوەتەڕوو, بە جۆرێکی تر باسی پیرەکان دەکات و بە پیاوی دینی گەورەی رێوڕەچەکە لە قەڵەمیاندەدات, پاش ئەم چەند دێڕە دەچینە سەر باسێك سەبارەت بەو زاتانە.

لێرەدا سەرەتا ئاماژەیەکی خێرا دەدەین بە نووسینی هەندێك لەو سەرچاوانە و پاشان ئاوڕێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەکان دەدەینەوە.

1- ( **مامۆستای خوالێخۆشبوو محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی** ) **لەکتێبی پیشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی:** پەرستنی (هورمزد[125]) هەر پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکان لەسەریان بووە بەو پیاوە ئاینییانەیان وتووە (پیر), ئەم پیرانەش زۆرن وەك دەڵێن (99) پیرەی هەورامان[126].

2-( **مامۆستا صدیقی بۆرەکەیی** ) **لە کتێبی مێژووی ویژەی کوردی - بەرگی یەکەم** - دا ناوی ژمارەیەك لە پیرەکانی هەورامان و شاهۆی هێناوە و چەردەیەك لە ژیاننامە و شیعرەکانیانی خسئۆتە روو, هەر لەهەمان سەرچاوە و لەباسی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا باسی لەوەکردووە کە (72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ هەموویان یار و لایەنگری ناوبراو و پیری رێوڕەچەی (یارسان= کاکەیی) بوون[127].

3-( **موزەفەرخانی رەزاو** ) **لە دەستنووسی** ( **پاسداران مرز ایران=تاریخ اورامان** )**دا کەبە زمانی فارسی نووسراوەتەوە دەڵێت:** دەگێڕنەوە (99) پیر لەهەوراماندا هەبوون, ئەوانەش دونیایان خستۆتە لاوە و سەراپای ژیانیان بۆ خواپەرستی تەرخانکردووە, هەندێك لە گفتوگۆی ئەوان کەبەشێوە زمانی هەورامانی کۆن گفتوگۆیانکردووە پێیوتراوە (ماریفەت)[128].

4- ( **مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی** ) **لە دەستنووسی مێژووی هەوراماندا نووسیویەتی:** دەنگوباس وەهایە کە (99)پیر لەهەوراماندا بوون و هەندێکیان لە کۆنی کۆنەوە هەبوون, هەندێکی دیکەشیان لەسەردەمی سانە کۆنەکانی هەوراماندا ژیاون, بەمەبەستی پاککردنەوەی رۆحیان هەمیشە چلەیان کێشاوە, لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین ئەم نووسینە لەهەمان دەستنووسەکەی (موزەفەر خان)ـەوە وەرگیراوە[129].

5- **لە دەفتەرە پیرۆزەکانی (ڕێورەچەی یارسان)دا وەك:** (سەرەنجام, بارگە بارگە, یاداشتەکانی کرندی = قرندی) دا باس لە مێژووی ژیانی پیرەکان کراوە و هەندێك لەبەرهەمە شیعریەکانیان نووسراونەتەوە, هاوکات ئەوە خراوەتە روو کەزۆربەیان یاری (سان سەهاکی بەرزنجی) بوون و لە سەدەکانی حەوتەم و هە\شتەمی کۆچیدا ژیاون.

6-(**هادی بەهمەنی) لە کتێبی پەیامی هەوراماندا نووسیویەتی:** لە هەوراماندا (99) کەسی دیینی هەبوون, لە جیاتی موغ و پێشەوای دیینی زەردەشتی پێیانوتوون (پیر), هەر کۆمەڵێکیان یەکێك رابەریان بووە پێیوتراوە (پیرشالیار) بەمانی (شالیاری پیرەکان= وەزیری پیرەکان)[130]

7- **لە کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)دا هاتووە (72) پیر دەستەیەك لە یارانی سان سەهاکی بەرزنجی بوون, لە** شوێنە جیاجیاکانەوە هاتوونەتە خزمەتی و لە رەویەی دینی یاری بەهرەمەندبوون و لە لایەن (سان سەهاك)ەوە پلەی (پیر)یان دراوەتیٚ, (بارگە بارگە) کە گرنگترین بەشە سەرەنجامە لە لایەن ئەم پیرانەوە هۆنراوەتەوە و بریتییە لە (72) بەند, پێویستە لێرەدا ئامارە بەوە بکەین, (یەسنا)کان کە گرنگترین بەشی (ئاوێستا)ن بە هەمانشێوە لە (72) بەند پێکهاتووە, هەروەها (کوشتی زەردەشتی= پشتوێنی زەردەشتی) لە (72) تاڵە بەن دروستدەکرێت.

8- **رازە دەماو دەمییەکانی خەڵکی ناوچەکەش هەموویان باس لە پایەی دیینی و کۆمەلایەتی پیرەکان دەکەن,** سەدان سەرگوزەشتەی سەیر و سەمەرە و شتی ئەفسانەیی[131] دەربارەیان دەگێڕنەوە و هەندێکجار ئەوەندە گەورەیاندەکەن پایەیان دەگەیەننە پایەی پێغەمبەرەکان, دیارە ئەوەش لە قەناعەتی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی نەوە یەك لەدوای یەکەکانیانەوە هاتووە بەو زاتانە[132].

لێرەدا و بەرلەوەی بچینە ناو باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەکان باس لەوە دەکەین: (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) بەپشتبەستن بە دووسەرچاوەی دەستنووس, یەکەمیان بەناوی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لە نووسینی (موزەفەرخانی رەزاو) و دووەمیشیان کە خۆی ناویناوە دەستنووسی (شین) گوایا خاوەنەکەی قایلنەبووە ناوی بهێنێت, ناوی چەند پیرێك و شتێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەکیانی خستۆتەڕوو, لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامیشدا ناوی پیرەکان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەکیان خراونەتەڕوو, هەروەها دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی بە پشتبەستن بە کتێبە پیرۆزەکانی یارسان, لە کتێبی _مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی یەکەم)دا چەردەیەك لە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە پیرەکانی خستۆتەڕوو, بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجە تەنها ناوی (پیرشالیار) لە ناو ناوی پیرەکاندا لەو ناوانەی مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی نووسیونی لە ناو کتێبی پیرۆزی سەرەنجام و لای دکتۆر بۆرەکەییش دووبارە بوونەتەوە و بەدەر لەوە یەك ناوی تریان لەیەکناچن.

هەر لێرەدا پێویستە ناوی پیرەکان وەك لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامدا هاتووە و بە هەمانشێوە ناویان لای (مامۆستا محەممەدئەمین هەورامی) بهێنین.

ئەمانەی خوارەوە ئەو ناوانەن کە لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامدا نووسراون: پیر مکایەڵی دەودانی, پیر نالی مۆردێنی, پیر شەمسی عەلەمدار, پیر روکەنەددین, پیر سمایەلی سیستانی, پیر قابیلی سەمەرقەندی, پیرتایەری ئەسفەهانی, پیر کەماڵی ماموڵانی, پیر راستگۆی قەرەداخی, پیر تەقی شاهۆیی, پیر حەیدەری لوڕستانی, پیر نەڕە بالاٚمۆیی, پیر ئەحمەدی لوڕستانی, پیر تاجەدیینی فارس, پیر حوسێنی کاشانی, پیر مەحموودی بەغدایی, پیر ئەولعەزیزی بەسرایی, پیر ئیبراهیمی جاف, پیر سلێمانی ئەردەلانی, پیر خالق ئەردەبیلی, پیر مەنسووری شۆشتەری, پیر عیسای شقاقی, پیر حەیدەر کەڵ مەیدانی, پیر مالیکی گۆران, پیر ناسری بەختیاری, پیر عیسای پساکانی, پیر خەلیلی موصڵی, پیر جەعفەری کوردستانی, پیر هەمزەی بیری شایی, پیر حوسێنی ئەسەمولی, پیر ئەلیاسی مۆریاسی, پیر فەیرۆزی هیندی, پیر ئەیازی مەغریبی, پیر نگا دارتانی, پیر قەمەرسەراو قوماشی, پیر تاماسپی کرمانی, پیر تەیمووری هەورامانی, پیر رەحمەتی بەمبەیی, پیر قوبادی دێوانە, پیر کازمی کەنگاوەری, پیر دانیاڵی داڵەهۆیی, پیر سەفەری قەڵاجەیی, پیر مووسای میانەیی, پیر سووره هیندۆڵەیی, پیر سادقی مازیندەرانی, پیر نەعمەتی تەوەردار, پیر دلاوەری دەرەشیشی, پیر حەیاتی ماچینی, پیر قانوونی شامی, پیر حاتەمی هەمەدانی, پیر محەمەدی شارەزووری, پیر ناری هەورامی, پیر ئیسماعیلی گولانی, پیر نازداری شیرازی, پیر نەریمانی شاهۆیی, پیر تەیاری خۆراسانی, پیر عینوانی کەعبەیی, پیر ئەحمەدی گەنجەیی, پیر ئەحمەد بەرسایی, پیر نادر قەرەپاپاقی, پیر ماملی مایدەشتی, پیرشالیاری هەورامی, پیر مەحموودی لوڕستانی, پیر نەجمەدینی فارسی, پیر نەقی تووکانی, پیر هاشمی رەژەوی, پیر مێردی هۆردینی, پیر بابا غەیبی هاواری, پیر فەتالی صەحنەیی, پیر عەزیزی هوانە, پیر رۆستەمی سو[133].

(موزەفەرخانی رەزاو و مامۆستا محەممەدئەمین هەورامان)یش ناوی ئەم پیرانەی هێناوە:

پیرمحەممەدی غەیبی, پیرشالیار, پیرصیاد, شالیارە سیاوە, پیرهەوتی, شێخ نیعمەتولاٚ, پیر رۆحە لاٚ, پیرنەدی, پیربابا, پیرمحەممەد, سەی محەممەد رۆسەم, پیرمحەممەد =باواخۆشێن, پیرقەلەندەر, پیرتەرجان, پیرژەنگەڵ, پیرسیاو, پیروەیسی, پیردانا, باواوەڵیاد, باواحەیران, پیرکۆمسایی, مەلاجارولاٚ, خاڵێ خاتوون.

هەرچەند ئەمانەی لای مامۆستا هەورامانی هەندێکیان نازناوی پیریان نییە بەلاٚم لەناو پیرانی هەوراماندا باسیکردوون.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دێینە سەر باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لەپیرەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

1- **پیر محەممەدی غەیبی:**

بەپێی دەستنوویی (پاسداران مرز ایران) و دەستنووسی (مێژووی هەورامان), ئەم زاتە یەکێك بووە لە پیرەکان و خاوەن تەکیە و خانەقای رێوڕەچەی قادری بووە لەهەوراماندا و لەسەر ئەو رێو ڕەچەیە ئیرشادیکردووە, لەبەر ئەوەش ناونراوە (پیر محەممەدی غەیبی) چونکە گۆڕی نییە, لەو دوو سەرچاوەدا و لەباسوخواسی ئەم پیرەدا دوو راز خراونەتەڕوو, رازی یەکەمیان پەیوەستە بە زیندانیکردن و ئازادکردنی (پیر محەممەد و باوە خوادادی ئامۆزای) لەلایەن (بەکری سوور)ی حوکمڕانی ئەو دەمەی شارەزوورەوە, بەلاٚم ئەوەی ئێمە مەبەستمانبێت رازی دووەمیانە کە دەڵێت: پاش ئەوەی (پیر محەممەد و باوا خواداد) لە زیندانی (بەکراوا)

ئازادکراون ڕێگەی گەڕانەوەیان بەرە و هەورامان گرتۆتەبەر و نزیك عەسر گەیشتوونەتە نێوان هەردوو گوندی (هانەگەرملە و کەیمنە)، بەمەبستی نوێژکردن لەو شوێنە لایانداوە و پاش نوێژکردن و کەمێك پشوودان، (پیرمحەممەد) بە (باوا خواداد)ی وتووە: هەتا دەچینەوە ماڵەوە ژنەکەی من و ژنەکەی تۆش هەریەکە و کوڕێکیان بووە، هینەکەی تۆ (باوا مستەفا) دەبێت و ئەوەی منیش (باوامحەممەد)، پاش ئەم گفتوگۆیە (پیر محەممەد) خۆیکردووە بەژێر خەرقەکەیدا و خەریکی وێردکردنبووە، پاش ئەوەی ماوەیەکی پێچووە (باوا خواداد) وایزانیوە خەویلێکەوتووە، پاش ماوەیەك بۆ ئەوەی درەنگیان پێنەبێت لێینزیکبۆتەوە و خەرقەکەی بەسەریەوە لابردووە، سەیریکردووە هیچی لەژێردا نییە، کاتێك گەیشتۆتەوە ماڵەوە رازەکەی بۆ خەڵکەکە گێڕاوەتەوە، وتوویەتی گوایا (پیرمحەممەد) غەیبی بووەتەوە و ئیتر خەڵکی ناوچەکە بە (پیرمحەممەدی غەیبی) ناویانهێناوە[134].

2- **شالیارە سیاوە = شالیارە ڕەشە :**

ئەو سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی ژیانی ئەم پیرەکردووە شتێکی وایان نەنووسیوە، تەنها باسیان لەوەکردووە کە ناوبراو ناوی (حەیدەر) و لە شازادەکانی هیندستان بووە، جارێکیان بە (پیرشالیار)ی وتووە ئەگەر من لەلای خوارووی خاك و پای تۆوە بخریمە گۆڕەوە چیم بۆ دەبێت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی: من ئومێدەکەم تەمەنت درێژبێت، کاتێك (شالیارە سیاوە) مردووە (پیرشالیار) فەرموویەتی: پێویستە هەرکەسێك بەتوانای خۆی (گێتە مەژگی= کولێرە بەکاکڵە گوێزەوە) ببات و لەسەر گۆڕەکەی دابەشیانبکات، ئەو کارە لەوسەردەمەوە تا ئێستا ساڵانە لەکاتی خۆیدا یاددەکرێتەوە و خەڵکی ناوچەکەش پێیدەڵێن (تۆشە= توێشوو)[135].

سەبارەت بەم زاتە (قاضی عەبدوڵا شەیدا) نووسیویەتی: پاش ئەوەی ژمارەیەك لە خەڵکی هەورامان چوونەتە سەر دینی پیرۆزی ئیسلام، بە (شالیارە سیاوە)یان وتووە: بۆچی نابیتە موسڵمان، ئەویش لە وەڵامیاندا وتوویەتی: من هەمان ئەو خوایە دەپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، ڕۆژی پێنج جار نوێژدەکەم، باش دەشزانن ساڵانە (36) ڕۆژ بە ڕۆژوودەبم و پارە و ماڵیات بە گەنجینەی دەوڵەتی ئیسلام دەدەم، هەموو ئێوە بە برا و خوشکی خۆم دەزانم و ئیتر دەتانەوێ لەمانە زیاتر چی بکەم[136]؟

3- **پیر تەیمووری هەورامی:**

لەسەر ڕۆشنایی کتێبی (سەرەنجام) ئەم زاتە یەکێکە لە حەفتاو دووپیرە، لەیارانی تایبەتی (سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی)یە و لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە.

(دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی)ش بەپشتبەستن بە (یاداشتەکانی کرندی) نووسیویەتی: (پیر تەیمووری هەورامی) لە دوادوایی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لەدایکبووە، هەرلەمنداڵییەوە خراوەتەبەرخوێندن وبەفەقێیەتی لای زانایانی ئەو سەردەمە فێری لێکدانەوەی قورئان بووە، دواجار چۆتە (بەغداد) و لەوێ خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی، پاش ماوەیەك چۆتە (گوندی شێخان) و چەند ساڵێك لای (سان سەهاکی بەرزنجی) ماوەتەوە و خەرقەی لێوەرگرتووە، پاشان بەرەو (شاری موصڵ) کەوتۆتەڕێ و پاشماوەی ژیانی لەو شارەدا بە وانە وتنەوە و ڕێنمایکردنی خەڵکەوە بردۆتەسەر.

پیر تەیموور شاعیرێکی تەڕدەست بووە و چەند پاچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و ئەم چەند دێڕەش نموونەیەکن لە شیعرەکانی[137]:

ئەو شارەزووری, ئەو شارەزووری
بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری
مێردان جەم بوان گرد وەروو سووری
بگەندی وەشوون پیر وە صەبووری
ها هەفتەوانەن شەمع و قەندووری
سکەی قەدیمەن والآ مەندووری

ئەم شیعرە پیاهەڵدانە بە (سان سەهاکی بەرزنجی)داو دەڵێت: بارگەی شام لە شارەزوور دابەزیوە و یاران هەمووتان بە رووسوورییەوە کۆببنەوە و بکەونە شوێن پیرەکەتان, ئەوا حەوتەوانە وەکو مۆم تیشکدەدەنەوە و وەك دراوی کۆن باو برەویان هەیە.

پیر تەیمووری هەورامی ساڵی (782ك=1380ز) کۆچی دواییکردووە و هەر لە (موصل) بەخاکسپێردراوە.

4- پیر ناری هەورامی:

لەسەر رۆشنایی کتێبی (سەرەنجام) ئەم زاتە یەکێکە لە حەفتاو دووپیرە و لە یارانی سان سەهاکی بەرزنجی بووە و لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە, لەهەورامانددا لە دایکبووە و هەر لەوێش خوێندوویەتی و پێگەیشتووە, پاشان چۆتە گوندی شێخان لەخزمەتی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا ماوەتەوە هەتاکو خەرقەی لێوەرگرتووە, پاشان خۆی تەرخانکردووە بۆ رێنمایی خەڵکی ناوچەکە.

(د. صدیقی بۆرەکەیش) لە مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی دووەم)دا نووسیویەتی: لە (پیر ناری)یەوە گەلێك هۆنراوە بە یادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و رەوانن, ئەمەش نموونەیەکە لێیان:

یاران مزگانی شام نە کۆی مێرەن
میرم نۆشزادەن سەرمایەی خێرەن
شاهم شا پوورەن پوور ئەردەشێرەن
پەریْ دوژمنان چون وەچکە شێرەن
میرش سە نجنی وە چەشمەی یاری
نەبەرەش ئۆرمزد ویْش دا دیاری

ئەم شیعرانەی پیر ناری لە رووی رواڵەتەوە گێرانەوەیەکی چیرۆکێکی شانامەیە کە باس لەوەدەکات (شاپووری یەکەم کوڕی ئەردەشێری ساسانی) رۆژێك چووە بۆ راو, لەناو باخێکدا چاویکەوتووە بەکچێك لەبیرێکدا بە دۆلکەیەکی زۆر قورس ئاوی هەڵکێشاوە کەچەند پیاو نەیانتوانیوە ئەو کارە ئەنجامبدەن, شاپوور کەچاوییپێکەوتووە زانیویەتی کچی میرێکە لە دوژمنانی باوکی و لە جەنگێکدا زۆربەی پیاوانی بنەماڵەکەی کوژراون, لەگەڵ ئەوەشدا حەزیلێکردووە و خواستوویەتی, پاشان کوڕێکی لێیلبووە ناوی ناوە (هورمز).

ئەگەر بەوردی لەم شیعرانە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت مەبەست لێیان تەنها گێڕانەوەی چیرۆکەکە نییە, بەڵکو لە یەکچواندنی پایە و دەسەڵاتی (سان سەهاك)ـە بە پایە و دەسەڵاتی پاڵەوانی چیرۆکەکە و پیاهەڵدان و گەورەکردنێکی ئەو زاتەیە, ئەو پیاهەڵدان و گەورەکردنەش لە گەورەیی پەیوەندی رۆحی (پیر ناری) بە سان سەهاکەوە سەرچاوەیگرتووە.

5- **پیر بابا غەیبی هاواری:**

لەسەر رۆشنایی (سەرەنجام) لە دوادوای سەدەی حەوتەمی کۆچیی لە( گوندی هاوار) لە دایکبووە و یەکێکە لە حەفتاودووپیرە و لە یارانی (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە, لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا کۆچی دواییکردووە, ئەمانەی خوارەوەش چەند دێرێکن لە شیعرەکانی:

**ئەو فەرەنگ شارێ ئەو فەرەنگ شارێ**
**بارگەی شام وستەن ئەو فەرەنگ شارێ**
**نە هەرجا رەنگێ کەردەن ئظهارێ**
**دیبن یارانش نەکەرد ئاشکارێ**
**نە هیچ جامەیێ ئەی شەرت نەو جارێ**
**هەفتاو دو دینش سازا درکارێ**[138]

6- **پیر محەممەد = باواخۆشین = سەی ئەلوەندی:**

لەسەر رۆشنایی دەستنووسی مێژووی هەورامان, ئەم زاتە لەنەوەی باباتایەری هەمەدانی و لەگوندێکی دامێنی (چیای ئەلوەند)دا نیشتەجێبووە, لەخەویدا بە خزمەتی (پیرشالیار) گەیشتووە و پاش خەوەکەی بەرەو هەورامان کەوتۆتەڕێ هەتا گەیشتۆتە (گوندی سلێن), چەند کەسێکیش لەگەڵ (پیرشالیار) چوون بەپیرییەوە هەتاکو (دووتفلە)ی بەرامبەر شاری هەورامان و بەرێزەوە پێشوازییان لێکردووە, ماوەیەك لە شاری هەورامان لە خزمەتی (پیرشالیار)دا ماوەتەوە, پاشان داوای لێکردووە جێگایەکی بۆ دیاریبکات بۆ ئەوەی خۆی بەئادابی گۆشەگیرییەوە خەریکبکات, (پیرشالیار)یش بڕیاریداوە بە هاوین لە (شلێران) و بە زستان لە (وەیساوا) نیشتەجێبێت, پیر محەممەد لەگەڵ ئەوەدا کەسێکی دیندار و زانا بووە, شارەزاییەکی باشی هەبووە لە

پزیشکیدا, بۆ چارەسەری نەخۆشییە جۆراو جۆرەکان داودەرمانی نواندووە[139], هەروەها لە ئیشی ئاسنگەریدا وەستایەکی باشبووە.

پیرەکان زۆرن و ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە هەموویان بنووسین کتێبێکی تایبەتی گەرەکە, لێرەدا ئەم چەند ناوەمان وەك نموونەیەك بۆ بەرهەمی شیعری پیرەکان هێنایەوە کە سەبارەت بە (ڕێوڕەچەی یارسان)ە.

پاش ئەوەی سەبارەت بە بازنەکانی سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی) قسە و باسمانکرد, ئێستا دێینە سەر قسە و باس سەبارەت بە دابەشبوونی چینەکانی یارسان لە ڕووی بیر و باوەڕی دینییەوە.

لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامدا نووسراوە: یارسانەکان بە شێوەیەکی گشتی بە سەر (11) بنەماڵەدا دابەشدەبن, (7) بنەماڵەیان لە سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا دامەزراون و (4) بنەماڵەکەی تریان لە پاش (سان سەهاك)ەوە دامەزراون, بنەماڵەکانیش ئەمانەن:

بنەماڵەی شا ئیبراهیمی, بنەماڵەی باوا یادگار, بنەماڵەی خامۆشی, بنەماڵەی عالی قەلەندەری, بنەماڵەی میری سووری, بنەماڵەی سەی مستەفا, بنەماڵەی حاجی باوەیسی, بنەماڵەی زەنووری, بنەماڵەی ئاتەش بەگی, بنەماڵەی شا هەیاسی, بنەماڵەی باوا حەیدەری[140].

لەم بوارەدا (مامۆستا مەلاجەمیل بەندی ڕۆژبەیانی) نووسیویەتی: کاکەییەکان لە ڕووی بیروباوەڕی دینییەوە چوار چینن بەم ناوانە:

ا- **سەیدەکان:** خۆیان دەبەنەوە سەر (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) و لە ڕووی ڕۆحی و عەشرەتییەوە سەرۆکایەتی کاکەییەکان دەکەن, خەڵکی ئەم ڕێوڕەچەیەش بە شێوەیەکی گشتی گوێڕایەڵیانن.

2- **باوە = بابا:** بە پلەی دینی لە پاش سەیدەوە دێت بەڵام لە ڕووی ڕەوشتی دینییەوە زۆرجار پێشیدەکەوێت, ڕێپێشاندەر و ئامۆژگارکەری یارسانەکانە و ئاگاداری کاروباری ڕێوڕەچەکەیە لە ڕووی دینی و مێژووییەوە, زۆربەی (باوە)کان سروودەکانی یارسان و هەندێك لە پەخشانە دینییەکانیان لە بەرن, لە ناو جەمە دینییەکاندا ئەو سروود و پەخشانانە دەخوێننەوە.

3- **مام:** لەو شوێنانەدا (باوە) نەبێت (مام) هەندێك لە ئەرکە دینییەکان وەك:(سەربڕینی کەڵەشێری جەژن, نەزردابەشکردن, مردووشتن)جێبەجێدەکات, ئەگەر باوەش ئامادەبوونی هەبێت لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەودا ئەم ئەرکانە ڕادەپەڕێنێت.

4- **دەروێش**, یارسانەکان بە دەروێشەکانیان دەڵێن (سەرسپەردەگان), ئەمانەش زیاتر خۆیان بۆ خزمەتکردنی ماڵی (سەید, باوە) تەرخانکردووە[141].

سەبارەت بە هەمان ئەم بابەتە (هادی بەهمەنی)یش نووسیویەتی: خەڵکانی یارسانی بە پێی پلەی دینییان کراون بەم بەشانەوە:

1- **ئەو کەسانەی کە رۆحی خواییان تێدا جێگیربووە** و ژمارەیان (9) کەسە بەم ناوانە (باللولی دانا، بابا سەرهەنگی دەودانی، شاخۆشێنی لوڕستانی، بابا ناوسی سەرگەتی، سوڵتانی ساق، شاوەیسقولی قرمزی، ئاتەش بەگ، شاهەیاسی، بابا حەیدەری).

2- **پیر**: دووەم پلەیە بۆگرنگی لایەنگران لە پیرکۆدەبنەوە و سەرپێدەسپێرن.

3- **دەلیل**: ریڕۆشنکەرەوە و رێنموونیکەری بەرنامەی دیینە بە پەیڕەوکاران و لە دواییدا بە پیریان دەسپێرێت.

4–سەرجەم: دوعا خوێنەر بەسەر ئەو شتانەی دەکرێن بە (خێر، نەزر، قوربانی).

5- **خەلیفە**: ئەمە رێکخە رو دابەشکەرە و ئەو گیاندار و شتانەی دەکرێن بە خێر ئەم دابەشیان دەکات بە (پشك= بەش)ی وەك یەکەوە بەقەدەر ژمارەی خەڵکەکە[142].

هەندێك لە یارسانەکان تێبینییان لەسەر ئەم دوودابەشکردنە هەیە و هیچیان بە تەواو نازانن، بەڕای ئێمە نووسینەکەی مامۆستا رۆژبەیانی نزیکترە لە واقعی دابەشبوونی دیینی ئێستای یارسانەکانەوە، بۆچوونەکەی (هادی بەهمەنی)یش لەسەر دابەشبوونی دیینی دێرینەی هەڵگرانی ئەم رێوڕەچەیە، هەردووکیشیان چینی (چاوەش)یان فەرامۆشکردووە کە زۆربەی یارسانەکان لەم چینەن.

# بنەما دینییەکانی رێەڕەچەی یارسان

شتێکی ئاشکرایە هەر دینێك و رێوڕەچەیەکی دینی لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا پەیڕەوکار و شوێنکەوتووی هەبن، یان لە کۆندا هەیبووبن، بنەمای خۆی هەن، ئەو بنەمایانەش زیاتر تێڕوانینەکانیەتی بۆ بابەتە گرنگەکان لەوانە: ( دروستبوونی دونیا، رۆح، ئالوهیەت، مرۆڤ و پەیوەندی بە پەروەردگار)ەوە و بابەتەکانی تر، (رێوڕەچەی یارسان)یش لەم بوارەدا تێڕوانین و رەویەی خۆی هەیە، ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی تریش لە ناو تێکستەکانیاندا بە شیعر و پەخشان بەم شێوەیە خراونەتەڕوو:

1- **تێڕوانینیان بۆدروستبوونی دونیا**: یارسانەکان دەڵێن لەسەرەتاوە هیچ شتێك نەبووە، (مەولا[143]) دوڕبووە لەناو دەریا، لەگێژاوی دەریاوە هاتۆتە دەرەوە و دونیای هێناوەتە دی و ناوی خۆی ناوە (خاوەنگار)، عەرش و کورسی دروستکردووە و (72) هەزار ساڵ لە کەناری دەریا بەتەنها بووە، پاشان (جوبرەئیل)ی دروستکردووە بۆ هامڕازی خۆی، ئینجا فریشتەکانی تری دروستکردووە وەك: (ئیزرائیل، میکایل، ئیسرافیل)، کاتێك کە ویستوویەتی مرۆڤ دروستبکات فەرمانیداوە بە فریشتەکان خۆڵی کێوی (سەرەندیل)ی بۆ بهێنن، ئیزرائیل خۆڵەکەی هێناوە و خەمیرەیان لێدروستکردووە، ئینجا لە شێوەی (مەولا عەلی)

قاڵبداریـژراوه و (خاوەنـدگار= خـوا) لەتـەنی (مەولاعـەلی)دا خـۆی ئاشـکراکردووه, فریشـتەکان هـەموویان کڕنووشیان بۆبردووه, هەیه ئەمەش چەند دێڕێکه له سروودی ژماره (1) لەو بارەیەوە:

| |
|---|
| حەفت دوونـەن بـەیان بـۆ ڤاچـان پێتـان |
| تـەحقیق بزانـان مـەعلوم بـۆ لێتـان |
| ئەوسـا نـەلەو بـی, نـە ئاریـا بـی |
| نەئەرش بی نه فەرش, جیهـان دەریـا بـی |
| مـەولا ڤـە دوڕ بـی دوڕ ڤـە تـەی دەریـا |
| ڤه دوڕ بـەر ئامـا, جیهـان کـەرد مەهیا |
| نـاو ڤـێش نیـا, ڤـە خاڤـەنگار |
| عەرش و قورش و فەرش, ئەوسا دا قـەرار |
| هەفتاد هـەزار سـاڵ تـاك و تـەنیا فـەرد |
| نـە رووی دەلیاڤـە چـۆگان بـازی کـەرد |
| نـە خـاکی بیسـات سـازا جیبرائیـل |
| تـا بـی ڤـە هـامراز خـالقی جـەلیل |
| ئەڤەڵ ئیجادکەرد چوار مەلەك هەر چوار |
| ئاسمـان زەمـین ئەوسـا دا قـەرار |

ئەم سرووده زۆر درێژه له بابەتی تایبەت به (سروود و پەخشانەکان) هەمووی دەنووسینەوه.

2- **یارسـانەکان پێیانوایـه بەدرێـژایی دەورەی ژیـان:** خـوا حـەوت جار خـۆی دەخاتـه تـەنی مرۆڤـەوه و هـەر جارێکیش چوار فریشتەی لەگەڵدایه[144], فریشتەکان هەر هەمان ئەو چوارەن, بەڵام هەر جارێك ناوێکیان هەیه, بـه واتـای رۆحەکـه یـەك رۆحـه و بەرجەسـتەبوونەکەی بـۆ نـاو تـەنی مـرۆڤ دەگۆڕێـت, هـەر لێرەشـەوه بۆمـان دەردەکەوێت, هەر فریشتەیەك لەوانه له قۆناغه جیاجیاکاندا تەنها ناوەکەی دەگۆڕێت, بـۆ نموونـه, یـەك فریشـته لەو چواره له سەردەمه جیاوازەکاندا ئەم ناوانەی هەڵگرتووه:

لە دەورەی ژیاندا ( مەلەك ئامین )

لە دەورەی خاوەندگاردا ( حەزرەتی جوبرائیل )

لە دەورەی حەزرەتی ( عەلی کوڕی ئەبی تالیب )دا ( سەلمانی فارسی )

لە دەورەی ( بالوولی مایی )دا ( باوا لورەی لورستانی )

لە دەورەی ( باوا سەرهەنگ )دا ( باوا قەیسەری هەورامی )

لە دەورەی ( شاخۆشێن )دا ( کاکارەدائی )

لە دەوری ( سان سەهاك )دا ( پیر بنیامین= پیرخدری شاهۆ ).

هەر لەم بوارەدا لای یارسانەکان (محەمەدی پێغەمبەر د.خ) یەکێکبووە لەو فریشتانەی لەگەڵ (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا هاتوون[145].

3- دوونا و دوون: یارسانەکان پێیانوایە مرۆڤ لەکاتی مردندا رۆحەکەوی لە جەستەی جیادەبێتەوە, هەموو رۆحێك هەزار ویەك تەن دەگەڕێت و ئینجا دەچێتە (دونیای جاویدان= دونیای نەمری)یەوە بەمەش دەوترێت (دوونا و دوونی رۆحەکان), ئەم گەڕانی رۆحەش چوار جۆری هەن بەم ناوانە: (نەسخ= لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤ, مەسخ=بۆ ناو لاشەی گیانلەبەر, رەسخ= بۆ ناو رووەك, فەسخ= بۆ ناو گیانلەبەری چزوودار وەك مار و دووپشك), ئەمان دەڵێن مردن وەك ئەو مراوییە وایە لە ئاودا خۆی نوقمدەکات و لەپڕ لە شوێنێکی ترەوە سەردەردێنێت, ئەم باوەڕەیان لەگەڵ تێڕوانی هیندۆسەکان بۆ رۆح یەکدەگرێتەوە, چەندین سروود و پەخشانی دیینییان هەیە کە دوونا و دوونی رۆحەکانیان تێدا خراوەتەڕوو, هەر بۆنموونە (شاخۆشێن) وتوویەتی:

مامام جەلالێ کاکام رەنگینە
دوون وە دوون ئامام چینە وە چینە
ها ئیسا یۆرت و نامم خۆشێنە
هەر کەس بشناسۆم پاکش مەو کینە

بە واتای دایکم ناوی (جەلالە) و کاکەم ناوی (رەنگین)ەیە, رۆحەکەم لە ناو چەند تەنێکدا گەڕاوە تاگەیشتوومەتە ئەم تەنە و ئێستا ناوم (خۆشێن)ە, هەرکەسێك بە راستی بمناسێت هیچ کینەیەك لە دڵیدا نامێنێت.

ئەم دێڕانە لە تێکستی ( دەورەی شاخۆشێن )دا بەم شێوەیە هاتوون:

مامــــــام جەلالــــــە كاكــــــام رەنگینــــــە
دوون وەدوون ئامــــــام چـــــینە وەچـــــینە
هـەر كـەس خـوای بشناسـۆ مـەوۆ پـاك بـەو كینـە
شاهســـوار مەكـــەینان شـــاهی مەدینـــە[146]

ئاشكرایە دێڕی دووەم لێرەدا بە تەواوی جیاوازە.

هەر لە بواری دوونا ودوونی ڕۆحەكاندا با لە چەند دێڕێكی تر لە (دەورەی شاخۆشێن) وردببینەوە:

**شاه خۆشێن مەرمۆ= دەفەرمێ:**

غولأمـــان ئیقـــرار غولأمـــان ئیقـــرار
وەعـــدەی ظهـــورەن بـــەیان وە ئیقـــرار
نـــەرۆزی ئـــەزەڵ بیـــای ســـاجی نـــار
ئەی كام وەعدەم دان نە پەردیوەر شار
مـــن جـــە طـــریقـــەت ئـــاوم بـــی زەلأڵ
وە نـــام خۆشـــێن ئامـــام وەرووی كـــار
دوویست ساڵ نەی وەر نەدوونی مەولام
ئامـــام وە بیســـات وە شـــیرین كـــەلام

لێرەدا (شاخۆشێن) بە ڕاشكاوی بەڵێنی ئاشكراكردنی (دینی یارسان) لە شاری (پەردیوەر)دا داوە, وەك لە سەرچاوەكانیشدا هاتووە (شاخۆشێن) ساڵی (467ك) لە دونیادەرچووە, شاری (پەردیوە)یش لە لایـەن (سـان سـەهاك)ەوە دروسـتكراوە كـە وەك لـە كتێبـی پـیرۆزی (سـەرەنجام)دا هـاتووە لـە نێـوان ساڵەكانی (528–628ك)دا ژیاوە, كەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆدەردەكەوێت كە (شاخۆشێن) دواتر لـە تـەنی (سـان سـەهاك) و لـە (پـەردیوەر)دا ئـەو كـارە دەكـات, هـەروەها ئـەوەش دەردەخـات كـە ئـەو دووسەد ساڵێك لەوەوبەر لە دوونی (مەولام= مەولا عەلی))دا هاتووەتە سەر ڕووی دونیا.

4- **بە پێی باوەڕی یارسانەكان هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خوداییە**, ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی ئیمانـدار و چـــاكدا گەشـــەدەكەن و لـــە مرۆڤـــی بێئیمـــان و خراپیشـــدا دەپووكێنـــەوە, هـــەر لێرەشـەوە دەڵـێن دوونـا ودوونـی ڕۆحـەكان لـە جەسـتەیەكەوە بۆجەسـتەیەكی تـر

لەسەر بنەمای ئیمان و کرداری خاوەنەکەیەتی, ئەگەر کەسێکی ئیماندار و کردار چاکبێت ئەوە رۆحەکەی بۆ جەستەیەکی پاکتر دەڕوات و بە پێچەوانەشەوە دەچێتە جەستەیەکەوە کە ئازار و ناخۆشی دەچێژێت, هەر لێرەشەوە دەڵێن رۆح هەزار و یەك تەن دەگەڕێت, لە کتێبی (سەرەنجام)دا هاتووە هەزار ویەکەمین تەن ئیتر بریتییە لە ژیانی هەمیشەیی.

هەر لێرەدا دوو دێڕ شیعری (باوا قەیسەری هەورامی) بە نموونە دەهێنینەوە:

گونای بێ شمار گونای بێ شمار
قەیسەرەنانێ گونای بێ شمار
گەورەم سەرهەنگا یورتشەن هەزار
چەنی هەزارە بیام وە شابار

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە: ناوم قەیسەر و گوناهی زۆرم هەن کە لە ژماردن نایەن, (باوا سەرهەنگ) گەورەمە و رۆحەکەی ئێستا لە هەزارەمین تەندایە, رۆحی منیش لە گەڵ ئەودا دەچێتە دونیای نەمریەوە.

4- **رۆژو و نوێژ:** یارسانەکان ساڵانە سێ رۆژ بە رۆژوودەبن و پاش ئەو سێ رۆژە جەژندەکەن, خواردنی جەژنیش تایبەتە و بریتییە لە (کۆشتی کەڵەشێر بە کولاوی, برنج, شیرینی), خواردنی جەژن لای یارسانەکان نموونەی ئەو خواردنەیە کە (سان سەهاکی بەرزنجی) پاش سەرکەوتنی بەسەر لەشکری (چیچك)دا خواردوویەتی, (لەشکری چیچك= لەشکری براکانی کە لەئەشکەوتی نەوێ هێرشیانکردۆتەسەری بۆ لەناوبردنی و یارسانەکان بەلەشکری کوفار ناویدەهێنن).

دەربارەی کاتی رۆژو و جەژن سەیری ئەم دوو دێڕە بکە:

نەی چلەو زمسان نەی چلەو زمسان
داود رۆچەشان نەی چلەو زمسان
نییەتشان نەی چاردە مانگێ بو ئیحسان
جە حەڤدە و مانگێ گیریا چەپ دستان

سەبارەت بە نوێژیشەوە یارسانەکان نوێژناکەن و دەڵێن: ئێمە نیازیین نەك نمازی, بەو واتایە خەڵکی وێرد و پاڕانەوەن نەك نوێژکردن.[147]

4- **جەم:** سەرەتا باس لەوە دەکەین هەندێك کەس تا ئێستاش پێیانوایە (جەم) لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و لە (جمع)ەوە هاتووە, سەبارەت بەم وشەیە (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) نووسیویەتی: (جەم وشەیەکی ئاوێستاییە بە واتای کۆبوونەوە هاتووە, لە شارەزوور و هەورامانیشدا بە هەمان واتا بەکاردێت,

بۆ وێنە دەوترێ هەموویان جەمن, یان دەوترێ ئەو ئەقڵی تەواو جەمە, هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە: (جەم) وەك ناوی کەسێ لە زۆربەی ئەو بەرهامانەدا کە باسی مێژووی ژیانی (بێشدادی و کیانی)یەکان دەکەن, لە جیاتی ناوی (جەمشید) هاتووە و هەروەها (جەم) لای هیندییە کۆنەکان یەکێکە لە خواوەندەکانی خواردنەوە[148]).

(جەم) لای یارسانەکان زۆر پیرۆزە و بۆ هەر مەبەستێك ببەسترێت باو و برەوی خۆی هەیە, بۆ هەر ئەرکێکی دینییان پێویستی بە کۆبوونەوە بێت وەك (جەژن, نیازکردن, سەرسپاردن), جەمدەبەستن, (جەم)یش چ وەك ئەو جێگایەی تێیدا دەبەسترێت, چ وەك کۆبوونەوە لە هەموو تێکستە پیرۆزەکانیاندا بایەخیدراوەتێ و قسەی لەسەرکراوە, بۆ نموونە: لەسروودی تەڵقینی مردوودا (جەم) بەپەناگە و جێگەی چاکان لە قەڵەمدراوە, وەك لەم دێڕانەی سروودی (جەم)دا هاتووە:

| |
|---|
| قیبلەی یارانەن قیبلەی یارانەن<br>جەم کەعبەی شەریف قیبلەی یارانەن<br>جەم غەزەب بەخشان رەحمەت ڤارانەن<br>جەم یۆرت کردار نیاز دارانەن<br>جەم یەعنی مەسجید یاری یارانەن<br>جەم حەلی موشکیل مەتڵەبدرانەن[149] |

**لە سروودی تەڵقینی مردووشدا پیرۆزی ( جەم ) لای یارسانەکان بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:**

| |
|---|
| **پەناگەش هەیبەت جەم راسانەن** |
| **جەم مەکانی هەق راگەی خاسانەن[150]** |

خودی (سان سەهاکی بەرزنجی) بەشێوەیەك باسی (جەم)ی کردووە گوایا کرنووشگەی یارانە و شوێنی یارانی چاکەکارە, هەر کەسێکیش لەوێدا دەستە و داوێنی ئەو بێتەوە ئەوە لە رۆژی لێپرسینەوەدا دیارە چونکە یەکێکە لە یارانی راست.

**ئەمەش دەربڕینەکەی ( سان سەهاکی بەرزنجی )یە :**

هەر کەس نە جەم دا نە بیرۆ ئەرکان
وە راست بگێرۆ دامان سوڵتان
ئانە حەقیقەت مێرد یاریەن
جە رۆژ حساو وە دیاریەن[151].

یەکەم (جەم)یش لای یارسانەکان ئەو جەمە بووە (سان سەهاك) لە پەردیوەردا بەستوویەتی, هەموو یارسەکانیش لە سەر ئەو رایەن هەموو جەمێك نموونەی هەمان جەمی (سان سەهاك)ە.

5- **قوربانی:** هەڵگرانی ئەم رێورەچەیە بۆ رزگاربوون لە (تەنگ و چەڵەمە, باری گران و ناهەموار, بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی باش) قوربانیدەکەن, ئاژەڵی قوربانیش پێویستە تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە هەموو روویەکەوە ساغبێت, بە دڵێکی پاك و پڕبڕواوە ئامادەبکرێت هەتاکو یارانی گیانی دڵپاك جەمی بۆبکەن, ئەمەش چەند دێرێکە لە سروودی قوربانی:

دۆستان قوربانی دۆستان قوربانی
بۆ واچە ئاداب ئایەی قوربانی
تەمام تەیار کەیم جەمی سوڵتانی
قەوڵ رۆزی ئەزەڵ شاهی مەردانی

بەو مانایە دۆستان قوربانیبکەن و سروودی قوربانی بڵێن هەتاکو جەمی سوڵتانی[152] تەواو تەیاربێت.

6- **سمێڵدرێژکردن:** یارسانەکان بە شێوەیەکی گشتی سمێڵیان دەهێڵنەوە و بەرسمێڵ ناکەن, بەڵام هۆی ئەم سمێڵدرێژکردنە تا ئێستا بەشێوەیەکی راست نەزانراوە, لەم بارەوە چەند رایەك بەم شێوەیە هەن:

ا- هەندێك پێیانوایە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەو سێ دەروێشەی لە (ئەشکەوتی نەوێ) هاوەڵی (سان سەهاك) بوون و لەگەڵ لەشکری (چیچك) جەنگاون, ریش وسمێڵدار و پرچ درێژبوون, گوایا ئەو دەروێشانە لە غەیبەوە بۆ یارمەتیدانی (سان سەهاك) هاتوون.

ب – هەندێکی تر دەڵێن: ئەم سمێڵدرێژکردنە لەسەردەمی صەفەویەکانەوە خوویانپێوەگرتووە, چونکە یارسانەکان هاوکار و یارمەتیدەری صەفەوییەکان بوون, شتێکی ئاشکرایە (شا ئیسماعیلی صەفەوی) سمێڵی زۆر درێژبوون و هەرگیز تیغی لێنەداون.

ج- (گردلێڤسکی) لەم بوارەدا رازێکی بەم شێوەیە خستووەتەڕوو, کاتێك پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کۆچی دواییکردووە (عەلی کوری ئەبی تالیب) شتوویەتی, ئاو لە چاڵی ناوکیدا وەستاوە, (عەلی) ویستوویەتی ئەو ئاوە بخواتەوە, کاتێك دەمی ناوەتە ئاوەکەوە مووی ریش و سمێڵی تەڕبوون و دوای ئەوە ئیتر هەرگیز ریش وسمێڵی نەتاشیوە.

دیاره زۆربەی قزڵباشەکان بڕوایان بەم رازە هەیە, هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین قزڵباشەکان پێیانوایە هەر تاڵێك لە مووی ریش و سمێڵ پەرییەك خۆی پێدا هەڵواسیوە[153].

7- **سەرسپاردن:** پەیوەندیبەستنی نێوان کەسێکی یارسان و دوو پێشەوای دینییە, ئەو پەیوەندییە دوو لقە, لقێکی بە (پیر) و ئەویان بە دەلیلەوە, بۆنموونە خودی (سان سەهاك) پیرەکەی (بنیامین= پیرخدری شاهۆ) و دەلیلەکەشی (داود) بووە, لە رێوڕەسمی سەرسپاردندا ئەم شتانە ئامادەدەکرێن:

کەڵەشێرێك بەو مەرجەی تەمەنی لەشەش مانگ کەمترنەبێت لەگەڵ نیو مەن برنج و چارەکێك رۆنی ئاژەل بەنییەتی سان سەهاك, یەك گوێز بە نییەتی پیر بنیامین, دووجامی گەورە ئاو بە نییەتی ئاوی کەوسەر, یەك چرا بە نییەتی داود, چەقۆ بەنییەتی مستەفا دەودانی, شیرینی بە نییەتی شائیبراهیم, سکە بە نییەتی سەی محەممەدی گەورە سوار.

کەڵەشێر و برنجەکە لێدەنرین لە جەمخانە پیر و دەلیلیش ئامادەدەبن و سەرسپاردنەکە بەجێدەهێنرێت, پاش ئەوە ئیتر ژن و ژنخوازی لە نێوان سەرسپێرەکە و پیر و دەلیلەکەدا نامێنمێت, چونکە وەکو کوڕی خۆیان سەیریدەکەن, سروودی ژمارە چواری هەڵگرانی ئەم رێوڕەچەیە تایبەتە بە سەرسپاردنەوە و ئەمەش چەند دێڕێکیەتی:

گاڤی بێ گاڤان بێ گاڤان گاڤی
تاسەر نەسپارین کەردە ڤەلاڤی
هەر سەرێ نەلەوح ئەو حوضوری جەم
نەسوجدە ڤە دەست خەلیفە خادم
بێ شك ئەو سەرە ڤە تۆمار نییەن
نە رۆژی حیساب ڤە شومار نییەن
تومار پیر موسی قەلەم باقییەن
جەم چلانە بنیام ساقییەن
رەهبەر داڤدەن دەسی دامانگیر
تەگبیرچی باطن بنیامینی پیر
جۆز نە کەژنیژ نە عەرەق بنیام
ئاڤەرد ئەو جەم پەرێ سەرئە نجام
جەم نەدلی جەوز جەوز نە دلی جەم
نیازش زات بێ چهار کەس دەرهەم[154]

ئەم سروودە درێژە و لە شوێنی تایبەت بە سروود و پەخشانەکانیاندا دەینووسینەوە.

لەم سروودەدا گەورەیی سەرسپاردن لای یارسانەکان دەردەکەوێت, سروودەکە باس لەوە دەکات چۆن (گا) بەبێ گاوان بلاو و پەرتەوازە دەبنەوە, یارسانەکانیش ئەگەر سەرنەسپێرن بە هەمان شێوەیان لێدێت, هەر (سەرێك=کەسێك) لە ناو (جەم) ئامادە نەبێت و کرنووش بۆ (خەلیفە و خادەم) نەبات, بێگومان ئەو(سەرە= کەسە) لە ناو یارساندا تۆمار نییە و لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا بە یارسان ناژمێردرێت, لەم سروودەدا ناوی فریشتەکانی سان سەهاك هێنراوە و ئەرکەکانیان بەم شێوەیە خراونەتەڕوو: (پیر موسا) دەفتەردار, (داود ڕابەر) و (بنیامین)یش پیری خاوەن تەدبیری (باطنی)یە.

***8- بە حەرامزانینی هەموو خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان, تەنها لەکاتێکدا نەبێت بەرژەوەندی دینیانی تێدابێت, هەروەها (درۆ, دزی, خیانەت, سوێندی درۆ) بەتاوانی گەورە لەقەڵەمدەدەن).***

9- **یارسانەکان بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لەسەریان نهێنی بپارێزن**[155], دیارە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆریان بە هیچ شێوەیەك ئامادەنین بچووکترین شت سەبارەت بە دینەکەیان بدرکێنن, هەر لە بواری نەدرکاندنی نهێنییەکانەوە (سان سەهاکی بەرزنجی) وتوویەتی:

**ڕاز نەکەران فاش ڕاز نەکەران فاش**
**هانا ئەی یاران ڕاز نەکەران فاش**
**ئی واچە وە ڕەمز واچن پەرێ تاش**
**نەکا سەرەنجام پختە بن نە داش**[156]

ماناکەی بەم شێوەیە: ڕازە نهێنییەکان بلاومەکەنەوە (حیکمەت) پێویستە بە هێما بە یاران و دۆستان بوترێت, نەوەك دوارۆژ لە کوورەی ئاگردا بسووتێن.

10- **هەموو یارسانێك شەوانە کە دەچێتەسەر نوێنی خەوتن،** پێویستە لەسەری تۆبەبکات لەهەرکردارێکی ناڕەوا کە کردبێتی و بڵێت:

**ئەوەڵم یار ئاخرم یار ئیشارەتی**
**پیر پادشا**[157]
**ئەوەڵم یار ئاخرم یار داود کۆسوار.**

# سروودو پەخشانە پیرۆزەکانی یارسان

بەر لەوەی بچمە ناوەرۆکی ئەم بابەتەوە بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بڵێم: سەرچاوە و تێکستە پیرۆزەکانی (یارسان) زۆرن, پێشتر ئاماژەم بە ناوەکانیان داوە و ناچمەوە سەر ئەو باسە, بەلام لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لەوە بکەم, ئەگەر کەسێك بیەوێت هەرچی زانیاری ناو ئەو هەموو تێکستانە هەیە بخاتەڕوو, بە دڵنیاییەوە هەموو تەمەنی بەشی ئەو کارە ناکات و ناتوانێت ئەنجامیبدات, چونکە لە لایەوە

(وەدەستخستنی گشت سەرچاوە و تێکستەکان, لێکدانەوە و شیکردنەوە و راڤەکردنیان) ئەرکێکی تەواو گرانە, لە لایەکی تریشەوە ئەو کەسە پێویستە دەزگایەکی چاپکردنی لە بەر دەستدابێت, چونکە سەرەڕای ئەوەی سەرچاوە و تێکستەکان زۆرن, هاوکات دووبارەبوونەوەیەکی زۆریان تێدایە کە سەبارەت بە هەندێك بابەت دەگاتە رادەی جوینەوە, زانیاری وا هەیە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە یەکتر لە چەندین تێکستدا دووبارە بووەتەوە.

من پێموایە ئەوانەی کە خۆیان یارسان نەبوون و سەبارەت بەم رێوڕەچەیە نووسیویانە بە شێوەیەکی گشتی, بەڵام بەدەر لە (پرۆفیسۆر فلادیمیر مینۆرسکی) لە خۆرهەڵاتناسان تا رادەیەك و (د. صدیقی بۆرەکەیی) لە نووسەرانی کورد, کەسێکی تر نەیتوانیوە بچێتە ناو کرۆکی وردەکارییە دینییەکانی یارسانەکان و تەنها لە پەراوێزی ئەم بابەتانەدا سووڕاونەتەوە, سەرکەوتنی ئەم دوو کەسەش ناومهینان هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەبووە کە یەکەمیان توانیویەتی هەندێك لە سروودەکانی یارسان بەدەستبهێنێت و دووەمیشیان توانیویەتی (سەرچاوە دینییە گەورەکەی یارسان= کتێبی سەرەنجام) دەستی خۆی بخات.

هەر لێرەوە دەڵێم ئەگەر کەسانی رۆشنبیر و شارەزایانی یارسان خۆیان سەبارەت بە رێوڕەچەکەیان دەستبدەنە نووسین, لە هەموو نووسەرانی نایارسان باشتردەبن, چونکە لە لایەکەوە پێدەچێت دەستخستنی سەرچاوە و تێکستە دینییەکان بۆیان ئاسانبێت, لە لایەکی تریشەوە دەمێکە وتراوە کەس ناتوانێت لە (شا) شاتربێت, بە واتا کەسێکی نایارسان ناتوانێت وەك یارسانێك بچێتە ناو وردەکارییە دینییەکانەوە, چونکە ئەو کەسە یارسانە خۆی رۆژانە هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو وردەکارییانەدا دەکات, هەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم دوو کتێبی نووسەرانی (یارسان) بە ناوی: (سروودی دینی یارسان و دەفتەری رموززی یارسان) کە یەکەمیان لە لایەن (ماشەڵا سووری) و دووەمیشیان لە لایەن (سەی قاسمی ئەفزەڵی شائیبراهیمی))یەوە نووسراوە, ئەم دوو کتێبە لە گەڵ ئەوەدا هەڵەی چاپ و تا رادەیەکیش زمانەوانیان تێدان, بەڵام تەنها بە کۆکردنەوە و خستنەڕووی ژمارەیەك لە سروود و پەخشانەکانی (یارسان) توانیویانە پوختەیەکی فەلسەفەی دینی ئەم رێوڕەچەیە و بنەما و دیاردەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرابکەن, ئەگەرچی هەردوو نووسەر لە هەندێك شت خۆیان پاراستووە, بەڵام تا رادەیەکی زۆرباش بە ناو سەرچاوە و کتێبە دینییەکانی خۆیاندا شۆڕبوونەتەوە و ئەوەی بە پێویستیان زانیوە خستوویانەتەڕوو.

دێمەوە سەر ئەوەی ئەو سەرچاوە و تێکستانەی لای منن ئەگەرچی زۆر شتیان سەبارەت بە (رێوڕەچەی یارسان) تێدان, بەڵام لە رووی بابەتی (فقهی)یەوە لاوازن و شتێکی وەهایان تێدا نییە کە تینوویەتی بشکێنێت, هەر ئەوەش وایکردووە لە من نووسینەکانمدا وەك (رێو ڕەچەیەکی دینی ) ناوی یارسان دەهێنم, نەك وەك دین, چونکە کە باس لە دین دەکرێت پێویستە ئەو دینە خاوەنی بابەتی (فقهی) بێت, بە تایبەت ئەو بابەتانەی کە بە ژیانی کۆمەڵ لە هەموو رووەکانیەوە و پەیوەندی لە ناو تاکەکانیدا پەیوەستن, نەوەك تەنها بریتیبێت لە خستنەڕووی (پەرجووی دینی, بابەتی مێژوویی, سرووتی دینی, نزاو پارانەوە, ستایشی رابەران و گەورەپیاوانی دینەکە, شوێنی پیرۆز...هتد).

پاش ئەم چەند دێرە دەچمە ناوەرۆکی بابەتەکەوە کە پەیوەستە بە سروود و پەخشانە دینییەکانی یارسان و نووسینەوەی هەندێکیان وەك لە سەرچاوە جیاجیاکاندا دەرمهێناون, هاوکات ئەم خاڵانەی خوارەوەم بە گرنگ وەرگرتووە:

1- ئەو سروود و پەخشانانەی یەك واتایان هەیە تەنها یەكێكیان دەنووسمەوە و زیاتریش پشت بە نووسینەوەی سروودەكان دەبەستم چونكە پێموایە لە رووی رێنووس و زمانەوە بۆ خوێنەر ئاسانترن.

2- هەوڵدەدەم بە پێی شارەزایی خۆم لە زمانی تێكستەكان، واتاكانیان شیبكەمەوە و لەم بوارەشدا وەرگێڕانی وشە بە وشە بە باش نازانم، بەڵكو هەتاكو بتوانم واتایەك دەدەم لای خوێنەر شیاوی تێگەیشتن بێت.

3- هەرچەندە نووسینەوەی سروود و پەخشانەكان بە پیتی لاتینی دەتوانێت واتاكانیان پڕبە پێستی خۆیان بدات، بەڵام لە بەر ئەوەی خوێنەرانی كورد بە شێوەیەكی تا رادەیەك گشتی لە خوێندنەوەی ئەم رێنووسەدا لاوازن، بۆیە ناچام بەو رێنووسە باوەی ئێستا لە ناوماندا بالأدەستە بیاننوسمەوە، ئەمەش تەنها لە پێناوی ئاسانكردنی خوێندنەوەیان.

4- سروود و پەخشانەكان لە هەر تێكستێكدا وەرمگرتبن هەر وەك ئەو تێكستە خۆی نووسیومنەتەوە و وەك ئەمانەتێك دەستكاریم نەكردوون، تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر هەڵەیەكی ئیملایی لە وشەیەك، یان رستەیەكدا بووبێت، هەوڵمداوە بەراوردی چەند تێكستێك بكەم بۆ ئەوەی بگەمە راستی وشكە، یان رستەكە، هەر لێرەدا باس لەوە دەكەم لە كتێبی (سروودی دینی یارسان)دا پیتی (و) بە (ڤ) نووسراوە وەك: (داڤێد = داود، ڤە = وە، هەڤا = هەوا) منیش هەر بە هەمان شێوە نووسیومنەتەوە، بەڵام لە سەرچاوەی تردا بۆ نموونە (دەستنووسی سەرەنجام، سەرەنجامەكەی دوكتۆر صدیقی بۆرەكەیی) كە بە (داود، وە، هەوا) هاتوون، ئەوانیشم هەر وەك خۆیان نووسیونەتەوە، بۆیە لە خوێنەرانی بەڕێز داواكارم ئەم شتە وەك خۆی تێبگەن، نەوەك وای لێكبدەنەوە كە من لێی بێئاگابووم.

5- لە هەندێك دێڕە شیعری ناو سروودەكاندا وا دێتە پێشچاو كە لە رووی هونەری شیعر هۆنینەوە و كێش و سەرواوە ناتەواون، هاوكات شاعیری ئەو دێڕانە زۆر لە زمانی هۆنینەوەی شیعرەكان (هەورامی= گۆران) ئاگادار نەبووە، وەك ئەوەیە كە بە سەرپێیی فێری ئەو شێوەزمانە بووبێت.

6- ئەو سروود و پەخشانانەی كە (ماشەڵاسووری) لە كتێبی (سروودی دینی یارسان)دا نووسیونی و ژمارەی داونەتیێ، (11) سروود و (21) پەخشانن، بەڵام سروودە دینییەكانی یارسان لە سەرچاوە جیاجیاكاندا زۆر لەم ژمارەیە زیاترن، هەر بۆیە من بە پێویستم نەزانی ژمارەیان بدەمێ، هاوكات ئەوانەیان دەنووسمەوە كە بەلای خۆمەوە نووسینەوەیان بە پێویست دەزانم.

**ئێستاش دێمە سەر نووسینەوە و مانادانەوەی سروودەكان بە جۆرێكیش مانایان دەدەمەوە كە خوێنەران پێیان ئاشنابن:**

سروودی چۆنییەتی درووستبوونی دونیا: ئەم سروودە لە لایەن (خان ئەڵماسی لوڕستانی)یەوە هۆنراوەتەوە، ناوبراو كوڕی (محەممەد بەگی لوڕستانی)یە و ساڵی (1072ك) لە لوڕستان لە دایكبووە و دانەری یەكێك لە كەلامەكانی یارسانە بە ناوی (كەلامی خان ئەڵماس)،

(خان ئەڵماسی لوڕستانی) پایەیەكی گەورەی لای یارسانەكان هەیە، هەر بۆنموونە (زولفەقاری گۆران) لە دێڕە شیعرێكدا وتوویەتی:

**جە سەنەی هەزار صەد و سی و هەشت**

خان ئەڵماس لوا ئۆ دڵیٚ بە هەشت.

ئەم دێڕە شیعرە هاوکات بەڵگەیە بۆ ئەوەی ناوبراو ساڵی (1138ك) کۆچی دواییکردووە.

ئێستاش دێینە سەر نووسینەوەی سروودەکە:

هەفت دوونەن بەیان بۆ ڤاچان پێتان
نە حەقیقەت بزانان عەعلووم بۆ لێتان
تاکە نە چینان ڤە راگەی شەیتان
ئەوسا نەلەو بیٚ نە ئاریا بیٚ
نە ئەرش بیٚ نەفەرش جیهان دەریا بیٚ
مەولا ڤە دووڕ بیٚ دووڕ ڤە تەی دەریا
ڤە دووڕ بەر ئاما جیهان کەرد مەهیا
ناوی ڤێش نیا ڤە خاڤەندگار
عەرش و قورش و فەرش ئەوسا داقەرار
هەفتاد هەزار ساڵ تاك و تەنیا فەرد
ڤە رووی دەلیاڤە چۆگان بازی کەرد
نە خاکی بسات سازا جبرائیل
تا بی ڤە هامراز خالقی جەلیل
ئەڤەڵ ئیجاد کەرد چوار مەلەك هەر چوار
ئاسمان زەمین ئەوسا دا قەرار
لە سڕی قودرەت درووست کەرد عالەم
هەفت تەبەق ڤە پشت ماهی کەرد مەحکەم
ڤە سڕی قودرەت خالقی ئەکبەر
چهار جەستە هەر چهار ئاوەرد ئەو نەزەر
مودەت عەهدێ بی ڤە مابەین ڤیەرد
زەڕڕات عالەم ڤە خەیاڵ ئاوەرد
فەرما مەلەکم ئەخی جبرائیل
بچن خاك بارن ئەز کۆ سەرەندیل
بەلکەی بونیادی ئادەمیزاد کەیم
دڵی ئادەمی ڤەی دنیا شاد کەیم
مەلەکان یەك یەك داخڵ بین ڤە خاك
ڤە حوکمی موعجیز پاشای بیٚ باك
خاك حاشا مەکەرد مەگرەڤا شیڤەن
ئامانەن تاڤەت ئادەمیم نیەن


www.pertwk.com

مەلەکان یەك یەك ئەرز کەردەن ڤە شاه
خاك ئادەمی مەکەرۆ حاشا
فەرما ئیزائیل ڤە تاب و تاجیل
تۆ مەئمووری خاك ڤە کۆی سەرەندیل
ئیزرائیل ڤە قار داخلۆ بی ڤە خاك
ڤە حوکمی موعجیز پادشای بێ باك
خاك حاشا مەکەرد مەگرەڤا زار زار
بوەخشەم وناز بینای کردگار
ئیزرائیل زەڕڕێ رەم ناوەرد ڤە دڵ
نیشی سەرکەجێش مەحکەم ڤست ڤە گڵ
قوڤەت دا شاپەڕ ڤە جا ڤڕێزا
باڵ دا ڤە هەم نیشت ڤە رووی هەوا
خاك ئاڤەرد نیا ڤە حزووری شاه
ڤادەی خزمەتم ئاڤەردەن ڤە جا
شاه ڤات مەلەکەن ئەخی جبرائیل
ئەو مشتی خاکە بکەن ڤە خەمیر
ئەو خاك تەیار خەمیرش بساز
ئادەم ئیجاد کەن ڤە صدقی نیاز
ڤە چهار عەناصر خەمیرش ساختەن
ڤە شکڵی مەولام قاڵبش ساختەن
دەستی یەدوڵڵا شای خاڤەندگار
ڤە دوونی مەولام ڤێش کەرد ئاشکار
مەلەکان بوڤاچەم یەك یەك ڤە جا
حازر و مەوجود ڤە حزووری شاه
ئەڤەڵ کە سەلمان کاکە رەزا بێ
تەحقیق بزانەن جبرائیل ئەو بێ
دییەم کە قەنبەر زاتی میکائیل
ڤە راگەی راست ئەو مەبۆ دەلیل
سێیەم محەممەد زاتی ئیسرافیل
ڤە فەرمانی حەق جەباری جەلیل
چوڤارەم ئیزرائیل سڕی هەق وێشەن
حوکمی قابضی هەر هەق ویشەن

**واتای ئەم سرووده بەم شێوەیە:** حەوت دوونە وەرن با پێتان بڵێم هەتاکو بە ڕێگەی شەیتاندا نەچن, ئەوسا هیچکام لە (لەوح, عەرش, فەرش) نەبوون, ئەم جیهانە سەراپای دەریا بوو, (مەولا= خودا) دووڕ بوو لە ناو ئەم دەریاوە دەرهات و ناوی خۆی بە (خاوەنگار) نا, ئینجا (عەرش و قورش و فەرش)ی درووستکردن, حەفتا هەزار ساڵ بە تەنها بوو ئەوسا (جبرائیل)ی بۆ هامرازی خۆی درووستکرد, ئینجا چوار فریشتەکانی درووستکردن و بە هێزی نهێنی خۆی حەوت چینی جیهانی لە سەر پشتی ماسی دامەزراندن, کاتێك ویستی مرۆڤ درووستبکات , فەرمانیدا بە (جوبرائیل) بڕوات خاکی کێوی (سەرەندیل)ی بۆ بهێنێت, بەڵام هەم جوبرائیل و هەم فریشتەکانی تریش نەیانتوانی خۆڵەکەی بۆ بهێنن چونکە خاك وتبووی تاقەتی بوون بە (مرۆڤ)م نییە, هەر بۆیە فریشتەکان یەك لە دوای یەك گەڕانەوە بۆ لای (شا= خودا) و وتیان خاك لە بەمرڤبوون نکولیدەکات, ئینجا (شا= خودا) بۆهەمان مەبەست فەرمانی بە (ئیزرائیل)دا, ئەویش بە خێرایی ڕۆیشت و بەتووڕەییەوە چووە ناو خاکەوە, هەرچەندە (خاك) نکولیدەکرد و کردیە شێوەن و زاری, ئیزرائیل گەردیلەیەك بەزەیی پێدانەهاتەوە و لووتی بەزەویدا کرد و مشتێك خۆڵی دەرهێنا, لە جێگەی خۆیەوە هەڵسایەوە و باڵی بەیەکدادان و لە ڕووی هەواوە بۆ خزمەتی (شا=خودا) گەڕیەوە, (شا=خودا) فەرمووی برا (جوبرائیل)ئەو مشتە خۆڵە بکەن بە هەویر, هەویرەکە درووستکراو لە سەر شێوەی (مەولام= مەبەست حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب[158])ە قاڵب داڕێژرا, ئەوجا شای خاوەندگار لە تەنی مەولام خۆی ئاشکراکرد, فریشتەکان هەریەکەو لە جێی خۆی لە حوزووریدا ئامادەبوون, یەکەمیان (سەلمان کاکا ڕەدائی بە دڵنیاییەوە بزانن جوبرائیل ئەو بوو, دووەمیان قەنبەر خودی (میکائیل)ە و لە سەر ڕێگەی ڕاست دەبێتە ڕێپێشاندەر, سێیەم (محەممەد) خودی (ئیسرافیل)ە و چوارەمیش (ئیزرائیل)ە کە سڕی خودایی لایەتی و مافی گیان کێشانی بەدەستە[159].

**سروودی سەرسپاردن:** دانەری ئەم سرووده خودی (سان سەهاکی بەرزنجی)یە, یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی (یارسان) کە (سەرسپاردن)ە لە سەر ڕۆشنایی ئەم سرووده بەڕێوە دەچێت.

بێ گاڤان گاڤێ بێ گاڤان گاڤێ
گاڤێ بێ گاڤان بێ گاڤان گاڤێ
تا سەر نەسپارن کەردە ڤەلاڤێ
تا هەق نەشناسن دوور نە گشت باڤێ
هەر سەرێ نەلۆوە حزوور جەم
نە سەنجۆوە دەس خەلیفە و خادەم
بێ شك ئەو سەرە ڤە تۆمار نییەن
نە ڕۆژ حەساو ڤە شومار نییەن
تۆمار پیر مووسی قەڵەم باقیەن
جەم چلانە بنیام ساقیەن
ڕەهبەر داڤیدەن دەس دامان گیر
تەگبیرچی باطن بنیامینی پیر
جۆز نە کەژنیژ عەرەق بنیام

ئاڤــەردەن وەجــەم پــەریْ ســەرئە نجام
جــەم نــە دلیْ جــەوز جــەوز نــە دلیْ جــەم
نیــازش زات بــیْ چــوار کــەس دەرهــەم

شــەرت دام وە بنیــام هــەق دام وە رەزبــار
دەفتــەر پــیر مووســی نــاز وە یادگــار
رەهبــەر داڤیــدەن چــل تــەنش وەشــۆن
پەرچینش ئــەڵماس هــەق وە دوونا دوون
نــەوا هــاوڕازیْ بیــۆ بــە هامتــام
بنیــام مــەغز جــام جــام مــەغز بنیــام
زکــر کــەران نــە جــەم غولاٌمــان تــەمام
نــە رای مــەغز دووڕ مــەولای خــاس و عــام
نــەوام عــەتر جــەوز جــەوز عــەتر نــەوام
غولاٌمـــان گـــردەن قـــەوا وە قـــەوام
جـــۆزم شـــکنا سەریچـــم ســـپەرد
پۆســم پاچــنا مــەغزم بەرئاڤــەرد

**ئەمەی خوارەوەش واتای سروودەکەیە**:

لەم سروودەدا (سان سەهاکی بەرزنجی) باسی گرنگی (سەرسپاردن[160])ی کردووە و بە راشکاوی بە شوێنکەوتووانی رێوڕەچەکەی وتووە: هەتاکو سەرنەسپێرن وەك (گا)ی بێگاوان دەمێننەوە و شپرزە و بلاٌودەبنەوە, هەر یارسانێك سەرنەکێشێتە ناو (جەم)ەوە و لە خزمەتی (خەلیفە و خادم)دا هەڵنەسەنگێنرێت, ئەو کەسە لە ناو دەفتەرەکەی (پیرمووسی) کە هەردەم قەڵەمەکەی دەمێنێتەوە تۆمار ناکرێت و رۆژی لێپرسینەوە لە ناو (یارسان)دا حیسابی بۆ ناکرێت, هەر لەم سروودەدا (سان سەهاکی بەرزنجی) باسی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەرکە دینیەکانی لە ناو ژمارەیەك لە گەورە هاوەڵەکانیدا کردووە و پیرۆزی ئەوانیشی خستووەتەڕوو, وەك ئەوەی (بنیامین) تەدبیرچی ناخە و هاوکات رەویەی (جەم)ی بە دەستە و ئاوی خوداپەرستی بەسەرجەمنشیناندا بەشدەکاتەوە, (داود) رێبەری یارسانەکانە و تکاکارە بۆ ئەوانەی کە دەستگیری دەبن و هەمیشە (چلتەن) وەك بەرژینێکی پۆلاٌیین بەدواوەین, (پیر مووسی) دەفتەردارە و (خاتوو رەزبار) هەق لایەتی[161] و (ناز)یش بە (باوایادگار) دراوە, هەر لەم سروودەدا هاتووە (گوێز[162]) لە کڕنیژی ئارەقەی بنیامین درووستکراوە, کە دەهێنرێتە ناو (جەم)ەوە پێویستە بشکێنرێت و توێکڵەکەی لێ جیابکرێتەوە, کاکڵەکەی دەربهێنرێت بۆ جەمنشینان.

**سروودی تەڵقینی مردوو**: ئەم سروودە لە لایەن (حاجی نیعمەتولاٌی جەیحوون ئابادی)یەوە دانراوە, ناوبراو کوڕی (میر بارامی موکری)یە, ساڵی (1288ك) لە گوندی (جەیوون ئاوا) لە دایکبووە, دانەری یەکێکە لە

کەڵامەکانی (یارسان) بە ناوی (کەڵامی موجرم), ساڵی (13338ک) کۆچی دواییکردووە, ئەمەی خوارەوەش دەقی سروودەکەیە.

فلاَنە کەس مەردەن فلاَنە کەس مەردەن
یا شاە ئامانەن فلاَنە کەس مەردەن
ئەگەر گوناکار ئەر کردار کەردەن
ڤە دینی یاری حەسرەتش بەردەن
پەنا وە دەرگای سوڵتان ئاوەردەن
وە شەرت بنیام سەرش سپەردەن
لوقمەی حەلاڵی حەقیقەت وەردەن
خیانەت وە دین یاری نەکەردەن
وە جەوز و ئیقرار دینشان مۆرەن
هەر وێت مەزانی وە چە دەستوورەن
یا شا قبووڵ کەر لاڵە و رەجامان
بگوزەر وە تەقصیر جورم و گونامان
رۆحی فلاَنە کەس وە فانی ویەرد
وە باریٚ گوناە روو وە عوقبا کەرد
یا حەق نەکەری نەکەون عەزابش
هەر چە بپەرسۆن ئێدەن جەوابش
ئەوەڵش یارەن ئاخرش یارەن
( پیر )ش بنیامین ( شا )ش خاڤەندگارەن
دەلیلش داود راهنمای راهەن
کردارش چرا نە پێش پاشەن
موحاسیب پیر مووسی ساحیب دەفتەرەن
قیبلەی هەقانیش نە پەردیوەرەن
شەفیع وە حەشر خاتوون رەزبارەن
دەستگیرش ئیبراهیم شاش خاوەندگارەن
حیساب کیتابش وە دووناودوونەن
صیراتش میزان وە شەرت و شۆنەن
پەناگەش هەییەت جەم راسانەن
جەم مەکانی هەق جاگەی خاسانەن
ئوصڵی دینش شەرتی ئیقرارەن
وە رۆژی حیساب هەفتەنش یارەن
هەفتەوان رەهبەر وە گردین کارەن
چل تەنان هادی رۆژی شمارەن

**تەهوور یان زات کەوسەر سیفاتەن**
**حەیات بەخشی جان تەمام مەماتەن**
**ئۆمێدەن نەصیب كول یارسان بۆ**
**رێگای ئاخیرەت لێشان ئاسان بۆ**
**ئۆمێدش هەقەن هەم هەق یارش بۆ**
**هەییەتی یاران پشتیبانش بۆ**
**موجرم یە قانوون تەڵقین نمایەن**
**بەشەرتی ئوصوڵ رای دین نمایەن**

فلأنه كەس مردووه (لێرەدا ناوی كەسە مردووەكە دەهێنرێت), پادشام ئامانە فلأنە كەس مردووه, ئەگەر گوناكارە یان هەر تاوانێكی كردووە لەسەر دینی یارسان پەژارەیكێشاوە, پەنای بە قاپی (سوڵتان= مەبەست لە سان سەهاكی بەرزنجی)یە, هێناوە و بە مەرجی (بنیامین) سەریسپاردووە, پارووی حەلأڵی[163] راستی خواردووە و هیچ پەیمانشكێنییەكی بە دینی یارسان نەكردووە, بە گوێز و دراو[164] دینەكەی مۆركراوە و ئەوەش خۆت دەزانی رەویەكەی چۆنە, (پادشا) پاڕانەوەمان قبووڵبكە و لە كەموكوڕی و تاوانمان خۆشبە, ئەوە رۆحی فلأنەكەسە بە بارێك گوناهەوە رووی كردە رۆژی دوایی, یا خودای راستی نەكەی سزایبدەیت و هەرچەندسش لێی بپرسن هەر ئەمە وەلأمییەتی: (ئەوەڵی یار و ئاخری یارە[165]), پیری بنیامین و (شا)ی خاوەندگارە, داود رێبەر و پیر مووسی دەفتەرداریەتی و قیبلەی راستیشی (پەردیوەر)ە, رۆژی حەشر (خاتوو رەزبار) تكاكار و (شا ئیبراهیم) دەستگیر و (یادگار) یاوەریەتی, پەناگەی گەورەی (جەم)ی پیاوچاكانە و رۆژی لێپرسینەوە (هەفتەن) یارینی, (هەفتەوان) رێبەری هەمو كارەكان و (چل تەن) رێنماییدەكەن.

## سروودی مردووشتن:

پەی غەسلی مەیت حاضر ڤە ئیقرار
ڤە حوکمی عەزیز شای خاڤەندگار
ڤە قەڵەم زەڕین پیر مووسی دەفتەردار
ڤە جامی ئیبراهیم ڤە ئابی ڕەزبار
ڤە قەدری حیشمەت موستەفا زۆردار
ڤە نازی ئەیڤەت مەلەکەی طیار
کەرەم ششتووش ڤە ئابی تەشار
پاك و طاهیر بویت ئەڤەڵ ئاخر یار

لەم سروودەدا لە گەڵ ئەوەی ئەرکی دینی هەندێك لە بازنەی (هەفتەن) وەك: (پیر مووسی دەفتەردار، شائیبراهیمی ئێوەت، خاتوو رەمزبار، مستەفای قابض) ئاماژەیانپێدراوەتەوە، باسیش لەوە کراوە کە مردووی یارسان بە ئاوی (تەشار) پاکدەبێتەوە، پێشتریش لە بابەتی شوێنەپیرۆزەکانی یارساندا باسمان لەوەکردووە، ئاوی (کانی غەسلان)ی تەشار لای یارسانەکان ئاوی (کەوسەر)یانە.

**سروودی خۆشتن:**

ڤە واتەی مێردان خەرقەی نوور نەوەر
ئاوم تەشارەن قیبلەم پەردیوەر
ڤە جامی ئیبراهیم ئایینەی جیهان بین
ڤە ئیقراری شەرت شاە بنیامین
ڤە رەزای داڤید رەهنمای رەهبەر
ڤە نوتقی نەفەس مووسی قەڵەمزەڕ
پاك و طاهیر بووم ژە پا تا ڤە سەر

**واتای سروودەکە بەم شێوەیە:** بە وتەی ئەوانەی پاڵتۆی نووریان پۆشیوە= (لێرەدا مەبەست لە پیرەکان و خەلیفەکانی یارسانە)، ئاوم لە تەشار و قیبلەم لە پەردیوەردان، بە جامی ئیبراهیم کە ئاوێنەیەکی جیهانبینە و بە مەرجی بنیامین، وە رەزامەندی داود کە رێبەری رێپیشاندەرە، بە قسەی مووسی قەڵەمزێڕین و بە ئاوی (رەزبار) کە خاتوونی رۆژی مەحشەرە لە سەرمەوە هەتاکو پێم پاکوتەمیزبوومەوە.

سروودی ململانێی نێوان (پیر میکائیلی دەودانی و سان سەهاکی بەرزنجی) کە بەسەرسپاردنی پیر میکائیل بە (سان سەهاك) کۆتایی پێهاتووە:

پیره مکایڵ دەودانی ماوا
چەنی شێخ سەهاك كەرد پەی دەعوا
مار كەرد ڤە قەمچی سوار بی ڤە شێر
شێرش مەڕانا ڤە خوازی دلێر
سوار بی ڤە شێر رانا ڤە هەی هەی
تا رەسی ڤە لەب سیروانی بێ پەی
ئاوازش كەرد هەی شێخ سەهاك
قەبووڵم نییەن تۆ نەی ماوا خاك
قەبووڵم نییەن تۆ نە پەردیوەر
بسازی یانە بنمانی هونەر
ئەو رۆژ یار داڤێد مەسازا دیڤار
شاه ڤات ڤە داڤێد سووار بۆ دیڤار
بچۆ ڤە راڤە بێ خەوف بێ ئەندێش
بزان میكائیل پەرێ چێش
سوار بی دیڤار داڤێدی دانا
ڤە جۆشی هەی هەی دیڤار مەڕانا
میكائیل ڤاتش شێچ سەهاك ئینە
ئەسپش دیڤارا مە نمانۆ وێنە
ڤە قەولی قەدیم تا حاڵ كێ دییەن
سەهاك سیحرباز جاددووگەرییەن
ئاوازش كەرد ئەهای شێخ سەهاك
ڤە ئەسپت واچە پەرێم سوخەن پاك
داڤێد ڤات غوڵام سوڵتان سەهاكم
غوڵام یەك رەنگ شاهی بێ باكم
مكائیل ڤاتش بچۆ واچە پێش
وێش بەیۆ ئەحواڵ بپەرسم جەنێش
ڤە سڕی قودرەت ڤە زۆری خاوە
قەدەم رە نجنا ئاه هات ڤە راوە
ئەو رۆژ كە سیروان چەمش كەفت ڤە شاه
شەوقی شاه مەولام سیروان خرۆشا
شاه ڤات میكائیل سیروان هات ڤە جۆش
ڤاچە ڤە سیروان دەنگش بۆ خامۆش
شاه سوڵتان سەهاك ڤە ئاڤازی بەرز

خورا ڤە سیروان و سیروان نیشت ڤـە مـەرز
شاه ڤە قالێچـە نیشت ڤـە رووی سـیروان
چـەنی میکائیـل ڤـە بێـدە بەستشـان
میکائیـل ڤـاتش شـای رۆزی ڤـە دەسنوێژ
نەوسـم فەرشـیا فـەرد فـەریاد رەس
شاه سوڵتان سەهاك دەسش كەرد ڤە بەحر
مـاهی بەرشـتە بـەر ئاڤـەرد ڤـە بـەر
ڤـاتش میکائیـل گۆشـتش كـەرە نـۆش
سـوخوانش مەشكەن خەمـدەری پـڕ جـۆش
یەك ماهی ژە بەحر سـەر ئاڤـەرد ئـەو دەر
سـەلام سـەد سـەلام ئـەمیری سـەفدەر
ڤـە جوقـت سـازنای دونیـا بـەحر و بـەڕ
كـوان جـۆفتی مـن دەركەنـدی خەییـەر
جیفـتم داینـە تـۆر ڤـە پـیر دەوەدانـی
یـا شـاه جیفـتم دەر شـاهی مـەردانی
شاه سوخان ماهی گرد ڤـە بـانی دەسنوێژ
مـاهی زینـدە كـەرد پادشـای ئەلەسـت
ڤـە سـیڕی قـودرەت نـووری ئیلاهـی
مـاهی زینـدە كـەرد پـەی جیفتـی مـاهی
ئـەو رۆژ میكائیـل ئـاوەرد ئـی وەڵـلا
ڤـات هـەقی تـونی ئـەلا ئـی وەڵـلا

ئەم رازە كە لەم سروودەدا هاتووە یارسانەكان بە ( پەرجوویەك = موعجیزە )یەكی دینـی دەزانـن و لە خوارەوە واتـاكەی دەنووووسین:

سـروودەكە بـاس لـەوە دەكـات پـاش ئـەوەی (سـان سـەهاكی بـەرزنجی) لـە بەرزنجـەوە بـۆ هـەورامان كۆچـیكردووە و چـووەتە (پـەردیوەر)، خـاوەن زەوی و زارێكـی نـاوداری ئـەو ناوچـەیە بـە نـاوی (میكـائیلی دەودانی[166]) كە پاشان بووە بە (پیر میكائیلی دەودانی) چووەتەسەری بۆ (پەردیوەر)، سـواری شـێرێك بـووە و مارێكی كـردووە بـە قامچی بۆ ئـەوەی (سـان سـەهاكی بـەرزنجی) بترسـێنێت، كاتێك گەیشـتووەتە لێـواری ئـاوی سیروان بە (سان سەهاكی بەرزنجی) وتـووە: مـن بـە هـیچ شـێوەیەك قایلنـابم بـەوەی تـۆ لـەم ماوایـەدا بمێنیتـەوە، نابێت لە (پەردیوەر)دا خانوو دروستبكەیت و هونەر بنوێنیت، لەو رۆژەدا (داود كۆسوار) لە پەردیوەر خەریكی دیوار دروستكردن بووە، (سان سەهاك) فەرمانیپێداوە لە دیوارەكە بخورێت و بزانتێت (میكائیل) چـی دەوێـت، (داود)یش لە دیوارەكەی خوڕیوە، میكائیل وتوویەتی: لەمە و پێش تا ئێستا كـێ دیویـەتی (سـەهاك) جادووگـەر

بێت, ئینجا دەنگی بەرزکردووەتەوە و وتوویەتی بڵێ بە (ئەسپت= مەبەستی داود)بووە هەتاکو قسەم لە گەڵدابکات, (داود)یش وتوویەتی: نۆکەری (سوڵتان سەهاك)م کە شایەکی بێباکە, (میکایەڵ) وتوویەتی بە داود برۆ پێی بڵێ با بێت خۆی قسەم لە گەڵدا بکات, لە درێژەی سرووودەکەدا هاتووە: لەو رۆژەدا لە خۆشی (سان سەهاك)دا سیروان هاتووەتە جۆش و خرۆش, (سان سەهاك) وتوویەتی بە (میکائیلی دەودانی) بە سیروان بڵێ با بێدەنگبێت, (میکائیل) وتوویەتی کارێکی وا لە دەسەڵاتی مندا نییە, (سان سەهاك) بەدەنگی بەرز بەسەر (سیروان)دا خوڕیوە, (سیروان) ترسی لێنیشتووە و بێدەنگبووە, (سان سەهاك) سواری قاڵیچەیەك بووە و چووەتە سەر ئاوەکە, لەوێ دەستیکردووە بە ئاوەکەدا و ماسییەکی دەرهێناوە و بە (میکائیل)ی وتووە گۆشت ماسی بخۆ بەڵام ئێسقانەکان نەشکێنی, هەر لەو کاتەدا ماسییەکی تر لە ئاوەکە سەریدەرهێناوە و سڵاوی لە (سان سەهاك) کردووە, پێیوتووە تۆ جووتی هەموو بوونەوەرێکت سازاندووە ئەی جووتی من کوانێ؟ (سان سەهاك)یش ئێسقانی ماسییەکەی خستەتە سەر دەستی و زیندوویکردووەتەوە, (میکائیل) کە ئەو هەموو کارانەی لە (سان سەهاك) دیون پێیوتووە هەق لای تۆیە و من ئەلاَ ئێ وەلاَ.

***سروودی پیرۆزی جەم و رێوڕەسمی جەمبەستن:*** جەم کۆبوونەوەی دینی یارسانەکانە و پیرۆزییەکی گەورەی لایان هەیە, لە بابەتی (بنەما سەرەکییەکانی رێوڕەچەی یارسان)دا سەبارەتی قسەمانکردووە.

قیبلەی یارانەن قیبلەی یارانەن
جەم کەبەی شەریف قیبلەی یارانەن
جەم غەزەب بەخشەن رەحمەت وارانەن
جەم یۆرتی کردار نیاز دارانەن
جەم خەتمی تەمام دۆعاو ئامینەن
جەم نە بیای شۆن پیر بنیامینەن
جەم داڤێد رەهبەر هەر وەقتێ تەنگەن
باجەن سەد دینار هەر کەس یەك رەنگەن
جەم سیفەت سەرمەشق پیر مووسی پیرەن
جەم قەول و قەرار دەست دەستگیرەن
جەم رەنگین رەزبار خدمەت وە دەستەن
جەم فتوای شەربەت سەرمەستان مەستەن
جەم نەزر و نیاز کردارکەردەنەن
جەم جۆزی شادی سەر سپەردەنەن
جەم یەعنی مەسجید یاری یارانەن
جەم حەلی موشکیل مەتڵەب دارانەن
جەم هو هومەستان سەدای یارییەن
جەم راگەی راستەن رەدای بارییەن
جەم ئەزەڵ ئەرکان دیدەی گیانییەن


www.pertwk.com

جەم سازی سوحبەت ساز دیدەی گیانییەن
جەم جەماڵی شام ها وە جەمخانە
جەم سوڵتانی جەم ساحیب سەرانە
جەم جەمی یاری گەردی دۆستانەن
جەم لایق وە پۆل پۆختەی پۆسانەن
جەم فیکر و فورسەت قەلعەی یارییەن
پەناهبەر ئەو جەم ئەر بێدارییەن
جەم ئەو بەیابەس پادشا و پیرەن
جەم جامی دەلیل جەمی دەسگیرەن
جەم راگەی گوفتار بێ دەبیستانەن
هەق بین ژە ئەدەب رای هەق تەرسانەن
یاران یاوەران کول یا جەم کەران
جەمال نیازان ئەو جەم باوەران
مویێ نەلەخشەن وە جامی راسان
وە جەم نەکەن جەهر نەکێشن باسان
پەروانە ئاسا وەجەم پەڕان بۆ
زمانت وە زیکری داود چڕان بۆ
داڤێد زامندار ئاهو سەر زێدەن
هانا رەس داڤێد, داڤێد ئومێدەن
داڤێد خاس غولامی سوڵتانی تەختەن
داڤێد نیگەهدار وەختی بێ وەختەن
یار داڤێد رەهبەر رو دەریای سیمەن
داڤێد موشکڵ هەل داڤێد وە جەمەن
داڤێد سۆمای عەین رەدای دڵ پاکەن
داڤێد دەستە بار پەی جۆز تاکەن
داڤێد کوورەی نار گرانی تاوەن
سەد دینار وەنام داود حیساوەن
ئیسا وە سیفەت غافلان خواو
تاکە سەد دینار داڤێد کەن حیساو
وە هیمەتی جەم کل واچان ئامین
وە ئیشارەی شاه شەرتی بنیامین
وە رەدای داڤێد رەهنما و رەهبەر
وە قەڵەم مووسی کاتبی دەفتەر

وه کــەردەی فــەردان فریشــتەی فــەردەن
ئیجــاد ژە عــەرەق عــەتر وێــش کــەردەن

**واتای سرووده‌كه به‌م شێوه‌یه:** جەم قیبلەی یاران و کەعبەی شەریفە, جەم لابەری توورەییی‌یە و لێبوردەیی دەبارێنێت, جەم رۆحی کردەوەی نیازدارانە و بەرهەمهێنەری نزا و پاڕانەوەیە, شوێن پێهەڵگرتنی (پیر بنیامین) و لە کاتی تەنگانەدا ئامادەبوونی (داود)ە, جەم سیفەتی پیر مووسی پیرە و بەڵێن و بڕیاری دەستی دەستگیرانە, جەم رەزباری رەنگین و فەتوای نۆشکردنی شەربەتی سەرمەستانە, جەم شوێنی نەزر و نیازکردنە و شکاندنی گوێزی سەرسپاردنە, جەم واتای مزگەوتی یاران و چارەسەرکردنی کێشەی خاوەن داواکانەو جەم جێگەی (تەلیلە و هووهووی) رێگای راستی یارسانەکانە, جەم شوێنی بیرکردنەوە و قەڵای یاری و پەناگەیە, هەر کاتێك پێویستیکرد جەم شوێنی دەستووردانی پادشا و پیرەکانە و ئاوێنەی رێپیشاندەرە, جەم شوێنی گفت و گۆی نەخوێندەوارانە و جێی قوتابخانەیان بۆ دەگرێتەوە, یاران وەرن هەمووتان جەمببەستن جواننیازان بهێننە ناو جەمەوە.

پێویستە ئەوە بڵێم لە درێژایی ئەم سرووده‌دا ستایشی داود بە چەند دێڕێك کراوە, پێویستینەکرد لە سەریان بدوێم لەبەر ئەوەی سروودێکی تایبەت بە ستایشی (داود) هەیە.

**سرووده‌ی رێوڕەسمی قوربانیكردن:** ئەم سرووده‌ش لە لایەن (خان ئەڵماسی لوڕستانی)یەوە هۆنراوەتەوە:

دۆستان قوربانی دۆستان قوربانی
بواچم ئاداب ئایەی قوربانی
تەمام تەیار کەن جەمی سوڵتانی
قەوڵ رۆژی ئەزەڵ شاهی مەردانی
خۆرد نۆ صەد دەی سپای شاخۆشێن
وە عەشق داود چەنی بنیامین
نە وەخت تەنگی پەی رەفع بەلاٚ
وە ناچار قوربان بکەرۆن صەلاٚ
ئەو پەرێ عوقبا کەردش ناتاوە
ژ جوملە رشوە پێشکەش حەساوە
وە عاڵەم وەش حوسن رەزای دڵ
مەبۆ بکاڵێن تۆم پەرێ حاصڵ
وە یەقینی پاك وە صیدقی ئیخلاٚص
ئەوەن قوربانی پەی رۆی ئیلتیماس
ئەوەڵ جوبرەئیل قۆچ نە غەیب ئاوەرد
وە جای ئیسماعیل قوربانیشان کەرد
ئیسم ئەو قوربان مەشهورەن نە عام
ئیسمش مەسانۆ جوملەی خاس و عام
دەهەم ذیلحەجە عید قوربانە
عاڵەم مەزانۆ وە شا عەیانە
پانی قوربانی کەڵەزەرد بۆ
گۆشت ماسی شەت میکاڵ وەردەبۆ
مەبۆ قوربانی وەشرەنگ و تەیار
شەش مانگ ویەردە چاخ وەش رەفتار
جەم کەران چەند کەس یاران دڵ پاك
ئیخلاٚص نامۆر شای سوڵتان سەهاك
پاك کەن دەست و پاش لووت و چەنی دەم
وە ئایەی ئەرکان باوەران وەجەم
بایەد جەم نشین گرد قەلب پاك بۆ
قابل وە حوزوور شاهی سامناك بۆ
دیدەی ناپاکان مەحرەم نین وە جەم
بوینۆن میزان خەلیفە و خادەم
چون ناپاکان وە کانی شەیتان

جۆ بۆ مەحرەم نین وە جەمی سوڵتان
وە رەسمی ئەزەڵ ئایەی سوڵتانی
جەم هیممەت بکەن چەنی قوربانی
وە ئەدەب ئەرکان قاعیدەی دۆستان
بەیان پێشانی قوربان بپۆسان
شیرین شوکرانەی باوەران وە پێش
کامش شیرین کەن وە شوکرانەی وێش
من بەعد وەردەران دەستی راستش
ئۆو چەنی سۆدای تیغی قەسابش
بوانان دۆعای شەرتی بنیامین
جەم هیمەت کەران وە ئایەی ئامین
وە ناز وەردەران قوربانی ئۆوجا
داخیڵ بکەن وە جای خەڵوەتگا
وەختیٚ قوربانی داخل مۆو زەمین
بایەد بواچین وە ناز بنیامین
خاس رەگی حەڵقش جیاکەن وە هەم
نەوا ببەرۆ گلۆش وەستەم
هەر وەخت مەکێشین تیغ وە بیٚ مەدار
بایەد بواچین ئەوەڵ ئاخر یار
خونی قوربانی برشێنن وە چاڵ
بکەن شوکری ذات بینای ذوالجلال
نمەك باش کەن بکەرن کەواو
تا بچۆ حوزوور شای بیٚ خورد و خاو
ناگاه وە کزەی جینس و مەل و مۆر
قوربان پۆختە بۆ بەرزۆ پڕ جەنوور
چەن تیریٚ وە بیٚ بەرگ هەر چەن بێو وەس
بەش وە بیٚ سەرپۆش مەدەرن وە کەس
بیٚ سەدا بیٚ دەنگ بناڵاَن وە دڵ
دڵ وە زاتی هەق مەکەران غافڵ
هەر وەخت بیٚ بەرگ مەدەران دیار
سەبتی کردارش نیەن وە تۆمار
بەڵیٚ ئەمانەت دۆستانی گیانی
پارە نەکەینان بەرگی قوربانی

بـــەرگ باقیـــەن دۆســت نەکــەن شکســتە
شکســــتە نــــەدەن وە جــــەمی بەســــتە
زەرفـی نـەفس پــاك كـەن بنیشـن وە جـەم
دەر خواسـت بەعیـدەن تــا نـەدای خـادەم
ســاحیبی قوربــان ئـەو چـون هـەم یـاران
ســەر بـــەش بســـانۆ وێنـــەی بــەش دەران
وە هەمچـــوون گێـــرۆ یـــارانی یـــاوەر
مـــەعزوور نیـــان وە ئـــەو زەڕە زیادتـــەر
پۆســتی قوربـــانی بـــاوەران ئـــەو جـــەم
هەرچـی بـە هاشـەن سـەبز بکـەن دەر لـەم
گێـــردە وە تـــیریٚ وە چـــل زیاتـــەر
دوو شــاهی ســفید بــدەن ســەرفی ســەر
هیمـــەت بســـانەن وە جـــەم نشـــینان
مـــەردانی ئـــیخلاص ســـاحیب یـــەقینان
خـــەتم كـــەرانیٚ ئـــاداب مـــەقامی عـــەزیم
زیـــارەتی جـــەم وە ڕەســـمی قـــەدیم
بەعـــدش ئـــاوی گـــەرم بـــاوەران وە جـــەم
پـــاك بشـــۆرن تـــەمام دەســـتی جـــەم
تـــا تەمامنـــــەو کـــاری کـــرداریش
تـــا قـــەڵم زەڕیـــن ســـەبت كـــەن تۆمـــاریش
خـــاس خـــاس ئـــەرکانش بـــاوەران وەجـــا
پـــەی ڕووســـفیدی فـــەردا ڕۆی عوقبـــا

**واتـای سروودەکە بەم شێوەیە:** دۆستان وەرن با سروودی قوربانی بخوێنین و جەمی سوڵتانی تەیاربکەین, لە کاتی تەنگی و بۆ دوورکەوتنەوەتان لە بەلاٚ قوربانیبکەن, قوربانی نابێت وەك بەرتیلدان بۆ جێبەجێکردنی کارێك بێت, بەڵکو پێویستە بەبڕوای تەواوەوە قوربانیبکرێت چونکە ئەوە تۆوکردنێکە بۆ بەرهەمی ڕۆژی دوایی, بە نییەتی پاك و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە قوربانیبکەن, یەکەم قوربانی ئەوەبوو کە جوبرائیل لە غەیبەوە قۆچێکی هێناو لە بری (ئیسماعیل) کرایە قوربانی, دیارە ئەو قوربانییە لە هەموو دونیادا بە ناوبانگە و ڕۆژی دەیەمی مانگی ژی الحجەیە, دووەم قوربانیش کەڵە زەردە و گۆشتی ئەو ماسییەیە کە سان سەهاکی بەرزنجی دەرخواردی پیر میکائیلی دەودانی داوە.

پێویستە قوربانی تەمەنی لە شەش مانگ کەمترنەبێت, تەندرووست و پاك و ئامادەبێت, چەند کەسێك لە یارانی دڵسۆز کۆببنەوە و جەمی لەسەر ببەستن, دەست و پێی و دەم ولووتی باش پاکبکرێتەوە و بە پێی ڕەویە


www.pertwk.com

بهێنرێت به ناو جەم، پێویسته گشت جەمنشینان لە شیان پاکبێت و شایەنی ئەوە بن لە حوزووری (شای سامناك) بن، ئەوانەی پیس و پۆخڵن شایەنی ئەوە نین بێنە جەمەوە و دیدەی (خەلیفە و خادم) ببینن، ناپاکان لە کانی شەیتانەوە هاتوونەتە دەرەوە و شایانی ئەوە نین بێنە ناو جەمی سوڵتانەوە، بە پێی دەستووری سەرەتای جەمکردن دەبێت جەمنشینان بەڕێزەوە ناوچاوانی قوربانی ماچبکەن، دەمی شیرینبکەن و پاشان دەستی راستی بۆ پێشەوەی درێژبکەن، لە گەڵ ئامادەکردنی چەقۆی سەربڕیندا نزای (بنیامین) بخوێنن، قوربانی دەبێت لە خەڵوەتگە پاڵبخرێت و کاتێکیش دەخرێتە سەر زەوی پێویستە هەموو ئامادەبوان بڵێن: بە نازی پاکی بنیامین، ئینجا بە باشی رەگی قوڕقوڕاگەی ببڕن و کە چەقۆکە دەخرێتە سەر ملی بڵێن (ئەوەڵ ئاخر یار)، خوینی قوربانی دەبێت بکرێتە ناو چاڵەوە و سوپاسی خودای زولجلال بکرێت، قوربانییەك بەم شێوەیە بکرێت نەقدینەی پێدەوترێت، دەبێت گۆشتی قوربانی چاك خوێی پێوەبکرێت و بکرێت بە کەباب، گۆشتی قوربانی کە بەشدەکرێتەوە پێویستە بە داپۆشراوی بێت و نابێت بە دانەپۆشراوی بە کەس بدرێت، خاوەن قوربانی بۆی هەیە وەك ئەوانی تر بەشی خۆی ببات و هیچ کەسێکیش بۆی نییە بیانوی زیادە بگرێت، پێستەی قوربانیش بە پارە بخەملێنرێت و بدرێت بە هەژاران، دواجار ئاویگەرم بهێنرێتە ناو جەمخانە و هەمووجەمنشینان باش دەستوپلیان بشۆن، بەم شێوەیە قەڵەمڕەوی ئەو قوربانییە تۆماردەکا و رووسپییەتی رۆژی دوایی تێدایە.

**سروودی ستایشی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب):**

| |
|---|
| **ئەوەڵ ئاخر یار ئەوەڵ ئاخر یار**<br>**بوانەم ثەنای ئەوەڵ ئاخر یار**<br>**یار یەعنی مەولام ساحیب زولفەقار**<br>**ئۆستادی ئەزەڵ جە بەر تا بە بار**<br>**میعماری کەونێن سەما سێ و چوار**<br>**سەمای چهار مەلەك پەیکی پەیخام ئار**<br>**یەك لۆمە نووری وەرا نام خۆوەر**<br>**قەراردا نەرووی سەما چون گۆهەر** |

**واتای سرووەدکە بەم شێوەیە:** با ستایشی یاری بەر و دوام بخوێنم، یار واتا مەولام کە خاوەنی (زولفەقارە)، دامەزرێنەری بنچینەی هەموو زەوی و دەریایە، هەروەها دروستکاری هەردوو کەون و ئاسمان و هەر چوار فریشتە پەیامبەر و پەیامهێنەرەکانە، ئەو رووناکیە مەزنەیە یە لە رووی ئاسماندا جێگیربووە و (خۆر)ی پێدەوترێت، ئەو رووناکیەیە مانگ و هەموو ئەستێرە جێگیر و گەڕۆکە بێشمارەکانەوە شەوی تاریك رۆشندەکەنەوە.

**سروودی ستایشی (باوا یادگار) و پاڕانەوە لێی:**

یادگـــاری یـــار، یادگـــاری یـــار
دەخیلـــەن ئامـــان یادگـــاری یـــار
یـــا زاتـــی زاتپـــاك ســـەرداری ســـەرركار
نـــازی نـــاز رەواج ژە پـــــەروەردگار
چلانەی چـل تـەن سـەبز پـۆش نوورپـۆش
سـەرانەی بـاقی تیـژ هۆشـی تیـژ گـۆش
رەواجـی هـەر دیـن سـەر هەڵقـەی شـاهان
جەمشـید جـەم بـەن شـۆن بـەری راهـان
ئێرجـــی یـــەحیا سیاڤەحشـــی کـــەی
حوسـێنی شـەهید نـە کەربـەلا تـەی
عـــالی قەلەنـــدەر تـــاهیر قەلەنـــدەر
هـەنی چـێش واچـوم پـوری ئەسـکەندەر
یادگـــار دەخیـــل تـــۆ تـــاجی شـــاهی
تـــۆ تـــاجی تاجبـــەخش جیهـــان نمـــایی
یادگـــار وە هـــەق ســـوڵتانی ســـەرجەم
وە ئیسـمی سـوڵتان سـەد هـەزاران کـەم
وە هـــەق داود رەهبـــەرەن وە نـــوور
وە هـەقی عیسـا، مووسـا کـۆهی تـوور
وە شـــای بـــەزەمل پـــیری رەنگینـــەن
پـیر ئـەو شـاهەن ئیسـمش سـەنگینەن
مەتڵـەبی حاجـەت فـارغ رەوا کـەر
وە سـاحیب کـەرەم سـوڵتانی سـەروەر

**یادگاری یار دەستم بە دامێنت**، ئەی یادگاری سەردار و سەرکار، ئەی ئەو کەسەی لای خودای گەورە نازت برەوداره، ئەی سەوزپۆشی نوورپۆش و تیژ هۆشی تیژ گوێ، ئەی رەواجپێدەری دینەکان و سەر ئەڵقەی هەموو شاهان، ئەی جەمشیدی جەم و ئیرەجی یەحیا و سیاوەشی کەیانی، ئەی حوسێنی شەهید لە کەربەلا، ئەی عالی قەلەندەر و تایەر قەلەندەر و هەرچی بلێم تۆ لەوە زیاتر و کوڕی (ئەسکەندەر)ی.


www.pertwk.com

لە چەند دێڕێکی کۆتایی سروودەکەشدا پاڕانەوەیەکە لە (باوایادگار) تیایاندا هاتووە: لە بەر خاتری گەورەیی (سان سەهاك) و پیرانی وەك (داود)، پێغەمبەرانی وەك (عیسا و مووسای کێوی گور، لای سوڵتانی سەروەر داواکاریم جێبەجێبکەیت.

**سروودی ستایشی (داودی کۆسوار = داودی رەهبەر):** پێشتر لە بابەتی (ئەو بازنانەی سان سەهاکی بەرزنجی) درووستیکردوون باسمان لە (داود) کردووە.

| |
|---|
| فەریادرەس داڤێد فەریادرەس داڤێد |
| ڤە کل یارسان فەریادرەس داڤێد |
| ئەشخاصی دیڤان زەبردەست داڤێد |
| چەرخچی جیهان شێری مەست داڤێد |
| تەبەرزین بەدەست میر شکار داڤێد |
| مەحرەمی ئەسرار ساحیب کار داڤێد |
| جای هانا دادرەس سوبح ئێڤار داڤێد |
| مەلەك موقورەب خاوەنگار داڤێد |
| قاهر و هۆش و جیلۆدار داڤێد |
| هامڕازی یاران بەردەبار داڤێد |
| پەرێ یارسان رەجاچی داڤێد |
| ساحیبی شەش پەڕ ئەغماچی داڤید |
| مورغی سەحەرخێز ئاسمانی داڤێد |
| باخەبەر ڤە سر نیانی داڤید |
| تۆفانی دەریای ئۆمانی داڤێد |
| گوڵبانگی شەفەق بەیانی داڤێد |
| بیلالی حەڤەش بانگی سور داڤێد |
| سەردار و پێشرەو روی ظهور داڤێد |
| سرِی سەهمناك ساحیب زۆر داڤێد |
| عالەم یەکرەنگ کەر چەرخی تور داود |
| حەکەمی دیڤان رۆی ظهور داڤێد |
| خار و یار ڤە هەم سەڤاکەر داڤێد |
| نە گەردی یاران پێشەڤا داڤێد |
| ئاب رووی ئاتەش مستەفا داڤێد |
| طبیبی حاڵزان دەردەدار داڤێد |
| سەقای حەیاتبەخش کل بیمار داڤێد |
| فەریادرەس هانای گلێم وەکۆڵ داڤێد |
| رەهنمای رەهبەر راگەی کول داڤێد |

شەریکی ئەمین جەمنشین داڤێد
هەم شەرتی ئیقرار بنیامین داڤێد
پەناگەی یاران دڵڕێشان داڤێد
شادی زۆقی دڵ دەرڤێشان داڤێد
مەتڵەب حاسڵکەر مرادی من داڤێد
مەرهەم زامان دەردی من داڤێد
سوڤار نەڕوویێ بای شەماڵ داڤێد
پەرچینی فولاد سەر و ماڵ داڤێد
ئەساسی فانی بەرباد کەر داڤێد
مەحبووسان ڤە بەند ئازادکەر داڤێد
دینی حەقیقەت رەڤاج کەر داڤێد
نەجات دەهەندەی ئەسیران داڤێد
حازر ڤە هانا فەقیران داڤێد
دەلیلی دەسگیر گوناهبەخش داڤێد
قەساس هوونی سیاڤەش داڤێد
زەلیل زەلیلان دەسگیر داڤێد
ساحیب زەبر بەخش جیهانگیر داڤێد
رۆشنایی قەلبی دیدەدار داڤێد
غولامی ئیخلاس خاڤەندگار داڤێد
ئەنیسی مونس بولبولان داڤێد
گوشادە حەلی موشکلان داڤێد
گەردشی سەقامی بار تابار داڤێد
مەقامی تەرتیب جەمینکار داڤێد
ئیسا دڵ تەنگم هانا یار داڤێد
مەڕەسین ڤە داد گوناکار داڤێد
رەجاکار قەڵای ساحیبکار داڤێد
باری یارسان بکەربار داڤێد

**واتای سرووودەکە بەم شێوەیە:** داود فریادڕەسی یارسانەکانە و بەرامبەر بە دێوەکان زەبروەشێنە, هەڵسووڕێنەری جیهان و شێری سەرمەستە, تەوەرزێن بە دەست و میری راوچیانە, پارێزەری نهێنییەکان و خاوەن کارە, شوێن هانابۆبردنی بەیانیان و ئێواران و فریشتەی نزیك پەروەردگارە, هۆشدار و جیلوەدار و هاوڕازی یارن و بۆیان تکاکارە, باڵندەی ئاسمانی سەحەرخێزە و بە نهێنییەکان پەیدەبات, لافاوی دەریای

عومان و کازیوەی بەرەبەیانە, بیلالی حەبەشی بانگدەر و سەردار و پێشڕەوی ڕۆژی ئاشکرابوونە, خاوەن نهێنی سامناك و هێز و توانا و هەڵسووڕێنەری (طورە), جیاکەرەوەی دۆست و دوژمنە و لە کۆکردنەوەی یاراندا پێشەوایە, پزیشکی حاڵزانی دەردەداران و بۆ بیمارەکانیش ژیانبەخشە, فریاد ڕەسی گلێم وەکۆڵ و بۆ هەموانیش ڕێبەرە, هاوڕیی ئەمینی جەمنشینان و هاوڕاز و هاوبڕیاری (بنیامین)ە, پناگەی یارانی دڵڕێشە و بۆ دڵی دەروێشان شادیبەخشە, جێبەجێکاری داخوازی من (مەبەست لە من لێرەدا ئەو یارسانەیە کە ئەم سرووده دەخوێنێت), سواری پێشڕەوە و بۆ پاراستنی سەر وماڵ پەڕژینی پۆلاینە, ئازادکاری بەندکراوان و بۆ دینی ڕاستی ڕەواجدەرە, بە هانای هەژارانەوە دێت و ڕێبەری (یاران= یارسانەکان) دەکات, لە گوناکاران خۆشدەبێت و تۆڵە سێنەری خوێنی (سیاوەش)ە, بۆ بێدەسەلاتان دەستگیر و ڕووناکی دڵی دیدەدارانە و بۆ خاوەندگار خولامێکی دڵسۆزە, هامنشینی بولبولانە و دڵی خاوەن کێشەکان گوشاددەکات, ئێستا دڵتەنگم وپەنام بۆ تۆ هێناوە کە بێیت بە دەم هانامەوە, تۆ تکاکاری یارسانەکانی لای (خاوەندگار) و گشت بارێکی یارسانەکان باردەکەیت.

**سروودی عالی قەلەندەر سەبارەت بە دوناودونی ڕۆحی خۆی, بەلام بەر لەوەی بچینەسەر سروودەکە چەند دێڕێك سەبارەت بە ناوبراو دەنووسین:**

(عالی قەلەندەر) ساڵی (838ك) لە ناوچەی داڵەهۆ لە دایکبووە, هەر بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن و پاش ئەوەی چەند ساڵێك سەرقاڵی خوێندن بووە, هاتووەتە گوندی (شێخان) و لەوێدا سەرقاڵی درێژەدان بە خوێندنەکەی بووە, پاشان ڕۆیشتووە بۆ شاری (بەغدا) و وەك ڕێبەرێکی دینی ڕێنمایی یارسانەکانی کردوە و هەر لە (بەغدا)ش کوژراوە, پاش کوژرانی دوان لە یارەکانی بە ناوی (دەدە عەلی و دەدە حوسێن) بە ناوی (عەلی قەلەندەر)ەوە بنەماڵەیەکی یارسانی دامەزراندووە.

ئەو کۆی سەراندیل ئەو کۆی سەراندیل
عالینان عالی ئەو کۆی سەراندیل
ژگاه سەندەن بەیانی زەلیل
هابیل بیانێ کوشتم کەرد قابیل

سەر وێم سەندەن سەر وێم سەندەن
عالینان عالی سەر وێم سەندەن
پەیکەرەی جامم هیچ کەس نەوەندەن
جەمشێد بیانێ جەم وێم بەندەن

گردی دوونا و دوون گردی دوونا و دوون
مەبۆ بوانیم گردی دوونا و دوون
ئامایم دوون وە دوون بگەندیم ئەو شۆن

ئـــيرەج بيـــانم پـــوور فەرەيــــدوون

مەستی مـەی نۆشـەن مەسـتی مـەی نۆشـەن
عالینـــان عـــالی مەســـتی مـــەی نۆشــــەن
هـەر وەخـت کـە جیهـان وەهـەم مەخرۆشـۆ
چـــاکەی نـــاو دەم دا یاســـاقم کێشـــۆ
سیاڤەخشــــەنان هـــــوونم مەجۆشــــۆ
قاف تـا قـاف جیهـان ڤـە هـەم مەخرۆشـۆ

سـەر جــە وێمــەنان سـەر جــە وێمــەنان
عالینـــان عـــالی ســـەر جـــە وێمـــەنان

میهتـــەران گـــرد بـــەیان بـــدەیمێ گـــەوا
ئــــەز حوســــەینەنان پـــوری شاهنشــــا

تـەن ڤـە بـێ سـەرێ تـەن ڤـە بـێ سـەرێ
عالینـــان عـــالی تـــەن ڤـــە بـــێ ســـەرێ
جــە ئــەزەل پــەرێ غــەم ڤەسـتن بــەرێ
ئـــەز ئیمـــام حوســـێن پـــور حەیـــدەرێ

شـام بـی ڤـە مهمـان شـام بـی ڤـە مهمـان
عالینـــان عـــالی شـــام بـــی ڤـــە میهمـــان
چـــەنی نۆهصـــەدە باشـــی ڤەلەنـــدەران
بابـــا تـــایر بـــیم مـــەردی هەمـــەدان

ئـەو کــۆ بەسـەڤی ئـەی کـۆ بەسـەڤی
عالینـــان عـــالی ئـــەو کـــۆ بەســـەڤی
بـــەرادەران چـــەنیم کـــەردەن عـــەدووی


www.pertwk.com

**یووسف بیانیٚ پوری یەعقووبی**

مەست و دێوانە مەست و دێوانە
عالینان عالی مەست و دێوانە
یورت وە یورت یاوان یانە وەیانە
خۆشحاڵ ئەو گەلە عالی چۆپانە

ژا ئینا عالی ژا ئینا عالی
چاگا یادگار ژا ئینا عالی
تیغم بڕانان چا هەق مەناڵی
وەستێنیم ئەو سەد دیوانی کاڵی

کەڵی وەرگیلا ژە ساحیب زەمان
وێڵ وێڵ مەگێلاٚ چوون گورگی دەمان
پیشەی شەریفی نەمەندەن پێشان
گەڤان گەڤان بین ڤە خاچەپ وێشان

زەردەی کەمەندار زەردەی کەمەندار
عالینان عالی زەردەی کەمەندار
وە حوکمی خواجام ساحیب بەڕ و بار
دوونم نۆ وانەن بابا یادگار

یاری هەردوو سەر یاری هەردوو سەر
یادگارەنان یاری هەردوو سەر
سەندووقم پەڕەن ژە لەعل و گەوهەر
وەر ژگشت مێردانیٚ یەردەنم وەشار

یـــاری وەفـــادار یـــاری وەفـــادار
یادگارەنـــــان یـــاری وەفـــادار
جە گاهێ زەمین و ئاسمان نەگرتبێ قەرار
ئـــەز مـــن رابـــیم ژە کارخانـــەی یـــار

ژ دەوڵەت یـــــار نۆویم پووڵەکدار
سـەیدی مـــــکین ژە گەردی ئاوار
شـاهید وەر گــیرەن گــۆواهی دەرکـار
تاکــە مـــاوەران بــەیون وە ئیقـــرار
ســـوڵتان مــەڕەمۆ وێمنـــان گـــۆواه
یادگـــاری وێمـــەن وە وێمـــەن گـــۆواه

ئـەو تەشـتی تـەلاَ ئـەو تەشـتی تـەلاَ
ســێ دوونم چـیەن ئـەو تەشـتی تـەلاَ
ئـــەوەڵ ســـیاوەش دووەمـــین یـــەحیا
ســـێیەمین حوســـەین پـــوری شاهنشـــا
وە تەشـــتی تـــەلاَ کـــەردەن نەخچـــیرم
جـــودا کـــەردەن رەئســـی مـــونیرم

**واتای سروودەکە بەم شێوەیە :** من (عالی)م لە کێوی (سەرەندیل)دا پلە و پایەم بەرزبوو, ویستم قوربانییەکەم و لە دەرگای یەزداندا ریسوانەبم, بەلاّم (هابیل) هیواکانمی خستەچاڵ و کوشتمی, ناوم (عالی)یە و هیچ کەسێك وێنەی جامی منی نەخوێندووەتەوە, (جەمشید) بووم و خۆم کوڕی (جەم)م پێکهێناوە, دەمەوێ چۆنیەتی (دوونا و دوون)ی رۆحی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە, من لە سەرەتاوە (ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون) بووم, من (عالی) مەست و مەدهۆشم, ئاسمان و زەوی پێکەوە دەخرۆشێن و منیش (سیاوەش)م خوێنم دێتەجۆش, سەرم بە خۆمەوەیە و لە خۆم بە ئاگام, با هەموو سەروەران بێن و گەواهی بدەن کەمن حوسێنی کوڕی (شاهنشا= مەبەستی حەزرەتی عەلی)یە, من عالیم و تەنم بێسەرە و هەر لە سەرەتاوە بۆ پەژارە درووستبووم و من (ئیمام حوسێنی کوڕی حەیدەر)م, شا بوو بە میوانم (لێرەدا مەبەست لە شا, شاخۆشینی لوڕستانی)یە, نۆسەد قەلەندەری لە گەڵدابوون و لەوکاتەدا من باباتایەری هەمەدانی بووم,عالیم و کەوتمە کێوی (بەسەڤی) و براکانم دوژمنکاریانکردم لەو کاتەدا من (یووسفی کوڕی یەعقووب) بووم, من (عالی) مەست و دێوانەم ماڵ بە ماڵ گەڕام و ئەو رانە خۆشبەختە (عالی) شوانیەتی, لە هەر شوێنێکدا هەق بناڵێنێت من لەوێدا تیغم بڕندەیە, بە حوکمی

گەورە و سەروەرم کە خاوەنی زەوی و دەریایە ئێستا لە تەنی (باوە یادگار)دام, یادگارم و یاری هەردوو سەرم, سندوقم لە (لەعل و گەوهەر) پڕە و بەر لە هەموو مێران گەیشتوومەتە شار.

**لە درێژەی ئەم سروودەدا هاتووە:** سێ تەنم چووەتە ناو تەنی (زێڕ)ەوە, یەکەمیان (سیاوەش) و دووەمیان (یەحیا) و سێیەمیشیان (حوسێنی کوڕی شاهنشا)یە, لە ناو تەشتی زێڕدا کردمیانە نێچیر و سەری نوورانیمیان جیاکردەوە.

**سروودی بە هاوسەربوونی ژن و مێرد:** ئەم سرووده لە لایەن (پیر مووسا)وە هۆنراوەتەوە و ئەمەی خوارەوەش سروودەکەیە:

نەی جەم وە هەق شەر
نەی جەم وە هەق شەر
حەق وە حەقیقەت نە گردین پاکتەر
ئینا وانامان دوعای ئەی مەظهەر
دوعای حەلاڵی جفت مادە وەنەر
پەی عشوە فانی چەی دام وە بەشەر
مەجی نەی دو دام کافوور وە تەنکەر
نەی جام دنیا مەزیم وەسەفەر
جام فانیان رەنگین رنگین چون وەر
رەنگ دەر وە رەنگ جوانەن چون تیتەر
ردوی مێرد کەرۆ جەی پیلە گوزەر
تا زەما و وەیوێ بەرۆ پەی تەشتەر
تاکە هون و گۆشن نەوەرۆش سەمەر
تاکە مێردانش وێڵ نەوان چەی سەر
تا کەسێ نەبۆ جە شا با خەبەر
تا وە سەر بەیان مەلان چەی حەزەر
هەم جەی راوبەرە بزاوێم وە بەر
تا توم پاکی پەیدا بۆ جەسەر
جە سەراوباقی جەی فانی مەورام
باریکتەر جەمو رەنگینتەر نە جام
نەی مەزە و عەسەل شیرینتەر چی تام
یەعنی حەلاڵی جفتتان مەبۆ ژام
پەی ئاینە ماچمێ پەی خومار زام
مەوۆ رابەران تا وەسەر دەوام
تا تۆم یاری ژینان بۆ بێ قام
بێ وێنا و خوار بونیەتان مەقام

ژیتـــان مـــەگنۆ وە نوتفـــە ناوكـــام
هامســـەریتان مـــەوۆ باطـــل و بـــەدنام
بـەر مەشـيت وە صـەف وە ئـەمر خواجـام
ئاشتان نە ظاهر هـا مەبۆ بـی قـام[167]

ئەم سرووده زۆر درێژه و هەمووی نانووسمەوه, كورتەی ماناكەش بەم شێوەیە:

لەسەر رۆشنایی ئەم سرووده هەموو نێر و مێیەكی یارسان پێویستە لە سەریان كە گەیشتنە تەمەنی باڵقبوون, ژن و مێردایەتیبكەن و خێزان پێكەوه بنێن, ئەم كارەش بۆ بەردەوامبوونی رەگەزی مرۆڤە نەوەك بۆ هەوەسبازی, ژن و مێرد پێویستە لەسەریان لە گەڵ یەكترا ئەمەكداربن و هەمیشە راستی لە بەرچاوبگرن, هەروەها منداڵی چاك پەروەردەبكەن بۆ ئەوەی بۆ كۆمەڵ سوودبەخشبن, دەبێت بە دوربن لە كرداری خراپ و ناڕەوا, هەر یارسانێك بە هەر بنەماڵەیەك سەریسپاردبێت نابێت لەو بنەماڵەیە ژنبخوازێت, ئەو كچ و كوڕانەی بە یەكتری دەدرێن لە سەریان پێویستە لە رۆژێكی دیاریكراودا پێكەوه ببرێنە جەمخانە و لەوێ پەوەیستنامەی ژن و میردایەتی ببەستن, پاش ئەنجامدانی رێوڕەسمەكە سەید ئەم سرووده بۆ بووك و زاوا دەخوێنێتەوه و بۆشیان شیدەكاتەوه, هەروەها بۆ خوداپەرستی و داوێنپاكی و پێكەوه ژیان و ئەمەكداری رێنماییاندەكات.

سروودی مردووشتن:

پاكیـــا پـــاك بـــا پاكیـــا پـــاك بـــا
پـەی جامعـــە و جەســـتە پاكیـــا پـــاك بـــا
ئـــی ئـــاوه پـــی چـــیم حـــەیات و حـــەیا
ئـــی پوســـتە ســـیفات زنـــدەگیش ئـــارا
ئـــەی ئاومـــان مـــەجی وەی ســـەر ســـفاتی
وەی قـــابی رۆح بـــاقیش حـــەیاتی
جـــە هـــەزار و یـــەك دون بـــونش نـــەجاتی
ئاســـوودەگیش بـــۆ جـــەی رای مـــەماتی
رای دیـــدەداریش بۆنـــە نـــەقینیاتی
قەڵـــەم وە روحـــش بزیـــۆ پـــەی زاتـــی
كـــەردش نـــە دەفتـــەر بـــونی ئیســـپاتی

نیشـــاگ یـــاریش بـــۆ جـــە حضـــوری
هـــەم پـــەرێ قـــاپی بـــداش دەســـتووری
خواجـــام بـــدەرۆش خـــەلاتی نـــووری
نـــورش خـــەلا ت بـــۆ پـــەی ئـــەم عـــازیز

پــەی جــام رەمزبـــار پـــاك دیـــن تـــەمیز
غەســـل صـــفا تمان دا پـــەی جـــام مریـــز
ئـــی ئـــاو فـــانی بـــاقیش بـــۆ لـــە زیـــز[168]

واتـاكـەی بـەم شـێوەیە: سـیما و جەسـتەی تـۆ پـاك و تـەمیز بوونـەوە, ئـەم ئـاوە بـە رووی ئـەم جەسـتەدا دەرژێنرێت كە خاوەنی خووی چاكە, ئیتر رۆحت بۆ هەمیشە دەمێنێتـەوە و لـە دوونـی هـەزار و یەكدا رزگاری بەدەستدەهێنێت و لە مردندا ئاسوودە دەبێت, كردارەكانت لە دەفتەردا تۆماركراون, بە قاپی هەق رانمایبكرێیت و خواجەم خەرقەی نوورت بداتێ, بە فەرمانی هەق خەرقەی نوور بپۆشیت و لە جامی خاتوو (رەمزبار)دا بادەی پاكی بنۆشیت.

سروودی چوار كۆڵەكە سەرەكییەكەی یارسان كە بـریتین لـە ( پـاكی, راسـتی, بەخشـندەیی, خۆنەویسـتی ), ئەمـەی خوارەوەش سروودەكەیە:

بـــاوەری وەجـــا بـــاوەری وەجـــا
یـــاری چـــوار چەشـــن بـــاوەری وەجـــا
پـــاكی و راســـتی و نیســـتی و ریـــدا
مـەبۆ بـار وێـت سـووك كـەی جـە دونیـا
چـــونكە ئـــەی دونیـــا جاگـــەی بـــوارەن
گـــا ســـەرە وبـــان و گـــا ســـەرەو خـــوارەن
مـــەبۆ وە پـــاكی و وە راســـتی و ریـــدا
گـــرد وات ویتـــان نیســـت كـــەن پـــەی هـــــــــــــــــــودا[169]

لەسەر بنەمای ئەم سرووده هەر كەسێك شوێنكەوتووی رێورەچەی یارسان بێت, لەسەری پێویستە:

1- ( پاك ) بێت, پاكی لە ( جەستە, تەن, دڵ و دەروون ).

2- لە هەڵسوكەوتیدا راست و درووست بێت.

3- بەخشندەبێت و بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی ( خودا ) بە خەڵكانی هەژار و نەدار كۆمەكبكات.

4- خود پەسەندنەبێت و لە خۆبایبوون بەدووربێت و شوێن هەوا و

**هەووەسی نەکەوێت.**

**سروودی نزای خۆڵە پۆتی= تەیەمم:** لەو شوێنانەدا کە ئاوی پێویست بۆ خۆشتن و خۆپاککردنەوە دەستنەکەوێت, یارسانەکان دەتوانن (تەیەمم)بکەن, بەوەی هەردوو دەست بخرینە سەر زەوی و بەباشی خۆڵەکە بتلنرێت بە هەردوو دیوی دەستەکانەوە و نزای (خۆڵە پۆتی= تەیەمم) بخوێنرێت, ئەم دێڕانەی خوارەوەش دەقی نزاکەیەن:

**وەردم ئەی توربەت پاکی مطهر**
**وە یاد کۆشك پادشای پەردیوەر**
**وە شەت ئیقرار ئەو عەهد بنیام**
**مالاّم ئەی توربەت وە صورەت تەمام**
**وە رەدای داود خاوەن کۆچ و گەپ**
**کەف دەس مالاّم پشت دەس چەپ**
**وە قەڵەم زەرین پیر مووسی ئیخلاص**
**کەف دەس مالاّم پشت دەس راس**
**وە خیدمەت کردەی پاك پیر رەزبەر**
**پاك طاهر بووم جە پا تا وەسەر**
**وە عەشق پادشای پاك بێ زەوال**
**پاك و طاهر بووم جە ئاهو و خەیاڵ**

**واتای نزاکە بەم شێوەیە:** بە یادی کۆشکی پادشای پەردیوەرەوە= مەبەست لە پادشای پەردیوەر (سان سەهاکی بەرزنجی)یە, بە مەرج و بڕیار و پەیمانی بنیامین, بەخەرقەی (داود) خاوەن وتە و کەلاّم لەپی دەستی راستم بەپشتی دەستی چەپمدا هێنا, بە قەڵەمی پیر مووسای دڵسۆز لەپی دەستی چەپم بە پشتی دەستی راستمدا هێنا, بە کرداری پاکی پیر رەزبار لەتەوقی سەرمەوە هەتاو پێم پاك و تەمیزبوومەوە, بە خۆشەویستی پادشای پاکی هەتا هەتایی لە پیسی و ئەندێشەی خراپ پاکبوومەوە[170].

**سروودێکی ( عابدینی جاف ) سەبارەت بە بایەخدان بە سەرچاوەکانی بژێوی وەك:( کشتیاری, مەڕو و مالاّت بەخێوکردن ) و هەندێك هەڵسوکەوتی کۆمەلاّیەتی,** هۆنینەوەی ئەم سرووده لە لایەن ناوبراوەوە بۆ یارسانەکان بە مەبەستی ئامۆژگاریکردنیانە.

**یارم فەرمووی دار بنێژن**
**قسەی خاس کەن هەر خاس بێژن**
**مەڕ و مالاّت خاوەن بکەن**
**تا بە بەرشە مەشکەی بکەن**
**سەگ و کەڵەشێر رابگرن**
**بە سواری ئەسپ رێگە ببڕن**

لــە تــەك گـــێڵا مەبنــە هـــاوڕێ
دۆســـی لـــە تـــەك گـــێڵا نـــاكرێ
خۆتـــان لادەن لــــە شــــوكایی
بـــا تیـــا نەچــن لـــە خـــۆڕایی
درۆ مەكـــــەن هـــــەر راس بێـــژن
درۆ چـــەس بـــۆ مەگـــەر گێـــژن
هـــەر كـــەس ئـــەبێ ژنـــێ بێنـــێ
بـــۆ خێزانـــی خـــۆی بنـــوێنێ
منـــداڵی بـــاش بـــە خێـــو بكـــا
نـــەكا قســـەی دزێـــو بكـــا
لـــە ڕێگـــای راســـتەوە بـــروا
بـــە بـــاوك و دایـــك هـــەبێ بـــڕوا
لـــە لەچـــەری خۆتـــان لادەن
دنیـــا بـــە لەچـــەر خـــۆ نـــادەن

هـــەوەڵ یـــارە ئـــاخر یـــارە
وەگشـــت چـــتێ ئاگـــادارە[171]

لەسەر رۆشنایی یەكێك لە سرووودەكانی (دەورەی گڵێم وە كۆڵ) كە بەشێكە لە كتێبی سەرەنجام هەر یەك لە (پیر بنیامین, مستەفادەودانی, پیر مووسی, پیر رەمزبار, باوایادگار, شائیبراهیمی ئێوەت) كە هەر شەشیان لە بازنەی (هەفتەن= حەوتن)ن, بۆ ولاَتانی یەمەن و میسر رۆیشتوون, پیر (بنیامین) كەوتووەتە (یەمەن) و لەوێ رووبەڕووی ستەم بوەتەوە, هەر چواردەورەیان داوە و بە كۆت و زنجیركراوی زیندانیكراوە, لە ناو زینداندا خاوەندگار بە (پیر بنیامین)ی وتووە: هیچ باكتنەبێت دەتوانیت رۆژانە یە سەڵتی بچیتە ناو بازارەوە و لەوێ بە ئازادی بژیت و شەوانیش بگەڕێیتەوە ناوزیندان, بەوشێوە ئیتر هەمووڕۆژێك تا ئێوارە ژیانی لە ناوبازاردا بە ئاوفرۆشتن و پارە گۆڕینەوەوە گوزەراندووە و شەوانیش گەڕاوەتەوە بۆ زیندان, كاتێك چەند كۆترێك لە (ئەسكەندەریە)وە بۆ لای هاتوون و مزگێنی گەڕانەوەیان بۆ ولاَتی خۆی داوەتێ, ئەو هیچ گوێیەكی بەو مزگێنییە نەداوە, بەڵكو گڵێمێكی گرتووەتە كۆڵ و هەر سەرقاڵی ریازەت و چلەكێشانی خۆی بووە, لەو كاتانەدا هەریەك لە پیر بنیامین و یارەكانی تری لە شێوە و بەرگی جیاجیادابوون و كەسیان ئەوی تریانی نەناسیوەتەوە, پیر بنیامین لە شێوە و بەرگی (میر حوسێن) و لە (یەمەن)دا ژیاوە, یارەكانی تریشی لە ناو كەشتیەكدا و بەم شێوەیە بوون: مستەفادەودانی لە شێوە وبەرگی (قەرچیل), پیرمووسی لە شێوە وبەرگی كوڕی میرزای كەشتی, رەمزبار لە شێوە و بەرگی كوڕی كەشتیوان, باوایادگار لە شێوە و بەرگی هەژارێكی سەرنشینیكەشتی و (شائیبراهیم)یش لە شێوە و بەرگی (میرەی باش تجار= میرەی سەرۆك بازرگان)دا بوون,

شەوێك لە ناكاودا پەپووسلێمانەیەك هاتوەتە خزمەتی پیر بنیامین و سڵاوی لێكردووە, نامەیەیەك بە سەر دەنووكییەوەبووە كە بە ناوی خودا رازێنراوەتەوە و نامەكە هەواڵی رزگاری پیر بنیامینی تێدابووە, لە درێژەی ئەم گێڕانەوەیەدا هاتووە: ئەو كەشتییەی كە پیربنیامین و یارەكانی تێدابوون و كەسیان ئەوی تریانی نەناسیوەتەوە لە ناو گێژاوی دەریادا تووشی شەپۆلی شێتانەی دەریا بووە بە جۆرێك هەموو سەرنشینەكانی ترساون و ژیانیان كەوتووەتە مەترسییەوە, هەندێك لە سەرنشینەكان هۆكاری ئەو نەهامەتییەیان بۆ بوونی (گڵێم وە كۆڵ= پیر بنیامین) گێڕاوەتەوە گوایا لە بەر ئەوەبووە نوێژینەكردووە, هەر لەوەوە ویستوویانە بیخەنە ناو ئاوەكەوە, لەو كاتەدا (میرەی باش بازرگان) وتوویەتی: ئەم پیرەمێردە پیاوی خودایە و پێویستە ئێمە هەموومان تكای لێبكەین بۆ رزگاربوونمان لەم گێژاوی دەریایە نزابكات و بۆمان بپاڕێتەوە, ئەوانیش بە گوێیانكردووە و ئیتر (گڵێم وە كۆڵ= پیر بنیامین) دەستیداوەتە نزا و پاڕانەوە, (داودی كۆسوار) كە لە سەر فەرمانی (سان سەهاكی بەرزنجی) بۆ رزگاربوونی ئەو یارانە هاتووە, لە پڕ لە ناو ئاوەكەدا سەریدەرهێناوە و شەپۆلەكان كپ و ماتبوون, سەرنشینەكان بە جارێك دڵخۆشبوون و (داود)یان پارەباران كردووە و هاوكات داوایان لێكدووە بۆ رێگەی راستی رێنماییانبكات, ئەویش وتوویەتی: من رێپیشاندەری یارسانم و ئەم ئەركە لە ئەستۆی (پیر بنیامین)ە كە ئێستا لە ناوتاندایە, بەڵام ئەوان قسكەی (داود)یان پەسەندنەكردووە و وتوویانە تۆ لە ناو ئەم شەپۆلانەدا ئێمەت رزگاركرد, كەواتە كەسێكی دانشمەند و بە خۆشەویستی خودا سەرمەستیت, بۆیە هەر دەبێت تۆ ئەم كارە بكەیت, هەر بۆیە (داودی كۆسوار)یش پاش كەمێك بیركردنەوە و تێڕامان بە ناچاری رێنماییكردوون و لە سەردەستی ئەودا سەریانسپاردووە, كاتێك هەموویان پێكەوە گەڕاونەتەوە بۆ لای (سان سەهاك) لە سەر ئەو كارەی سەرزەنشتی (داود)ی كردووە, ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بەشێكن لەو گێرانەوەی سەرەوە:

**گڵیم وەكۆڵ مەرەمۆ= گڵێم وەكۆڵ دەفەرمێ:**

**عازیز بەخشامان عازیز بەخشامان**
**عازیز وەڕای تۆ ئینە بەخشامان**
**میزان و راستی داود کێشامان**
**ها پیاڵە و ئیمداد ئاویٚ نۆشامان**
**وە دەستش گڵێم یاری پۆشامان**

**ئال وە کەشتی بار ئال وە کەشتی بار**
**پیٚ یار داودەن ئال وەکەشتی بار**
**بەلاٚم یەك چەردش بونی نەی بەیار**
**مبارکش بۆ ئەی خەلات و یار**

**خەڵك وەکەشتی گیر خەڵك وە کەشتی گیر**
**بەش وە داود بۆ خەڵك وە کەشتی گیر**
**عازیزم چەنەش بوەخشە تەقصیر**
**پیٚ ئێمە دەلیل پیٚ ئەوان بۆ پیر**
**ئەوانیچ بەی شەرت هانی چەی مونیر**
**ئینشالاٚ هەقشان مەوۆنە دەسگیر**[172]

**واتەی ئەم دێڕانە بەم شێوەیە:** (ئەی خۆشەویستم = مەبەستی سان سەهاکی بەرزنجی)یە من لە پێناوی تۆدا ئەوم بەخشیوە, نەخشەی راستیم بۆ (داود) کێشاوە و بە دەستی ئەو خەرقەی (یارسان)م پۆشیوە, خەڵکی ناو کەشتییەکە روویا لە (داود)نا و ئەویش لەو شوێنەدا ئەو کارە ناڕەوایەی کرد, ئەوە پیرۆزبێت و داواکارم لەو تاوانەی خۆشبیت, ئەو بۆ ئێمە رێپیشاندەر و بۆ ئەوانیش (پیر)یانە, ئەوانیش هەر بەم شێوە پەیمانیان بەستووە و پشت بە خودا بە مافی خۆیان دەگەن.

لە ناو سروودەکانی (دەورەی چلتەن) کە بەشێکە لە کتێبی (سەرەنجام) سروودی زۆر سەبارەت بە (رووناکی و تاریکی) هەن, لە سەر رۆشنایی هەندێك سروودەکانی ئەم بەشە جیهان بەر لەوەی (خۆر, مانگ و ئەستێرەکان)ی تێدا درووستبن, دوو گەوهەری تێدا بووە ئەوانیش رووناکی و تاریکی بوون, میری رووناکی (زەروان) بووە کە جیهانەکەی هەمووی (خۆشی و شادی, پاکی, راستی و دروستی)بووە, لەوێدا (مەرگ, ناخۆشی, جەنگ و جیاخوازی) نەبوون, (تاریکی)ش کە سەرداری (مەرگ, جەنگ و بەدکاری) بووە, بۆ ئەوەی حوکمڕانی لە دەستی بسێنێت هەمیشە دژی رووناکی جەنگاوە, بەلاٚم خاوەندگار دۆستایەتی لە گەڵ رووناکیدا کردووە, بۆیە (چلتەن)ی لە نووری خۆی درووستکردوون, ئیتر تاریکی و جەنگ و مەرگ هەڵهاتوون و بۆ قەڵەمڕەوی خۆیان گەڕاونەتەوە.

ئەگەر لەم بیروباوەڕەی سەرەوە رامێنین دەبینین لێکچوونێکی تەواوی لە گەڵ بیروباوەڕی دینی (مانی[173])یەکاندا هەیە.

لای شوێنکەوتوانی( دینی مانی) رووناکی نمایشکاری (چاکە, خۆشی و شادی)یە, بەڵام تاریکی نمایشکاری (مردن, جەنگ و بەدکاری)یە, حومکڕانی رووناکی (زەروان) و هینی تاریکیش (ئاز)ە و هەریەکەیان لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا حوکمڕانیدەکەن, لەم بوارەدا با لەم چەند دێڕەی شیعری (داودی کۆسوار) وردببینەوە.

| |
|---|
| نە هەیهات هو نە هەیهات هو<br>صەف صەف مەنهۆ نە هەیهات هو<br>چلتەن گرد ئامان بی وە قەواقو<br>دونیا رۆشن بی وە فەرمان زو<br>تاری مەرگ و شەڕ گرێزان چون دو<br>یانە تاریکیش کەرد ژێر و رو<br>چەنی چلتەنش نمانا ئەرجو |

**واتاکەی بەم شێوەیە:** یاران بە وتنەوەی هوو هوو ریزیانبەستبوو, (چلتەن)یش بە هەمانشێوە هاتوون و هەیا و هوو دەکەن, دونیاش بە فەرمانی (زو= زەروان) رووناکبووەتەوە و تاریکی و مەرگ و جەنگ هەڵهاتن و خانەی تاریکی سەروبنکرا[174].

لە ناو سروودەکانی دەورەی (هەفتەوانە= حەوتەوانە), سروودێك سەبارەت بە ئافەریدەکردنی (هەفتەوانە) هەیە, ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە سروودەکە:

| |
|---|
| بنیام صەداکەر بنیام صەداکەر<br>بنیام غولامان وەیگا صەداکەر<br>بەیا بوینان بمەدرا هەدەر<br>شەرت دڵێ دوڕ دو هەم رائەسەر<br>ئینە ئەو شەرتەن ئاوردم ئەو وەر<br>بشماران گەوا بمەدران خەوەر<br>زات هەفت پورە ئامان وە نظر |

**واتای سروودەکە بەم شێوەیە:** سوڵتان سەهاکی بەرزنجی بە (پیر بنیامین) فەرمانیداوە غولامان ئاگاداربکاتەوە و بانگیانبکات بۆ لای, تا بزانن چۆن (مەرجی ناو دوڕ[175])ی بەجێهێناوەو و زاتی (هەفتەوانە)ی درووستکردوون.

هەر لە بواری خستنەڕووی هەندێك لە سروود و پەخشانەكانی (یارسان)دا, باس لەوە دەكەم لە كتێبی (سروودی دینی یارسان)دا و وەك پاشكۆیەك بۆ سروودەكەی (خان ئەڵماسی لوڕستانی) سەبارەت بە دروستبوونی جیهان, (11) دێڕ شیعر بە ناوی (قەباڵەی سڕ مەگۆ= قەباڵەی نەدركاندنی نهێنی) بلاوكراونەتەوە, ئەگەرچی هەندێك نووسەریش لەوانە بەڕێز (محەممەد ئەمین هەورامانی) لە كتێبەكەیدا بە ناوی (كاكەیی) هەر بە هەمان ڕێچكەدا ڕۆیشتووە و ئەو شیعرانەی وەك پاشكۆ بۆ هەمان سروود نووسیونەتەوە, من لێرەدا و بە جیا ئەو دێڕە شیعرانە دەنووسمەوە و پێموایە هیچ پەیوەندییەكیان بە سروودەكەوە نییە:

پیرە زاڵێ بی ڤە عەهدی حەیدەر
جام ماسێ ئەو ڕۆ ئاورد ئەو شەهر
نۆشی جان مەكەرد شای دوڵ دوڵ سوار
ڕۆژی دەهەندەی صیغار و كیبار
فەرما ساحیب نوور ئی دژ ئەو باسە
ئەڕای قەباڵەی سڕ مەگۆ خاسە
تا نامە ڤەو ناو مەمالك نۆ كەرد
تا تەشریف ڤە ناو شاری كوفە بەرد
قەباڵە ڤە ژێر ستوونش گوزاشت
ستوونی مەسجید ڤە جاگە ڤەرداشت
فەرما ڤە فەردان ئینە بیا بەسانی
ڤە عەدەد ئەراچی غافڵ نەمانی
بێدار بوون ڤە خاو نەنیشن خەمین
تا سێ جار ئافتاب مەنیشۆ زەمین
ئەمانەت مەدەم ئەو ڕۆژە ڤە فەرز
مەكانی ئافتاب مەنیشۆ ئەو لەرز
ڤە سڕی قودرەت حازری مەوجوود
ئافتاب سێ نەوبەت مەكەرۆ سجوود
قەباڵەی مەگۆ باڤەرن ڤە دەر
تەحقیق بزانەن هەر ئینە حەیدەر
ڤە دەسی ئەوەن حەیات و مەمات
ئاشكار مەبۆ سڕی لاحەیات-مەمات
كەلاّم كەرد تەمام پادشای ئەبرار
ڤە گەردی مەردان ڤە عەهد و ئیقرار
خودا ڤە هەمڕای شاهەنشای یەكتام
( صلى الله ) ڤە نوور جەمالی مەولام.

کرۆکی شیعرەکانی ئەم قەواڵە ئەوە دەردەخەن گوایا پیرێژنێك جامی ماستی بۆ (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) هێناوە, ئەویش کە رۆزی گەورە و بچووکی بە دەستە ماستەکەی نۆشکردوە,خاوەنی رووناکی فەرمووی تویژی ئەم ماستە بۆ قەباڵەی (سرمەگۆ) باشە, چووەتە شاری (کووفە) و قەباڵەکەی خستووەتە ژێر کۆڵەکەی مزگەوتەکەی (کووفە) و کۆڵەکەکە بۆ ئەو مەبەستە بەرزبووەتەوە هەتاکو قەباڵەکە چووەتە ژێریەوە, لەویۆ بە مەردانی وتووە: دەبێت ئەوە بزانن کە من دەچمە ناو خەوەوە و ئێوە دڵگراننەبن, ئەو کاتەی سێ جار خۆر دەنیشێتە زەوی و جێگای رۆژ دەلەرزێ و رۆژی سێ جار کڕنووشدەبات ئێوە قەباڵەی (سرِ مەگۆ) بهێننە دەرەوە, ئەو کاتە دڵنیابن لەوەی (حەیدەر) دێتەوە ناو ژیان و ژیان و مردن لە دەستیدا دەبن.

پاش ئەوەی ژمارەیەك لە سروودەکانی (یارسان)مان خستنەڕوو, ئێستاش دێینە سەر خستنەڕووی چەند پەخشانێك لە پەخشانە پیرۆزەکانیان:

لە کتێبی سروودهای دینی یارسان – گرد اوردە وترجمە ماشاالله سووری – (21) پەخشان لە پەخشانە پیرۆزەکانی یارسان بلاوکراونەتەوە[176], من بە وردبینییەوە ئەو پەخشانانەم خوێندنەوە و بۆ لێکدانەوەی ماناکانیشیان خۆم زۆر ماندووکرد, زۆرجار هەستم بە لەنگی و بێمانایی چەند وشە و دەستەواژەیەك دەکرد, هەروەها هەستمدەکرد هەندێك بابەتی سەرەکی لە هەردووکیاندا دووبارە بوونەتەوە, بۆیە بە ڕای من ئەو بابەتانەی لە سروودەکاندا هاتوون و ماناکانێن لێکدراونەتەوە پیویستینەکرد جارێکی تر بە نووسینەوەی پەخشانەکانیان سەر لە خوێنەران تێکبدەم, لێرەدا تەنها ئەو پەخشانانە دەنووسم کە لە سروودەکاندا, یان تەنها ئاماژەیەکی بچووك بە بابەتەکانیان دراوە, یاخود هەر باسیان لێوە نەکراوە, بۆیە لە پەخشانی (پێنجەم)ەوە دەستپێدەکەم, چونکە پەخشانەکانی (4,3,2,1) بابەتەکەیان هەمان بابەتی سروودەکەی (خان ئەڵماس لوڕستانی)یە سەبارەت بە درووستبوونی دونیا.

**پەخشانی پێنجەم:** بەعد حەزرەتی ئادەم و حەوا ئیجادش کەردوە ئینس و جەننی ئیجادش کەردەبی, یەعنی شەش دۆرە هەن غەیر جە ئادەم سازنا وە فەناکەرد, وە بەعد ئەوان ئادەمش درووستکەرد کە ئەشرەف مەخلووقاتەن, کە هەق مایل داشت جیلوەی زات وە بەشەر باوەرۆ وە هەفتەن چهارتەن وە خودی هەق هەم وە سیڕ بەیاو تەما و غوڵامان هەم بەسەر یاوەرۆ ئاما وە دوونی بەشەروە زاتی میهمانی خەیلیٚ ئامان, تا دۆرەی (عەلی) زات وە بەشەر هەردوو داخڵ کەرد و دینی شەریعەت مەحەممەد قەراردا, هەفتەن هەفتەوانە وە هەفتیٚ و دوو پیر هەم وە دۆرەی شەریعەت تەمام بین.

**واتای پەخشانەکە:** دوای ئەوە (حەزرەتی ئادەم) وەك بەڕیزترین درووستکراو و (حەوا)ی درووستکردوون, (هەق= خودا) نیازی ئەوەی کرد جیلوەی خودی خۆی بگەیێنێتە مرۆڤ, ئەمەش درێژەیکێشاوە هەتاکو دەورەی (عەلی) کە خودا خۆی خستووەتە تەنی (عەلی)یەوە و دینی شەریعەتی محەممەدی بڕیارداوە, حەفتەن و حەفتەوانە و حەفتا و دووپیر لە (دەورەی شەریعەت)دا تەواوبوون.

**پەخشانی شەشەم:** بەعد یاوا وە دوونی (شاخۆشێن) وە زات بەشەری هەم وە دۆرەی موفەسەڵی کەلاًمش هەن, بەعد لوا وە دوونی (بابا نائۆ) دوو زات میهمانی, وە بەعد لوا وە دوونی (باباجەلیل) وە (باباسەرهەنگ) وە (بەهلوول) وە بابا بی وە دەروێش, تەمام وە زاتی میهمانی تا یاوا وە دوونی (سان سەهاك), وە زات بەشەری وە دەورەی (شاخۆشێن) یەکدەفعە وە دەر زەڕات هەم یەکدەفعە مەنزڵی وێش قەراردا, وە ساجی ناری دۆرەی زەڕات وێیەن وە ساجی نار دەورەی (شاخۆشێن) وە ژێر ساجی نار بەیانش کەرد, وە هەفتەوانە وە شکڵی وەز سازی, وە هەردوو هەفتەکە هەفتەن و هەفتەوانەن هەنەن, یەك یەك ڕەمزێ داروون کە گاهێ جیسم وە زات مەوۆ وە دوو زات, گاهێ هەفتەن گاهێ چوارتەن گاهێ سێ نەفەرەن, گاهێ یەکتەن یا چلتەن.

**واتای پەخشانەکە:** پاشان بە زاتی بەشەری چووە دوونی (شاخۆشێن)ەوە کە ئەمە بەدرێژی باسی هەیە, پاشان بە میوانی چووە دوونی (بابا ناوۆ= باوا ناووس)ەوە, دواتر چووە دوونی (باوا سەرهەنگ و بەهلوول)ەوە, تەواو بابا بووبە دەروێش بە زاتی میوانی تا چووە دوونی (سان سەهاك)ەوە, سەبارەت بە ساجی ئاگر و ژێر ساجی ئاگرەوە ئەمە لە دەورەی (شاخۆشین)دا باسی لێوە کراوە.

**پەخشانی بیستەم:** ( عالی) ئارماش کەرد پەی شەمە هەم حاشا بکەرەن وە کەسانێ هەنەن بەعد لە ئی دەورە مەیۆ, ئیقرار باوەران وە ظهوری زات وە وێم مەهمانەن مەکەری تا وەعدەی هەزار هەن هەم زاتێ وێم هەم, زاتی سوڵتان عالەم یەکڕەنگ مەکەروم, ئەو وەخت نیشانەش هەن, ئانە حوزووری هەزار هەن بایەد چیهار نەفەر هەم ئەولادشان وە قودرەت تەمام موریدان شەمە بووەن ئینە ئەولاد هەم ژە نوور مەسازی, تا بۆ وە پیرشان وە کەشکۆڵێ ئاوەردوە ئەولادشان سازنا کەردش وەپیری ئەو چوار نەفەرەوە چوار نەفەر هەم زوڕیەتشان زیاد بی.

**واتاکەی بەم شێوەیە:**(عالی) وتی بۆ حاشادەکەن لە پاش ئەم دەورەیە یەکێکی تر دێت, من بۆ ماوەی هەزار جار وەك میوان خودی خۆم دەردەخەم, لەوەشەوە خودی خۆم و هینی سوڵتانی جیهان یەکڕەنگ دەکەم, ئەو کاتە نیشانەی خۆی هەیە.

**پەخشانی بیست و یەکەم:** بەعد لە ئەو دەورە زەڕەی زات لوا وە (شاوەیسقولی) وە تەجدیدی ئایین کەرد, بەعد لوا وە (شاه ئەیان), بەعد لوا وە (محەممەد بەگ), بەعد لوا وە (ئاتەش بەگ) وە بەعد وە (سەید فرضی), وە دەورەی (فرضی) وە ئاتەش زات وە هەفتەن وە هەفتەوانە وە چهل تەن و وە چلانە کە مامام میهمان بی زاتی (فرضی) وە لای (ئاتەش بەگ وە سەید فرضی) بی, بەعد لوا وە دۆرەی (بابا حەیدەر) وە (شا هەیاس) تا هەفت پشت میهمان بی, بەعد لوا وە (زولفەقار گۆران), بەعد لوا وە (سەید حەیدەر) کە مەشهورەن وە (سەید براکە).

**ئەوەڵ ئاخرم یار**

**واتــای سرووده‌که:** پاشان گه‌ردیله‌ی زاتم چوونه خودی (شاوه‌یسقولی)یه‌وه که توانی ئاین نوێبکاته‌وه, ئینجا چووه دوونی هه‌ر یه‌ك له (شا ئه‌یازی یه‌که‌م) و (محه‌ممه‌د به‌گ)ه‌وه, دواتر چووه دوونی (ئاته‌ش به‌گ) و دواتریش دوونی (محه‌ممه‌د فه‌رزی)یه‌وه, ئینجا چووه دوونی (باوا حه‌یده‌ر و شا هه‌یاس)ه‌وه و لای ئه‌وان هه‌تاكو حه‌وت پشت بووبه میوان, ئینجا چووه دوونی (زولفه‌قاری گۆران) و دواجار دوونی (سه‌ید حه‌یده‌ره‌وه= سه‌ی براکه).

## یەکەمین و دوایەمینم یار

وه‌ك پێشتر وتم په‌خشانه پیرۆزه‌کان ژماره‌یان (21) په‌خشانه, به‌ڵام لێره‌دا من ته‌نها چوار په‌خشانم هێناوه, چونكه ئه‌وانی تریان یان دووباره بوونه‌ی سرووده‌کان بوون, یان بابه‌ته‌کانیانم به پێویست نه‌زانین, بۆیه ئه‌م چوار په‌خشانه‌شم به‌گرنگ زانین سه‌باره‌ت به خستنه‌ڕووی دوو بنه‌مای سه‌ره‌کی (ڕێوڕه‌چه‌ی یارسان) که ئه‌وانیش (ده‌رکه‌وتنی خودا له ته‌نی مرۆڤ و دوونا و دوونی ڕۆحه‌کانه) ده‌دوێن, ئه‌م دوو بنه‌مایه‌ش کرۆکی فه‌لسه‌فه‌ی دینی یارسانه‌کانه, چونکه هه‌ر یه‌ك له بنه‌ما سه‌ره‌کییه‌کانی تر شتێکیان له‌م دوو بنه‌مایه‌وه وه‌رگرتووه.

**به تێڕمان له‌م چوار په‌خشانه بۆمانده‌رده‌که‌وێت:**

1- یه‌که‌م مرۆڤ که له لایه‌ن (خودا)وه دروستکراوه (حه‌زره‌تی ئاده‌م) بووه و له سه‌ر شێوه‌ی (حه‌زره‌تی عه‌لی کوڕی ئه‌بی تالیب) بووه, هاوكات (ئاده‌م) به ڕێزدارترین مرۆڤ ناویهێنراوه.

2- به‌رجه‌سته‌بوونی ڕۆحانییه و جیسمانییه‌ت بۆ یه‌که‌مجار له ته‌نی (حه‌زره‌تی عه‌لی)دابووه.

3- پاشان ئه‌و به‌رجه‌سته‌بوونه له ته‌نی هه‌ریه‌ك له (بالوولی مایی, باوا سه‌رهه‌نگی ده‌ودانی, باوا ناووسی جاف, شاخۆشێنی لوڕستانی, سان سه‌هاکی به‌رزنجی, عالی= عالی قه‌له‌نده‌ر, شاوه‌یسقولی قرمزی)دا دووباره‌بووه‌ته‌وه و (شاوه‌یسقولی)یش به نوێکه‌ره‌وه‌ی ڕێوڕه‌چه‌که له قه‌ڵه‌مدراوه.

4- له قۆناغه‌کانی تریشدا به‌رجه‌سته‌بوونی ڕۆحانییه‌ت و جیسمانییه‌ت له دوونی هه‌ر یه‌ك له (شا ئه‌یازی یه‌که‌م, محه‌ممه‌د به‌گ, ئاته‌شی به‌گ, محه‌ممه‌د فه‌رزی, باوا حه‌یده‌ر و شا هه‌یاس, زولفه‌قاری گۆران, دواجاریش له ته‌نی (سه‌ی حه‌یده‌ر ناسراو به سه‌ی براکه)دا دووباره‌بووه‌ته‌وه.

5- له‌گه‌ڵ هه‌ر به‌رجه‌سته‌بوونێکی ڕۆحانییه‌ت و جیسمانییه‌ت له ته‌نی (مرۆڤ)دا چوار فریشته‌که و یارنه‌کانی (هه‌فته‌ن = حه‌وته‌ن, هه‌فته‌وانه = حه‌وته‌وانه) و هه‌ندێك جاریش (چلته‌ن) و چلانه = چلی چلته‌نان) له ڕێگه‌ی دووناودوونی ڕۆحه‌کانه‌وه دووباره‌بوونه‌ته‌وه.

هه‌ر له بواری خستنه‌ڕووی سروود و په‌خشانه‌کانی (یارسان)دا پێویسته له‌سه‌ر چه‌ند پارچه شیعر و سروودێکی تری ژماره‌یه‌ك له (ڕێبه‌ران, عاریفان, شاعیران)ی یارسان بوه‌ستین چونکه بوون به به‌شێك له تێکسته پیرۆزه‌کانی شوێنکه‌وتووانی ئه‌م ڕێوڕه‌چه‌یه و تێگه‌یشتنێکی زیاتر سه‌باره‌ت به‌م ڕێوڕه‌چه‌یه به ده‌سته‌وه‌ده‌ده‌ن له‌وانه:

1- **لـزا خـانمی جـاف:** لـه سـەر ڕۆشـنایی کتێبـی (سـەرەنجام) نـاوبراو یـەکێکبووە لـە گـەورە موریـدەکانی سەردەمی (شاخۆشێنی لوڕستانی) و لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە, لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەزوورە, بەڵام زۆربەی ژیانی لە ناوچەی لوڕستاندا گوزەراندووە, لە شیعرەکانیدا وتوویەتی:

**خوەشـێن بێـدار خوەشـێن بێـدار**
**پاشای بەڕ و بـار خوەشێن بێدار**
**ئەگـەر بفـەرمای قەباڵـە بیـار**
**مـەلۆ مـاوەرۆش لـزای ڕەمزبـار**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** ئەی خۆشێنی وریا و بەخەبەر, پادشای وشکانی و دەریا, ئەگەر بە (لـزای ڕەمزبار) فەرمانبدەیت بروات (قەباڵە= قەباڵەی یارێتی)ت بۆ بهێنێت, دەڕوات بۆتی دەهێنێت.

**لە دوو دێڕی تردا باسی لە جوانی وەرزی بەهار و ڕازانەوەی دەشت و کێوی کردووە و وتوویەتی:**

**وەفران بی وە ئاو وەفـران بـی وەئـاو**
**وەهار چـۆن ئامـا وەفـران بـی وەئـاو**
**گـوڵ و وەنەوشـە هـۆرێزان جـە خـاو**
**پـەرێ ئـارایش دەشـت و کـۆف و کـاو**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** بەفرەکان بوون بـە ئـاو و ئـەوەش لـە ئـەنجامی وەرزی بەهارەوەیـە, گـوڵ و وەنەشـە لـە خەو هەستان و دەشت و کێویان ئارایشتکرد.

2- **سەی براکە:** ناوی سەی حەیدەری کوڕی سەی مەنسوور و نازناوی (سەی براکە)یە, لە سەر ڕۆشنایی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام س(1210ك) لە ناوچەی کرماشان و لە گوندێکدا بەناوی (تووت شام) لە دایکبووە, (سەی براکە) بە یەکێك لە ڕێبەرانی ڕێوڕەچەی یارسان و لەوانەی ڕۆحی خوداییان تێداجێگیربووە دەژمێررێت, ناوبراو توانیویەتی چەند یارێکی گەورە پەروەردە بکات کە لە ژیانی خۆیاندا بوونەتە ڕێبەر و شاعیری دیار و ناسـراوی یارسـان لەوانـە: ( شـا تـەیمووری بانیـارانی, دەروێـش نـەورۆزی سـۆرانی, زولفـەقاری گـۆڕان), لـە سەردەمی ژیانیدا لە لایەن نەیارانییەوە دژایەتیکراوە و هەر بەدەستی ئەوانیش لە تەمەنی (80) ساڵیدا کوژراوە و لە گوندی (تووت شام) نێژراوە, شیعرەکانی (سەی براکە) پیرۆزییەکی گەورەیان لای یارسانەکان هەیە, هەم شیعرەکانی خۆی و هەم شیعری ژمارەیەك لە یارەکانی لە (دەورەی حەیدەری)دا نووسراونەتەوە, ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

دەروێــش دەروێشـــان دەروێــش دەروێشـــان
دەروێـــش مـــەولا ئاغـــەی دەروێشـــان
وە رەمـــز و رەوشـــت ریـــازەت کێشـــان
وە جـــەم و چـــلتەن یـــار نـــە دڵێشـــان
هـــەر کەســـێ کـــەرا وە یـــار بزانـــۆ
صـــەڕافەن صـــەڕاف کـــە  پـــێش مـــەوانۆ
مـــەبۆ کـــە صـــەڕاف دانـــە شـــناس بـــۆ
خـــەوەر نـــە ئەســـرار خـــاس و ناخـــاس بـــۆ
نـــەك چـــون لـــێلاوان وێـــڵ نـــە هـــەردە بـــۆ
وێـــڵ ســـەرگەردان ڕا گـــوم کـــەردەبۆ

(سەی براکە) لەم دێڕانەدا ئەو مەرجانەی خستووەتەڕوو کە پێویستە لە دەروێشی (یارسان)دا هەبن, باسی لەوەکردووە ئەو دەروێشەی ڕێی خواپەرستی گرتووەتەبەر و تەنها بۆ ئەم مەبەستە دڵی کردووەتەوە, پێویستە جیاوازی لە نێوان باش و خراپ بکات و دانە شناس بێت, نەوەك سەرگەردان و وێڵی دەشت و کێوان بێت و ڕێی ڕاستەقینە گومبکات.

عەجەو بە زمێ دیم عەجەو بـەزمێ دیم
ئەی وەقت شەفەق عەجـەو بـەزمێ دیم
وە مەیل چـەند کـەس مـەگێڵیام مەشـیم
تـــا یـــاوام وە پـــای درەخـــت عـــەظـــیم
یـــاوام وە بـــازار بەنـــد ڕاســـت بـــەن
دیـــام دیـــم یـــارم نـــە رووم حـــازرەن
مـــەیۆ وە ڕاوە وێنـــەی صـــەوڵ صـــاف
وەرگێڵیـــا چـــەنیم بـــێ لاف و خـــیلاف
روو کـــەرد وە مۆبـــەت وە شـــیرین گوفتـــار
گـــا مـــەیل وە کـــەمین گـــا ڕاز بـــەدکار

بەزمێکی سەیرم دی, لەم بەرەبەیانەدا بەزمێکی سەیرم دی, بە مەیلی چەند کەسێك هاتووچۆمدەکرد هەتاکو گەیشتمە بەردەم دارێکی مەزن, ئینجا سەرم لە ناو بازاڕەوە دەرکرد, سەیرمکرد یارم بە چەشنی سەوڵێکی ساف ڕێدەکات, و رووی لێمکرد و بە زمانی شیرین لە گەڵمدا کەوتە گفتوگۆ.

3- **زولفەقاڕی گۆران:** لە سەر ڕۆشنایی پەخشانی (21) لە پەخشانە پیرۆزەکانی (یارسان) ناوبراو یەکێکە لەوانەی کە ڕۆحی خودابیان تێداجێگیربووە, ساڵی (1172ك) لە گوندی (بانیاران) لە دایکبووە, ڕێبەرێکی دینی گەورەی یارسان بووە و شیعرەکانیش گەواهی ئەوە دەدەن کە تا چ ئاستێك شەیدای ڕێوڕەچەکەی و گەورە رابەرەکانی بووە, ئەمانەی خوارەوەش پارچەیەکن لە شیعرەکانی کە تیایاندا باسی بازنەی (هەفتەن = حەوتەن)ی کردووە:

**هەفت گەوهەرم دی هەفت گەوهەرم دی**
**یەك شەو نەخاودا هەفت گەوهەرم دی**
**زولاڵ بێگەرد پڕ جەوهەرم دی**
**بنیامین پیر خاوەن وەرم دی**
**چەرخچی زەمان ساحیب بەڕم دی**
**ئۆسای راستی و شکۆ و فەڕم دی**
**شەفیعی یاران نە مەحشەرم دی**
**یار و یاوەر گرد بەشەرم دی**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** حەوت گەوهەرم بینی, شەوێك حەوت گەوهەری پاك و بێگەرد هاتنەخەوم, لەو خەوەدا (پیر بنیامین)ی خاوەنی (خۆر)م بینی, هەڵسووڕێنەری سەردەم, خاوەنی زەوی, وەستای راستی و شکۆم بینی, تکاکاری ڕۆژی مەحشەری یاران و هاوڕێی هەموو مرۆڤەکانم بینی.

**من هەفت لاڵم دی من هەفت لاڵم دی**
**شەوێ نە خاودا من هەفت لاڵم دی**
**لاڵ قیمەتی پڕ کەماڵم دی**
**داود دەلیل سای جەماڵم دی**
**فریشتەی شەریف ساحیب ماڵم دی**
**نیگەهبان زام گرد عەبدالم دی**
**شەماڵەی ئاهر بای شەماڵم دی**
**هەفت غەواصی خاس زێل زولاڵم دی**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** شەوێك لە خەودا حەوت چرام بینین,چرای بەنرخ و پڕ کەماڵم بیین, (داودی ڕێبەر)خاوەن جوانیی و فریشتەی سامان بە دەستم بینی, ئەو شماڵە ئاگراوییەم دی کە هەموو شوێنێکی ڕووناککردبوویەوە, حەوت دەریاوانی دڵپاکم بینین.


www.pertwk.com

ڕەمزبـــــــارم دی ڕەمزبـــــــارم دی
ئـــــارۆ نەخـــــەودا ڕەمزبــــارم دی
گەوهـــــەر زەڕ و هـــــەم دینـــــارم دی
ڕەنگا و ڕەنگ دەرهەم کۆی ئەنبارم دی
دەســـــتگیر یـــــار و شـــــەهریارم دی
داروی دەردەدار هـــــەم بیمـــــارم دی
خاوەنـــــد ڕەمـــــز و ڕەزای یـــــارم دی
گەوهـەر جـەلای ئـەو وە خـەروارم دی

**واتاکەی بەم شێوەیە:** ئەمڕۆ لە خەومدا (ڕەمزبار)م بینی لە بەردەمیدا ئەمبارێك گەوهەر و پارە و دینار هەڵدرابوونەوە, دەستگیری یاران و دەرمانی نەخۆش و دەردەدارانم بینی, خاوەنی هێماو نهێنی یارانم بینی کە بەلایەوە گەوهەر بە خەرواربوو.

قەڵـــــەم زەڕم دی قەڵـــــەم زەڕم دی
شـــەوێ نـــە خـــەودا قەڵـــەم زەڕم دی
دانـــای پـــڕ کـــەماڵ دەشـــت و بـــەڕم دی
دەفتەرداره‌کـــەی خاوەنـــد فـــەڕم دی
شـــۆڵەی زات حـــەق ســـۆی ئەختـــەرم دی
وەشـــی گـــرد یـــاران نـــە دەفتـــەرم دی
ڕمـــــووز یـــــاران هونـــــەروەرم دی
ســـرۆش غـــەیبی هـــەم ســـەروەرم دی

**واتاکەی بەم شێوەیە:** قەڵەمزێرینم بینی و شەوێك قەڵەمزێرین هاتە خەوم, ئەو دانا بەکەماڵەی دەشت و وشکانی و دەفتەردای خاوەن فەڕم بینی, شۆڵەی خودایی و تۆمارکاری خۆشی و شادی بۆ یارانم بینی, سرووشی شاردراوە و سەروەرم بینی.

یـاران خـوانم دی یـاران خـوانم دی
ئـارۆ نـه خـەودا من هـەفت خـوانم دی
چـەشمەی ئـەنطهـوور جـۆی رەوانم دی
فـانۆس و فەنـەر گـرد شـەوانم دی
ئۆسـای جه مخانـەی سرِ پـەنهانم دی
مـورغ ئـەزەڵی شـا دەودانم دی
مایـەی زینـدەگی و فـەرِ زەمـانم دی
چەرخچـی چـالاك گـرد جیهـانم دی

**واتاکەی بەم شێوەیە:** ئیمرۆ لە خەومدا حەوت خوانم بینی, سەرچاوەی خاوێن و جۆگەلەی رەوانم بینی, چرای رووناکی هەموو شەوانم بینی, وەستای جەمخانەی پڕ لە نهێنی و باڵندەی نەمر (شای دەودانم دی = مەبەستی لە مستەفای دەودانی)یە.

رۆجیـارم دی رۆجیـارم دی
شـەوێ نـە خـاودا رۆجیـارم دی
نەنـە ئێـوەت و شـا طیـارم دی
شـا ئیـبراهیم شاسـوارم دی
خاوەند باخچەی وەشبۆی یـارم دی
زەمزەمـەی طیـور گـرد گـوڵزارم دی

(رۆژ)م بینی و شەوێك لە خەودا (رۆژ)م بینی, شا ئیبراهیمی شاسوام بینی, خاوەنی باخچەی بۆنخۆشی خودایی و زەمزەمەی هەموو مەلی هەموو گوڵزارەکانم بینی.

زەردە بـامم دی زەردە بـامم دی
یـەك شـەو نـە خـەودا زەردە بـامم دی
یادگـار شـای هـەردوو زامـم دی
نـاز نـاز رەواج مایـەی کـامم دی
ئـەو شـای سەرانسـەر خـاس و عـامم دی
جەمشید جـەم قـەدر مـەی نـە جـامم دی
یـار هـەردوو سـەر صـوبح و شـامم دی
سـەر هەڵقـەی یـاران سـاحیب نـامم دی

**واتاکەی بەم شێوەیە:** شەوێك لە خەومدا زەردەبابم بینی, شا یادگاری هەردوو دونیام و گشت خەڵکانم بینی, جەشیدی خاوەن ڕێز و مەینۆشی خودایم بینی, یاری بەیانی و ئێوارە و سەرئەڵقەی هەموو یارانی ناودارم بینی.

4- **دەروێش عەباسی کرندی:** یەکێکە لە شاعیر و عاریفە گەورەکانی یارسان, ساڵی (1221ك) لە (کرند) لە دایکبووە, شارەزاییەکی زۆری لە لێکدانەوەی تێکستە پیرۆزەکانی (یارسان)دا هەبووە, شیعرەکانی لە کتێبی (حەیدەری)دا بڵاوکراونەتەوە و ئەمانەی خوارەوەش نموونەیەکن لێیان:

**سڕ حەق زانۆ سڕ حەق زانۆ**
**داخم پەی دۆستێ سڕ حەق زانۆ**
**وەلێ ئەو سڕە پەی کەس نەوانۆ**
**تا وە ڕۆژی ئەلەست پەنەش مەمانۆ**
**هەر کەس سڕ حەق وانا پەی گشت کەس**
**حوکمن سەنگ ئەو بەحر مینای ئەو شکەس**
**میناش ڕێزە بی مەند وە سەرگەردان**
**ڕاش کەفت ئەو تەوەن هەڵەت هەردان**
**بەڵێ ئەی دۆستان کەمەر بەستەی یار**
**فێشتەر بنیشان وە ئۆمێدەوار**
**وە دۆعا و ئامین وە شفاو لاڵە**
**شکت دەن وە تیپ پیا قەواڵە**
**بوانان دەفتەر سەرمەشق ژنەو**
**ناکەس فیرار دەن نە تۆی ئەرك ئەو**
**عەباس وەی مەگلەو خەیلێ ڕازیشەن**
**نە شاخەی درەخت طناب بازیشەن**

ئەگەر بەوردی لەم دێڕە شیعرانەی (دەروێش عەباسی کرندی) رامێنین, ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناوبراو سەبارەت یەکێك لە بنەما دینییەکانی (رێوڕەچەی یارسان) دواوە ئەویش نهێنی نەدرکاندنە, (دەروێش عەباسی کرندی) بە راشکاوی وتوویەتییارسانەکان لە سەریان پێویستە رازی نهێنی خۆیان لای کەس نەدرکێنن و تا رۆژی مردن نهێنی ئەو رازە بپارێزن, ئەوانەش نهێنی دینی خۆیان دەدرکێنن ئەوە ئاوێنەی دڵیان ورد و خاش دەبێت, هاوکات ریێ دینەکەیان وندەکەن و لێێ لادەدەن, پێویستە لەسەر یاران دڵیان پاکبکەنەوە و بە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکانیان و بە نزا و پاڕانەوە بەزەیی خودا بە دەستبهێنن, دواجار وتوویەتی: (عەباس= مەبەست خودی شاعیرە) لەم بوارەدا خەیلێ رەزامەندە و بە پۆپەی داری خوداپەرستییەوە دیلانێ دەکات.

ئەو سروود و پەخشانانەی تا ئێرە خرانە پێشچاو تێکەڵەیەکن لە ناو زۆربەی تێکستە دینییەکانی رێوڕەچەی یارسان کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا نووسراون وەرمگرتووون, زیاتریش بە لای ئەوانەیاندا چووم کە باس لە فەلسەفەی دینی شوێنکەوتوانی ئەم رێوڕەچەیە و بنەما سەرەکییەکانی رێوڕەچەی یارسان و ستایشی هەندێك لە گەورە رابەرانیانی کردووە, لەمەلا و هەر لەم بابەتەدا چەند سرووودێکی تر دەخەمەپێشچاو, بۆ ئەو مەبەستەش لە سروودەکانی (بارگە بارگە)وە دەستپێدەکەم کە بەشی یەکەمی کتێبی (سەرەنجام)ە.

لەم بەشەدا شیعری (72) پیرە و سان سەهاکی بەرزنجی و ژمارەیەکی تر لە رابەران و گەورە پیاوانی یارسان نووسراونەتەوە, پێویستە بڵێم ئەگەر بمەوێ هەموو سروودەکانی ئەم بەشە و بەشەکانی تری (سەرەنجام) بنووسمەوە و شیانبکەمەوە هەتاکو بۆ تێگەیشتن ئاسانبن, ئەوە کارێکی گرانە و لەم دەرفەتەدا بۆمناکرێت, بۆیە ناچارم تەنها چەند نموونەیەك لە سروودەکانی هەر بەشێك لە بەشەکانی سەرەنجام بنووسمەوە, بەڵام هاوکات ئەوە دەخەمەڕوو ئەگەر تەمەن و تەندرووستی بواریاندام, لە ئایندەدا هەوڵدەدەم کتێبی سەرەنجام بە هەموو بەشەکانییەوە بە چاپبگەیێنم, بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد زیاتر بە ئەدەبیاتی دینی رێوڕەچەی یارسان ئاشنابن.

ئێستاش دەچمە سەر ناوهێنانی ژمارەیەك لە هۆنەرانی سروودەکانی (بارگە بارگە) و خستنەڕووی نموونەیەك لە سروودەکانی هەر یەکێکیان بەم شێوەی خوارەوە:

1- **پیر شەمسوددینی عەلەمدار:** لە سەر رۆشنایی کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) (پیر شەمسوددینی عەلەمدار) یەکێکبووە لە بازنەی (حەفتاودووپیر)ە و لە سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا ژیاوە, لە گوندی (شێخان)دا کۆچی دواییکردووە و هەر لەوێشدا بە خاکسپێردراوە, لە گەڵ ئەوەی پیرێکی قەڵەندەر بووە شاعرێکی زمان شیرینیش بووە, ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

یــار زەردەبـــام یـــار زەردەبـــام
ئیـبراهیم ویـش بیـار زەردە بـام
ئەو چەنی نەمروود ستیزا نـەزام
بت و بتخانەش کەرد وە وەرد یـام
وە فەرمان شا وە ئـەمری خواجـام
بی وەگولستان ئـاهر پـەی ئیبرام
میردم گەرەکەن ویل نەبو سەرسام
چەنی گومراهـان نە پیچـو نـە دام
یـاری بـویز و وە کـوچ و کـەلام
رای راست بگیرو بیاوو وە کام[177]

واتاکەی بەم شیوەیە: (ئیبراهیم) بەرەنگاری (نـەمرووود) بوویـەوە و بتـەکانی شـکاند, کاتیك خسـتیانە نـاو ئاگرەوە بە فەرمانی (خوجام= مەبەست خودایە) بوو بە باخچەی گولان و ئەویش رزگـاریبوو, یـاریکم دەوی ویـل و سەرسامنەبیت و نەکەویتە داوی سەر لیشیواوانەوە.

2- پیر تەقی شاهویی: یەکیکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمەش چەند دیریکن لە شیعرەکانی:

ئـەو جومعـە کـەری ئـەو جومعـە کـەری
بارگەی شام[178] وستەن ئەو جومعە کـــــــــــەری
دەســـتی مـــەوەری دەســـتی مـــاوەری
شـــام[179] نیـــا محەممـــەد وە پیغەمـــــــــەری
کـەس نـەجات نیـا هەرچـی مەکـەری
ســـولتان ئیســـحاقەن زات ئـــەنوەری
بەیا بەست نیا نـە پـەردیوەری[180]

واتاکەی بەم شیوەیە: بارگەی (شا)م لە (جومعەکەری) خستوویەتی, دەستیکی دەهینا و دەسـتیکی دەبـرد, (شا) محەممەدی نارد بە پیغەمبەری, (سـولتان ئیسـحاق= سـان سـەهاك) دەرکەوتـەی خـودی (ئـەنوەر)ە کـە لـە (پەردیوەر) لە گەل یاراندا پەیمانیبەستووە.

3- **پیر ئیبراهی جاف:** یەکێبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

| |
|---|
| وست وە پەردیوەر وست وە پەردیوەر<br>بارگەی شام ئاما وست وە پەردیوەر<br>هەفتەوان چەوگا ئاورد وە نظر<br>وێنەی ئەزەلی رژیا وە ئەنوەر<br>پی سکە یارانە پیری کەرد یەکسەر<br>فەرداش نە باقی ئیشان مەو سەروەر<br>یار داود دەلیل مەولام[181] کەردەهبەر<br>بنیام پەی یاران بی وە پێغەمبەر<br>پەی شەفا خوازی جوملە نامەوەر[182] |

**واتاکەی بەم شێوەیە:** کەوتووەتە (پەردیوەر)، بارگەی (شا)م کەوتووەتە (پەردیوەر)، هەفتەوانە کە هەر لە رۆژی بەرایییەوە ئافەریدەکراون لەوێ لە تەنی مرۆڤدا کەوتنەپێشچاو، مەولام (داود)ی کرد بە رابەر و (بنیامین)ی کرد بە پێغەمبەر هەتاکو ببێت بە تکاکار بۆ هەموو یارسانەکان.

4- **پیر عیسای شقاقی:** یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

| |
|---|
| ئەو کۆی سەنایی ئەو کۆی سەنایی<br>بارگەی شام وستەن ئەو کۆی سەنایی<br>وەرگەرۆ تۆفان نەکۆی فەنایی<br>مێردان بنیشان گرد وە حەیایی<br>بکێشان تانە نە رۆی دونیایی<br>تاکە باقی بۆ دەوری بەقایی<br>تانەکێش مەلۆ ئەو وەردەرگایی[183] |

**واتاکەی بەم شێوەیە:** بارگەی شام لە کۆی سەنایی خستوویەتی، خودا جیهانی کرد بە لافاو هەتاکو خەلکان بە شەرمەوە دانیشن، ئەوەش بۆ ئەوانەی هەر تەنها دونیایان مەبەستە پەند و عیبرەتە، لەبەر ئەوە یاران بە ئامۆژگارییەوە بەرە و بارەگای خوای بەر ز و بالاّ دەڕۆن.

5- **پیرمالکی گۆران:** یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:


www.pertwk.com

سەراو دوو دەرە سەراو دوو دەرە[184]
بارگەی شام وستەن سەراو دوو دەرە
سەلمان بنیاما داود قەنبەرە
پیر مووسی وەزیر کاکەی جابەرە[185]
سەید مستەفا تیرش خەتەرە
فاتمە رەمزبار سیرەش پەروەرە
خالید[186] زەردەبام زەردیش جە خوەرە
بیلال ئەیووتەن[187] مەرد هام شەرە[188]

شاعیر لەم دێڕانەدا ناوی چەند رابەرێکی یارسانی هێناوە کە هەموویان لە بازنەی (هەفتەن)ن, هاوکات ئەوەی دەرخستووە ئەوانە پێشتر لە دوونی تردا بوون بەم شێوەیە:

بنیامین, پێشتر سەلمانی فارسی بووە.

داود, پێشتر قەنبەر بووە.

پیر مووسی, پێشتر کاکەی جابەر= کاکەی جاور بووە.

سەی مستەفا تیری مەترسیدارە, مەستی ئەوەیە کە مستەفا ئەرکی گیانکێشانی لە دەستدایە.

رەمزبار, پێشتر فاتمەی کچی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ)بووە.

یادگار, زەردییەکەی لە زەردی خۆرەوەیە, بە مانای پێشتر (حوسێنی کوڕی عەلی) بووە..

(ئەیووت)یش پێشتر (بیلال)بووە.

6- پیر جافری کوردستانی: یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

ئەو تاش[189] هۆرێن ئەو تاش هۆرێن
بارگەی شام وستەن ئەو تاش هۆرێن
قەوالەش نیان نە کاوی سەرین
پەری ئازمایش یارانی موبین
هەر کەس بەرئاوەرد ئەوەن شاخۆشێن[190]

**واتاکەی بەم شێوەیە:** بارگەی شام لە تاشی (هۆرێن)دا خستوویەتی, بۆ تاقیکردنەوەی یارسانەکان قەباڵەکەی لە ژێر ئەو تاشە بەردەدا شاردووەتەوە, هەر کەسێك ئەو قەباڵەیەی دەرهێنا, ئەوە خودی (شاخۆشێنە) لە دوونێکی تردا.

7- **پیر فەیرۆزی هیندی:** یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

| |
|---|
| ئەو بەحری جەیحوون[191] ئەو بەحری جەیحوون |
| بارگەی شام وستەن ئەو بەحری جەیحوون |
| ها پیر بنیامین گینیا وێش وە شۆن |
| پەیداش کەرد نە سیر وەبێ چەن و چون[192] |

بارگەی شام لە دەریای (جەیحوون) خستوویەتی, پیر بنیامین لە پەیجوری ئەوەدابوو لە جیهانی نهێنیدا پەیدایبکات.

8- **پیر دانیالی دالاهۆیی:** یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

| |
|---|
| میرزا ئەمانە میرزا ئەمانە |
| بارگەی شام وستەن میرزا ئەمانە |
| وە مبارە شا نامشان بەیانە |
| ریدا بنیامین کەفت وە پیشخانە |
| خوداد داود دەست وە چۆگانە |
| سەی فەلەکەدین پیر مووسی وانە |
| فەقیر مستەفا دەست وە کەمانە |
| فاتمە لورە رەمزبارش وانە |
| بابا بوزرگ ئێوەت هام جفتشانە |

کـــالی نـــازار بـــی یـــار زەردەبانـــە
یانـە شێخ جـە گـیر کـەردەن وێرانـە
وێرانەشان کـەرد وە کـەردەی تەقـدیر
بریشـان جامـە سەرشـان بـەرد نـەویر
یـــاران جـــە رەنگـــش شـــەك نـــاران
تـــــــــــــــــــــەوفیر[193]

9- پـیر حـەیاتی ماچـینی: یـەکێکبووە لـە بازنـەی (72) پـیرە و ئەمانـەی خـوارەوەش چـەند دێـڕێکن لـە شیعرەکانی:

یـــاران هـــامڕا یـــاران هـــامڕا
رای راســـت بگـــیرن یـــاران هـــامڕا
یـــاری نەکـــەرەن وە جـــەنگ و هـــەرا
وێنـەی سـامری[194] خـەڵق کـەرن
گـــــــــــــــــــومڕا[195]

ئەی یارانی هاوڕێ، رێگـەی راسـت بگـرن و رێبازی یارسـان بە جـەنگ و هـەرا مـەگۆڕن و، وەکـو (سـامری) خەڵك فریمەدەن.

10- پـیر نـازداری شـیرازی: یـەکێکبووە لـە بازنـەی (72) پـیرە و ئەمانـەی خـوارەوەش چـەند دێـڕێکن لـە شیعرەکانی:

یـــاران یـــاوەران رای هـــەق راســـیەن
پـــاکی و دورســـتی و رەدا و خاســـیەن
هەر کەس وێش ناسـا محەممـەد ئاسـا
بـــێ شـــك ئـــەو کەســـە مـــەولایچ
شناســـــــــــــــــا[196]

واتاکـەی بـەم شێوەیە: یـار و یـاوەران رێـی (هـەق= مەبەسـتی لـە رێوڕەچـەی یارسـان)ە رێگەیـەکی راسـتە، کۆڵەکـەکانی (پـاکی، راسـتی، چـاکە و خۆنەویسـتی)ن، هـەر کەسـێك وەك (محەممـەد= مەبەسـتی پێغەمبـەری گەورەیە د.خ) خۆی ناسی، ئەوە بێگومان خوای گەورەشی ناسیوە.

11- **پیر مەحموودی لۆستانی:** یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لە شیعرەکانی:

| |
|---|
| **ئەو یانەی خونکار ئەو یانەی خونکار**<br>**بارگەی شام وستەن ئەو یانەی خونکار**[197]<br>**چارەکی یەویش نویسنا کردار**<br>**عوسمانە جۆلاش کەرد وە دەرەدار**<br>**کەردش وە پادشا تەختی حوکم ئاثار**<br>**نە چلەی زمسان ئەنگور**[198] **کەر طیار**<br>**موعجیزەی ناوس**[199] **دووەم کەرد اظهار**<br>**پەری ضعیفە خەستەی ئەزیەتبار**[200]<br>**دووەم مەیلش کەرد ئەزیز سالار**<br>**چەوگا مەنیەران نەعلەین پەی قەرار**<br>**ئاوەردش وەجا شەرت نامە پەی یار**<br>**ئاما پەردیوەر خواجای صاحبکار** |
| **یاران بەیدێوە دەور بکەری حەصار**<br>**شەرت پەردیوەر باوەری وە گوفتار**<br>**بێ بوغض و مەنا نەبۆتان ئازار**<br>**داود موعجیزەش چەوکا کەرد اضهار**<br>**هەر رۆ زیریی مەکەردش طیار**<br>**ئەوسا ئاوەردش شرط نامە پەی یار**<br>**هەتا مەیلش کەرد ئەزیزی سالار**[201]. |

**واتاکەی بەم شێوەیە:** بارگەی شام لە ماڵی (خوونکار) خستوویەتی, یەکێك لە چوار فریشتەکە کردارەکانی مرۆڤ تۆماردەکات, خاوەندگار (عوسمان جۆلا)ی کرد بە خاوەن پایە و دەسەڵات و چووە سەر تەختی پادشایی, لە چلەی زستاندا ترێی ئامادەکرد و پەرجووەکەی (باباناووس)ی دووبارە ئاشکراکردەوە کە بۆ ژنە نەخۆش و ئازیەتبارەکەی نواند, پەیمانی خۆی بۆ یاران بە ئەنجام گەیاند و خواجەی خاوەنکار بۆ پەردیوەر هات, یاران وەرن وەکو پەروانە بەدەوریدا کۆببنەوە و مەرج و یاساکانی پەردیوەر جێبەجێبکەن.

( دەورەی هەفتەوانە ) دووەم بەشی کتێبی ( سەرەنجام )ە و لە خوارەوە ناوی ژمارەیەك لە هۆنەرانی سرووودەکانی ئەم بەشە و نموونەیەك لە سروودەکانیان دەخەمە پێشچاو:

1- سروودی ( سان سەهاکی بەرزنجی ) سەبارەت بە پایەی ( پیر بنیامین ):

بنیـــام قەویلـــەن بنیـــام قەویلـــەن
بنیـــامین نـــازت نـــە جـــەم قەویلـــەن
هەرچـــی بواچـــی پەنـــەم ئصـــویلەن
بیوت یار داود پەی گرد دەلیلەن[202]

واتاکەی بەم شێوەیە: بنیامین پەسەندە, بنیامین نیازت لە جەمدا پەسەندە, هەرچی بڵێت بەلای منەوە دەستوورە, یار (داود) بۆ هەموو یارسان ڕێپیشاندەرە.

2- سروودی( پیر بنیامین ) سەبارەت بە ئافەریدەکردنی ( هەفتەوانە ) لە لایەن ( سان سەهاکی بەرزنجی )یەوە:

شـایی هـەی شـایی شـایی هـەی شـایی
یـاران جـەم بـەردێ شـایی هـەی شـایی
شـام سـوڵتان سـەهاك ڕەزمـش نیـایی
شـــرط قـــەدیمی بـــەین ئامـــایی
بەیـــدی و بوینـــدی و بـــدان گـــەوایی
هـەفت کەسـە جـەنوور پـەردە لـەقایی
زاتشـــان نـــە ســـرە ئاشـــکار بیـــایی
تـــەحقیق دەســـــتگیرە ئـــــەی
ســـــــــــــــەرووەرایی[203]

شایی هەی شایی, یاران کۆببنەوە و شایی بگێڕن (سان سەهاکی) شام پەیمانی ڕۆژی بەرایی بەجێدەهێنێت, وەرن ببینن هەفتەوانە لە نووری خۆی ئافەریدەکات و زاتیان لە نهێنییەوە ئاشرادەبێت.

3-چەند دێرێك لە سروودی ( خەلیفە عەزیزی سلێمانی ) سەبارەت بە ئافەریدەکردنی ( هەفتەوانە ):

نـــامێم عـــەزیزی نـــامێم عـــەزیزی
مـــەدەی شـــاهیدی نـــامێم عـــەزیزی
شـــام نـــە دون یـــا کـــەرد رەســـتاخیزی
نەژێر ساجی نار مێـردان کـەرد رێـزی
گێریـــا دیـــوان جـــەم تـــەمیزی
پیر و پادشا[204] یـەکتریان دیـزی

واتاکەی بەم شێوەیە: ناوم عەزیزە و گەواهیدەدەم ناوم عەزیزە, شام لە دوونی (یا[205])دا هەستانەوەی بەرپاکرد, لە ژێر ساجی ئاگریندا مێردانی ریزکرد و پیر و پادشا یەکتریان ناسیەوە.

4- سروودی پیرشالیاری هەورامی[206] سەبارەت بە گەورەیی هەفتەوانە و دەستەوداوێنبوونیان:

وە حـــــەدەرەوە وە حـــــەدەرەوە
بەیـــدی بنیشـــێم وە حـــەدەرەوە
کـەلام[207] بـوانیم وە شـەجەرەوە
وە نوخـــت پادشـــای پـــەردیوەرەوە
دەستگیر هەفتەوان جەی سەربەرەوە
بەیـــدیٚ بوا نمشـــان وە پەمـــەرەوە
دامانشـــان بگـــریم نـــە بەشـــەرەوە
نـەو لاویـم ئـەی قـەول وە کـەدەرەوە

واتاکەی بەم شێوەیە: پەلەبکەن و وەرن بە پەلە دابنیشین, بە فەرمانی پادشای پەردیوەر کەلامبخوێنین, هەفتەوان دەستگیرن و دەبێت سەریان پێبسپێرین, دەستەودامێنیانبین و پەیمان و بەڵێنیان بێهوودە سەیرنەکەین.

5- سروودی (داودی کۆسوار) سەبارەت بە گوێڕایەڵی خۆی و یاران بۆ (سان سەهاکی بەرزنجی):

عـــازیز رەواجـــە عـــازیز رەواجـــە
عـــازیز ئـــەمر تـــۆ پـــەی گـــرد رەواجـــە
هەفت پۆرت هام شەرت هەفت کوفی ناجە
ئینتـــزارەنیم ئـــەمر وێـــت واچـــە
وانـــان گـــەواهی کوفـــە و میعراجـــە[208]

**واتاکەی بەم شێوەیە:** ئازیز ڕەواجدارە, فەرمانی تۆ بۆ هەموومان ڕەواجدارە, چاوەڕوانین و فەرمانت چییە بیڵێ, تا هەموو گەواهی بۆ ڕووداوەکانی (کوفە و میعراج) دەدەن.

6- **سروودی سەی مستەفا سفید پۆش سەبارەت بە دوونا و دوونی ڕۆحی خۆی:**

**یۆرتمـــەن عـــەیان یۆرتمـــەن عـــەیان**
**نـــە یانـــە ئـــەزەڵ یۆرتمـــەن عـــەیان**
**نـــە ئـــەبو بەشـــەر موحەمـــەد زەیـــان**
**ئـەز بیـام چـەوگا پـەی ئـەو دیـدەبان**
**هان مەدام ئەو کەلب وە شـەو پاسـەبان**
**فرزەنـــد ئـــادەم نامێمـــا شـــەعبان**
**بیانـــا شـــەعبان زیـــام وە چـــینە**
**ئـیین جەعفـەر بـیم ئـەز نـە مەدینـە**
**سـەلیم بیانـا عـەلیم حـەق بینـە**
**ئیگـا نـەی پـەردە بیمـان ڕەنگینـە**
**وەکیـل شـرطم جـای بنیامینـە**[209]

**واتاکەی بەم شێوەیە:** دوونم ئاشکرایە, لە ڕۆژی بەرابیەوە دوونم ئاشکرایە, کە محەممەد لە شێوەی باوکی بنیادەمدا درووستبوو من پاسەوان و چاودێری ئەو بووم, سەردەمێك لە دوونی (شەعبانی کوڕی ئادەم)دا بووم, پاشان ڕۆحم چووەتە چەند دوونێکی ترەوە, لە شاری مەدینەدا کوڕی (جەعفەر) بووم, ڕۆژگارێکی تر (سەلیم) بووم و بەراستی (عەلی)م بینیوە, ئێستاش بە نووری هەق ڕەنگینبووم.

7- **سروودی ( سەی میرئەحمەد ) سەبارەت سەرسپاردنی:**

**سـەر وێـم سـپەرد سـەر وێـم سـپەرد**
**ئەز نور ڕەسـتاخیز سـەر وێـم سـپەرد**
**عەنبـەر بیانـان ئـیین سـاین مـەرد**
**نـــە عەشـــق حوســـێن کەلـــەم بـــی وەگـــــــــــــــەرد**[210]

**واتاکەی بەم شێوەیە:** سەری خۆم بە نووری هەستانەوە سپاردووە, ناوم (عەنبەر) بوو کوڕی کەسێك بووم بە ناوی (ساین), لە خۆشەویستی (حوسێن) سەرم بو بە تۆز و گەرد.

8- **سروودی ( سەی محەممەد ) سەبارەت بە سەربەختکردنی:**

سەر وێم باختەن سەر وێم باختەن
نە بەهر موراد سەر وێم باختەن
عەلی ئەكبەر بیم تیرشان پیم داختەن
نە عەشق حوسێن ئیقرارم ساختەن

**واتاكەی بەم شێوەیە:** سەری خۆم بەختكردووە, بۆ گەیشتن بە ئاوات سەری خۆم بەختكردووە, (عەلی ئەكبەر) بووم و تیرێكیان لێدام لە خۆشەویستی (حوسێن) گیانی خۆم لە دەستدا.

**( دەورەی گلێم وە كۆڵ ), بەشێكە لە كتێبی ( سەرە نجام ) و لە خوارەوە چەند سروودێكی دەنووسینەوە:**

1 - **سروودی ( سەی میر ئەحمەد ) سەبارەت بە ( داودی دەلیل ).**

| |
|---|
| تاویاوە بە تاو تاویاوە بە تاو<br>شام ئینا داود تاویاوە بە تاو<br>چا كورە و قودرەت ها بیا وە ئاو<br>تا سەنگ وە حەجەر تەخت ماهی وە گاو<br>زەرەی داودت ناجۆش بیا ئاو<br>چواردە دەقیقەش تەمامەن حەساو<br>مەنەن وە ئەمرت وە سشەن عەزاو<br>عازیز بێ داود نیە نمان هەناو<br>رۆشنایی و رامان داودەن چراو<br>وە بێ یار داود یار نیا خراو<br>قەوزەی جەم بێ مهر هیچ جا نیەن باو[211] |

**واتاكەی بەم شێوەیە:** توایەوە بە تاو, پاشام ئەوەتا داود توایەوە, لەو كوورەی هێزی خودایەدا بوو بە ئاو, بە فەرمانی تۆوە وابەستەیە و ئازاردانی بەسە,ئەی خۆشەویستمان بێ یار داود هیچ تاقەت و توانایەكمان نییە و داود چرای رۆشنكەرەوەی رێگامانە, بەبێ یار داود یاران هەموویان تێكدەچن و خراپدەبن, كۆمەڵێك كە (مهر)یان نەبێت هیچ رەواجێكیان نییە.

2- **سروودی ( سان سەهاكی بەرزنجی ) سەبارەت بە سەرزەنشتی ( داود ):**

| |
|---|
| داودم تەقصـــــــير داودم تەقصـــير<br>گوزەشـــتم نيـــا كـــەردەنت تەقصـــير<br>مـــەدەرێت زاخـــاو چـــا كـــورە و مـــوجير<br>مـــەبۆ بتـــاونوت نـــا ســـەنگ و حـــەرير<br>تـــا ژەنگ و گونـات پـــاك بـــۆ جـــە خـــەمير<br>هـــــەنی نەشـــــانۆ كـــــەس گـــــام وە<br>كـــــــــــــــــــــــــەوير[212] |

**واتاكەی بەم شێوەیە:** ئەی داود تۆ تاوانت هەیە و لە كارەكەتدا كەمو كوریتكردووە, پێویستە لەو كورە زاخاوتبدرێتەوە, تا ژەنگی تاوانەكەت پاكببێتەوە.

3- **بەشێك لە سروودی ( سان سەهاكی بەرزنجی ) سەبارەت بە ( هەفتەوانە ):**

| |
|---|
| هەفت فرزەن ئەصلْ هـەفت فـرزەن ئەصـلْ<br>رەجاشـــان وانـــان هـــەفت فـــرزەن ئەصـــلْ<br>ريشەو جەرگمـەنیْ جـە ئەصلْ مـور فضلَ<br>جـــەرگم هـــا ســـرەن جـــەتۆی ســـرە نەســـلْ<br>نەی چوارده حـەوزە یـاران مـەدەی غەسل<br>[213] |

**واتاكەی بەم شێوەیە:** حەوت كوڕی رەسەن, حەوت كوڕی رەسەن تكادەكەن و دەپاڕێنەوە, ئەوان هەر لە رۆژی بەراییەوە بەشێك لە نوور و خودی منبوون, دەروونم لە نهێنی پرە, هەفتەن و هەفتەوانە بە یەك بنەڕەتەوە پەیوەستن, لەسەر یارنیش پێویستە لەم چواردە حەوزەدا خۆیان بشۆن, مەبەست لە خۆشتنی یاران لەو چواردە حەوزەدا ئەوەیە كە پێویستە یارسانەكان لە رێی وتە و رێنمایی (هەفتەن و هەفتەوان)ەوە دەروونی خۆیان پاكبكەنەوە.

4- **چەند دێڕێكی ( سان سەهاكی بەرزنجی ) سەبارەت بە ( رۆژووی یارسان ).**


www.pertwk.com

ئەی چلەی زمسان ئـەی چـلەی زمسان
داود رۆچەشـان ئـەی چـلەی زمسـان
نیەتشان نە چوادە ومانگیٚ بو ئیحسان
جە هەڤدە و مانگیٚ بگیٚرا چەپ دەسان
عیدشـان پـەی تـۆ بـونی سەرمەسـان
نیـەت رۆچەشـان پـەی قەوەڵتاسـان
قەوەڵتاسا نما یاران و خاسان[214]

ئەی (داود) رۆژووی یارسانەکان لە چلەی زستاندایە, رۆژی چواردەی مانگ نیەتدەهێنن و لە حەڤدەی مانگدا بە خۆشییەوە جەژندەکەن, پێویستە بە ناوی یارانی (قەوەڵتاس)ەوە نیەتبهێنن, چەنکە قەوەڵتاسەکان لە یارە چاکەکانی ئێمەن.

(دەورەی چلتەن), بەشێکە لە کتێبی سەرەنجام و لە خوارەوە چەند سروودێکی دەنووسینەوە:

1- سروودی بنیامین سەبارەت بە (سان سەهاك):

ویٚش سەیدەوان بـیٚ ویٚش سـەیدەوان بـیٚ
یـار داود مـەولام ویٚـش سـەیدەوان بـیٚ
چا لـەوح سـەنگین هـەفت کەشتیوان بـیٚ
جە بـالاٚی حەجـەر لـەوح هەفتـەوان بـیٚ
هەفتـەوان نـە سـەر لـەوح زەیـدەوان
بـیٚ[215]

**واتاکەی بەم شێوەیە:** خۆی سەرگەورە و پارێزگاری سەیدان بو, ئەی (داود) مەولام[216] خۆی سەرگەورە و پارێزگاری سەیدان بوو, لە دەریای نهێنییەکاندا کەشتیوانبوو, لە هەر کەشتییەکیشدا حەوت پاسەوان هەبوون, هەفتەوانەش لە جیهانی مەلەکووتدا سنوورپارێزبوون.

شتێکی ئاشکرایە ئەم سروودانە سروودی عیرفانین, تەنها لە ماندانەوی رواڵەتییاندا ناوەرۆکیان بۆ خوێنەر باش دەرناکەوێت, هەر بۆ نموونە مەبەستی (بنیامین) لەم سروودەدا ئەوەیە کە (هەفتەوانە) لە دەریای خواپەرستیدا مەلەوانی کەشتین و (سان سەهاکی بەرزنجی)یش سەرگەورە و کەشتیوانیانە.

2- سرودی (دەمام[217]) سەبارەت بە دوونی خۆی و گەورەیی (بنیامین).

نامێم بی قیطر[218] نـامیم بـی قیطـر
نـه قولـەی ئەلەسـت نـامێم بـی قیطـر
ئـەوەل هەڵقـە بـێم نـە دیجلـەی بـیٚ دەر
دایــرەی زنجــیر بیونــد بــیم نــەوەر
نــەوی رۆ زنجــیر پاســبان بیــام
چـەوگا وارنامـان قـەدەم پـەی وەردام
ئامـانم نـە چـین چـل نـە یـەك زمـام
نـە مـەولای ئەنگشـت ئـازیز مـەولام
هـەر چل زیـا نمیٚ نـە یـەك شەصت كـام
حـال نــە پــەردیوەر نامێمـا دەمـام
چـی فـەرش و سـەنگە گرتنمـان مـەقام
دزاوەرمانــــەن ئــــەو ریشــــە و دەوام
پــەی ئــەو كلیــل و ئاســمان و جــام
قوفــڵ بــاطنی میفتــاحی مینــام
مایــەی كەوســەری ئـەز مـەدەریش تـام
مەنۆشـام ئـاو نـۆش دایـرەی خواجـام
هـــا دزاوەران هـــام لـــف مـــەولام
كــوك پە نجەمانـەن ئاوشـەن بنیـام
بنیـام خانیـا ئــاوش ئـەز نۆشـام
ئـاوش نـەوی لێـڵ نـە هـیچ تـۆز و
تــــــــــــــــــام[219]

ناوم (قەیتەر) بووو لە رۆژی بەراییدا ناوم قەیتەر بوو, یەكەم كەسبووم لە دەریای بێبنی نهێنی خوداییدا یارانم بۆ یەكتاپەرستی بانگدەكردن, پاشان هەموومان پێكەوە زنجیر بەندبووین و پێكەوە لكاین, دەستمان بە ستایشی خودای گەورە و یاران كرد, لەو شوێن و كاتەدا من رێبەر و پاسەوانی ئەو چل كەسە بووم, ئێستا لە (پەردیوەر)دا نـاوم ە(دەمـام)ە, لەگـەڵ یارانمـدا لـەم شـوێنە سـەخت و بەردەلانـەدا نیشـتەجێین و لـە (دزاوەر) ریشەمان داكوتاوە, (بنیامین) سەرچاوەیە بۆ خوداپەرستی و منیش لەو سەرچاوەدا ئاوم نۆشكردووە, ئەو ئاوە بە هیچ تۆز و گەردێك پیس و لێڵ نابێت.

3- سروودی (شەمام[220]) سەبارەت بە (بنیامین):

هـام لـف مێـردان[221] ئازیزمـەن

بنیـــــــــــــــــــــام

دزاوەر مانــەن ریشــە گــرد غــولاَم

بنیــامین ئانــا رۆژش کــەردەن لام

چەمەی زولاَلەن مەی کەردەن نـە جـام

ئــاوەرد دا پێمــان نـەی بخــار و دام

ئێمــە نۆشــامان بـــە شـــەوق

خواجــــــــــــــــام[222]

واتـاکـەی بـەم شێوەیە: بنیامینیخۆشەویستم هـاوریزی مێردانـە, دزاوەر بـووە بـە شـوێنیهەموو غولاَمـان, بنیامین لـە لای ئێمـە رۆژگـاری بەسـەردەبات و وەك سەرچاوەیەکی زولاَلْ مـەی دەکاتـە جامی ئێمـەوە, ئـەو مـەی هێنا و دایە دەستمان, ئێمەش بە خۆشی خواجام خواردمانەوە.

4- سروودی ( رەمزبـار ) سەبـارەت بە ( چلتەن ):

پــەی دەرون شــاد پــەی دەرون شــاد

شــام رۆشـنیش وسـت پـەی دەرون شــاد

ئەو کۆی چل نورش هەرکـە کـەرد ئیجـاد

چــل مەشـعەلش دا وە ئۆسـای ئیرشـاد

نـە لـەوح حەجـەر شـا کـەرش بنیـاد

ئاز و تـاریکی گوریزان چـون بـاد[223]

واتـاکەی بەم شێوەیە: بۆ دەروونـی شـاد, شـام روونـاکی خسـتە دەروونمانـەوە و شـادبووینـەوە, ئـەو کاتـەی (چلتەن)ی ئافەریـدەکردن و چل مەشخەڵی رێنمایکردنی دایە دەستیان, چاوچنۆکی و تـاریکی لـە بەردەمیانـدا هەڵهاتن.

( دەورەی عابدینی جاف ), بەشێکە لـە کتێبـی ( سـەرەنجام ) و لـە خـوارەوە چـەند سـروودێکی دەخەینـە پێشچــاو, پێشـــتر باسمــــان لــــەوەکردووە ســـروودەکانی ( دەورەی عابــــدینی جـــاف ) بـــە شــــــێوەی قســـــــەکردنی جافــــــەکانی دەشـــــــت و بنــــــاری شــــــــــارەزوور هۆنراونەتەوە, بۆیە پێویست بە لێکدانەوەی ماناکانیان ناکات.

سـەهاك ئێـژێ شـای گـەردونم
دانـەی دیـدەی ژێـر جـە یحوونم
ئـەو راس ئێـژێ ئـەزیش سـونم
دەتـــان مـــژم بـــە ســـنوونم
ئـەو هەودایـە و مـن مـەجنوونم
شـــێتی ئـــەوم چـــاوە رونم
جـا ئێـوەش بـێن هـەر وەك مـن ون
لــە تـــەك دوژمنـــا دوژمـــن ون
خـواران دەركـەن لـە نـاو خۆتـان
تـــا رێ رۆشـــن ببـــێ بۆتـــان
راســگۆ بـــن و هـــەر راس بێـــژن
خـــەریك چـــەن مەگـــەر گێـــژن
لــــە راســــتیا ســــەرئەكەفن
رۆژێكـــیش لـــە خـــاك ئەخـــەفن
شـــا هـــەر راســتی ئــەوێ لێتــان
ئەگـــەر راســت بــن نەرمــە جێتـــان
درۆ مەكـــــەن هـــــەتا مـــــاون
چـــونكە ئەوانـــە بـــەد نـــاون
بـــەدناوی كـــارێكی پیســـــە
بـــەدناو هەمیشـــە خـــۆ سیســـە
هـــەوەڵ یـــارە ئـــاخر یـــارە
وە گشــت چــتێ ئاگــادارە[224]

دێـوان دەركـەن لـە نـاو خۆتـان
تـــا رێ رۆشـــنۆ بـــێ بۆتـــان


www.pertwk.com

دەرهات وەك خوەر گڕیا
چوار فریشتەی وە دی هێنا
خۆر و مانگی وە سەرمان نا
زەوی و ئاسمانی سیرشت کرد
چتی کوتکی درشت کرد
ئەوسا مەشیەی[225] لە خاك
خوڵقان
دار و بەریشی بۆ لەقان
ماشیۆی[226] داهێنا لە دەنی
مەشیە لە خۆشیا پێکەنی
هەردوکیانی بردە بەهەشت
تاکو تیایا بژین بە گەشت
ئەهریمەن هەڵیانی خڕان
کڵاوی بەختیانی فڕاند
یار دەریانی کرد بۆ سەر زام
تا مێردانیان لێ کەوتە دام
هەوەڵ یارە ئاخر یارە
وە گشت چتێ ئاگادارە[227]

وەرزکار دەبێ تۆم بکێڵێ
لە زەوی بدا چەند هێڵێ
گەنم یا جۆ بێنێتە بەر
سودی ببێ لەناو رۆزیار

ئەوەند کار کا تا شام شاد بێ
هەمیشش شامی لە یاد بێ
قۆڵی بۆ کشتوکاڵ هەڵکا
خاس بکا لە تەك خەڵکا
درۆ مەکەن درۆ گەسە
درۆزن گەلێ ناکەسە
ئەوانە وا خاوەن هێشن
نابێ خۆیان هەڵ بکێشن
ئەبێ کارکەن لە دەشت و کێڵ
تا لە رەو هیچ نەبن وێڵ
ئەوەی خاوەن مەڕ و شەکە
شا ئەم کەسانەی گەرەکە
چونکە ئەمانە بە کەڵکن
مایەی شادی و خۆشی خەڵکن
هەوەڵ یارە ئاخر یارە
وە گشت چتێ ئاگادارە[228]

من گەرەکمە گاس[229] بخوێنم
نەك وەك ئێوە خۆم بنوێنم
گاسی من دیداری یارە
یاری جوانم لە من دیارە
ئێوە رەوا کەن خوێنم
منیش هەقی خۆم ئەسێنم
کەس دی نیە بکا لۆمم

بــۆ خــەڵك ئــەمن وەكــو مــۆمم
بــدەن بتــواچ چــەن و چــۆنم
بێــژن زەنــدی بــە مــەزمونم
موســی چــادر مــن هەســتونم
داود ئاكـــــار رەهنمـــــــونم
ئاشــكار دەكــا نــە خشــنەی دونم
مــن بــۆ ئێــوە بــای ســەبونم
میــوەی بــاغی گونــا و گــونم
ئێــوە یۆرتــاك ئــەمن ســونم
ئێــوە دانــن مــن ئاســیاوم
لــەلای گشــت كەســێ ناســیاوم
هــەوەڵ یــارە ئــاخر یــارە
وەگشــت چــتێ ئاگــادارە[230]

هــەبو نــەبو هیچــێ نــەبو
نــە ژن نــەكوڕ كچــێ نــەبو
نــە زەوی نــە ئاســمــان نــەبو
نــە پــیر و خــان و مــان نــەبو
یــار لــە دوڕ بــو دوڕ لــە دەریــا
لــە دوڕ دەرهــات وەك خــوەر گڕیــا
چــوار فریشـــتەی وە دی هێنـــا
خــۆر و مــانگی وە ســەرمان نــا
زەوی و ئاسمـــانی سیرشــت كــرد
چـــتی كـــوتكی درشــت كــرد
ئەوسا مەشیەی[231] لە خاك خوڵقان
دار و بەریشـــی بـــۆ لـــەقان
ماشــیۆی[232] داهێنــا لــە دەنــی
مەشــیە لــە خۆشــیا پێكــەنی
هــەردوكیانی بــردە بەهەشــت
تــاكو تیایــا بــژین بــە گەشــت
ئەهریمـــەن هــەڵیانی خــڕان

كـــــلاَوى بـــــەختيانى فڕانــــــد
يـــار دەريـــانى كـــرد بـــۆ ســـەر زام
تـــــا مێردانيــــان لێ كەوتـــــە دام
هـــــەوەڵ يــــارە ئـــــاخر يــــارە
وە گشـــــت چــــتێ ئاگــــادارە[233]

# شوێنە پیرۆزەکانی شوێنکەوتووانی ڕێوڕەچەی یارسان

وەك لە زۆربەی سەرچاوە و تێکستەکاندا دەردەکەوێت (ڕێوڕچەی یارسان) ڕێوڕەچەیەکی دینی کوردییە و زۆربەی شوێنە پیرۆزەکانی لە کوردستاندان, ژمارەیەکی زۆر لەو شوێنانە لە ناو سروود و پەخشانەکانیاندا ناویانهاتووە, ئەگەرچی ئەگەر بمانەوێ ناوی هەموو ئەو شوێنانە بهێنین, دەبێت نیوەی ئەم کتێبە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکەین, بەلاَم دەکرێت ناوی گرنگترینی ئەو شوێنانە بهێنین.

1- **پەردیوەر:** دەکەوێتە نزیك گوندی (دەودان), لە رووی پیرۆزییەوە گرنگترین شوێنی یارسانەکانە چونکە هەم قیبلەیانە و هەمیش شوێنی نیشتەجێبوونی (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە, کاتێك ناوبراو لە (بەرزنجە)وە بۆ هەورامان کۆچیکردووە, لە (پەردیوەر) دابەزیوە, لەوێ (ماڵ و جەمخانە)ی درووستکردوون و یارانی لە دەوری خۆی کۆکردوونەتەوە, لە هەندێك سروودا بە (پەردیوەر شار) ناویهێنراوە, لەم بوارەدا با لەم دێڕانە وردببینەوە:


www.pertwk.com

| |
|---|
| غولاّمـــان ئیقــرار غولاّمـــان ئیقــرار<br>وەعـــدی ظهـــورهن بـــەیان وه ئیقــرار<br>نـــە رۆژی ئـــەوەڵ بیـــای ســـاجی نـــار<br>ئـی کـام وەعـدم دان نـە پـەردیوه رشـار |

قیبلەبوونی پەردیوەر لای یارسانەکان لە ناو زیاتر لە سروودێکدا دووبارە بووەتەوە, هەر بۆ نموونە لە (سوودی خۆشتن)دا هاتووە:

| |
|---|
| ڤە واتەی مێردان خەرقەی نوور نـەوەر<br>ئـــاوم تەشــارەن قیبلـــەم پـــەردیوەر |

**واتای ئەم دێڕە بەم شێوەیە:** بە پێی وتەی ئەو مێردانەی خەرقەی نووریان پۆشیوە= مەبەستی رابەران و پیرانی یارسانە, ئاوی کەوسەرم لە تەشار و قیبلەم (پەردیوەرە)ە.

**هەروەها لە سروودی ( تەلقینی مردوو )دا هاتووە:**

| |
|---|
| محاسیب پیر مووسی ساحیب دەفتــەرەن<br>قیبلـــەی هـــەقانیش نـــە پـــەردیوەرەن |

**واتای ئەم دێڕە بەم شێوەیە:** پیر مووسی دەفتەردار و قیبلەی راستی لە پەردیوەردایە.

ئێستا (پەردیوەر) وەك شار, یاخود دێ نەماوە و تەنها شوێنەوارەکەی ماوە.

2- **هـــاوار:** گونـــدی هـــاوار شـــوێنی هانـــابۆبردنی یارســـانەکان بـــووە و پیرۆزییـــەکی گـــەورەی لای شوێنکەوتووانی ئەم ریوەڕەچەیە هەیە, کاتی خۆی (سان سەهاکی بەرزنجی) فەرمانیداوە بە (داودی کۆسوار= داودی دەلیل) کە بڕوات بۆ هاوار وەك لەم دێڕەدا دەردەکەوێت:

**داود ئۆ هاوار داود ئۆ هاوار**
**داود هـەواڵەن بلۆ ئۆ هـاوار**

ئەم گوندە یەکێکە لە گوندەکانی شوێنکەوتووانی رێوڕەچەی (یارسان) لە هەورامانی لهۆندا, دەربارەی ناوەکەی دەوترێت: هاوار بۆ ماوەی زیاتر لە (800) ساڵ شوێنی داڵدەدانی یارسانەکان بووە, بە واتا هەر کەسێکیان لە هەر شوێنێکی ترەوە زۆری بۆهاتبێت, هانایهێناوە بۆ خەڵکی ئەم گوندە و ئەمانیش چوون بە هانایەوە, لێرەوە ئیتر گوندەکە ناوی (هاوار)ی لێنراوە.


www.pertwk.com

هاوار ئاو و هەوایەکی خۆشی هەیە, لە هەر چوار لاوە شاخی بەرز دەوریداوە وەك: (شنرویٚ, ئەشکەدۆلٚ= ئەشـکەهۆل, رووتـاوا, مـەکۆی ماغـە), رووبـەرێکی زۆر بـاخی رازاوەی تێدایـە مێـوەی جۆراوجۆریـان تێـدا بەرهەمدەهێنرێت وەك: (گوێز, هەنار, هەنجیر, تریٚ....هتد), ژمارەیەك (کانی و ئەستێلٚ)یش لە ناو هاوار و دەوروبەریدا هەن لەوانە: (وێشەیی, کانی درێژ, کانی وەزگێلٚ, کانی گۆیژەگەڵوەزان, کانی باخچەی جانیٚ), ئاوی ئەم کانییانە بۆ خواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەلٚ و ئاودانی باخەکان سوودیان لێوەردەگیرێت.

چەند شوێنەوارێکی مێژوویش لەدەوروبەری گوندەکەدا هەن, (قەلاّی هاوار) یەکێکە لەو شوێنەوارانە و مێژوویـەکی دێرینـی هەیـە, لەسـەردەمی (بێگـە بـەگی ئـەردەلاّنی)دا ئـاوەدان و پۆشـتەکراوەتەوە, چـەند مەزارگەیەکی گەورەپیاوانی کاکەیی لە گوندی (هـاوار) و دەوروبەریـدان, لەوانە: (داودی رەهبـەر, مـەزاری میر ئەسکەندەر, کاکەی جاور).

### خەڵکی هاوار بەشێوەیەکی گشتی بەسەر چەند بنەماڵەیەکدا دابشدەبن بەم ناوانە:

(بنەماڵەی کوێخاکان, بنەماڵەی وسێن, بنەماڵـەی ئەحمـەد), ئـەم بنەمالاّنـەش پێکـەوەدەژین و لەخۆشی و ناخۆشـیدا هاوکـاری یـەکتری دەکـەن, چـەندین کەسـێتی دیـار و پیاوماقوولّی سـەردەمی خۆیـان لـەم گونـدەدا هەڵکـەوتوون, لەوانـە (خەلیفـە رەشـیدی هـاواری) کـە پیـاوێکی (دینـدار, بەسـەلیقە, خـاوەن هەڵوێسـت) و خۆشەویستی خەڵك بووە, هەروەها (کوێخا تۆفیقی هاواری) کە لای هاوارییەکان بە (مامۆتۆفیق) بەناوبانگبووە, ناوبراو پیاوێکی (ئازا, خاوەن هەڵوێست, ژیر و بەسەلیقە, پزیشکی میللی) بووە, بەدرێـژایی تەمـەنی سـەرقاڵی خزمەتکردنی خەڵك و چارەسەکردنی شکستەکانی لاشەیان بووە, چەندین کەسی لە کەمئەندامی و شکستی دەست و قاچیان رزگارکردوون.

هاوارییەکان شۆڕشگێر و قارەمانن, هاوکاری (شێخ رەشیدی عەبابەیلیٚ)یان کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئینگلیز و گەورەترین داستانی قارەمانانەیان لە (دەربەندی ئەشکەهۆلٚ)دا تۆمارکردووە, لەئەنجامی ئەو هەڵوێسـتەیاندا (هـاوار) سـووتێنراوە, ژمارەیـەکی زۆری خەڵکەکـەی دەسـتگیرکراون و خراونەتـە زینـدانی کەرکووکـەوە, لێرەدا پێویسـتە بـاس لەوەبکـەین لـە داسـتانی (دەربەنـدی ئەشـکەدۆلٚ)دا چـەند کەسـێك رۆڵـی قارەمانانەیان گێڕاوە, لەوانە: (کوێخا تۆفیقی هاواری, حەمەعەلی بەیجانی رێشاوی, حەمەسەعید زەردۆیی), جەنگاوەرێکی هاواری بە ناوی (مارف ئەحمەد) کوژراوە و سوپای ئینگلیزیش (70) کوژراویـان لـە گۆڕەپـانی جەنگەکەدا جێهێشتووە, یەکێکیان پلەی (کاپیتان) بووە.

لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا (هاوار) بەردەوام جێژووانی پێشمەرگە بووە, لەگەلٚ ئـەوەدا خەڵکەکـەی هـاوڕاز و هاوکـاری شۆڕشـەکان بـوون, ژمارەیەکیشـیان کـادر و پێشـمەرگە بـوون, چـەندین شەهیدی قارەمانیشیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە شەهیدان: (کەمال هاواری, سەیفەدین هاواری, سەریاس هاواری).

پـاش ئـەوەی رژێمـی لـە گـۆڕنراو هاوارییـەکانی گواسـتووەتەوە بـۆ کۆمەڵگـەی زۆرەملێـی (عەنـەب) و گوندەکەیان بووە بە ناوچەی قەدەغـەکراو, چـەند کەسێکیان بـەردەوام بـە نهێنـی هاتووچۆی هاواریان کردوە و ئاوی باخەکانیان دێراوە, کاتێکیش کە بە ناوی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەوە پارەیداوە بە خەڵکانی ناوچە راگێزراوەکـان, ژمارەیـەکیان بـە هـیچ شـێوەیەك قایلنـەبوون پـارە وەربگـرن, دیـارە ئـەوەش بەڵگـەیـەکی گـەورەی نیشتمانپەروەرییانبووە.

سەرچاوەی بژێوی هاوارییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لـە: (باخـداری, بنێشـتکردن, ئاڵووێردکردنی سەرسـنوورە) و ژمارەیەکیشـیان کارمەنـدی فەرمانگـە دەوڵەتییـەکانن, ئێسـتا زۆربـەیان لـە (کۆمەڵگـەی عەنـەب) نیشـتەجێن و چـەندین خێزانیشـیان لـە (هەڵەبجـەی تـازە, سـلێمانی) و شـوێنەکانی تـردا دەژیـن, بـەڵام هاوینـان زۆربەیان بنەباخ دەبەنەوە باخەکانیان و لە ساباتییاندا دەحەوێنەوە.

هەر ئەوە ماوە بڵێین هاوارییەکان بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی پتەویان بە ڕابەرەدینییەکانی خۆیان و ئەو کەسانەش هەیە کە خۆیان بۆ خزمەتی کاروباری دینی ڕێوڕەچەکەیان تەرخانکردووە, راز و بەسەرهاتەکانی ئەو کەسانە بە لایانەوە پیرۆزن و زۆربەیان بە (پەرجوو=موعجیزە) لە قەڵەمدەدەن, لەم بوارەدا باس لەوە دەکەن گوایا لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا یەکێك لە (سەرسپەردەگان)ی کاکەیی بە ناوی (دەروێش حەبیب) لـە نـاو کاکەیـەکانی ئێرانەوە هاتووەتە (هاوار) و چەند ساڵێك لە ناویاندا ماوەتەوە, ناوبراو لەو ساڵانەدا هەم وەك کەسێکی دینـی و هەم وەك پزیشکێکی میللی کاریکردووە, لە گژوگیای ناوچەکە دەرمانی جۆروجۆری درووستکردووە و چـەندین نەخۆشی چارەسەرکردووە, سەرپەرشتی درووستکردنی (جەمخانە)کەی هـاواری کـردووە و لـە رووی مادیشـەوە کۆمەکیکردووە, لە بواری پێشبینیکردندا چەند شتێکی سـەیری لێوەدەگێڕنـەوە, بـۆ نموونـە دەڵێن: جارێکیـان بزنێکی کابرایەکی هاواری دزراوە و بۆ دۆزینەوەی پەنایبردووە بۆ (دەروێش حەبیب), ئەویش ناوی دزەکەی بـۆ ئاشکراکردووە و هاوکات ناردوویەتی بە دوایدا بۆ ئەوەی پێیبڵێت بزنەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی, کاتێك بزن دز هـاتووەڕوو سـەرەتا نەچـووەتە ژێربـاری دزیەکـەی, بـەڵام کـە زانیویـەتی سـوودی نیـە ناچـار بڕیاریـداوە بزەکـە بداتـەوە بـە خاوەنەکـەی, بـە (دەروێـش حـەبیب)یشـی وتـووە: ئەمـە دواجـارت بێـت لـە گەڵمـدا ئـەگینا شـەوێك سەرتدەبڕم, دەروێش لە وەڵامدا پێیوتووە: بریـا تـۆ سـەرتبڕیمایە چونکە دواجار مـن هـەر سـەرمدەبڕن, سـاڵی (1961ز) پێشـبینییەکەی هاتووەتـەدی و لـە مـەزاری (شـائیبراهیمی ئێـوەت) کـە یـەکێکبووە لـە (حـەوت تـەنی جاویدان)ی سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی), لە لایەن زیرگەوانی ئەو مەزارەوە سەربڕدراوە.

3- **شنرویٚ:** لـە دەفتـەرەکانی یارسـاندا بـە (شـندرویٚ) ناویهـاتووە, شـاخێکە دەکەوێتـە خۆرهـەڵاتی شـاری هەڵەیجەوە و نزیکـەی دوو فرسـەنگ لـەو شـارەوە دوورە, بـە پێـی تێکسـتە پیرۆزەکـانی (یارسـان) کاتێـك (خـاتوو جەلالێی دایکی شا خۆشێن), بە فەرمانی باوکی براکانی بردوویانە بیکوژن, (کاکە رەیا= کاکا رەدائی) لـە دۆڵـی (شنرویٚ)دا چاوەڕوانی لە دایکبوونی (شاخۆشێن) بووە, هەر لەوێشدا چاوی بە (خاتووجەلالیٚ) کـەوتووە و ئـەم وتووێژە لە نێوانیاندا روویداوە:

**کاکـــە رەیـــا ســـواری دانـــا**
**یە حوکمیٚ ئاما جە حەوت ئاسمانا**
**خــەڵکی لوڕســتان بــە زوڵاش زانــا**

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:** کاکە ڕەیا سواری دانا, حوکمێك لە حەوت ئاسمانەوە هات و سکپڕبووم, ئێستا خەڵکی لوڕستان بە (زوڵ)ی دەزانن.

**(کاکە ڕەیا = کاکا ڕەدائی)یش بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:**

**نەمامەی تۆ زوڵ نیەن بە زۆڵش مەزانا**
**ساحیب هەفت تەوەق زەمین هەفت ئاسمانا**
**ئێمەی کەرد و میهمان یانەی میرزا ئامانا**

**واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:** ئەو نەمامەی تۆ زوڵ نییە, بەڵکو خاوەنی هەر حەوت چینی زەوی و هەر حەوت ئاسمانە و ئێمەی کردە میوانی ماڵی (میرزا ئامان= مەبەست لە باوکی خاتوو جەلاڵ)یە.

(سان سەهاکی بەرزنجی) هاوینان چووەتە شنروێ و لەوێ خێوەتی هەڵداوە, تا ئێستاش بەو شوێنە دەوترێت چادرگە, لێرەدا ئەم دێڕانە بە نموونە دەهێنینەوە:

**عەزمم سەیوانا بە سەیر و سەوێ**
**غولامان بیروی ڕاگە سەر هەوێ**
**وەرگێردێ چادر هەفتاد و دوێ**
**پەی سەرکەل و شندرویم ڕەوێ**

هەر لە بواری پیرۆزی (شنروێ) لای یارسانەکان با لەم دوو دێڕە لە شیعرەکانی (عابدینی جاف[234]) وردببینەوە:

**بۆرێ وەیانە بۆرێ وەیانە**
**وستە نمان پوورە زاتی یەکدانە**
**شنروێ بەرزا مدیۆنە هاوار**
**ئەحمەد عابدین بەرۆ وە دەوار[235]**

**واتاکەی بەم شێوەیە:** وەرە بۆ ماڵەوە چونکە لە (زاتی یەکدانە= مەبەستی سان سەهاکی بەرزنجی)یە پوورەمانداوە, شنرویٚ بەرزە و دەڕژێتە هاوارەوە, ئەحمەدیش بە راکردن (عابدین) دەباتە نێو دەوارەوە.

4- **تەشار:** گوندێکە لە هەورامانی لهۆن و لەرووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای (پاوە)یە, پیرۆزی (تەشار) لای یاریسانەکان لەوەدایە کە باوا یادگار (کانی غەسلاٚن)ی تێدا هەڵکەندووە, وەك لە سروود و تێکستەکانیشدا دەردەکەوێت ئاوی ئەو کانییە ئاوی کەوسەری یارسانەکانە, لەم بوارەدا با لەم چەند دێڕەی سروودی (مردوو شتن) وردببینەوە:

**پەی غەسلی مەیت حاظر ڤە ئیقرار**
**ڤە حوکمی عەزیز شای خاڤەندگار**
**ڤە قەڵەم زەڕین پیر مووسی دەفتەردار**
**ڤە جام ئیبراهیم ڤە ئاب رەزبار**
**ڤە قەدری حیشمەت مستەفا زۆردار**

**ڤە نازی ئەیڤەت مەلەکەی طیار**
**کەرەم ششتووش ڤە ئابی تەشار**
**پاك و طاهیر بوڤیت ئەڤەڵ ئاخر یار**

لەم سروودەدا و لە دوادێڕیدا بە راشکاوی باس لەوە کراوە, مردووی یاریسان کاتێك دەشۆرێت بە نیەتی ئاوی (تەشار) پاکوتەمیز دەبێتەوە, هەر لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (یارسانەکان) لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدا خۆیان بشۆن بە تایبەت ئەو خۆشتنەی لە ئەنجامی جووتبوونی ژن و مێردەوەیە= کاری سێکسی, وە یاخود شتنی مردووەکانیان پێویستە بە نیەتی ئاوی (تەشار)ەوە بێت.

5- **سەرگەت:** یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی هەورامانی لهۆن و لە رووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی (بیارە)یە, سەبارەت بە ناوەکەشی دوو بۆچون بەم شێوەیە هەن:

ا- هەندێك پێیانوایە لە بەر ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەر دینی زەردەشتی بوون, ژمارەیەك لە پیاوە دینییەکانی زەردەشتی لەم دێیەدا ژیاون, بە پێی رەویەی دینی خۆیان (گاتاکان)ی زەردەشتیان خوێندووە و ئەو شوێنە (سراگاتا)ی پێوتراوە, بە درێژایی رۆژگاریش ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (سەرگەت)[236].

ب- هەندێکی تر دەڵێن: لە بەر ئەوەی لە سەردەمی حوکمڕانی هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و صەفەوی)دا, هێڵی جیاکەرەوەی سنووری نێوانیان لە نزیك ئەو دێیەدابووە پێیوتراوە (سەرخەت), پاشان ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (سەرگەت).

ج- مامۆستا (محەممەد ئەمین هەورامانی)یش نووسیویەتی: گوایا (سەرخەت) سەر سنووری پایتەختی زستانەی (خان ئەحمەد خانی ئەردەلآنی) بووە کە وەختی خۆی (شاری زەڵم) بووە[237].

(سەرگەت) شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی هەریەك لە (باوا ناوسسی سەرگەتی, دایە خەزانی سەرگەتی, قازی نەبی سەرگەتی) بووە, دیارە (باوا ناوسسی سەرگەتی) یەکێکبووە لە پێنج رابەرە دینییە گەورەکەی یارسان و هەریەك لە (دایە خەزان و قازی نەبی)یش گەورە عاریف و شاعیری (یارسان) بوون, هەر لێرەشەوە پیرۆزییەکی دینی گەورەی لای شوێنکەوتووانی (ڕێوڕەچەی یارسان) هەیە.

سەبارەت بە پیرۆزی (سەرگەت) لای یارسانەکان با بچینە ناو تێکستە پیرۆزەکانیان و چەند دێڕێك بە نممەنە بهێنینەوە:

کەفتم ئەو سەرگەت کەفتم ئەو سەرگەت
کەم کەم نزدیك بیم کەفتم ئەو سەرگەت
چون مەیل هەق بیٚ وەی نەویم هیلاك
وە حوکمی ناوس شیرە بی وەتاك.

کەم کەم نزیکبوومەوە هەتا کەوتمە ناو (سەرگەت)ەوە, چون ویستی خوا بوو هیچ ماندوونەبووم, بە حوکمی (ناوس) شیرە[238] تاکبوویەوە.

6- **مۆردین:** گوندێکی رازاوەیە و دەکەوێتە سەر سنووری فەزای هەڵەبجە لە گەڵ کوردستانی خۆرهەلات و دەڕوانێت بە سەر (زێی سیروان)دا, ئەم دێیە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی (پیر نالی مۆردێنی)یە, لە سەر رۆشنایی دوو دێڕ لە شیعری (پیر نەرە بالآمۆیی) هەر یەك لە (پیر بنیامین و پیر عالی) لە (مۆردین) لە سەر پلە و پایەی دینییان لە بواری خوداپەرستیدا زۆرانبازییانکردووە, (پیر بنیامین) توانیویەتی (پیر عالی) بە زەویدابدات, وەك لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت:

ئەو مۆردینەوە ئەو مۆردینەوە
بارگەی شام وستەن ئەو مۆردینەوە
سڕ ها وەسینەی بنیامینەوە
پیر و پیر عالی یەك دینەوە.

لەم گوندەدا قەلآیەك هەیە بە ناوی (قەلآی مۆردین), هەم گوندەکە و هەم قەلآکەش بە لای یارسانەکانەوە پیرۆزن.

7- **قەلآی سیمان:** ئەم قەلآیە بەسەر لوتکەی شاخێکی بەرزەوەیە لەپشت گوندی (سیمان)ی خۆرهەلآتی کوردستان و بەرامبەر بە هەردوو گوندی (مۆردین) و (چناری کۆکۆیی)وەیە, هەندێك گێرانەوە هەیە گوایا ئەم

قەڵایە یەکێکبووە لە قەڵای ئاشوورییەکان و لە سەردەمی حوکمڕانی (سەمیرامس)دا دروستکراوە, قەڵای سیمان بە پیرۆزی ناوی لە شیعرەکانی (یارسان)دا هاتووە, (پیر خالیقی ئەردەبیلی) لەم بارەوە وتوویەتی:

وست ئەو کۆی سیمان وست ئەو کۆی سیمان
بارگەی (شام) لوا وست ئەو کۆی سیمان
دەرمانی دەردم دارۆی حەکیمان
راگەی یارییەن وە دیدە و گیان
ئی دین بەر حەقەن باوەرمێ ئیمان[239]

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە: **بنەو بارگەی** (شام= لێرەدات مەبەست سان سەهاکی بەرزنجی)یە, رۆیشت و لە کێوی (سیمان) هەڵیداوە, چارەسەر و دەرمانی دەردم چوونە سەر (رێو ڕەچەی یارسان)ە.

6- **تەپەسوو = تەپی سەفا:** گردێکە لە شارەزوور, دەکەوێتە سەر شاڕێی نێوان (پردی زەڵم و ناوەندی ناحیەی سیروان), لە نزیکی و لە دامێنیدا دوو گوند بە ناوی (تەپی سەفای سەروو, تەپی سەفای خواروو) هەن, ئەم شوێنە لای یارسانەکان زۆر پیرۆزە و پیرۆزییەکەشی لە رازێکی دینییەوە هاتووە کە یارسانەکان بە پەرجوویەکی دینی دەزانن, کورتەی رازەکە بەم شێوەیە:

کاتێك (شێخ عیسای بەرزنجی) گەیشتووەتە تەمەنی پیری, سێ دەروێش لە پیاوچاکانی خودا چوونەتە لای و پیانوتووە بۆ دووەمجار ژنبهێنێت, شێخ عیسا سەرەتا بە داواکارییەکەیان قایلنەبووە, بەڵام ئەوان پێیانداگرتووە و لە ئەنجامدا قایلیانکردووە و پێیوتوون (دایراك خاتوونی کچی میر محەممەدی جاف)ی بۆ بخوازن, لە درێژەی رازەکەدا هاتووە: دەروێشەکان کاتێك چوون بۆ لای (میر محەممەدی جاف) و قسەیان لە گەڵداکردووە, زۆر تووڕە بووە و فەرمانیداوە بە پیاوەکانی لەتوپەتیانکردوون, بەڵام هەر دەستبەجێ چاکبوونەتەوە و ئەو کردارەش چەند جارێك دووبارەکراوەتە, هەرچەندە دواجار (میر محەممەد) بۆیدەرکەوتووە ئەو دەروێشانە (پەرجوویەکی خودایی) لە پشتیانەوەیە, بەڵام هەر ویستوویەتی ئەو کارە رێکنەکەوێت بۆیە بیانووی مارەییەکی زۆری گرتووە بەم شێوەیە:

ا- **رێی نێوان تەکیەی (شێخ عیسا) هەتاکو بەردەم ماڵی (میر محەممەد) بە فەرشی گرانبەها پڕفەرشبکرێت.**

**ب- هەزار بار ئێستر زێڕ.**

**ج- دەهەزار سەر حوشتر و هێندەی ئەوانیش (ئەسپ, مایین, مەڕ و بزن).**

**ع- پێویستە مارەییەکەش لە ماوەی سێ رۆژدا دابینبکرێت.**

دەروێشەکان رۆیشتوون بۆ (تەپەسۆ= تەپی سەفا) و لەناو گردەکەدا قاپی گەنجینەیەکی نهێنیان کردوەتەوە و هەموو داواکارییەکانیان لەو شوێنەدا دەرهێناوە, بۆ سبەینێ زوو گەیاندوویانەتە بەردەم ماڵی (میر محەممەد), ئەویش ئیتر هیچ بیانوویەکی نەماوە و ناچار کچەکەی داوە بە (شێخ عیسا)[240].

**لە چەند سروودێکی (یارسان)دا ناوی (تەپەسوو= تەپی سەفا) هاتووە:**

**داود تـە پـەسۆ داود تـە پەسۆ**
**داودی رەهبـەر پـەرێ تـە پەسۆ**
**پیـر رۆستەمی بار بەیۆوە رەجۆ**
**بزانمێ ساوام چە شەرعێ ماچۆ**

لـەم دێڕانـەدا ئـەوە ئاشـكراكراوە كـە یـەكێك لـە كوڕەكـانی (سـان سـەهاكی بـەرزنجی) لـە فـەرمانی بـاوكی یـاخیبووە و چـووە بـۆ (تەپەسـۆ)، سـان سـەهاكی بـەرزنجیش فەرمانیـداوە بـە (داود) بچـێت بـە شـوێنیدا و بیهێنێتەوە بۆ لای هەتاكو بزانێت چی دەڵێت؟.

7- **شارەدێی تەوێڵە:** یەكێكە لە شارەدێ زۆر دێرینـەكانی هـەورامانی لهۆن و لـە ڕووی ئیدارییـەوە سـەر بە ناحیەی بیارەیە، من لە بەرگی یەكەمی كتێبی (هەورامان)دا بە درێژی باسـم لـەم شارەدێیە كردووە بۆیـە لێرەدا بەو باسەدا ناچمەوە، ئەم شارەدێیە لای شوێنكەوتوانی ڕێوڕەچەی یارسان زۆر پیرۆزە مـەزاری (باواسـەرهەنگی دەودانی) لێیە وەك پێشتر لە بابەتی (پێنج رابەرە گەورەكەی ڕێوڕەچەی یارسـان)دا باسمانكرد، مـەزاری نـاوبراو دەكەوێتە خوار دێی تەوێڵەوە و دەوروبەری مەزارەكەش گۆڕستانی تەوێڵەییەكانە.

بێجگە لە مەزاری (باوا سەرهەنگی دەودانی)و دوو مـەزاری تـر لـە تەوێڵـەدا هـەن لای یارسانەكان پیرۆزن، یەكـەمیان دەكەوێتـە پشـت گـەڕەكی (مالێـدەر)ەوە و پێیـدەوترێت (بابـا ئەسـكەندەر)، دووەمیشـیان لـە نزیـك سەیرانگەی (ئاوێسەر)دایە و خەڵكی ناوچەكە بە (پیری وەزەسوور= پیری گوێزەسوور) ناویدەبەن، بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ سەرچاوەیەكدا ناوی ئەم (پیرە)م بۆ ساغنەبوویەوە، بەڵام لێرەدا باس لـەوە دەكەم دارێك وا بەسـەر مەزارەكەیـەوە خـەڵك بـەو دارە دەڵـێن (وەزە سـوور= گوێزەسـوور)، لـە هـیچ شـوێنێكی تـری تەوێڵـەدا داری لـەو چەشنە نییە و هەر لە كۆنەوە و ئێستاشی لە گەڵدابێت سەبارەت بەو دارە ئەفسانەیەك لە نـاو خەڵكەكـەدا هەیـە، دەڵێن گوایا هەركەس تیغ، یانو بـەردی لێبدات خوێنی لێدەردەچێت، هـەر لـەوەوە كەسێك لـە خـەڵكی ناوچـەكە ناوێرێت كارێكی وا بكات.

8- **كەلی داود = دووكـانی داود:** شـوێنەوارێكی دێرینـە و مهرابەیـەكی میترائـی تێدایـە، دەكەوێتـە باشـووری خۆرهەڵاتی (سەرپێڵی زەهاو) و تەنها سێ كیلۆمەتر لێیەوە دوورە، لەم شوێنەوارەدا پەیكەری مرۆڤێكی لـە بـەرد تاشـراوی تێدایـە كـە دوو گـەڵا خورمـای بەدەسـتەوەن و لـە دۆخێكـی پارانـەوە و نزاكردندایـە، بـە پێـی هەنـدێك سەرچـاوەی مێـژوویی ئـەم شـوێنەوارە بـۆ سـەردەمی مادەكـان دەگەڕێتـەوە[241]، (كـەلی داود= دووكـانی داود) یەكێكە لە شوێنە پیرۆزەكانی یارسان و مەزاری (داود كۆسوار= داودی دەلیل)ی تێدایە.

9- **تـاشی هۆرێن:** پیرۆزی (تاشەبەردی هۆرێن) لەوە هاتووە گوایا (شاخۆشێنی لوڕسـتانی= موبـارەك شـا) كاتێك ماڵئاوایی لە دونیا كردووە، قەباڵەیەكی لـە ژێـر ئـەو تاشـەبەردەدا شاردووەتەوە، هـەر كەسـێك لـە قۆنـاغی دواتردا ئەو قەباڵەیەی دەرهێنایەوە ئـەوە خـودی (شاخۆشـێن)ە، بـەڵام لـە تـەنێكی تـردا هـەر وەك لـەم سـروودەدا هاتووە:

ئـەو تـاش هـۆرێن ئـەو تـاش هـۆرێن
بارگـەی شـام وسـتەن ئـەو تـاش هـۆرێن
پـیری قەبالـەش نیـا نـە سـەرین
هـەر کـەس بـەرئاوەرد ئـەوەن خوەشـێن

10- **مەڕی نەوێ = ئەشکەوتی نەوێ:** نەوێ یەکێکە لـە گومـدە دێرینـەکانی شارەزوور و گـەلێك شـوێنەواری مێژوویی تێدایە وەك: (قەلاّ, زینـدان, کـورەی نـانکردن), خـەڵکی ناوچەکە ئەو شـوێنەوارانە بـە (قـەلاّی زوحـاك= قـەلاّی هاشـمار, زینـدانی زوحـاك) ناودەبـەن, سـەرەڕای ئـەم شـوێنەوارانە شـوێنەواری نیشـتەجێبوونی دێـرین بەدەوروبـەری گوندەکـەدا بـە رووپێـوێکی فراوان هەیـە, هـەروەها شـوێنەواری چـەندین (ئاشـی ئـاو) تـا ئێسـتاش ماون, خەڵکی نەوێ دەڵێن دێکـەیان لـە سـەردەمی دێرینـدا (99) ئاشـی ئـاوی تێـدابووە, دەچینـەوە سـەر (مـەڕی نـەوێ= ئەشـکەوتی نـەوێ) کـە پیرۆزییـەکی گـەورەی لای یارسـانەکان هەیـە چـونکە (سـان سـەهاکی بـەرزنجی) و یارەکانی کاتێك لەشـکری (جیجك=چیچك) شـوێنیانکەوتوون لـەم ئەشـکەوتەدا سـێ ڕۆژ خۆیـان شـاردووەتەوە, ناوی ئەم ئەشکەوتە لە شیعر و سروودەکانی (یارسان)دا هاتووە هەر بۆ نموونە:

ئـەو مـەڕی نـەوێ ئـەو مـەڕی نـەوێ
بارگـەی شـام وسـتەن ئـەو مـەڕی نـەوێ

**واتاکەی بـەم شـێوەیە:** بـۆ ئەشـکەوتی نـەوێ چـونکە بارگـەی (شـام= مەبەسـت سـان سـەهاکی بـەرزنجی)یە کەوتووەتە ئەشکەوتی نەوێ.

11- **ئەحمـەد بڕنـدە:** گوندێکـە لـە سـنووری ناحیـەی (وارمـاوا) و دەکـەوێتـە لای چـەپی ئـەو شـاڕێیەی لـە زەڕایەنەوە بۆ شاری دەربەندیخان دەچێت, لە ناو ئەم گوندەدا مـەزارێك بـە نـاوی (ئەحمەدبڕنـدە) هەیـە, شـتێکی ئاشکرایە ناوی گوندەکەش لەم مەزارەوە هاتووە, (یارسانەکان) مەزاری (ئەحمەد بڕندە) بە پیرۆز دەزانن چونکە پێیانوایـە نـاوبراو کـاتی خـۆی بـە فـەرمانی (شاخۆشـێن= موبـارەك شـا) چـووەتە ئـەوێ و لـە سـەردەمی (سـان سەهاکی بەرزنجی)دا بە ناوی (داود کۆسوار)ەوە ژیاوە.

12- **دەرەشیش:** یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە قەزای هەڵەبجە, وەك لە هەندێك سەرچاوەدا هـاتووە (تـیرەی کەمانگەر) سەرەتا لەم گوندەدا ژیاون و لێرەوە بۆ شـوێنەکانی نیشـتەجێبوونی ئێسـتایان لـە (ئافریـان, ماویـان, کۆرەدەرە, تفین, تاودۆلاّو...هتد) لە خۆرهەڵاّتی کوردستان ڕۆیشتوون[242].

لە شیعر و سروودەکانی یارساندا ناوی دەرەشیش هاتووە و هاوکات یەکێك لە (72)پیرەش بە نـاوی (پـیر دلاوەر) خـەڵکی ئـەم گونـدە بـووە, ئـەم دێـڕەی خـوارەوە نموونەیەکـە سـەبارەت بـە پـیرۆزی (دەرەشـیش) لای یارسانەکان:


www.pertwk.com

زولاڵ دەرەشـــیش زولاڵ دەرەشـــیش
یادگـــار مـــن زولاڵ دورەشـــیش

13- **مەزاری شێخ رەش:** ئـەم مـەزارە دەکەوێتـە نزیك گونـدی (شەشـکی دووماڵـە= شەشـکی حـاجی سـا) لـە ناوچەی شارەزوور و پیرۆزییەکی گەورەی لای یارسانەکان هەیە, شوێنکەوتووانی ئەم ڕێورەچەیە پێیانوایە, (شێخ رەش) پێشتر و لە سەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا لە تەنی (شا ئیبراهیمی ئێوەت)دا بووە, وەك لـەم سروودەدا هاتووە:

ئـــەز ئەحمـــەدم شـــێخ رەش بـــێ خـــۆنین
ئیـــبراهیم مـــن کـــاکم بـــێ ســـەمین
هـــەق ئـــەزش ســـەن نـــە کـــۆی هـــەفتین
شـــێخ رەشـــش کوشـــتە چـــەنەش ســـەن نگـــین

14- **میری سوور:** گوندێکە دەکەوێتە بناری شارەزوور و هاوسنووری هەورامانە, ئەم دێیە بە ناوی (سـەی ئەحمـەدی میر سووری کوڕی سان سەهاکی بەرزنجی)یـەوە نـاونراوە و پیرۆزییـەکی گـەورەی لای یارسـانەکان هەیە, (سەی ئەحمەدی میر سوور) یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتەوانە= حەوتەوانە.

15- **کاکەی جاور:** مەزارێکی پیرۆزی یارسانەکانە و دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی )هاوار و پالأنیا)وە.

16- **مەزاری باوا یادگار=** ئەو شوێنەی ئەم مەزارەی تێدایە لە هەندێك سەرچاوەدا بە (دێـی سـەرانە) و لـە هەندێکی تریشدا بە (دێی بان زەردە[243]) ناویهاتووە, پیشتر باسی گـەورەیی (باوایادگـار)مـان لـە بابـەتی (ئـەو بازنانەی سان سەهاکی بەرزنجی درووستیکردوون) کردووە.

17- **شـــارەزوور[244]:** بەشـێوەیەکی گشـتی لای یارسـانەکان پـیرۆزە و پێیانوایـە دونیـای نـەمرییان لـە شارەزووردایە, لە شیعرەکانیاندا ناوی شارەزوور هاتووە لەم بارەوە پیر تەیمووری هەورامی وتوویەتی:

ئــــەو شــــارەزووری ئەوشــــارەزووری
بارگـــەی شـــام وســـتەن ئـــەو شـــارەزووری
مێـــردان جـــەم بـــوان گـــرد وە رووســـووری
بگنـــدی وە شـــۆن پـــیر وە صـــەبووری
هـــا هەفتەوانـــەن شـــەمع وە قەنـــدووری
ســـکەی قەدیمـــەن والا مەنـــدووری[245]

18- **دزاوەر:** ئەم گوندە لای یارسانەکان زۆر پیرۆزە, لە سەر رۆشنایی زۆربەی سرووودەکانی دەورەی (چلتەن) کە بەشێکە لە کتێبی سەرەنجام, ئەم گوندە شوێنی نیشتەجێبوونی (بازنەی چلتەن)بووە, لەم بوارەدا با لەم دێڕانە وردبببینەوە:

هام لف مێردان ئازیزمەن بنیام
( دزاوەر)مانەن ریشە گرد غولاًم
بنیامین ئانە رۆژەش کەردەن لام
چەمەی زولاًلەن مەی کەردەن نە
جام[246]

(دزاوەر) گوندێکی هەورامانی (لهۆن)ە و دەکەوێتە خۆرهەلاًتی شارەدێی تەوێڵەوە, سروشتێکی رازاوە و ئاو و هەوایەکی فێنکی هەیە, مەزاری (شێخ شەهابەددینی دزاوەری) لێیە, ئەو مەزارە پیرۆزییەکی گەورەی لای خەڵکی هەورامان هەیە, تا ئێستاش ژنانی ناوچەکە ئەو منداڵانەیان تووشی نەخۆشی (کۆکەڕەشە) دەبن, دەیانەبەنە سەر ئەو مەزارە بە مەبەستی چاکبوونەوەیان.

بێجگە ئەم شوێنانە دەیان شوێنی تر هەن لە هەورامان و دەرەوەی هەوراماندا کە لای یارسانەکان پیرۆزن لە خوارەوە وەك نموونە نەوەك سەرژمێر ژمارەیەکیان دەنووسین وەك:

چادرگە لە شاخی شنرویً, گوندی دەودان, گوندی شێخان کە شوێنی سان سەهاکی بەرزنجی بووە و مەزاری دەیان پیر و رابەری دینی یارسانی تێدایە, کرند مەزاری (پیر بنیامین و پیر مووسیً)ی تێدایە, مەزاری (شێخ بابا تایەر) لە مەندەلی و گوندی دوو شێخ هەر لەو ناوچەیەدا, مەزاری (باوە مەحموود) لە خانەقی, پیرە مەگروون, هەمەدان کە مەزاری بابا تایەری هەمەدانی و سەی ئەبولوەفای کوڕی سان سەهاکی بەرزنجی) تێدایە.

# ئايا يارسانەكان نوصەيرين؟

پێشتر لە بابەتی (بۆچی رێوڕەچەی یارسان تەمومژاوییە)، ئاماژەم بەوە کرد کە ئەو دابڕانە جوگرافییەی لە ناو شوێنکەوتووانی (رێوڕەچەی یارسان)دا هەیە، یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە (یارسان)ەکان لە شوێنی جیاجیا و سەردەمی جیاجیادا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەندێك لە دین و رێوڕەچە دینییەکانی دەوروبەریانەوە، هاوکات هەندێك لە خەڵکانی شوێنکەوتووی رێوڕەچەکە لە خەڵکانی دیار و نووسەریان، هەندێکیشیان لە ئەنجامی بەدحاڵیبوون و تێکەڵ و پێکەڵی کردن، یاخود ناشارەزاییان لە تایبەتمەندییەکانی رێوڕەچەکەیان لەم بوارەدا زەمینەخۆشکەربوون، لەم بابەتەدا دەمەوێ لەوە بدوێم ئایا رێوڕەچەی یارسان هیچ پەیوەندییەکی بە (رێوڕەچەی نوصەیری)یەوە هەیە.

سەرەتا لەوە دەستپێدەکەم (نوصەیری)یەکان دەستەیەکی ناسراون لە (شیعە)، بیر و باوەڕی دینیان لە سەر خودابوونی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) دامەزراوە، لەم بوارەشدا پشت بە ئەفسانەیەکی دەماودەمی خۆیان دەبەستن، لێرەدا دەقی ئەو ئەفسانەیە دەنووسینەوە:

رۆژێك لە رۆژان (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بە مەبەستی چوون بۆ جەنگ خەڵکانی خۆی لە دەوری کۆکردوونەتەوە، لەپڕ چاوی بە پیرەژنێکی پەککەوتە لەناو خەڵکەکەدا کەوتووە کە بەکوڵ گریاوە، ئەو پیرە ژنە دایکی یەکێك لە جەنگاوەرەکان بە ناوی (محەممەد کوڕی نوصەیر)بووە و ترسی بەشداریکردنی کوڕەکەی لە لەشکرەکەی (حەزرەتی علی)دا خستوویەتییە گریان، (حەزرەتی عەلی)ش بۆ هێورکردنەوەی پیرەژنە، پێیوتووە دڵنیابە کوڕەکەت بە بێوەی دەگەڕێتەوە. شەوێك لە کاتی رۆیشتنی لەشکرەکە بەرەو شوێنی مەبەست رێیان لێ تێکچووە، (حەزرەتی عەلی) فەرمانیداوە بە (محەممەدی کوڕی نوصەیر) بچێت تا لێواری رووبارێك کە لە تەنشتیانەوە بووە و هەواڵی رێگەکە لە ماسیەکی ناو ئەو رووبارە بەناوی (گرگر) بپرسێت، پاش ئەوەی نوصەیر گەیشتووەتە لێواری رووبارەکە و ناوی (گرگر)ی هێناوە، چەندین ماسی گەورە لە ناو رووبارەکەوە سەریان دەرهێناوە، پێکەوە وتوویانە هەمووومان ناومان (گرگر)ە و مەبەستت کامەمانە؟ (نوصەیر) گەڕاوەتەوە بۆ لای (حەزرەتی عەلی) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، ئەویش فەرموویەتی ئەمجارە بڕۆ بڵێ (گرگر ابن گرگر) مەبەستمە، (نوصەیر) دووبارەوە گەڕاوەتەوە بۆ لێواری رووبارەکە و پرسیاری (گرگر ابن گرگر)ی کردووەو هەمان ماسییەکانی جاری پێشوو سەریان لە ئاوەکەوە دەرهێناوە، یەکێکیان کە لە هەموویان جوانتربووە وتوویەتی: من سەرم لە ساویلکەیی تۆ سووڕدەمێنی، کەسێك کە نهێنییەکانی دەریا و ناوی رەچەڵەکی ماسییەکان بزانێت چۆن رلایگەی لێ گومدەبێت، گوایا بەو وەڵامە و ئەو ئاماژە عاریفانەیە نوورێکی سەیر دڵ و هەموو تەنی (نوصەیر)ی داپۆشیوە، دەستبەجێ بۆ لای (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) گەڕاوەتەوە و وتوویەتی تۆ خوای، حەزرەتی (عەلی)یش یەکسەر شمشێرێکی داوە لەسەری و لەلەشی جیای کردووەتەوە، بەڵام ئەو بەڵێنەی کە داویەتی بە دایکی کە (نوصەیر) بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە هاتووتە بیری و

زیندویکردووەتەوە, (نوصەیر) وتوویەتی: من پێشتر نەمردبووم وتم تۆ خودای, ئێستا کە بەدەستی تۆ مردم و زیندووبوومەوە هیچ گومانێکم لەوە نییە کە تۆ خوای.

ئەم ئەفسانەیە بە هەنێك شێوەی تر هەم لە شیعری چەن شاعێرێکی یارسان و هەم لە رازە دەماودەمییەکانی یارسانەکاندا باسی لێوەکراوە, لە گەڵ ئەوەی جیاوازی لە نێوان دەقە ئەفسانەکە و شیعر و رازە دەماودەمییەکاندا هەن, بەڵام هەموویان یەك ناوەرۆکیان خستووەتەڕوو.

**لە خوارەوە هەندێك لەو جیاوازییانە دەخەینە پێشچاو:**

1- لە شیعرەکاندا (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بۆ گەشتی بیابان چووە, نەوەك جەنگ و لەشکرکێشی, وەك لەم دێڕەدا هاتووە:

**یك رۆژ شای مردان وبی مدارا**

**دڵدڵ طلب کرد پیٚ عزم سارا**

2- ناوی ماسییەکان کە لە ئاوەکە سەردەهێننە دەرەوە و قسە لە گەڵ (محەممەدی کوڕی نوصەیر) دەکەن بە (قرقڕ) هاتووە نەوەك (گرگڕ).

3- (حەزرەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) حەفتاجار (محەممەدی کوڕی نوصەیر)ی کوشتووە و زیندوویکردووەتەوە, وەك لەم دێڕەدا دەردەکەوێت:

**کشتش مکرر موات چ طوری**

**نصیر هر موات خودای نوصیری**

لە کتێبی شاهنامەی حەقیقەت و لاپەڕەکانی (234-239)دا حاجی نیعمەتولآی جەیحوون ئاوایی ئەم ئەفسانەیەی بە شیعر گێڕاوەتەوە, بەڵام بەم شێوەی خوارەوە:

ئەو شوێنەی (حەزرەتی عەلی) و هاوەڵەکانی بۆی چوون وڵاتی (میسر) بووە و رووبارەکەش رووباری (نیل) بووە.

(جەمیل ئەفشار) لە سەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی لەم بوارەدا لە کتێبی (فتوحات المقدس) وەریگرتوون نووسیویەتی:

رۆژێك (عەلی) لە شاری بەغداوە لە گەڵ یارەکانیدا بۆ لێواری رووباری (فوڕات) چووە, ناوی ماسییەکانیشی بە (جمجمە) هێناوە[247].

پاش خستنەڕووی ئەفسانەی (محەممەدی کوڕی نوصەیر), دێینە سەر ئەوەی بزانین پەیوەندی (رێوڕەچەی یارسان) بە رێبازی نوصەیرییەوە چییە و ئایا یارسانەکان نوصەیرین؟ بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر ئەو باسە پێویستە قسەیەك لەوە بکەین هەندێك بۆچوون هەن (نوصەیرییەکان) بە پەیڕەوکاری (عەبدوڵای کوڕی سەبەو) لە قەڵەمدەدەن و (محەممەد کوڕی نوصەیر)یش بە شوێنکەوتووی ئەو دەزانن, کەچی زۆربەی ئەو

سەرچاوانەی سەبارەت بە (شیعەی نوصەیری) نووسیویانە) لە سەر ئەوە یەکدەنگن کە هەرچەندە (محەممەد کوڕی نوصەیر) لە سەردەمی ژیانی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا نەژیاوە, بەلاّم دامەزرێنەری ڕێبازی (نوصەیری)یە و شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازەش (حەزرەتی عەلی) بە خودا و (محەممەدی کوڕی نوصەیر) بە پەیامهێنەری ئەو دەزانن.


www.pertwk.com

دێینەوە سەر باسەکەمان و ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

1- یارسانەکان کە پیرۆزییەکی گەورە دەدەنە (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) و بە بەرجەستەبوونی رۆحی خودایی دەزانن لە تەنی مرۆڤدا, هاوکات هەر یەك لە (بالوولی مایی, باواسەرهەنگی دەودانی, شاخۆشێنی لوڕستانی= موبارەك شا, سان سەهاکی بەرزنجی..هتد), بە هەمان شێوەی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) رۆحی خوداییان تێدا جێگیربووە بەڵام هەریەکە و لە قۆناغێکی مێژوویی جیاوازدا, کەچی نوصەیرییەکان لە ناو ئەمانەدا تەنها (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بە خودا و (محەممەدی کوڕی نوصەیر) بە پێغەمبەر دەزانن, ئیتر هیچ باسێك لەم زاتانەی تر ناکەن کە ناومانهێنان.

2- پێشتر لە بابەتی (بۆچی رێوڕەچەی یارسان تەمومژاوییە؟) باسمان لەوەکرد کە رێوڕەچەی یارسان هەوڵدانبووە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو دینە هەمۆجینەی لە ئەنجامی لەناو یەك توانەوەی میترائی و زەردەشتییە کۆنەکاندا لە خۆرئاوای ئێران و راستەوراستیش لە هەوراماندا سەریهەڵداوە, بەڵام (محەممەدی کوڕی نوصەیر) هیچ پەیوەندییەکی بەو دینەوە نەبووە.

3- لە تێکست و سەرچاوە کۆنەکانی یارساندا بە تایبەتی ئەوانەیان بۆ سەردەمی (بالوولی مایی, باوا سەرهەنگی دەودانی, باوا ناووسی جاف, سان سەهاکی بەرزنجی) دەگەڕێنەوە هیچ باس و ئاماژەیەك سەبارەت بە (محەممەدی کوڕی نوصەیر) نەکراوە, تەنها لە تێکست و شیعری قۆناغەکانی زۆر دواتردا ناوی هاتووە.

4- هیچ ماکێکی کوردی بە رێبازی (شیعەی نوصەیری)یەوە دەرناکەوێ, لە کاتێکدا دەبینین (یارسان) ریوڕەچەیەکی دینی کوردییە, هەموو (سروود و پەخشان)ەکانی کوردین, شوێنە پیرۆزەکانی لە کوردستاندان و هەموو رابەرە گەورەکانی کوردن.

5- ئەگەر کەسێك لە یارسانەکان لەو بڕوایەدا بێت, ئەو (محەممەد)ەی لە دەورەی (حەزرەتی عەلی) و لە ناو تێکستەکانیاندا وەك یەکێك لە چوار فریشتەکە ناویهاتووە, (محەممەدی کوڕی نوصەیر)ە ئەوە زۆر بە هەڵەدا چووە, چونکە تێکستەپیرۆزەکانی یارسان ئەوەیان بە (محەممەدی کوڕی عەبدولڵا د.خ) لە قەڵەمداوە, بۆ سەلماندنی ئەمەش با لەم دێڕە پەخشانە وردببینەوە:

(تا دۆورەی عەلی زات وە بەشەر هەردوو داخڵ کەرد وە دینی شەریعەت محەممەد قەراردا=تا دەورەی عەلی خوا چووە تەنی مرۆڤەوە و دینی شەریعەتی محەممەدی بڕیاری لە سەردرا).

شتێکی ئاشکرایە (حەزرەتی محەممەد د.خ و حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب) لە یەك سەردەمدا ژیاون, هەر چەندە (حەزرەتی محەممەد د.خ) بە تەمەن لە حەزرەتی عەلی گەورەتر بووە, بەڵام (محەممەدی کوڕی نوصەیر) لە سەردەمی ژیانی ئەو دوو زاتەدا نەژیاوە.


www.pertwk.com

پاش خستنەڕووی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم: هەر نزیکخستنەوەیەکی ڕێوڕەچەی یارسان لە ڕێبازی شیعەی نوصەیری, بەدەر لە پیرۆزی (حەزرەتی عەلی) لای هەردوو لایان هەڵەیەکی گەورەیە و شێواندنی تایبەتمەندییەکانی ڕێوڕەچەی یارسانە, بۆیە هەق نییە هیچ کەسێکی یارسان بە ئاکاری ئەو نزیکخستنەوەیەدا کاربکات.

## بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودم لەم سەرچاوانەوەرگرتووە:

1- سەرە نجام- دەستنووس- لە لایەن (کاکا رەدائی )یەوە ساڵی (1315کۆچی ) نووسراوە.
2- تاریخ اورامان-دەستنووس- ملا عبدلله قاضی اورامانی.
3- دەورەی شاخۆشێن - دەستنووس.
4- دەفتەری شندروێ- دەستنووس.
5- پاسداران مرز ایران- تاریخ اورامان- دەستنووس- موزەفەرخانی رەزاو.
6- مێژووی هەورامان- دەستنووس- محەممەد ئەمین هەورامانی.
7- نامە سرا نجام- کلام خزانە- یکی از متون کهن یارسان- تحقیق و تفسیر از (دکتر صدیق صفی زادە (بۆرەکئی )- انتشارات هیرمند 1375.
8- حق الحقایق یا شاهنامە حقیقت -حاج نعمت الله جیحون ابادی- تصحیح دکتر محمد مکری- کتابخانە طهوری - چاپ اول -1361 تهران. تهران- 1366.
9- سروودهای دینی یارسان-گرد اوردە و ترجمە (ماشاءلله سووری )-تهران- 1366.
10- ایین پر رمز و راز میترایی- اسرار ایین میترا- فرانتس کومن- ترجمە و پژوهش -هاشم رضی.
11- بزرگان یارسان- اهل حق-صدیق صفی زادە (بۆرەکئی ) - مطبوعات عطائی - چاپ اول 1361 تهران.
12- برهان الحق- نور علی اللهی- تهران 1343.
14- همبستگی میان تصوف و تشیع- د. کامل مصطفی شبیبی- ترجمە دکتر علی اکبر هاشمی - انتتشارات دانشگا تهران.
15- سرسپردگان- سید محمد علی خواجە الدین- کتابخانە منوچهری- چاپ سوم- 1362 تهران.
15- قیام ونهضت علویان زاگرس-( تاریخ تحلیلیی اهل حق )- جلد اول- محمد علی سلطانی-نشهر سها کرمانشاە- چاپ اول- (مێژووی بەسەرەوە نییە ).
16- راستی علی کیست - تالیف جمیل افشار-چاپ اول- 1376- انتشارات هیرمند تهران.
17- اسطورە اهل حق- ایرج بهرامی- چاپ اول تابستان 1378.
18- دانشنامە ناو اوران یارسان- - صدیق صفی زادە (بۆرەکئی )- انتشارات هیرمند - چاپ اول 1376 تهران.
19- تاریخ و شناخت ادیان- جلد (2 )- دکتر علی شریعتی.
20- (تاریخ ایران باستان )- جلد (1-2 )- نوشتە (حسن پیر نیا = مشیر الدولە )- نوبت چاپ- نهم 1378- ناشر انتشارات افراسیاب.
21- (تاریخ دە هزار ساڵە ایران )-جلد (1-2-3-4 ) نویسندە (عبدالعظیم رضایی )-نوبت چاپ- دهم 1378.
22- ایلات وطوایف کرمانشاهان ) جلد (ا )- تالیف- ( محمد علی سلطانی )- نوبت چاپ- اول 1372 تهران.

23-( فرهنگ جامع سیاسی )- محمود طلوعی-چاپ دوم 1377- چاپخانه حیدری.
24- کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او- رشید یاسمی- چاپ اول تهران- انتشارات کتابخانه سقراط تهران
25- سفرنامه ابن بطوطه- ترجمه محمد علی موحد- تهران 1377.
26- سفرنامه الموت ( لرستان و ایلام )- فریا استارك- ترجمه علی محمد ساکی- انتشارات علمی- چاپ اول - 1364 تهران.
27- سفرنامه راولنسن- ( گذر از زهاب به خوزستان )- ترجمه سکندر امان اللهی بهاروند- انتشارات اگاه- چاپ اول 1363 تهران.
28- خاطرات لیدی شیل- ترجمة دکتر حسین ابو ترابیان- نشر نو- چاپ اول 1362 تهران.
29-( تاریخ ادیان ومذاهب در ایران )- تالیف ( عباس قدیانی )- چاپ اول 1374.
30- دبستان المذاهب- جلد ( 2 )- کیخسرو اسفندیار بن اذر کیوان باهتمام رحیم رضا زاده- کتابخانة طهوری- چاپ اول طهران.
31- مجموعة راهنمایی جامع ایرانگردی ( 19 )- حسن زیندةدل- تهران 1379.
32-الكاكائية فی التاریخ0-المحامی عباس العزاوی- شركة التجارة و الطباعة المحدودة-بغداد 1949.
33-الكرد والكردستان فی الوثائق البریطانیة- د. ولید حمدی- لندن 1991.
34- ( ایران فی عهد الساسانیین )-تالیف- ( ارثر كریستنسن )- ترجمة ( یحیی الخشاب )5مراجعة ( عبدالوهاب عزام )- مطبعة لجنة التالیف والترجمة و النشر-القاهرة 1957.
35- ( مروج الذهب )-جلد-4 – تالیف- ( ابو الحسن علی بن حسین المسعودی )-القاهرة 1938.
36- التراث الكردی فی المؤلفات الایطالیین- میریلا غالیتی- گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی كورد- بەرگی هەشتەم- 1981.
37- ( الدین والمجتمع )- تالیف- ( ادیب صعب ), دار النهار بیروت-1983.
38- الخلافة ونشاة الاحزاب الاسلامیة )- تالیف ( د. محمد عمارة )-المؤسسة العربیة للدراسات والنشر-بیروت-1977.
39- ( النزعة العقلیة فی فلسفة ابن الرشد )-تالیف- محمد عاطف العراقی-الطبعة الثالثة- 1968 دار المعارف بمصر.
40- ( الاسلام والسلطة الدینیة )-تالیف-( الدكتور محمد عمارة )- الطبعة الثانیة- المؤسسة العربیة للدراسات والنشر-بیروت 1980.
41- تاریخ الطبری- محمد بن جریر الطبری- مطبعة القاهرة 1939.
42- تاریخ العصور القدیمة -د. جیمس هنری برستید- 1926بیروت.
43- كرد- ترك- عرب )-تالیف-( سیسل جون ادموندز )- ترجمة- ( جرجیس فتح الله )- مطبعة التایمس 1971.

44- ( الاكراد )-باسيل نيكتين- دار الروائع-بيروت 1985.
45- ( مجتمع جديد او الكارثة )-تاليف- ( الدكتور زكى نجيب محمود )- دار الشروق-بيروت 1978.
46- بندنيجين = مندلى فى التاريخ قديما وحديثا ), ماموستا مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد- بەرگی حەوتەم- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغداد 1980.
47- ( کاکەیی )-نووسینی ( محەممەد ئەمین هەورامانی )-بەغداد 1984ز.
48- ( مێژووی وێژەی کوردی )-بەرگی یەکەم-بەرگی دووەم- نووسینی ( د.صدیقی بۆرەکەئی )- چاپخانەی چهر- تبریز 1370.
49- ژیانی ئافرەتی کورد-هێنی هارۆڵد هانسن- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە - عەزیز گەردی- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغداد- 1981.
50- مێژووی هاوچەرخی کورد- بەرگی یەکەم- دێڤید ماکداوڵ- وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو- سلێمانی 2002- چاپخانەی روون.
51- سەرچاوەکانی کوردناسی- د. فەرهاد پیرباڵ-لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ.
52- مێژووی کورد و کوردستان- شێخ محەممەد مەردۆخی کوردستانی- وەرگێڕانی عەبدولکەریم محەممەد سەعید- چاپخانەی ئەسعەد- بەغدا-1991.
53- ( رەخنەسازی-مێژوو و پەیڕەویکردن )-دانانی ( د.کامل حەسەن عەزیز ئەلبەصیر )چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغداد 1403کۆچی=1983زایینی.
55- ( پەیامی هەورامان )-چاپی یەکەم-نووسینی ( هادی رەشید بەهمەنی ) 2001ز=2701 کوردی.
56- ( کورد )- نووسینی فلادیمێر مینۆرسکی-وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ( د.مارف خەزنەدار )-وەرگێڕانی بۆ کوردی ( حەمەسەعید حەمەکەریم )-1984.
57- ( خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ) بەرگی یەکەم- نووسینی ( محممەد ئەمین زەکی بەگ ) چاپی نوێ, سلێمانی 2000.
58- ( مێژووی ئایینی زەردەشت )- نووسینی ( عەبدولا موبلیغی ئابادانی )-وەرگێڕانی ( وریاقانیع )- چاپی دووەم- خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانیع-سلێمانی 2004.
59- ( کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان )-بەرگی یەکەم-نووسینی ( محەممەد رەسووڵ هاوار )- چاپی یەکەم-2000.
60- ( مێژووی ئەدەبی کوردی )-( نووسینی عەلائوددینی سەجادی )- چاپی دووەم ساڵی 1971.
61- ( مێژووی هەورامان )-نووسینی ( محەممەد ئەمین هەورامانی )-انتشارات بلخ-1380.
62- ( هەورامان )-بەرگی ( 1-2 ) نووسینی- ( ئەیوب رۆستەم )- چاپی یەکەم-سلێمانی-لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان 2004.
63- ( پیشالیاری زەردەشتی )- نووسینی ( محەممەد بەهائەدین مەلا صاحب ) بەغداد-ساڵی 1968.


www.pertwk.com

64- پیر نالی شاعرێکی گومناوی کورد- وتارێکە لە نووسینی - ناميق هەورامی- گۆڤاری هەورامان ژمارە ( 1 ) ساڵی 2003.

65- چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی خۆم سەبارەت بە ( یارسان - کاکەیی ) لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ( کوردستانی نوێ, ئاڵای ئازادی, رێبازی ئازادی, پەیڤین, رێیەری پێشمەرگە, هەورامان )دا بڵاوکراونەتەوە, هەروەها بابەتی چەند کۆڕ و سیمینارێك کە سەبارەت بە هەمان بابەت لە شارەکانی ( سلێمانی, کەرکووك, هەڵەبجەی شەهید, هەڵەبجەی تازە ) بۆم سازدراون.

**لە رووی ئەمەکدارییەوەو لە کانگای دڵمەوە سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم؟**

**هیوادارم هەمیشە سەرفرازو تەندروستبن.**

- کاك جەمیل هەورامی – سەرەنجامەکەی د. صدیقی بۆرەکەیی پێدام.
- مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی بەرگی پشتەوەی کتێبەکەی بە رێنووسی لاتینی بۆ نوسیم.
- مامۆستا رەفعەتی مورادی سیدییەکی بۆ هێنام چەند وێنەیەکی بەنرخی تێدابوون.
- مامۆستا مەلا قادری قادری کتێبی (کەلام خامۆش)ی بۆناردم
- کاك حەمە سەلیم فتولا تەوێڵەیی سیدییەکی تایبەتی بە جەژنی پیرشالیاری بۆناردم
- مامۆستا سەفەر کەریم دەرە توێیی سیدییەکی پێدام چەند وێنەیەکی سەرزەمینی پیرۆزی کاکەییەکانی تێدابوون.
- کاك کۆساری شاعیر وێنەیەکی گوندی (هاوار)ی بۆ ناردم کە ساڵی (1977) گیرابوو.
- کاك عبدولی شەشکیو کاك محەممەد ئەحمەد عومەر سەبارەت بە مەزاری (شێخ رەش) زانیارییان پێدام.
- کەژاڵ خان نەخشەسازی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ.
- کاك دارا چاوشین وێنەو بابەتەکانی خستنە سەر سیدی.

[1] - عەلائەددینی سەجادی -مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - لاپەڕە (15).

[2] -د. فەرهاد پیرباڵ - سەرچاوەکانی کوردناسی - لاپەڕە (21-40)

[3] - هەریەك لە (مەلا حەسەنی قازی هەورامانی و مەلا عەبدوڵای قازی) سەبارەت بە مێژووی هەورامان نووسیویانە.

[4] - محمود طلوعی - فرهنگ جامع سیاسی - ص (27).

[5] -شێخ محەممەد مەردۆخی کوردستانی - مێژووی کورد و کوردستان - لاپەڕە (44).


www.pertwk.com

[6] - مێـژووی ئێـران پـێش سـەرهەڵدانی ئیسلام لـە سـەدەی هەشـتەمی پـێش زایـین و لـە سـەردەمی درووسـبوونی دەوڵـەتی (مـاد)ەوە دەسـتپێدەکات, پاشـان یەکخسـتنی سـەرزەمینی مـاد و پـارس کـە لـە ژێـر دەسـتی (هەخامەنشـییەکان)دا یـەکخراوە و سـاڵی (330 پ. ز) کەوتووەتە ژێر دەستی (ئەسکەندەری مەکدۆن)یەوە, بە مردنی (داریوشی سێیەم) دوا پادشای هەخامەنشییەکان کۆتـایی بـە دەوڵەتەکـەیان هاتووە, (پارتەکان = ئەشکانییەکان) کە نەتەوەیەکی رەسەنی ئێرانی بوون ساڵی (250پ. ز) دەستیانداوەتەوە فراوانکردنـی دەسـەڵاتەکەیان و لـە دەوروبـەری (140 پ. ز) بـەرەو وڵاتـی میزۆپۆتامیـا پێشـڕەوییانکردووە و دەوڵـەتێکی بـەهێزیان دامەزرانـدووە, پـاش ئـەوەی مـاوەی (450) ساڵ حوکمڕانییانکردووە, لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتیاندا بە هۆکاری گەنـدەڵی و دووبـەرەکی نـاو خۆیـان (ئەردەشـیری بابکـان) سـاڵی (226ز) شاری (تەیسفوون)ی گرتووە و بەناوی زنجیرەی ساسانییەوە حـوکمڕانی دامەزرانـدووە, ساسـانییەکانیش بـە درێـژایی (420) سـاڵ حوکمیانکردووە, ساڵی (641ز) سوپاکەیان لە جەنگی نەهاوەند بەرامبەر سوپای ئیسلام تێکشکاوەو (یـەزدەگوردی سـێیەم) شـار بەشـار لـە ترسی دەستگیرکردنی لە لایەن سوپای ئیسلامەوە رایکـردووە, دواجـار سـاڵی (651ز) لـە (مـەرۆ) بـە دەسـتی ئاشـەوانێك کـوژراوە و بـەوەش زنجیرەی حوکمڕانی ساسانییەکان براوەتەوە.

[7]محمود طلوعی - فرهنگ جامع سیاسی - ص (27).

[8]ایلات و طوایف کرمانشاهان - جلد (1) - محمد علی سلطانی - لاپەڕە (23).

[9] - رشید یاسمی - کرد پیوستگی نژادی و تاریخی او - ص (28).

[10]پرۆفیسۆر سپایزر - اقوام میزوپوتامی - لاپەڕە (99).

[11]باسیل نیکیتین - الاکراد - ص (16-18).

[12]ئەمین زەکی بەگ - خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان - بەرگی یەکەم - لاپەڕە (34).

[13]هێنی هارۆڵد هانسن - ژیانی ئافرەتی کورد - لاپەڕە (18-19).

[14]لێکۆڵینەوەی (سێرسیدنی سمیث) - خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان - بەرگی یەکەم - لاپەڕە (42-48).

[15]میریلا گالیتی - التراث الکردی فی المؤلفات الایطالیة - ترجمە د. یونس حبی-گۆڤاری کۆڕی زانیاری -1981ز.

[16]باسیل نیکیتین - الاکراد-ص (17-20).

[17]وتارەکەی مینۆرسکی لەو کۆنگرەیەدا سەبارەت بە (کورد) ساڵی (1938ز) وەك نامیلکەیەك بلاّوکراوەتەوە.

[18]موشیر الدولە حسن پیرنیا - تاریخ ایران باستان-جلد (1 ) - ص (65).

[19]ابن خلدون - تاریخ ابن خلدون - ص 155-قاهرە-(808ھ).

[20] - د. ولید حمدی - الکرد والکردستان فی **الوثائق البریطانیة** - ص (295).

[21]محمد بن جریر الطبری - تاریخ الرسل والملوك - ص (187).

[22] – **عەلاددینی سەجادی –مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی یەکەم – لاپەڕە (17).**

[23] - سەرەنجام - کتێبی پیرۆزی یارسان - لاپەڕە (31-32).

[24] - هەمان سەرچاوە - لاپەڕە (188).

[25] - هەمان سەرچاوە - لاپەڕە (310).

[26]دەورەی چلتەن - لاپەڕە (391).

[27]سـەبارەت بـە گیـای (هـوم) بـە پێـی سەرچـاوەکان کـاری خولقانـدنی تـەنی (زەردەشـت) بـە دوو (یـەزد)ی سـپێردراوە بـەناوەکانی (ئەمرداد=یەزدی ناو) و (خورداد=یەزدی گیاکان), ئەم دوو یەزدە پاش ئەوەی کاری خۆیـان لـە ئاسمانـدا تـەواوکردووە باریونەتـە سـەرزەوی, (تەنی زەردەشت) یان لەناو رەگی گیادا چەقاندووە, پاش ئەوەی ئـەو گیایـە رواوە (پوروشەسـپ)ی بـاوکی زەردەشـت بـەرێنمایی (ئـەمرداد و خورداد) شەش مانگای خۆی بردۆتـە دەشت بەمەبەسـتی لەوەڕانـدنیان, کاتێك مانگاکان لـەو گیایـەیان خـواردووە گوانـەکانیان پڕبـوون لـە (شیر), (دەغدۆ)ی هاوسەری (پوروشەسپ) مانگاکانی دۆشیون و هاوسەرەکەشی لە گیای (هوم=Hauma) کەپێشتر بردوویەتییە ماڵەوە و

رۆحی زەردەشتی تێداجێگیرکراوە وشکیکردۆتەوە, وەراندویەتیە ناو شیرەکەوە و لەگەڵ (دەغدۆ) لێانخواردۆتەوە, پاش ماوەیەك (زەردەشت) لە دایکبووە[27]

بڕوانە کتێبی (تأريخ دەهزار سالە ايران – جلد اول) لاپەڕە (70) نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائیی).

[28] - شاری هۆرمزگان - یەکێکبووە لە شارە گەورە و قەڵبالغەکانی شارەزوور و چەند ئاتەشگەیەکی تێدابووە, لە کاتی لەشکرکێشی ئیسلامدا بە تەواوی وێرانکراوە, بە پێی کتێبی سەرەنجام لە نزیك (موان)ی ئێستادا بووە.

[29]-هەمان سەرچاوە - لاپەڕە (492-493)

[30]-هەمان سەرچاوە - لاپەڕە (552-580).

[31] - ئەم کتێبە بە (دەفتەری دەورەی زوڵاڵ)یش ناویهاتووە.

[32] - لە گوندی (چناری کۆکۆیی) سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهید ئەشکەوتێك هەیە پێیدەوترێت ئەشکەوتی زولفەقار, ئەم ئەشکەوتە لە کانی ناو دێکەوە و بەشێوەیەکی نهێنی ئاوی بۆ راکێشراوە, دەوترێت شوێنی کۆبوونەوە دینییەکانی ئەم زولفەقارە بووە.

[33]-موجرم - نازناوی شیعری (حاجی نیعمەتولای جەیحوون ئاوایی)یە.

[34]-دەفتەری رمووزی یارستان کۆکراوەی چەند دەفتەرێکی ترە.

[35]-شاهنامە حقيقت-تاليف (حاج نعمت الله جيحون أبادی) باهتمام (دکتر محمد مکری) - تهران - 1366.

[36]-بۆ ئاگابوون لەم راستییە دەتوانرێت تەماشای بەرهەمەکانی (د.صدیقی بۆرەکەیی) بکرێت.

[37]-(محەممەد ئەمین زەکی بەگ)-خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان-بەرگی یەکەم-لە بلاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی-2000.

[38]-نامیق هەورامی - گۆڤاری هەورامان - ژمارە (1) - زستانی (2003).

[39]-ڤلادیمێر مینۆرسکی - کورد - لاپەڕە (120) - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د.مارف خەونەدار) وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم).

[40]-ئێدمۆندز-(کرد-ترك-عرب) - لاپەڕە-177-وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (جەرجیس فەتحولا).

[41]-لیدی شل - خاطرات لیدی شل - ترجمه - د. حسێن ابو ترابیان - ص 156.

[42]-دیڤێد ماکداوڵ - مێژووی هاوچەرخی کورد - بەرگی یەکەم - لاپەڕە (29-30) - وەرگێڕانی ئەبووبەکر خۆشناو.

[43]-هێنی هارۆڵد هانسن - ژیانی ئافرەتی کورد - لاپەڕە (346).

[44]-لەم بوارەدا پێویستە ئاماژە بکەین بە هەوڵەکانی هەریەك لە (سەی قاسمی ئەفزەلی شائیبراهیمی, ماشەڵاسووری, حاجی نیعمەتولای جەیحوون ئاوایی, حاجی نوور عەلی ئیلاهی).

[45]-مینۆرسکی - کورد - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. مارف خەزنەدار) - وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم).

[46] - ئێدمۆندز نووسیویەتی: شەبەکەکان کاکەیی نین و قزڵباشی کوردن, بەڵام ناوی حەوت گوندی هێناوە کە دەکەونە ئەو شوێنەی (خازر) دەڕژێتە ناو زێی گەورەوە, چواریان لە کەناری لای راست و سیانیشیان لە کەناری لای چەپی زێکەوەن, دەڵێت ئەوانە هەموویان کاکەیین.

ئێدمۆندز - (کرد-ترك-عرب) لاپەڕە (178-179), وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (جەرجیس فەتحولا).

[47] - ئەیوب رۆستەم-هەورامان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کولتوورییە-بەرگی یەکەم-لاپەڕە (102-103).

[48] - (د.محمد علی سلطانی) – ایلات وطوایف کرمانشاهان – جلد (1) - ص 320 و 421.

[49] - محەممەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی - لاپەڕە (32).

[50]-دەفتەری رمووزی یارستان لە لایەن (سەی قاسمی ئەفزەلی شائیبراهیمی)یەوە لە کۆمەڵێك دەفتەر و تێکستی پیرۆز کۆکراوەتەوە.

[51]-من وەك خۆم پێموایە (سان سەهاکی بەرزنجی) رێکخەرەوەی رێوڕەچەی یارسانە نەوەك داهێنەری, بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی خۆیان (بالوولی مایی) نزیکەی (500) ساڵ بەر لە لەدایکبوونی (سان سەهاك) هەوڵی دامەزرانی ئەم رێوڕەچەیەی داوە.

[52]-سەرەنجام - دەورەی حەوتەوانە-دەستنووس.

[53]-حاجی نیعمەتولآی جەیحوون ئاوایی - شاهنامه حقیقت - باهتمام دکتر محمد مکری-تهران.

[54]-هادی بەهمەنی –پەیامی هەورامان0 لاپەرە (414).

[55]-بە وردبوونەوە لە تێکستەکانی یارسان و هەندێك لە سروود و پەخشانە دینییەکانیان بۆماندەردەکەوێت ناوی (یارسان) چوار سەدە بەر لە دەرکەوتنی (سان سەهاك) لە ناو سروودەکانیاندا هەیە, هەر بۆ نموونە با لەم دوو دێرە شیعرەی (شاخۆشێنی لورستانی= موبارەك شا) وردببینەوە کە لە نێوان ساڵەکانی (406 - 467ك) ژیاوە لە شیعرەکەیدا وتوویەتی:

**یـارسان وەرا یارسان وەرا**

**رای هـەق راسیەن براتان وەرا**

**پـــاکی و راستی و نیکی و رەدا**

**قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزلگا**

[56]- دەوترێت شێخ موسا وەجاخکوێر بووە و منداڵی نەبووە, کەچی لە هەندێ سەرچاوەشدا باس لەوەکراوە, پیر مکایـەڵی دەودانـی کـوڕی ئەم زاتە بووە.

[57]- رازی درێژبوونی دارەکە لـە نـاو یارسـانەکاندا بـە (پـەرجوو= مـوعجیزە)یـەکی دینـی لـە قەڵەمـدەدرێت, هـەر لـەم بـوارەدا دەڵێن: ئـەو موعجیزەیە کە لە سان سەهاك دەرکەوتووە بووە بە هۆی ئەوەی لای بـاوکی زیـاتر بایـەخی پێبدرێـت و براکانیش لێـی دڕدۆنگبـوون, هـەر ئەوەش بووە بە هۆی کۆچکردنی بۆ هەورامان, گوایا براکانی هەوڵی کوشتنیانداوە و لە کاتی کۆچەکەشیدا لەشکریان کردوەتەسـەری و ئـەو لەشکرە بە لەشکری (چیچك) و لەشکری (گومرا) ناودەبەن.

[58]-من پێموایە گێڕانەوەی ناوی (کاکەیی) بۆ سەردەمی سان سەهاك بۆچوونێکی کورتبینە, ئـەم نـاوە زۆر لـە سـەردەمی نـاوبراو کـۆنترە و (مەسعوودی) لە ساڵی (934ز کە بەرامبەرە بە ساڵی 323ك) ناوی هۆزە کوردە چیانشینەکانی بە (کاهکاهی) هێناوە.

مسعودی-مروج الذهب - جلد-4 - (ص76-77).

[59]-حسێن کوڕی مەنسوور ناسراو بە مەنسووری حەلاج, ساڵی (859ز) لە گوندێکی نزیك شاری شیراز لـە دایکبـووە, بـۆ خوێنـدن چـووەتە شـارەکانی (بەغـداد, بەسـرا) و ماوەیـەکی زۆر لای (حەسـەنی بەسـری) خوێندوویـەتی, پاشـان حـەجیکردووە و سـەردانی چـەند هـەرێم و وڵاتیشـی کـردووە لەوانـە: (سیسـتان, خۆراسـان, ماوەڕائەنـەهر= ئۆزبەکسـتانی ئێسـتا), پاشـان گەڕاوەتـەوە بـۆ زێـد و مەڵبەندەکـەی خـۆی دەسـتیداوەتە داهێنـانی ڕێوڕەچەیەکی سـۆفیگەری, نـاوبراو باسـی لـەوەکردووە گوایا لـە خواپەرسـتیدا گەیشـتووەتە دواقۆنـاغ کـە ئـەویش توانەوەیە لە خۆشەویستی خوای گەورەدا, فەرموویەتی: مادام خوا لە هەموو شوێنێك و لە هەموو شتێکدا هەیە, کەواتە لـە منیشدا هەیـە, هەر لێوەشەوە روویکردووەتە خوای گەورە و شیعرە بە ناوبانگەکەی وتووە بەم شێوەیە:

**مزجت روحك فی روحی کمزج الخمر فی ماء الذلال**
**کل ما یصیبك یصیبنی فانا ذاتك فی کل الاحوال**

هەر لەسەر ئەو دەربڕینانەشی ساڵی (922ز) لە سێدارەدراوە.

[60]-ئافتاب= خۆر

[61]-محەممەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی-لاپەرە (92).

[62]- ئیرەجی بەهرامی - اسطوره اهل حق-لاپەرە (102).

[63]-وەك شوێنکەوتووانی بیری ماتریالیستیو فەلسەفەی زانستیو ژمارەیەك لە فەیلەسووفە وجودییەکان لەوانە: (سارتەر, هایدگەر, ئەلبێر کامۆ).

[64]-وەك شوێنکەوتووانی بیری ئادیالیستی و لاهوتییەت.

[65]-قورئانی پیرۆز - سوورەتی فاتیحە – ئایەتی (4) - لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین (سوورەتی فاتیحە) بە (بسم الله)وە حەوت ئایەتە , (بسم الله) لای ئیمامی شافیعی ئایەتێکی جیاواز نییە, بەڵام لای ئیمامی حەنەفی بە ئایەتێکی جیاواز لە قەڵەمدەدرێت.

[66]- هادی بەهمەنی – پەیامی هەورامان - بەرگی یەکەم - پەراوێزی لاپەڕە (332).

[67]-د. کامیل حەسەن عەزیز ئەلبەصیر - ڕەخنەسازی - لاپەڕە (16).

[68]-دزکی نجیب محمود- مجتمع جدید او الکارثة - ص26

[69]-موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا - تاریخ ایران باستان - جلد اول - ص 164-165 .

[70]-محەممەد ئەمین زەکی بەگ - خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان-بەرگی یەکەم - لاپەڕە (149).

[71]-سەرچاوەی پێشوو - هەمان لاپەڕە.

[72]-عەبدولعەزیمی ڕەزائی - تاریخ ده هزار ساله ایران - جلد - (1) - ص67.

[73]-ساسانییەکان: لە ساڵەکانی دوادوای سەدەی دوەمی زایینیدا (ساسان) کە یەکێکبووە لە ڕۆحانییە نەجیبزادەکانی (فارس) و لە شاری (اسگخر)دا ژیاوە, لە بواری پارێزگاریکردن لە دابونەریتە دینییەکاندا ناوبانگییەکی زۆری پەیداکردووە, هەر ئەو ناوبانگی پەیداکردنەش بووە بەهۆی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەلاتی زیادیکردووە و خەڵکێکی زۆر گوێڕایەڵیبوون, پاش کۆچی دوایی (ساسان) کوڕێکی بە ناوی (بابەك) بووە بە جێنشینی و توانیویەتی لە ڕێی کوودەتایەکەوە دەسەلات لە دەستی (گوتچهیر)ی میری (بەرزنگیان) دەربهێنێت.

کوڕی دووەمی (بابەك) بە ناوی (ئەردەشێر) ساڵی (226ز) توانیویەتی (ئەردەوانی پێنجەم)ی پادشای (پورپ=پارت=ئەشکانی) بکوژێت و کۆتایی بەحوکمڕانی ئەشکانییەکان بهێنێت, لەوێوە ئیتر لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشتووە و بووە بەسەر دەستەی پادشایانی دەوڵەتی ساسانی. پاش ئەردەشێری بابکان کوڕەکەی بەناوی (شاپوور) لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشتووە, پادشای ناوبراو زۆر هەڵیداوە هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتەکەی ئاوەدانبکاتەوە , بەشێوەیەکی گشتی زنجیرەی پادشایانی ساسانی بەم شێوەیە بووە:

(ئەردەشێری بابکان, شاپووری یەکەم, هۆرمزدی یەکەم, بارامی یەکەم, بارامی دووەم, بارامی سێیەم, هۆرمزدی دووەم, ئازەرنەرسی, شاپووری دووەم, ئەردەشێری دووەم, نەرسی, شاپووری سێیەم, بارامی چوارەم, یەزدەگوڕدی یەکەم, بارامی پێنجەم, یەزدەگوڕدی دووەم, هۆرمزدی سێیەم, فەیرۆز, بلاش= وڵخش, قوبادی یەکەم, خەسرەوی یەکەم= ئەنۆشیروان, هۆرمزدی چوارەم, خوسرەوی پەروێز, قوبادی دووەم, ئەردەشێری سێیەم, یەزدەگوڕدی سێیەم).

دەوڵەتی ساسانی یەکێکبووە لە دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانی خۆرهەلات و خاوەنی ژیار و شارستانێتێکی پێشکەوتوو بووە, چەندین شوێنەواری سەردەمی ساسانی گەواهی ئەم ڕاستیە دەدەن, هەر بۆ نموونە نەوەك سەرژمێر ناوی ئەمانەیان دەهێنین:

1-دیواری ساسانی, فەرهاد تراش, پردی خوسرەو لە بێستوون.

2-پەیکەری تاج لەسەرنانی خوسرەوی پەروێز, پەیکەری تاج لەسەرنانی ئەردەشێری دووەم, دیواری خوسرەو لە تاقەوسان.

3-تەلاری خوسرەوی لە قەسری شیرین.

4-قەلای سەرماج 5 - کۆشکی باتاق لە دەربەندی باتاق 6 - پەرستگەی ئەناهیتا.

ساسانییەکان بە درێژایی (428) ساڵ حوکمڕانییانکردووە, زمان و نووسینی ڕەسمی دەوڵەتەکەیان (پەهلەوی فارسی )بووە, نازناوی حوکمڕانی پاشاکانیشیان (کیسرا)بووە, شکستە یەك لە دوای یەکەکانی لەشکری ساسانییەکان لەبەردەم لەشکری ئیسلامدا لە جەنگی گەورەی (قادسیە) لە ساڵی (14ك=635ز) و دواتر لە جەنگی (جەلەولا) و (حەلوان) لە ساڵی (16ك=637ز) و دواجار لە جەنگی نەهاوەند لە ساڵی (21ك=641ز)دا بووە بە هۆی هەرەسهێنانی دەوڵەتەکەیان و بڕانەوەی زنجیرەی حوکمڕانییان.

(ارثر کرستنسین) – ایران فی عهد الساسانیین – ص120 – ترجمة – (د.یحیی الخشاب).

[74]- ئیرەجی بەهرامی - اسطوره اهل حق) –ل(80 ).

[75]-لەم بوارەدا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی: خەڵکی کوردستانی خۆرهەلات لە خۆرئاوای (هەرات)ەوە, پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بیر و باوەڕی سەیریان هەبووە, پاش ئەوەش دینی ئیسلامیان وەرگرتووە وازیان لە بیروباوەڕی کۆنیان نەهێناوە, بەلام هەندێك گۆڕانیان تێدا کردووە, خەڵکی (ئەرنیل) کاتێك کە بوون بە موسڵمان بە ئالوهییەتی حەزرەتی عەلی ویستوویانە عەقیدەی پێشوویان زیندووبکەنەوە.

محەممەد ئەمین زەکی بەگ - خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان - بەرگی یەکەم-لاپەڕە 201.

[76]-د.علی شریعتی) تاریخ وشناخت ادیان - جلد(2) - ل198-199.

[77] - ليدى شل - خاطرات ليدى شل - ترجمة - د. حسين ابو ترابيان-ص 156.

سەبارەت بە پیرۆزی (مهر) لای یارسانەکان چەندین بەڵگە لەبەردەستدان , ئەم دێرە شیعرەش یەکێکە لەو بەڵگانە:

نامیما میهرە نامیما میهرە

نەقولەی ئەلەست نامیما میهر

ئیرەجی بەهرامی - اسطوره اهل حق - ل (57).

[78]-دكتر (كامل مصطفى شبيبى) - همبستگى ميان تصوف و تشيع - ص (69-70) - ترجمة (دكتر على اكبر شهابى) - انتشارات دانشگا تهران-تهران 1353.

[79]-(ئەفسانە= میثۆلۆژیا)هەر چەندە ئەم زاراوەیە بەو ئەفسانانە دەوترێت کە بە باڵای خواوەندەکاندا هەڵدراون, بەڵام لە بەر ئەوەی زاناکان سەبارەت بە پەیدابوون و چۆنیەتی هێمای ئەفسانە قسەیانکردووە بە زانستەکەش هەر (میثۆلۆژیا) دەوترێت, ئەم زانستە لە ناو یۆنانییەکاندا سەرچاوەی ئیلهامی فەیلەسووفەکان بووە, فەیلەسووفەکانی (ئەیۆنا) وتوویانە: ئەفسانە هێما و نیشانەیەکە بۆ ئەو شتە سایکۆلۆژی و ئەخلاقییانەی لە مرۆڤدا هەن, بیروباوەڕی فەیلەسووفەکانی (ئەسکەندەریە)ش وەکو (ئەفلۆتین) لە هینەکانی (ئەیۆنا)وە دوور نییە, لە سەدەی چوارەمی (پ. ز) بیروباوەڕێکی تر بە ناوی بیروباوەڕی (بۆهمیرۆس) سەریهەڵداوە, ناوبراو وتوویەتی (ئەفسانە) تەنها هەندێك قسەی ئەندێشەیین بۆ ئەو کارەساتانەی لە مێژوودا روویانداوە, هەروەها وتوویەتی: ئەو خوداوەندانە و ئەو پیاوانەی لە ئەفسانەکاندا باسیانکراوە, ئەوە ئەو پادشا و پاڵەوانانەن کە مردوون, تەنانەت پیاوەکانی کڵێسەش لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بەربەرەکانی بتپەرستەکان بکەن شوێن ئەم رایەی (بۆهمیرۆس) کەوتوون.

لە چاخی راپەڕین و لە ئەوروپادا بیری ئەفسانە پەردەیەکی تری بەسەردا هاتووە, لە سەردەمانی دۆزینەوەی ئەمەریکا و ئەفەریقا و هەندێك لە دوورگەکانی ئۆقیانووسەکاندا, زاناکانی ئەو سەردەمانە چەند ئەفسانەیەکی ساویلکەیان دەستکەوتووە و کردوویانن بە نموونەی بۆ چۆنییەتی دەربڕینی ئەفسانەی کۆن, هەندێك دەربڕینی تر هەن بە شێوەیەك باسیان لە ئەفسانە کردووە گوایا مرۆڤی زۆر کۆن نەیتوانیوە لە راستی شتەکانی وەك: (رۆژ, مانگ), یان هێزە سرووشتییەکانی تر بگات, لە ترسانا ئەو هێزانەی پەرستوون و بە چیرۆك و ئەفسانە رازاندوونیەتەوە.

[80]-لەشوێنێکی تری ئەم کتێبە و لە بابەتی (ئایا یارسانەکان نوصەیرین) سەبارەت بە دامەزرێنەری ئەم رێبازە (محەممەدی کوڕی نوصەیر) قەسەوباسمان هەیە.

[81]-فريا ستارك - سفرنامه ص123.

[82]-(سان یاگۆ) یەکێکبووە لە هاورێیانی حەزرەتی عیسا و ساڵی (44ز) کوژراوە, فەرەنسییەکان پێیدەڵێن (سان جاك).

[83]-(سان جۆرجیۆ) یەکێکبووە لە نەجیزادەکانی رۆمی کۆن, چووەتە سەر دینی مەسیحی و ساڵی (303ز) کوژراوە.

[84]- كيخسرو اسفنديار بن اذر كيوان– دبستان المذاهب– باهتمام– رحيم رضا زاد - مجلد اول- چاپ- اول - ص 267.

[85]-شاوەیسقولی قرمزی - بە پێی بیروباوەڕی یارسانەکان یەکێکبووە لەوانەی رۆحی خوایی تێداجێگیربووە.

[86]-صدیق بورکئی- بزرگان یارسان ص(90).

[87]-ئیرەجی بهرامی- اسطورة اهل حق- لاپەرە (94-95).

[88]- محەممەد ئەمین هەورامانی- کاکەیی- لاپەڕە (248).

[89]-بێجگە لە بالوولی مایی چەند بالوولێکی تریش هەبوون وەك:

1-بالوولی خارجی, ناوی کەسارەی کوڕی شەیبانی و یەکێکبووە لە سەرانی خەوارج, گوایا لە کوردەکانی دەورووبەری (موصڵ) بووە.

2-بالوولی شۆلی, خەڵکی لوڕستان و پیاوێکی قەڵەندەر بووە, (ابن بطوطة) لە گەشتەکەیدا ئەوی لە لوڕستاندا دیوە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەڕە (49) .

هەر لەباسی ئەم (بالوولی مایی)دا پێویستە  باس لەوە بکەین تاوبراو بە (باڕولێ دانا) و (باڕوڵە شێت)یش ناوی هاتووە, بە پێی هەندێك رازی دەماو دەمی بێسەرو بەریش بە نای ناهەق کراوە بە برای هاروونە رەشید, بەلاَم بە پێی سەرچاوە و تێکستە خۆماڵییە کۆنەکان ئەم رازە فڕی بەسەر راستییەوە نییە.

[90]-سەرەنجام-بارگەبارگە- لاپەڕە (23).

[91] - (ئیمام جەعفەری صادق کوڕی ئیمام محەممەد باقر) ساڵی (83ك= 702ز) لە شاری (مەدینە) لە دایکبووە, زانا و بیریارێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لە هەموو زانستەکانی ئەو سەردەمەدا مامۆستایەکی کەمهاوتا بووە, پاش کۆچی دوایی باوکی بووە بە ئیمامی شیعە و بەدرێژایی (34) ساڵ ئیمامەتی کردووە, دە کوڕی هەبووە و گەورەی هەموویان ناوی (ئیسماعیل) بووە, سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن پاش کۆچی دوایی (ئیمام جەعفەری صادق) لە ساڵی (148ك=765ز)دا شوێنکەوتووانی بوون بە سێ دەستەوە بەم ناوانە:

1-شوێنکەوتووانی (ئیسماعیل)ی کوڕە گەورەی پێیانوتراوە (شیعەی ئیسماعیلی).

2-شوێنکەوتووانی (ئیمام موسای کاظم) پێیانوتراوە (شیعەی دوانزدە ئیمامی).

3-دەستەی سێیەمیان  پێیانوتراوە (شیعەی موعتەزیلە), شایانی باسکردنە دەسەلاَتدارانی (دەوڵەتی بوەیهی) کە توانیویانە لە نیوەی  دووەمی سەدەی دەیەمی زاییندا (بەغدا) بخەنە ژێر دەسەلاَتیانەوە لەم دەستەیە بوون.

[92]-ئیرەجی بەهرامی – اسطورە اهل حق- ل(89 ).

[93] - سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە.

[94] - فرانتس کومن- دین پر رمز و راز میترایی = اسرار دین میترا- ترجمە و پژوهش- هاشم رضی- ل 155.

[95] - عەبدولاَ موبلغی ئابادانی- مێژووی ئاینی زەردەشت- لاپەڕە (26) وەرگێڕانی (وریا قانیع).

[96]-بەپێی باوەڕی یارسانەکان (جەلالە خانم) رۆژێك بەرامبەر خۆر دانیشتووە, تاڵە دەزوویەك لە تیشکی خۆر جیابۆتەوە و لەسەر زەوی نیشتۆتەوە و بەدەمیدا چۆتە ناو سکییەوە, لە ئەنجامی ئەوەدا (سکیپڕبووە= دووگیانبووە) و (شاخۆشێن)ی بووە, کەواتە ناوبراو وەکو (حەزرەتی عیسا) بێباوك لە دایکبووە.

[97] - سەرەنجام - بارگە بارگە - لاپەڕە (24).

[98]-کتێبی پیرۆزی سەرەنجام- دەستنووس.

[99]-نوور علی اللهی- برهان الحق- ل(225).

[100] - د. صدیقی بۆرەکەیی= مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (127).

[101]شێرە - دەکرێت ناوی کوڕەکەی بووبێت, یان لە ئازایەتیدا بە شێرە ناویردبێت.

[102] - مەبەست لە (بلە) باوا ناووسە چونگە کورتکراوەی ناوی (ئیبراهیم)ە و ناوبراو خۆیشی لە هەندێك شیعریدا بە (بلە) ناوی خۆی هێناوە.

[103] - (گەور)- دیارە خەڵکی کوردستان بەگشتی پاش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام و گەیشتی پێیان, ئیتر هەر کەسێك لە سەر باوەڕی ئەوان نەبووبێت پێیانوتووە (گاور), مەبەست لە (گەور) لێرەدا ئەوە نییە  (باواناووس) مەسیحی بووبێت, بەڵکو مەبەستی (دایە خەزان) ئەوەیە کە ناوبراو لە سەر باوەڕی دینی ئەو نەبووە.

[104] - ئێدمۆزندز نووسیویەتی:(دایراك خاتوون کچی میر محەممەدی سەرۆکی جاف) بووە, دەربارەی خواستنی لەلایەن (شێخ عیسا)وە رازێك هەیە و گوایا ئەو ژنهێنانەی (شێخ عیسا) لەتەمەنی پیریدا لەئەنجامی سەردانی سێ ئەولیابووە کە خۆیان لەبەرگی دەروێشدا پیشانداوە و داوایانلێکردووە ناوبراو بخوازێت.

بە پێی کتێبی سەرەنجام ئەم خانمە کچی (حسێن بەگ جەڵد)ەیە و لە شاری (حەلوان) لەدایکبووە.

بڕوانە: سەرەنجام- بارگە بارگە-لاپەڕە (17)-تالیف و تفسیر صدیق صفی زادە (بۆرەکئی).

[105]-(پەردیوەر) نزیکە لە هەردوو گوندی (شێخان) و (دەودان) لە سەرڕۆخی سیروان و لەسەرەتاوە ئاوەدانی تێدا نەبووە, کاتی کۆچکردنی (سان سەهاك) بۆ ئەوێ لە سەر (سیروان) پردێکی بەستووە (خانوو, جەمخانە)ی درووستکردووە,  هەرچەندە ئێستا هیچ ئاوەدانییەکی تێدا

نەماوە بەڵام مەزاری سان سەهاکی لێیە وقیبلەی یارسانەکانە, سەبارەت بە خەڵکی ناوچەکەشەوە بە شێوەیەکی گشتی بە پیرۆزی دەزان, لەم بوارەدا تا ئێستاش هەندێك لەو ژنانەی منداڵیاننابێت دەچنە ئەوێ بەنیازی ئەوەی منداڵیانببێت.

[106] - دەربارەی کۆچی سان سەهاك لە بەرزنجەوە بۆ هەورامان, بیروڕای جیاواز هەیە, (د. صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: ساڵی (754ك=1353ز) پاش کۆچی دواییی باوکی لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ براکانیدا بەناچاری روویکردۆتە هەورامان,

بڕوانە (مێژووی وێژەی کوردی)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (159).

(هادی بەهمەنی) دەڵێت: خێزانێ شێخ عیسا ناسراو بە خێزانێکی ئەولیا هەڵکەوتنی بیرێکی وەك بیری سان سەهاك ناباوبووە بۆ شان و شەوکەتی بنەماڵەکەیان, ئەویش لەسەر رای خۆی وازینەهێناوە و لەوانەیە باوکی پێیوتبێت بڕۆ لە شوێنێکی تر ئەو بیروڕایەت بلاوبکەرەوە.

بڕوانە (پەیامی هەورامان)- لاپەڕە (427) نووسینی (هادی بەهمەنی).

(ئێدمۆندز)یش هۆی کۆچکردنەوەی گێڕاوەتەوە بۆ رازی راکێشان و درێژبوونی دارەکە لە کاتی نوێکردنەوەی (مزگەوتی بەرزنجە)دا, گوایا ئەو مەسەلەیە بووە بەهۆی زیاتر نزیکخستنەوەی (سان سەهاك) لە باوکی و لە ناو خەڵکیشدا رێزی زیاتری پەیداکردووە, ئەوەش بۆتە هۆی رقئەستووری براکانی و دژایەتییانکردووە.

(کرد, ترك, عرب) لاپەڕە (171) نووسنی (ئێدمۆندز).

[107]-کەلامی پەردیوەری- لاپەڕە (22-23).

[108] - (شا) مەبەستی (سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

[109]-مەبەست لەم (دەعوەت پادشایی) ئەوەیە: لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا کە (سان سەهاك) و یارانی لە (ئەشکەوتی نەوێ)دا جەنگاون هیچیان نەخواردووە, پاش سەرکەوتنیان بەسەر ئەو لەشکرەدا خوانێکی غەیبیان بۆ هاتووەتە خوارەوە, ئەو خوانە بە (دەعوەت پادشایی) ناودەبرێت.

[110] - کەلکەرۆ = کەلبکات, تا ئێستاش لە هەورامانـدا ئەوانـەی هـەموو رۆژەکـانی رەمـەزان بـە رۆژوودەبـن دەڵێن: (کەلەم نەکەردێنە), مەبەستی پیر بنیامین ئەمەیە پێویستە لە سەر هەموو یارسانەکان رۆژووی تایبەت بە دینەکەی خۆیان بگرن.

[111] - سەرەنجام - وردەسەرەنجام - لاپەڕە (572).

[112] - سەبارەت بە پیرخدری شاهۆ رازێکی دەماودەمی لە هەوراماندا هەیە سەرچاوەکەی بۆ (سەی عەبدولصەمەدی توودار) دەگێڕنەوە, گوایا ناوبراو لە کتێبی (نور الانوار)دا وتوویەتی: (پیر خدری شاهۆ) کە هاتووەتە کوردستان سەرەتا لە (گەنجەویەی پاوە) نیشتەجێبووە و خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان لە دەوری کۆبوونەتەوە, هەر بۆیە (قازی ابونجیب الدین) کە قازی (میر مقرب الدین) بووە, فەرمانیداوە ئاگرێکی گەورەیان کردووەتەوە و بە زۆر پیرخدریان خستووەتە ناویەوە, بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر ناوبراو بە ساخی لە ناو ئاگرەکە هاتووەتە دەرەوە, ئەوەش بووە بە هۆی پەشیمانی (قازی) لە کارەکەی و حوکمڕانی ناوچەکەش گوندێکی بە ناوی (قوتڵئاوا)ی پێبەخشیوە, ناوبراویش هەتاکو کۆتایی ژیانی لەو شوێنەدا ماوەتەوە.

[113]-(دەودان) گوندێکە لە سەر رووباری سیروان بەرامبەر بە گوندی (شێخان)ە, لە رووی ئیدارییەوە سەر بە (جوانڕۆ)یە.

[114]-فرسەنگ نزیکەی شەش کیلۆمەترە.

[115]- ئاشکرایە (سەنە و ساڵ) یەك واتایان هەیە, دیارە شاعیر بۆ کێشی شیعرەکە پەم شێوەیە هێناونی, ئەگینا دڵنیام لەوەی زۆر بەباشی زانیویەتی کە (سەنە)ی عەرەبی بە کوردی (ساڵ)ی پێدەوترێت, بۆیە دڵنیاشم چونکە زۆربەی شاعیرە یارسانەکان زانایگەورە بوون و باش لە زمانی عەرەبی شارەزابوون.

[116]-محەممەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی - لاپەڕە (145).

[117]-دەفتەری گەواهی غولامان - لاپەڕە (36).

[118]-صدیق بۆرەکەیی - مێژووی وێژەی کوردی - بەرگی یەکەم-لاپەڕە (182).

[119]-ماشەڵاسووری - سروودی دینی یارسان - لاپەڕە (159).

[120]-ئەم وشەی کاکەیە بەو مانایە نایەت کە ( (شا ئیبراهیم) برا گەورەی (باوا یادگار) بووبێت, چونکە لە تێکستەکانی یارساندا باس لەوەکراوە (شا ئیبراهیم کوڕی سەی محەممەدی گەورەسوار و کوڕەزای سان سەهاکی بەرزنجی)یە, هەروەها باسیش لەوە کراوە کە (باوا یادگار) لە خاتوو (شارا) و بێباوك لە دایكبووە.

[121]-د.صدیقی بۆرەکەیی - مێژووی وێژەی کوردی - بەرگی یەکەم - لاپەڕە (184).

[122]-سەرەنجام-دەورەی هەفتەوانە - لاپەڕە (199).

[123]-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[124]-دەورەی هەفتەوانە - لاپەڕە (200).

[125] - مەبەستی لە هورمزد (ئاهورامەزدا)یە کە خوای زەردەشتییەکانە.

[126]-محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی-(پیشالیاری زەردەشتی) -بەشی یەکەم - لاپەڕە (5).

[127]-د. صدیقی بۆرەکەیی-مێژووی وێژەی کوردی -بەرگی یەکەم - لاپەڕە (159).

[128]-موزەفەرخانی رەزاو-(پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان).

19-مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی-دەستنووسی مێژووی هەورامان - بەشی دووەم - پیرانی هەورامانی تەخت - لاپەڕە (1).

20–هادی بەهمەنی - پەیامی هەورامان -چاپی یەکەم - لاپەڕە (407).

[131] - بەبڕوای ئێمە ئەو هەموو رازە ئەفسووناویانەی لە مێژووی ژیانی هەندێك لەپیرەکاندان, بەدەستی مەبەست ئاخنراونەتە ناو دووتوێی ئەو (مێژوو)وە و بۆ ئەوە بووە رۆشنایی نەخرێتە سەر ئەو هەموو زانست و عیرفانەی کە هەیانبووە. (نووسەر)

[132] - لەبارەی باوەڕی هەورامییەکان بەپیرەکانیان دەگێڕنەوە رۆژێك کۆمەڵێك لەهەورامییەکان دانیشتوون و باسی پیشینەی خۆیان کردووە, یەکێکیان بەریشسپییەکی تەمەن بەساڵاچووی وتووە: (ئەری مامۆ قورونی قەدیما یان ماریفەتو پیری بەمانای ئەری مامە قورئان کۆنە یان ماریفەتی پیرشالیار), ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی: (ماریفەتوپیشالیاری فرە قەدیما قورۆنی هیزی وپەرێ گوشایشە کوری ئاوردەن پێوریە, بەمانای ماریفەتی پیرشالیار زۆر کۆنە قورئان دوێنی و پێرێ گوشایشە کوێر هێناویەتی بەم ناوەدا), لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین مەمبەستی مامە پیرەی هەورامی لە گوشایشەکوێر (مەولانا گوشایشی کوڕی پیر محەممەدی هەورامی)یە, کە رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەبانگهێشتکردنی خەڵکی ناوچەی هەورامان بۆسەردینی ئیسلام و دوورخستنەوەیان لە دینی زەردەشتی), ناوبراو باپیرە گەورەی هەموو بنەماڵە شێخەکانی (دەگاشێخان, تەختەیی, قزڵبلاغی, هەزارکانیان, سنە, ناوچەی قەرەداغ, دەوروبەری سلێمانی)یە, ساڵی (873ك= 1498ز) کۆچی دواییکردووە.

[133]-سەرەنجام-کتێبی پیرۆزی یارسان-لاپەڕە (31-32).

[134] - موزەفەرخانی رەزاو - پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان - دەستنووس - لاپەڕە (20هەتا 24) .

محەممەد ئەمین هەورامانی - مێژووی هەورامان - بەشی یەکەم - دەستنووس - پیرانی هەورامانی تەخت لاپەڕە (3 - 6).

[135]-هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

[136]-قاضی عبدللە شیدا – تاریخ سلاطین اورامان - بە کوشش احمدی نزیری - ص (46).

[137]-د.صدیقی بۆرەکەیی - مێژووی وێژەی کوردی -بەرگی دووەم - لاپەڕە (269, 270).

[138]-سەرەنجام - بارگە بارگە - لاپەڕە (85-86).

[139] - موزەفەرخانی رەزاو - (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان - دەستنووس) لاپەڕە (35).

[140]-سەرەنجام-بارگە بارگە - لاپەڕە (25-28).

[141] - مامۆستا جەمیل بەندی رۆژبەیانی-مندلی فی التاریخ قدیما وحدیثا - گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی حەوتەم - ساڵی (1980ز) لاپەڕە (426, 427, 428).

[142]-هادی بەهمەنی-پەیامی هەورامان - لاپەڕە (418).

[143] - مەولا= خودا.

[144]-بڕوانە کتێبی (الاکراد) - بەشی دەیەم - حیاه الاکراد الروحیە_ اهل حق - لاپەڕە (213) نووسینی (باسیل نیکیتین).

[145] - بڕوانە کتێبی (کورد) - لاپەڕە (121) نووسینی (مینۆرسکی).

[146]-(دەورەی شاخۆشێن –لاپەڕە-( 5 ).

[147] - من وەك خۆم لە هیچ تێکستێکیاندا شتێکم سەبارەت بە (نوێژ) بەرچاونەکەوتووە.

[148]-محەممەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی - لاپەڕە (120, 294).

[149]-ماشەڵا سووری - سروودی دینی یارسان - لاپەڕە (156).

[150]-ماشەڵا سووری – سروودی دینی یارسان - لاپەڕە (204).

[151]-کەلامی پەردیوەری - لاپەڕە (4).

[152] - (جەمی سوڵتانی) مەبەستی لە (جەمی سان سەهاك)ـە, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت (جەم) لە هەر شوێنێك ببەسترێت هەمان جەمی سان سەهاکە.

[153]-محەممەد رەسووڵ هاوار - کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان - لاپەڕە (93-94).

[154]-سروودی ژمارە (4) - دەفتەری ڕەموزی یارسان.

[155]-بڕوانە **(بندنیجین= مندلی فی التاریخ قدیما وحدیثا)** نووسینی (مامۆستا مەلاجەمیل بەندی ڕۆژبەیانی), گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق -دەستەی کورد - بەرگی حەوتەم - ساڵی (1980ز) لاپەڕە (435).

[156]-سەرەنجام - بارگە بارگە - لاپەڕە (22).

[157]-مەبەست لە (پیرپادشا) پیر بنیامینی شاهۆییە کەیەکێکە لە بازنەی (حەوتەن) لەسەردەمی سان سەهاکدا و لەسەردەمی حەزرەتی عەلیشدا (سەلمانی فارسی) بووە, دەبارەی پایەی پیر بنیامین لای یارسانەکان چەندین شیعریان هەیە, هەربۆنموونە با لەم دێڕە لەسروودی تەڵقینی مردوو وردبیینەوە:

ئەوەڵش یارەن ئاخرش یارەن               پیرش بنیامین شاهش خاوەندگارەن.

ماشەڵاسووری - سروودی دیینی یارسان - لاپەڕە (204).

[158]-یارسانەکان پێیانوایە (یەکەم مرۆڤ =حەزرەتی ئادەم) کە خودا ئافەریدەی کردووە لە شێوەی (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا بووە.

[159]-ئەرکی چوار فریشتەکە لەو حەوت قۆناغەی بەرجەستەبوونی ڕۆحی خودایی لە تەنی مرۆڤدا کە پێشتر لە بابەتی (بنەما سەرەکییەکانی ڕێوڕەچەی یارسان)دا باسمانکردووە هەر هەمان ئەرکە و تەنها ناوەکانیان گۆڕانیان بەسەردادێت.

[160]-سەرسپاردن- یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێوڕەچەی یارسان و لە بابەتی ئەو بنەمایانەدا باسی لێوەکراوە.

[161]-مەبەست لە (هەق) کە لای (خاتوو مرەزبار)ە, ناوبراو مافی ئەوەی هەیە ڕۆژی قیامەت تکاکاری یارسانەکان بێت.

[162]-پێشتر لە بابەتی (سەرسپاردن)دا باسی ئەوەمان کردووە کە هەر یارسانێك سەربسپێرێت پێویستە لەسەری هەندێك شت ئامادەبکات لە ناویاندا گوێزێك بە نیەتی (بنیامین).

[163]-مەبەست لە (پارووی حەڵاڵ) ئەو پاروە گۆشتەیە بەسەر جەمنشیناندا بەشدەکرێتەوە.

[164]-دراو - یەکێکە لەو کەرەستانەی لە کاتی سەرسپاردندا ئامادەدەکرێن.

[165] - (ئەوەڵم یار ئاخرم یار ئیشارەتی پیر پادشا, ئەوەڵم یار ئاخرم یار داود کۆسوار), ئەمە شایەتومانی یارسانەکانە, شەوانە کەدەچنە سەر نوێنی خەوتن دەیخوێنن و لە چەند سروودێکدا هەمووی, یان نیوەی دووبارە دەبێتەوە.

[166]-دەودان - لای خەڵکی هەورامان و جوانڕۆ و دەورووبەریان, هەروەها لای خودی یارسانەکان بە (دەوان) ناودەبرێت, ئاشکرایە (دەودان) لە کاریگەری زمانی فارسییەوە هاتووە.

[167]-سەرەنجام - وردە سەرەنجام - لاپەڕە (560 - 561).

[168]-سەرەنجام - وردە سەرەنجام - لاپەڕە (577-578).

[169]-هەمان سەرچاوە - لاپەڕە (573).

[170]-هەمان سەرچاوە - لاپەرە (575).

[171]-دەورەی عابدینی جاف - بەندی (19) - لاپەڕە (511 - 512).

[172] - دورەی گلێم وە کۆڵ - بەندی (24) - لاپەڕە (339-340).

[173]-(مانی کوڕی فاتك) لە نەوەی یەکێك لە بنەماڵە گەورەکانی ئەشکانی بووە لە هەمەدان, باوکی لە هەمەدانەوە کۆچیکردووە بۆ وڵاتی (بین النهرین=عێراقی ئێستا), (مانی) ساڵی (215ز) لە (بابل) لە دایکبووە, هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەرخوێندن, پاشان لە بوارەکانی فەلسەفە و عیرفاندا قووڵبووەتەوە, لە رووی دینییەوە لە دینەکانی (زەردەشتی, بودایی, مەسیحی, یۆنانی) بەهرەمەندبووە, لە تەمەنی (24) ساڵیدا پێغەمبەری خۆی راگەیاندووە, هاوکات لەگەڵ چوونەسەرتەختی (شاپووری یەکەم) دەستیداوەتە بانگهێشتکردنی خەڵك بۆ سەر دینەکەی, بەهاوکاری و یارمەتی (پەروێز)ی برای شاپوور گەیشتووەتە بارەگای شا و یەکێك لە کتێبەکانی خۆی بە ناوی (شاپوورگان)پێشکەش بە ناوبراو کردووە, لە ئەنجامدا (شاپوور) دینی مانی پەسەندکردووە و فەرمانیداوە خەڵکی قەڵەمڕەوەکەی بچنەسەر ئەو دینە, لەسەردەمی حوکمڕانی (بارامی یەکەم)دا رۆحانییە زەردەشتییەکان لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی دینی مانی) بێزاربوون, داوایانکردووە لە (بارامی یەکەم) رووبەڕووبوونەوەیەکی دینی لە نێوان ئەوان و (مانی)دا سازبدرێت بۆ ئەوەی بەڵگەی پێغەمبەرایەتی خۆی بخاتەڕوو, لەو رووبەڕووبوونەوەدا (مانی) شکستیهێناوە و بە فەرمانی (بارامی یەکەم) خراوەتە زیندانەوە, سەرچاوەکان وا دەگێڕنەوە گوایا ساڵی (276ز) لە ناو زینداندا بە زیندوویی کەوڵکراوە.

بڕوانە (تاریخ دە هزار ساڵە ایران)-جلد دوم - لاپەڕە (105-106) نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائی).

[174]-دەورەی چلتەن - بەندی (57) - لاپەڕە (487).

[175]-(مەرجی ناو دوڕ) ئەو مەرجەیە کە لە ناو دوڕی ناو دەریاکەدا بە (پیربنیامی)ی داوە کە (حەوتەوانە) ئافەریدە دەکات هەتاکو ببن بە رێنماییکاری دەستگیری یارسانەکان.

[176]-ماشا الله سووری - سروودهای دینی یارسان - گردآوردە و ترجمە - تهران -1366.

[177]-بارگە بارگە - بەندی (69) - بڕگەی (2) - لاپەڕە (86-87).

[178]-مەبەست لە (شا) لەم نیودێڕەدا (سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

[179]-مەبست لە (شا) لەم نیودێڕەدا (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ە.

[180]-بارگە بارگە - بەندی دەیەم - لاپەڕە (51).

[181]-مەبەست لە (مەولام) لەم نیوەدێڕەدا (سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

[182]-بارگە بارگە -بەندی (18) - لاپەڕە (54).

[183]-هەمان سەرچاوە - بەندی (22) لاپەڕە - (56).

[184]-(سەرا و دوودەرە) گوندێکە لە گوندەکانی ناوچەی کەنگاوەر, (12کم) لەو شارەوە دوورە.

[185]-(کاکەی جابەر) یەکێکبووە لە رێبەرانی یارسان و مەزاری لەسەر رێگەی نێوان هەردوو گوندی (هاوار و پالانیا)دایە, هاوارییەکان (کاکەی جاور)ی پێدەڵێن, دەوترێت (کەلام)ێك بە ناوی ناوبراوەوە هەیە, لەو تێکستانەی لەبەردەست منداں هیچ (کەلام)ێك بەو ناوەوە نییە, من پێموایە کاکەی جاور یەکێك لە دوونەکانی (میکائیل)ە.

[186]-وشەی (خالد) کە لێرەدا هاتووە (د. صدیقی بۆرەکەیی) وای لە قەڵەمداوە مەبەست (خالیدی کوڕی وەلید)ە, گوایا دەبێت (باوایادگار) پێشتر لە تەنی ناوبراودا بووبێت, بەڵام لە زۆربەی تێکستەکانی یارساندا بە سروودەکانی خودی (باوایادگار)ەوە, باس لەوەکراوە (باوا یادگار) لە سەردەمی ژیانی (حەزرەتی عەلی)دا لە دوونی (حەزرەتی حوسێن کوڕی عەلی)دا بووە, نەوەك خالیدی کوڕی وەلید, ئەوەش دڵنیایدەدا کە ئەو وشەی (خالد)ە لە سروودەکەدا هاتووە مەبەستی (خالیدی کوڕی وەلید) نییە ئەوەیە دەڵێ (یادگار) زەردییەکەی لە زەردی خۆرەوەیە, ئاشکرایە لای یارسانەکان رۆحی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) لە ناو خۆردایە.

[187]-ئەیووت= مەبەست شائیبراهیمی ئێوەتە.

[188]-بارگە بارگە - بەندی (24) - لاپەڕە - (57).

[189]-(تاش= تاشەبەرد).

[190]-بارگە بارگە - بەندی (29) - لاپەڕە - (58).


www.pertwk.com

[191]-(دەریـای جـەیحوون) رووبارێـکە لـە سەرچـاوە جوگرافییـە کۆنەکانـدا بـە (ئەکسـۆس) نـاویهێنـراوە, ئـەم رووبـارە لـە لوتکـە بـەر ز و بەستەڵەکەکانی (بۆچیمار)ی ئاسیاوە سەرچاوەدەگرێت.

[192]-بارگە بارگە - بەندی - (33) -لاپەڕە-(59 - 60).

[193]-هەمان سەرچاوە - بەندی - (42) - برگەی (1) - لاپەڕە (65 - 66).

[194] - (سامری) ئەو کەسەیە لـە کـاتی ڕۆیشـتن چـل ڕۆژییەکـەی (حـەزرەتی مووسا) بـۆ کێـوی (گـور) یارەکـانی مووسـای ڕووە و گوێرەکـە پەرستی بردوون.

[195]-بارگە بارگە - بەندی -(49) - برگەی (2) - لاپەڕە (70).

[196]-هەمان سەرچاوە - یەندی-(55) - برگەی (2) - لاپەڕە - (75).

[197]-(خونکار) یەکێکبووە لە یارانی (باوا سەرهەنگی دەودانی) و لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە.

[198]-ئەنگور= ترێ.

[199]-(ناوس) مەبەست (باوا ناووسی جاف)ە.

[200]-مەبەست (دایە خەزانی سەرگەتی)یە, کە لە یارانی (باوا ناوسی جاف)ە..

[201]-بارگە بارگە - بەندی -(63) - لاپەڕە (82-83).

[202]-دەورەی هەفتەوانە, بەندی (2) - لاپەڕە (207).

[203] - هەمان سەرچاوە - بەندی (10) - لاپەڕە (210).

[204] - پیر و پادشا, مەبەستی (پیر بنیامین و سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

[205]-(یا) لای یارسانەکان یەکەمین پەیکەری خاوەندگارە, لەم بارەوە (دەروێش قولی کرندی) نووسیویەتی:

وە دون یایی وە دون یایی
ئەوسا پادشام وە دون یایی
ماواش نە دۆڕ بێ دوڕ نە دەریایی
نە یار نە یاوەر تاك و تەنیایی

بڕوانە د. صدیقی بۆرەکەیی - سەرەنجام - پەراوێزی لاپەڕە (255).

[206] - شتێکی ئاشکرایە لە هەورامانـدا چەند (پیشالیار)ێك هەبوون و لە سەردەمی جیادا ژیاون , ئەم زاتەتە لە سەدەی هەشتەمی کۆچـیدا ژیاوە و بە (پیشـالیاری سـێیەم) بـە ناوبـانگبووە, وەك لـە سەرچاوەکاندا دەردەکـەوێت نـاوبراو لـە نـەوەی پیشـالیاری یەکەمـە و لـە بازنـەی (72)پیرەیە, عاریف و شاعرێکی گەورە بووە و لە شیعرەکانیدا ستایشی زەردەشت و دینەکەی کردووە, لەم بوارەدا ئەم دوو دێڕە نموونەن:

ئەو ئاهرخانە ئەو ئاهرخانە
بارگەی شام وستەن ئەو ئاهرخانە
زەردەشتش کیاست پەرێ فەرمانە
بەرگوزیدەش کەرد نە رووی زەمانە

[207]-(کەلام) مە بەست لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجام و سروودەکانی ژمارەیەك لە ڕێبەران و عاریفانی یارسانە.

[208]-دەورەی هەفتەوانە-بەندی (44) - لاپەڕە (238).

[209]-هەمان سەرچاوە - بەندی (49) - لاپەڕە (239).

[210]-هەمان سەرچاوە - بەندی (56) - لاپەڕە (243).

[211]-گلێم وەکۆڵ -بەندی (20) - لاپەڕە (375).

[212]-هەمان سەرچاوە - بەندی (11) - لاپەڕە (366).

[213]-دەورەی گلێم وەکۆڵ - بەندی (8) - لاپەڕە (324 - 325).

[214]- هەمان سەرچاوە - بەندی (29) - لاپەڕە (345).

[215]-دەورەی چلتەن - بەندی (9) - لاپەڕە (399).هە

[216]- مەبەست لە مەولام (سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

[217]-(دەمام) ناوی ساڵح کوڕی ئەحمەد و نازناوی (دەمام)ە, ساڵی (674ك) لەدایکبووە, بە پێی سروودەکانی خۆی سەرئەڵقەی بازنەی (چلتەن) و لە یارە نزیکەکانی (سان سەهاکی بەرزنجی)بووە, ساڵی (757ك) کۆچی دواییکردووە و مەزاری لە گوندی (شێخان)دایە.

[219]-دەورەی چلتەن - بڕگەی (12) - لاپەڕە (401).

[220]-(شەمام) ناوی عەبدولقادری کوڕی شەمسەددین و نازناوی (شەمام)ە, لە سەر رۆشنایی کتێبی سەرەنجام ساڵی (663ك) لە هەورامان لە دایکبووە, یەکێکبووە لە بازنەی (چلتەن) و ساڵی (758ك) کۆچی دواییکردووە.

[221]- مەبەست لە (مێردان) گەورە پیاوانی خواپەرستی یارسانە.

[222]- مەبەست لە (خواجام) سان سەهاکی بەرزنجییە.

[223]-دەورەی چلتەن - بەندی (58) - لاپەڕە (431).

[224]-دەورەی عابدین - بڕگەی( 3) - لاپەڕە (496-497).

[225]-مەشیە= مەبەستی (باوا ئادەم)ە.

[226] ماشیۆ - مەبەستی (دایە حەوا)یە.

[227]-دەورەی عابدین - بڕگەی (18) - لاپەڕە (510-511).

[228]- (دەورەی عابدین) - بڕگەی (4) - لاپەڕە (497 - 498).

[229]-(گاس) مەبەستی سروودی دینییە, هەر لێرەدا دەڵێم سروودە دینییەکانی زەردەشت (گاسا= گاتا)کانیان پێدەوترێت.

[230]-هەمان سەرچاوە - بڕگەی (7) - لاپەڕە (500 - 501).

[231]–مةشية= مةبةستي (باوا ئادةم)ة.

[232] ماشيؤ – مةبةستي (داية حةوا)ية.

[233]-دةورةي عابدين– برطةي (18)– لاثةرة (510–511).

[234]-(عابدین کوڕی مەلا نوورولای جاف) ساڵی (730ك) لە گوندی (سازان)ی سەر بە قەزای هەڵەبجە لە دایکبووە, هەر لە منداڵییەوە لە حوجرە خوێندوویەتی, پاشان چووەتە لای (مەلا ئەلیاسی شارەزووری) و لە ژێردەستی ئەو زانا پایەبەرزەدا فقهی ئیسلامی خوێندووە, ماوەیەکیش لای (مەلا غەفووری شارەزووری) فەلسەفەی خوێندووە, پاشان لە هەندێك شوێنی تری کوردستان خوێندوویەتی هەتاکو بووە بە مەلایەکی زانا, ئەو سەردەمە رێوڕەچەی یارسان لەسەردەستی (سان سەهاکی بەرزنجی) لە برەودابووە, باوکی (عابدین) چووەتە شێخان و سەری بە ناوبراو سپاردووە, (عابدین) ماوەیەکی زۆر رکابەری یارسانەکان بووە, هەتاکو دواجار کەمەنکێشی (سان سەهاك) بووە و چووەتە سەر رێوڕەچەی یارسان, (عابدین) بووە بە یەکێك لە یارە نزیکەکانی (سان سەهاك) و چەندین پارچە شیعری بۆ ستایشی ئەم رێوڕەچەیە داناوە, شیعرەکانی ناوبراو بوون بە بەشێك لە کتێبی (سەرەنجام) بە ناوی (دەورەی عابدینی جاف).

ئەمانەی خوارەوە چەن دێرێکن لە شیعرەکانی:

| | |
|---|---|
| **من عاشقی خاوەندگارم** | **عەشقی یارە وا بیٚ عارم** |
| **ئەمن گراو شاو چوار یارم** | **نوختەی مووسی وا لە زارم** |
| **ئەزکە وێل بووم لە جیٚ و شارم** | **بەڵەدمی کرد شای شاسوارم** |
| **کە منی خستە سەر رێی راسی** | **هەتا بژیم بەبیٚ کاسی** |
| **مـن ( عابدین )ی کاکەییم** | **ئاخر بە یاری خۆم گەییم** |

[234]-دەفتەری شندرویٚ - لاپەڕە (65).

[236]-چاوپێکەوتن لە گەڵ (مامۆستا عەدنان سەرگەتی) لە کاتی بەرنامەی تەلەفزیۆنی (سۆزی هەورامان)دا.

[237]-محەممەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی - لاپەڕە 263.

[238]-شێرە= مەبەست لە کوڕەکەی (دایە خەزاتی سەرگەتی)یە, ناوبراو پێش سەرسپاردنی دایکی لە لایەن دایکییەوە بۆ کۆشتنی (باوا ناووس) راسپێردرابوو.

[239]-کتێبی پیرۆزی سەرەنجام - بارگە بارگە - بەندی بستەم-لاپەڕە (55).

[240]-سیسل جۆن ئێدمۆندز - کرد-ترک - عرب-ص (170).

[241]- حسن زندەدل و دستیاران - مجموعە راهنمایی ایرانگردی-19 - ص 82 .

[242]-محمد علی ساطانی - ایلات وطوایف کرمانشاهان - جلد (1) - ص (284).

[243]-حسن زندە دل و دستیاران - مجموعە راهنمایی جامع ایرانگردی (19) - ص (178).

[244]-شارەزوور لەدێر زەمانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلە زاگرۆسییەکان بووە وەك (گۆتی, لۆلۆ), سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن (لۆلۆکان) لەهەزارەی چوارەمی پێش زایین لەشارەزوور ژیاون وحوکمڕانییانکردووە, سالآنی (1959-1960ز) لە گەرمەی هەڵکەندنەکانی (گردی قۆرتاس) لەلایەن (بەڕێوەبەرێتی شوێنەوارە کۆنەکان)ـەوە, چینێك دۆزراوەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (4500ساڵ پ.ز) بۆ ئەوسەردەمەی کە بە (چەرخی کۆیلایەتی) ناونراوە, لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا شارەزوور مەڵبەندی ولآتی (زاموا) بووە, ئەوەی بەشارەزووردا گوزەر بکات ژمارەیەکی زۆر تەپ و گردۆلکەی دەستکرد سەرنجیڕادەکێشن, گومانی تێدا نییە ئەوگردانە زۆربەیان قولە وقەلا و شوێنی حوکمڕانی ودانیشتنی دەسەڵاتداران بوون و بایەخی گەورەیان بووە, دەربارەی ناوی شارەزوور چەند بۆچوونێك هەن لەم نووسینەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

1-(حەمدوڵای مستەوفی قەزوینی) نووسیویەتی: شارەزوور واتای شاری هێز و زۆر دەگەیێنێ, زۆربەی کاتەکان حوکمڕانەکانی کوردبوون, بەهێز و دەسەڵاتدار بوون, هەریەکێکیشیان لاواز و بێدەسەلآت بوو‌بێت, یەکێکی تری بەهێز دەسەلآتی لێسەندۆتەوە و لەشوێنی بووە بە حوکمڕان.

2-(ئیبن خەلەکان) نووسیویەتی: شاری شارەزوور سەرەتا لەلایەن (زووری کوڕی زوحاك)ەوە درووستکراوە بۆیە پێیوتراوە شارەزوور, لە (ئەنجومەن ئارای ناصری)یشدا هەمان ئەم بۆچوونە خراوەتەڕوو.

3-یاقووتی حەمەوی لە (معجم البلدان)دا نووسیویەتی: شارەزوور سەرزەمینێکی فراوانە لە نێوان (ئەربیل و هەمەدان)دایە و خەلچکەکەی کوردن.

4-(ابن خورداژبە) لە کتێبی (المسالك و الممالك)دا نووسیویەتی: شارەزوور ولآتی (فەهلەوی) زمانانە.

5-هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە, شارەزوور سەرەتا لەلایەن (قوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانی)یەوە بنیاتنراوە و ناوی (سیازوور) بووە, لەیەکێك لەنامەکانی (قەیسەر)دا بۆ کوڕی پیرانی (رۆما) ناوی (سیازوور) هاتووە, مەلیکی ئاشووری (ئاشوور ناصر پاڵی سێیەم) لەساڵەکانی (884-880)پێش زایین چەندهێرشێکی کردۆتەسەرولآتی (زاموا) و(قەلآی موغان)ی کردووەبەبنکەیەکی سەرەکی بۆ سەرپەرشتیکردنی جموجووڵە سەربازییەکانی, (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەسەدەی چوارەمی پێش زایین شارەزووری داگیرکردووە, ساڵی (628) زایینی لەکاتی هێرشەکەی (هەرقل)ی قەیسەری رۆم بۆسەر ولآتی (فارس) و راونانی (خوسرەوی پەروێز), شارەزوور رووبەڕووی سوتاندن و وێرانکاری بۆتەوە, ماوەی (11) ساڵ لەژێر دەستی رۆمانەکاندا بووە.

فارسەکان بە شارەزووریان وتوە (نیم را) یان (نیم ئەز رای) لەبەرئەوەی لەنیوە رێی بەینی (تەختی سلێمان) و (مەدائن) دابووە.

گەڕیدە و توێژەرەوە عەرەب و ئەورووپییەکان لەسەر دەستنیشانکردنی (مەڵبەندی شارەزوور= کۆنەشاری شارەزوور) یەکدەنگ نین وجیاوازی بەرچاو لە بۆچوونەکانیاندا هەیە, هەندێکیان پێیانوایە ئەو مەڵبەندە (خورماڵ)ی ئێستابووە, هەندێکی تریشیان (گردی یاسین تەپە) یاخود (گردی بەکراوا)یان بەمەڵبەندی شارەزوور زانیوە, هەشیانە دەڵێت (یاسین تەپە) شوێنی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی (ساسانی) بووە و هیچ پەیوەندییەکی بەمەڵبەندی شارەزوورەوە نییە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی هەرسێ دەوڵەتی (بەنی دولەف, حەسنەویە, عەیارییەکان) و( میرایەتی ئەردەڵان)دا شارەزوور بایەخی گەورەی هەبووە, لەململانێ دوورودرێژ و خوێناوییەکەی هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی) و ئێرانی)یشدا هەمیشە شوێنی لەشکرکێشی وجەنگەکانیان بووە, شارەزوور یەکێك بووە لە ویلایەتە گەورە و ئاوەدانەکانی دەوڵەتی عوسمانی, شاری(کەرکوك) مەڵبەندی ویلایەتەکە بووە.

دەشتی شارەزوور دەشتێکی پان و بەرینە, رووبەرەکەی نزیکەی (675) کیلۆمەتر دووجایە, بەپیتترین دەشتی کوردستانی عێراقە, شوێنێکی بەمێرگ و پاوان و ئاوەدارە, ساڵانە رێژەیەکی باش بارانی لێدەبارێت و لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەدایە کە بارانیان مسۆگەرە, ئاوی (تانجەرۆ) وچەندین چەم وکانیاوی گەورە زەوییە بەراوەکانی ئاودەدەن لەوانە (چەمی زەڵم, چەمی ریشێن, ئێڵانقۆز, چەمی دۆمان, چەمی بێستانسوور, چەمی کانیپانکە, سەرچاوەکانی سەراوی سوبحان ئاغا), سەدەها جۆگە لە (تانجەرۆ) ولەو چەمانەوە هەڵدەکرێن بۆ ئاودانی گێڵگە بەراوەکانیشارەزوور,

شارەزوور لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر شارۆچکە لەئامێز دەگرێت وەك (سەیسایەق, سیروان, عەربەت, هەڵەبجەی تازە, زەرایەن) ئەمانە سەرەرای ئەو هەمووگوندەی کە شارەزووریان ئاوەدانکردۆتەوە.

شارەزوور هەمیشە مەڵبەندی تێکۆشان و بەرخودان بووە, چەندین هێرش و شاڵاوی درندانە و وەحشیيانەی داگیرکاران لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەسەر زەوی شارەزوور تێکشکێنراون و خەڵکە قارەمانەکەی شێرانەجەنگاون.

شارەزوور ژمارەیەکی زۆر کەسێتی دیار و زانای ئاینی وعاریف و شاعیری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە کە رۆڵێکی گەورەیان لەژیانی کۆمەڵایەتی, سیاسی, رۆشنبیری, هەروەها رووداوەکانی سەردەمی ژیانی خۆیاندا گێڕاوە,

لەوانە هەر بۆ نموونە نەوەك سەرژمێر: (ئەبو ئەحمەدی شارەزووری, ئەم کەسێتییە ناودارەی سەردەمی خۆی باوەگەورەی هەموو قازییەگانی شارەزوور, موصڵ, شام و جەزیرە بووە. ئەبو محەممەد عەبدوڵا ناسراو بە (قاچی مرتچی, شێخ مەحیەددینی شارەزووری, شێخ شەهابەددینی شارەزووری, ئیبن سەلاحی شارەزووری, مەلا ئەلیاسی شارەزووری, مەلا شەفیعی شارەزووری, مەلا سوورە, ئێلبەگی شارەزووری, مەلا نوسوور, مەلا قودور, مەولانا خالیدی شارەزووری, نالی شارەزووری...هتد).

[245]-کتێبی پیرۆزی سەرەنجام - بارگە بارگە - بەندی (38) - برگەی دووم - لاپەرە (63 ).

[246]-دەورەی چلتەن - برگەی (14) - لاپەرە (402).

[247]-جمیل افشار - راستی علی کیست - ص55 - 57.

---

[8] – دەفتەری دەورەی شاخۆشێن– لاپەرە (4) دەستنووس.